

تەفسیری رەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٢]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



جزمی [٣]



بۆ تێگەیشتنی قورئان

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

بەرگی دووەم

جزئی (٣-٤)



* تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان

* نووسینی مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

* چاپی یەکەم

* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

* تیراژ ٢٠٠٠

* ژمارەی سپاردن (٣٥٣) ساڵی ١٩٩٧ ز

التفسير الواضح

لفهم القــرآن

تأليف

محمود احمد محمد

الجــزء الثـاني


فيها كتب قيمة

پلەو پایەی پێغەمبەران، حاڵ و چۆنیەتی خەڵك لە شوێنكەوتوانیان

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾

ئەمجار پاش ئەوەی باسی چیرۆكی طالوت و جالووت و داوودی كردو ئایەتی ﴿**تلك** آيات ا لله نتلوها عليك بالحق....﴾ی هێنا بۆ ئەوەی زانین و ئاگادار بوون بەسەر ئەو رووداوانەدا بكاتە بەڵگە لەسەر ئەوەی كە حەزرەتی موحەممەد ﷺ یەكێكە لەو پێغەمبەرانەی كە نیگایان بۆ كراوە، ئەمجار باسی ئەوە دەكات؛ كە پێغەمبەرایەتی پلە پلەیە، هەندێ پێغەمبەر جیاوازییان هەیە لەگەڵ هەندێكی تریان، هەندێ رێزو خۆشەویستی پەروەردگار هەیە، دراوە بەبازێكیان و نەدراوە بە ئەوانی تر، پلەو پایەی وا هەیە دراوە بە ئەو پێغەمبەرو نەدراوە بە ئەم پێغەمبەرە، ئادەمیزادیش بەگشتی لە شوێنكەوتنی ئەو پێغەمبەرانەدا وەكو یەك نین، هەیانە ئیمانی پێ هێناون و شوێنیان كەوتووە، هەیانە بە درۆیان خستوونەوەو بڕوایان پێ نەكردوون، هەیە ئاشتیخوازو لاشەڕو لەسەر خۆیە، هەیە شەڕەنگێزو تووڕەو ناتەبایە، ئەمەش حیكمەتێكی خوداییە و سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ قەزاو تەدەری خوداو دەفەرموێ: ﴿**تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض**﴾ ئەو پێغەمبەرانە، ئەو كۆمەڵە

تایبەتی‌یـە هـەڵبژێراوەی کـە خـودا ئـەرکی رابەرایـەتی ئادەمیزادی پـێ سپاردوون، هەموویان لە یەک ئاست و پلـەو پایـەدا نین، برێکیـان زێـدە رێزیـان بەسـەر ئـەوانی تـردا هەیـە، لەبەرئـەوە هـەندێ رەوشـت و شـتی تایبەتمەند هەن لە برێکیاندا هەبووەو، لـەوانی تـردا نـەبووە، هەرچـەندە هــەموویان ئــەرکی پێغەمبەرایــەتی و رابــەرییان خراوەتــە سەرشــان؛ هــەموویان بانگــەوازی ئادەمیزادیــان کــردووە بــۆ بەدەســت هێنــانی خۆشبەختی دونیاو قیامەت، ئەم زێدە رێزو پلەو پایـە لەئایـەتی تریـشدا باس کراون؛ بۆ نموونە: لە سوورەتی (الاسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ولقد فضلنا بعض النبيين على بعض واتينا داود زبورا﴾

یان دەفەرموێ: ﴿وكلـم ا لله موسى تكليمـا﴾النساء/١١٢. یـان دەفـەرموێ: ﴿ولما جاء موسى ليقاتنا وكلمه ربه﴾الأعراف/١٤٢.

هی واشیان هەیە پەروەردگار پلە و پایەیە ی زۆر بەرزو بـەرێزی پـێ داوە، وەکـو پێغەمبــەری ئیسـلام ﷺ کـە پلـەو تایبـەتی‌و دەگمـەنی پـێ بەخشراون، رێزو پلەو پایەکانی بەچـەند جۆرێـک روون کراونەتـەوە، وەکـو ئەوەی کە لە شەوی میعراج دا، هــەموو پێغەمبـەرانی چـاو پـێ کـەوت و پلەو پایەی هەموانی بینی، هەروەها ئەخلاق بەرزی و رەوشت جوانی کـە لەم رووەوە تاکە نموونەی ئـادەمیزادە وەکـو قورئـان دەفـەرموێ: ﴿وانـك لعلى خلق عظيم﴾القلم/٤.

پلەو پایەیەکی تری ئەوەیە: کە بەرنامـەکەی هەتا هەتاییە، تا رۆژی قیامـەت بەردەوامــە ﴿إنـا نحن نزلنـا الذكـر وانـا لـه لحـافظون﴾الحجـر/٩. رێزلێنانێکی تری ئەوەیـە: کـە قورئانەکـەی گـەورەترین پـەڕاوە ﴿إن هـذا القران يهدي للتي هي اقوم﴾الاسراء/٩. رێزلێنـانێکی تـری ئەوەیـە: کـە خـودا ئومـمـەتەکەی شـکۆدارو خـاوەن رێزکـردووە ﴿كنتم خير أمة أخرجت للنـاس تـأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون با لله﴾العمران/١١٠.

هەروەها ناوداركردنی گەل و پەیڕەوكارانی بە گەل و گرۆهێكی میانەڕەوو میانەكار ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس﴾البقرة/١٤٣. خۆ ئەگەر هەر تەنها قورئانی پێ بدرایە بە موعجیزە بەس بوو و، هەر بەهۆی ناردنی قورئان بۆی، فەضل و ڕێزی بەسەر هەموو پێغەمبەراندا دەبوو، چونكە قورئان موعجیزەیەكی هەتا هەتایی‌و هەمیشەیی‌یە، هیچ كات و ساتێك لەبەرزایی خۆی دانابەزێ‌و، كاریگەری لە ژیانی ئادەمیزادا هەر بەردەوامە.

موسلیم و تیرمذی فەرموودەیەكی پێغەمبەر دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی: من بەشەش پلەو پایە لەپێغەمبەرەكانی تر ڕێزم لێگیراوە: قسە ڕەوانی و، وشەی پڕ ماناو، حیكمەت ئامێزم پێ بەخشراوە، مانگە ڕێیەك دوژمن لێم دەترسێ! كەل و پەل و دەست كەوتی جەنگم بۆ حەلاڵ كراوە، هەموو زەویم بۆ كراوە بەپاك كەرەوەو مزگەوت، دەتوانم بە خۆڵەكەی تەیەمموم بكەم، لەسەر عەردەكەی نوێژ بكەم، پێغەمبەرایەتیەكەم گشتی‌یەو بۆ لای هەموو گرۆهی ئادەمیزاد نێرراوم؛ زنجیرەی پێغەمبەران بە من كۆتایی هاتووە..

﴿ولو شاء الله مااقتتل الذين من بعدهم من بعد ماجائتهم البينات﴾ خۆ ئەگەر خودا بیویستایە هەرگیز ئەو گەل و نەتەوانەی پاش ئەو پێغەمبەرانە هاتوون لەناو یەكدا بەشەڕ نەدەهاتن و بەئاشتی و تەبایی ژیانیان بەسەر دەبردو، هەموویان بە كۆمەڵ یەكیان دەگرت و، خوداپەرست دەبوون. بەتایبەتی دوای ئەوەی كە ئەو پێغەمبەرانە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشكراو موعجیزەی بەهێزو چەسپێنەرەوە هاتوونە سەر گرۆهەكانی ئادەمیزادو بانگەوازییان كردوون بۆ خوداپەرستی! ئەگەر خودا بیویستایە دژایەتی لەنێوان ئادەمیزاد سەر هەڵ نەدا، سەری هەڵ نەدەدا؛ بەجۆرێك هەمووی وا ڕام دەكردن كە شوێن پێغەمبەران بكەون و قبوڵی

حەق و راستی بکەن! بەڵام پەروەردگار ئەم ویستەی نەبووەو وای داناوە ئادەمیزاد بۆ خۆیان بیروڕایان ئازاد بێو بەو عەقڵ و هۆشەی کە تێیدا دروست کردوون بۆ خۆیان ڕێگەی راست بگرن؛ ڕێگای خۆشبەختیو کامەرانی رەچاو بکەن، تا شیاوی وەرگرتنی پاداش و سزا بن.

﴿ولكن اختلفوا﴾ بەڵام ئادەمیزادەکان هەموویان بەیەک عەقڵ و هۆش بیریان نەکردەوە، بەڵکو کێشەیان تێکەوت و لەئاستی وەرگرتنی ئایینداڕای جیا جیایان تێدا سەری هەڵدا، ﴿فمنهم من آمن ومنهم من كفر﴾ هەیانبوو یەکسەر باوەڕی بەپەیامی پێغەمبەرەکان کردووە، هەیانبوو بڕوای بە پەیامەکەیان نەکردووە..

جولەکە لەناو خۆیاندا کێشەیان تێکەوت دەربارەی ئایینەکەیان و شەڕیان لەگەڵ یەکتردا کردووە، هەروەها فەلەکان کێشەیان تێکەوت و بەش بەش بوون، ئیتر جولەکەو فەلە دابەشبوون بەسەر چەند گرۆهو تاقمدا هەر گرۆهە بیروبۆچوونی خۆی بەلاوە پەسەند بوو، لایەنەکەی تری بەلاوە تاوانبار بوو، ئارەزۆبازیو بەرژەوەند پەرستی، لێکی جیاکردنەوەو کردنی بە چەند تاقم و گرۆهێک.. شەڕو دژایەتییان لەنێواندا گەرم بوو ﴿ولو شاء الله مااقتتلوا ولكن الله يفعل مايريد﴾ ئەگەر خودا مەیلی بکردایە شەڕیان نەدەبوو یەکتریان نەدەکوشت، بەڵام خودا چی بوێ دەیکاو، چی ویست ئەوە ئەنجامدەدرێ، هەموو شتێک بە قەزاو قەدەری خودا دەبێ، ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕە جیاجیانە دیارە جیاجیا بووە جاری وا هەبووە بەکێشەی قسەو تانەو رەخنە بووە، جاری وایش بووە گرۆهەکان پەنایان بۆ شمشێرو خوێن ڕشتن بردووە.

پەروەردگار دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ، هەموو کاروبارێک لەژێر دەستی قودرەتی ئەودایە، جا ئەگەر ویستی کەسێک بەختیار بکا ئەوە رامی دەکا بۆ ئیمان هێنان و خوداپەرستی، ئەگەر

ویستی ریسوای بکا بڕوا بە خـودا نـاهێنێ‌و، لێی یـاخی دەبـێ.. کـەوابێ بەختیارکردن و ریسواکردن بەویست و ئیرادەی خودایە، کردنی کارەکە هی بەندەیە.

فەرمانکردن بەبەخشینی ماڵ و سامان لە چاکەدا

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَـٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَـٰعَةٌ وَٱلْكَـٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾

لە ئایەتـەکانی پێشـوودا فـەرمان کردنـی تێدابـوو بـە کۆشش‌کردن و خۆبەخت کردن لەپێناو ئایین و نیشتمان و سەربەستی‌و ئازادی!!

لـەم ئایەتـەی دوایـیدا فـەرمانمان پێدەکـا بـە ماڵبەخشـین و خێرومەندی‌و دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا انفقوا مما رزقکم من قبل أن یأتي یوم لا بیع فیه ولا خلة ولا شفاعة والکافرون هم الظالمون﴾

ئەی ئەو کەسانەی بڕوای راست و ئیمانی پتەوتان هەیە! ببەخشن لـەو ماڵ و دارایی‌یەی پێمان داوون، مـاڵ و سـامان لەڕێگـەی خـوادا، لـەپێناو بەرژەوەندی ئایینی خـودادا خـەرج بکـەن، یارمـەتی فـەقیرو هـەژاری لێ بدەن، دەستی بێنەوایانی پێ بگرن، تا لـە جیهـاندان و لـە کـۆڕی ژیـاندا زیندوون لەماڵی خۆتان ببەخشـن، دەسـت پێشـخەری بکـەن پێش ئـەوەی رۆژێک بێتە رێتان کەس وەسەر کەس ناپرژێ، کە کڕین و فرۆشـتنی تێدا نیە.

دۆستایەتی‌و خزمایەتی نامێنێ، شەفاعەت و بـۆ پاڕانـەوەو واسـیتەو واسـیتەکاری نـابێ‌و کـەڵک نـاگرێ، ژیـوان بوونـەوەو خەفـەت خـواردن و پەشیمان بوونەوە هیچ سوودی نیە، رۆژی حیسـاب و کیتابـە، رۆژی سزاو پاداشە، بەدەل و فیدیە، دۆستایەتی‌و خۆشەویستی، شەفاعەت و واسـیتە،

هیـچ رۆڵێکیـان نـامێنێ، رۆژێکـه ئـەندازەو مـەقاییسـەکان جیـاوازن لــه مـەقاییسی جیهان.

﴿والکـافرون هـم الظـالمون﴾ کافرەکـان هــەر ئــەوان بــۆ خۆیــان ستەمکارن، ستەمیان لەحەق کردووە، ستەمیان لە خۆیان کردووە، مــاڵ و دارایی سەرف دەکەن لەشوێنی نەشیاوی خۆیاندا، شــەڕ دەکـەن لـەپێناوی شتی پڕو پووچدا.

ئایەتولکورسی

ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾

لەوەپێش باسی هەندێ ئەحکامی فیقهیو چیرۆك و بەسەرهاتی بــەنو ئیسرائیلی کرد، ئەوەی روون کردەوە کە ئادەمیزادەکان کێشەیان تێکەوت و بڕ بڕ بوون، دوای هاتنی پێغەمبەران بۆ ناویان کێشەکەیان سەری کێشـا بۆ شەڕ کردن و یەکتر کوشتن، ئیتر موناسیب بوو کە ئایەتێك بـێ باسی تاك و تەنیایی خودا بکـاو سیفەتی بەرزو پـیرۆزی روون بکاتـەوە! بۆیـە فـەرمووی: ﴿الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾ ئـەو زاتــە پــەروەردگارە بەدیهێنەرە خودایەکە ناوی (الله)یە، هیچ کەسی تر نیە، شیاوی پەرستن و بەندایەتی بۆ کردن بێ، خودایەکــە زینـدووەو هـەرگیز مردنـی بەسـەردا نایە، قەییومە: تەدبیرو نەخشەی بوونـەوەر دەکێشـێو مـەخلوقاتی خـۆی

پارێزگاری دەکا ﴿لا تأخذه سنة ولا نوم﴾ هەمیشە بەئاگاو خەبەردارە، نە هەنۆز دەیگرێو نە نوستنی عادەتی بەسەردا دێ: واتە: هەرگیز فەرامۆشی بەسەردا نایێ. هەموو کاتێ ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکە، هەموو شتێک پەیوەندی بە زاتی ئەوەوە هەیە، راگرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە. ﴿له ما في السماوات وما في الأرض﴾ چی لە ئاسمانەکان و زەوی‌دا هەیە، هەمووی موڵکی خۆیەتی، بەبێ مەرج و ئەم لاو ئەولا هیچ کەس لەگەڵیدا هاوبەش نیە، تاک و تەنیایە لە خودایەتی‌دا، لە موڵکداری‌دا، لە هەڵسوڕان و راگری و بەدیهێنان‌دا، بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ بەویستی خۆی، کەوابێ خاوەنیەتی حەقیقی، مڵکداریێتی بەڕاستی لە بنەڕەتدا بۆ خودایەو بەس، ئادەمیزاد کە بەڕواڵەت خاوەنی فلانە گوندەو فلانە زەوی بەهی ئەو لەقەڵەم دەدرێ، مڵکایەتی راستی نیەو بەئەمانەت خاوەنی ئەصڵی کە پەروەردگارە پێی داوەو لەشەریعەتەکەی‌دا مەرجی ئەو مڵکداریە بەئەمانەتەی بۆ روون کردۆتەوە؛ دەبێ لە چوارچێوەی ئەو یاساو نیظامەدا سامانەکەی بەکاربێنێ؛ هەرکاتێ لەو چوارچێوە دەرچوو مەرجەکانی جێبەجێ نەکردن، لە مڵکداری دەشۆرێو تەصەڕوف کردنی تێ‌یدا بەتاڵە.

﴿من ذا الذي يشفع عنده إلا بإذنه﴾ ئەمە دیاریکردنی صیفەتێکی تری پەروەردگارە، کەسنووری خودایەتی‌و سنووری بەندایەتی دیاری دەکاو دەفەرموێ: (کێ رایەی دەکەوێ شەفاعەت بۆ خەڵک بکا، واتە: نزاو پاڕانەوە بکا بۆ رزگاربوونی خەڵک بکا؟ کێ دەتوانێ لە سنووری بەندایەتی خۆی دەرچێو بەبێ ئیزن وەرگرتن لە زاتی پەروەردگار بەخۆی‌دا رابپەرموێ: شەفاعەت بۆ تاوانباران بکا؟؟ بەندەکان هەموویان لەخزمەت پەروەردگار رادەوەستن دەستەو نەزەرو ملکەچ؛ کەس لە سنووری خۆی تەجاوەز ناکا، هەرهەموویان وەکو بەندەی ملکەچ و پابەند، هەست و

خوست لەخۆیان دەبڕن، کەس پڕکێشی شەفاعەتکردن ناکا لە حوزوریدا، مەگەر روخصەت بخوازێو رێی پێ بدرێ: کە لە سنووری خۆیدا شەفاعەت بکا، جا هەرچەندە بەندەکان لە تەرازووی خوادا بەرزو نزمیان هەیە، بەڵام هەموویان نابێ لە پلەی بەندایەتی خۆیان تێپەڕ بکەن. ﴿**يعلم مابين أيديهم وما خلفهم**﴾ پەروەردگار دەزانێ بەندەکان چییان لەپێشدایەو چییان دێتە رێ، هەروەها دەشزانێ رابوردوویان چۆن بووەو چییان بەسەر هاتووە، نهێنی رابوردوویان و داهاتوویان ئاگادارە.

لێرەدا دوو راستی دەچەسپێنێ:

راستی یەکەم : زانیاری پەروەردگار بۆ هەموو رابوردوو پاشەڕۆژی ئادەمیزاد ئەوەی دەیزانن و نایزانن لای پەروەردگار ئاشکراو نمایانە، هیچ کەس ناتوانێ هیچ شتێک لەیەزدان بشارێتەوە.

راستی دووەم: ئادەمیزاد هیچ شتێک نازانێ مەگەر خودا بیەوێ بیزانێ! هەر خودا زانینی گشتیو رەهای هەیە، لەهەموو شتێک دەزانێ! جا جاری وا هەیە برێ لەو زانیاریانە بۆ بەندەکانی دەردەخاو نیشانەی گەورەییو خودایەتی خۆی نیشانی ئادەمیزاد دەدا، بەڵام ئەوان ئەم راستیەیان لەبیر دەچێتەوە، جاری وا دەبێ ئەو تۆزە زانیارییەی کە پەروەردگار رێگە دەدا ئادەمیزادەکان فێری ببن لەجیاتی بڕواهێنان بەگەورەیی خودا تووشی سەرپێچیکردن دەبن، لەباتی یادکردنی خوداو سوپاسکردنی، خودایان لەبیر خۆیان بردۆتەوە سپڵەیی دەکەن لەبەرامبەر نیعمەتەکانی!!

پەروەردگار لەو کاتەوە کە ئەرکی ئاوەدان کردنەوەو جێگری لەسەر زەوی خستۆتە سەرشانی ئادەمیزاد، زانست و زانیاری پێ بەخشیوەو وادەی پێداوە کە نیشانەی خودایەتی خۆی لە بوونەوەرو خۆشیاندا نیشان بدا، وادەی خۆشی بەجێهێناوە، رۆژ لەدوای رۆژو چین لە دوای چین

ئادەمیزاد لە پێشکەوتنی زانستی‌دایە، هەر رۆژەو لایەنێکی نهێنی بوونەوەرو نیشانەی خودایەتی خودا دەردەکەوێ، جا لەکاتێکدا کە لەلایەنێکدا برێ عیلم و زانیاریان فێر دەکا. لەلایەنێکی تردا زانیاریان لێ دەشارێتەوە، چونکە ئەو جۆرە زانیارییە پێویست نیە بۆ جێنشینی لەسەر زەوی..

بۆ نموونە تائێستا ئادەمیزاد پەی بە نهێنی ژیان نابەن، نەیانتوانیوە بزانن نهێنی ئەم ژیانە چیەو چی دەبێ، ئەمە نهێنی‌یەکەو رێگای پەی پێ بردنی نییە؛ ئەو پەردەیەی بەسەری‌دا کێشراوە زۆر ئەستوورو تۆکمەیە، ئینسان ناتوانێ لای بداو هەڵی‌بداتەوە، جاری وا دەبێ رووناکی‌یەک لەپاش پەردەوە بۆ دڵێکی تایبەت و ناوازە دیاری دەدا، خودا رێگە دەدا تروسکایی‌یەک لەو نهێنی‌یە پرشنگ بداتەوەو دوایی پەردەکە دادەرێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئادەمیزاد بەم تۆزە زانستی‌یەی کە پێی دراوە لەخۆی بایی دەبێ‌و خۆی بە خودا دێتە پێش چاوو ئینکاری هەبوونی خودایەک بۆ ئەم بوونەوەرە دەکا!! هەرچەند لەم سەدەی بیستەمەدا زاناکان گەڕاونەوە بۆ دان پێدانان بەوەی کە زانیاری کەمیان هەیەو ئەوەی فێری بوون شتێکی زۆر کەم و تەسک و تروسکە.

لەهەمان کاتدا نەزان و زڕە خوێندەوارەکان پێیان وایە زۆرزانن و زۆر زانست فێربوون.

﴿وسع كرسيه السموات والأرض ولا يؤوده حفظهما﴾ کورسی دەسەڵاتی هەموو ئاسمان و زەوی گرتۆتەوە، سەیری ئەم شێوە دەربڕینە قورئانە کە نەخشەی دەسەڵاتی پەروەردگارمان بۆ دەکێشێ، چونکە ئەم جۆرە نەخشەکێشانە؛ ئەو حەقیقەتەی کە گەرەکە وێنەی بکێشرێ بۆ تێگەیشتنی دڵ و هێزو توانایەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ.

کورسی بە ڕواڵەت بە مانای دەسەڵات بەکار دەهێنرێ، کەوابوو

کەسێک کورسی‌یەکەی ئاسمانەکان و زەوی بگرێتە خۆ، دیارە دەسەڵاتیشی دەیانگرێتە خۆ.

پاریزگاری کردن و راگرتن و بەڕێوەبردنی ئاسمانەکان و زەوی تۆزقاڵێک پەروەردگار ماندوو ناکەن و، ئەرکی ناخەنە سەر چونکە دەسەڵاتی خودا دەسەڵاتێکی سنووردار نی‌یە، بەڵکو دەسەڵاتی بێ‌پایانەو رەهایە.

بەپێویستیشی نازانین کە خۆ بخەینە نێو ئەو راو و بۆچوونانەی کە چۆنیەتی‌و چەندییەتی کورسی‌و عەرش دیاری دەکەن، چونکە تا ئێستا حەدیثێکی صەحیح و راست و دروستم لەم بارەوە نەدیوە.. ﴿**وهو العلي العظيم**﴾ هەر ئەو پەروەردگارو بەرزو خاوەن شکۆو بڵندو بێ شەریکەو کەس لەبەندەکانی رایەی ناکەوێ بگاتە ئەو پلەو پایەیە، هەرکەسێک ئیدیعای ئەو پلەیە بکا خودا دەیپروێنێ‌و ریسوای دەکاو رۆژی قیامەتیش دەیخاتە ناو سزای بەئێشی دۆزەخەوە.

زۆرە ملێ لە ئاییندا نیە، خودا هیدایەتدەرە بۆ ئیمانهێنان

لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾

کاتێک ئایەتەکە بەم شێوە بنەمای تەصەوری باوەڕی دەکاتەوە،

پەیوەندی نێوان بەندەو پەروەردگار نەخشەکێش دەکا، ئەمجار دەگوێزێتەوە بۆ دیاریکردنی ڕێبازی موسوڵمانان؛ ئەوانەی کە هەڵدەستن بە بانگەوازی کردنی ئادەمیزادو پێشەوایەتی ئادەمیزاد دەکەن و دەیانەوێ لە زەلکاوی گومڕاییدا دەریان بهێنن، دەفەرموێ: ﴿لا إكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي﴾ بەگوێرەی یاسای ئیسلام بیروباوەڕ دەبێ بەهۆی بانگەوازیو روون کردنەوەو هەست کردن و قەناعەت وەربگیرێ! نەک بە زۆرەملێو داگیرکردن و مەجبوورکردن!! ئایینی ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی لەوەتەری هەرە ناسکی ئادەمیزاد بدا، روو بکاتە هەستی ئادەمیزادو لە ناخی بدا، روو بکاتە عەقڵ و هۆشی مرۆڤ، روو بکاتە ویژدان و سروشتی، روو بکاتە هەموو کیان و کەسایەتی ئینسان بەهەموو لایەنێکیەوە، بەبێ چاوبەستەکیو هەڵخلیسکاندن و هەڵخەڵەتاندن و زۆری لێکردن، بانگی حەقیان بەگوێدا بداو بانگەوازی ئایینی ئیسلامیان بۆ روون بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەناخەوە ئادەمیزادەکە بگۆڕێو، بەقەناعەتەوە بێتە سەر ئایینی پیرۆزو بەحەزەوە بیروباوەڕی ئیسلامی وەربگرێ؛ بەحەماسەتەوە داکۆکی لێ بکاو پابەندی بێ!!

بێگومان ئایینی مەسیحی -کەپێش ئیسلام دوا ئایینە- بەزۆرەملێ بڵاوبۆتەوە بەئاگرو ئاسن خەڵکیان دەخستە ژێر رکێفییەوە!! رژێمی رۆمانی هەر کە ئیمپراتۆر قوسطەنطین ئایینی مەسیحی وەرگرت، ئیتر بە ئاگرو ئاسن کەوتە وێزەی رەشە خەڵکەکەو ئەوپەڕی دڕندەییو کاری نامرۆڤانەیان ئەنجام دا، بۆ بە مەسیحیکردنی خەڵک، هەروەکو چۆن هەمان دەوڵەت و رژێم لەوەپێش ئەو کارە نامرۆڤانەیان دەرحەق بە ئەو مەسیحییە کەمانەی کە بەقەناعەتەوە ئایینی مەسیحییان قبووڵ کردبوو- ئەنجام دا؛! سزادان و بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن هەر بۆ ئەو کەسانە نەبوو کە ئایینی مەسیحییان وەرنەگرت! بەڵکو ئەوپەڕی

دڕەندەیش بەکارهێندرا تەنانەت بۆ ئەو مەسیحیيانەش کە بڕێ رای جیاجیایان هەبوو دەربارەی چۆنیەتی مەسیح و، رازی نەبوون ئەو مەسیحیەتە وەربگرن کە رژێمی رۆمانیا بانگەوازی بۆ دەکردو چوارچێوەی داڕشتبوو.

دەی کە ئیسلام هات، یەکەم شت کە بڵاوی کردەوەو کردی بە دروشمی سەرەکی بۆ بانگەوازیيەکەی، ئەم راگەیاندنە پیرۆزە بوو کە دەفەرموێ: ﴿لا إكراه في الدّين قد تبين الرّشد من الغيّ﴾ لە ئایینداً زۆرە ملێ هەر ئاسەواری نیە، هەرکەسە بۆ خۆی ئازادە چ بیروباوەڕێک هەڵدەبژێرێ هەڵیبژێرێ، بێگومان ڕێگای سەرفرازیو راست و دروست، لەڕێگای گومڕایی جیاکراوەتەوە!!

بەڕستی ئەمە مەبدەئێکە بە ئاشکرا ڕێزگرتنی پەروەردگاری بۆ ئادەمیزاد تێدا دیاری دەدا، ڕێزی بیرو ویست و هەست و هۆشی دەگرێ، ڕێگەی دەدا دەربارەی سەرفرازیو گومڕایی رەوتی خۆی دەست نیشان بکا. ئاکامی کردەوەکانی بخاتە ئەستۆیو حیساب و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکا، ئەم ئازادی بیروباوەڕە، تایبەتمەندیترین دیاردەی ئازادیی مرۆڤە، ئەو ئازادیيەی کە ئەمڕۆ لەسەدەی بیستەمدا بڕێ ڕێبازو پارت و گرۆهو کۆمەڵ هەن؛ بەرەوای نابینن و ڕێگا نادەن ئینسان بەویستی خۆی بیروباوەڕی خۆی دیاری بکاو، بەرنامەی ژیانی خۆی دابڕێژێ! یان دەبێ بیروباوەڕێ هەڵبژێرێ کە رژێمەکەی دەیەوێ بڵاوببیتەوە، یان دەبێ خۆی ئامادە بکا بۆ مردن بەجۆرەها شێوەی لەناوبردنی نامرۆڤانە.

بێگومان ئازادیی بیروباوەڕ، مافێکی بنەڕەتی ئادەمیزادە، بێ دەستەبەرکردنیو هەبوونی ئەو مافە، ئادەمیزاد بە ئادەمیزاد حسێب ناکرێ.

ئەو کەسەی ئازادی بیروباوەڕ لە ئادەمیزاد زەوت دەکا، ئەوە

ئادەمیزادیو کەسایەتی لیٚ زەوت دەکا، جا کە بیروباوەڕ ئازاد بیٚ، دەبیٚ بانگەوازی کردنیش بۆ بیروباوەڕ ئازاد بیٚ، هیچ ترس و راوەدونان و تیرۆرو گڕو گێچەڵی نەبیٚ، کابرای بانگەوازیکەر لەمپەڕی بۆ دروست نەکریٚ، ئەگینا ئەو ئازادییە هەر بەناو ئازادییە و چ مانایەکی لە ناوەڕۆکدا نییە.

ئایینی ئیسلام بەرزترین تێڕوانینی هەیە: بۆ بوون و ژیان، باشترین و بەهێزترین بەرنامەی بۆ ئادەمیزاد پیٚیە. یەئەم ئایینێکە بانگی هەڵداوە، کە ﴿لا إكراه في الدين﴾ زۆرە ملیٚ لە ئایینیدا نیە.

ئەو ئایینە کە لەپێش هەموو کەسێکەوە، بەهەڵگرانی خۆی دەڵیٚ: بە زۆرە ملیٚ کەس موسوڵمان مەکەن، ﴿قد تبين الرشد من الغي﴾ ریٚگاری راست و ریٚگاری گومڕایی لیٚک جیاکراوەتەوەو، هەرکەسە بۆ خۆی، ئازادە؛ کام ریٚگایە هەڵدەبژێریٚ با هەڵیبژێریٚ! دەی ئەمە لەکویٚو هەڵس و کەوتی پارت و ریٚکخراوو حیزب و گرۆهی جیا جیای ئەمڕۆ لەکویٚ، کەهەریەکەیان دەیەویٚ بیروباوەڕی خۆی بەزۆر بسەپێنیٚ، ریٚگە نادەن بە ئەوانەی هاوبیرو رایان نین هەوا هەڵمژن!

مێژووی ئادەمیزاد پڕە لە کارەساتی سامناک و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، لە سەر بیروباوەڕی جیا بەئەوپەڕی دڕندەیی کاری نامرۆڤانەیان دژ بەیەک ئەنجام داوە!! ئێستاش لەهەموو ئاقاریٚکی سەرزەوی ئەم رەفتارە فاشییانە بەرقەرارن و پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکا!

ئیسلام فەرمان بەرێڕەوانی خۆی دەکا، کە زۆرەملیٚ لەکەس نەکەن بۆ موسوڵمان بوون؛ چونکە بەڵگەی راست و دروستی ئەوەندە ئاشکراو نمایانە، پێویست بە زۆرو جەخت کردن ناکا، هەروەها بیروباوەڕ بەقەناعەتکردن و بەڵگەو دەلیل دەچێتە دڵەوە، بەزۆرو کوشتن و بڕین، ناچەسپیٚ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ریٚگای راست و خوار، لیٚک جیاکرانەوە،

ڕێگای حەق و بەتاڵ دیاری کراون، دوای بۆ هەموو خاوەن عەقڵێک ئاشکرابوو: کە ئیسلام بەرنامەی بەختەوەریو کامەرانییەو، غەیری ئیسلام ڕێبازی گومڕاییو سەرلێشێوانە، کەوابێ ئادەمیزاد ئازادن، کەسێ حەزی لێ بێ با ئیمان بێنێ،، کەسێکیش حەزی لێیە با بەکافریی بمێنێتەوە...

ئەم ئایەتە باشترین بەڵگەیە کە ئیسلام بەشمشێر بڵاونەکراوەتەوە، ئەوانەی کەئەم رایە دەردەبڕن و بانگەشەی ئەوە دەکەن؛ گوایە ئیسلام بە شمشێر بڵاوکراوەتەوە، رایەکەیان هەڵەیەو بۆچوونەکانیان بێ بناغەیە..

موسوڵمانان پێش کۆچ کردن بۆ مەدینە دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو کەبەرامبەریی کافرەکان بکەن، بە زۆرە ملێ موسوڵمانیان بکەن؛ دواییش کە کۆچیان کرد بۆ مەدینەو بەهێزبوون، بەدرێژایی مێژوو زۆرەملێیان لەکەس نەکردووە بۆ موسوڵمان بوون، وەکو شوێن کەوتووانی مەسیحی کردوویانە. ئایەتەکەش سەرەتای ساڵی چوارەمی کۆچی هاتۆتە خوارێ، ئەو کاتەیش موسوڵمانەکان بەهێز بوون، دەیانتوانی زەبرو زەنگ بنوێنن بەڵام نەیانکردووە!!

هەرگیز موسوڵمانان پەنایان بۆ شەڕو جیهاد نەبردووە مەگەر بۆ بەرپەرچدانەوەی دەست درێژیو ڕێگە خۆشکردن بۆ ئازادی بیروباوەڕو، بەرهەڵستی کردنی ڕژێمە ستەمکارەکان کە ناهێڵن موسوڵمانان مافی رەوای بانگەوازیکردنی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆ راماڵینی ئەوانەی دەبنە لەمپەڕ بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەسەر زەوی،، بەڵگەشمان ئەوەیە: زۆرجار موسوڵمانان ئاگربەستیان لەگەڵ دوژمندا راگەیاندووەو بەسەرانە رازی بوون، دوژمنیان سەرپشک کردووە: لەنێوان موسوڵمان بوون و سەرانە دان و شەڕ لەگەڵدا کردن. چونکە کەسێک خودا هیدایەتی بداو دڵ و دەروونی نوورانیبکا، بەبڕواو قەناعەتەوە موسوڵمان بێ، ئەوە

سوود لە بیروباوەڕەکەی وەردەگرێ.. کەسێکیش چاوی دڵ و دەروونی کوێربووبێ‌و چاوو گوێچکەی لەکارکەوتبن و مۆرکرابن، ئەگەر بەزۆرە ملێ موسوڵمانیش ببێ، ئیمان هێنانەکەی سوودی نابێ. جا کەوابێ ﴿فمن یکفر بالطاغوت ویؤمن با لله﴾ کەسێک واز بێنێ لەپەرستنی بت و ئەو شتانەی شەیتان خۆشی دەوێن، بەندایەتی هەموو کەسێک -جگە لەخودا- رەت بکاتەوە، ئادەمیزادو جندۆکەو شەیتان و ئەستێرەو بت و صەنەم نەپەرستێ، تەنهاو تەنها بەندایەتی خودا بکاو ئەو بپەرستێ، شایەتی بدا؛ کە هیچ خودا نین جگە لە خودای مەزن و پەروەردگار، ئەوە ﴿فقد استمسك بالعروة الوثقى لاانفصام لها﴾ بێگومان دەستی گرتووە بە گوشێکی قایم و قۆڵ، کە هەرگیز پچڕانی بۆ نیە، واتە: پەروەردگار پابەندبوونی بەئایینەوە چواندووە بەکەسێک کەدەست بگرێ بە گوریسێکی قایمی پتەوی وەها کە پچڕانی نەبێ.

﴿وا لله سمیع علیم﴾ پەروەردگار ئاگاداری قسەو کردەوەی ئادەمیزادە، دەزانێ تەصەورو بیروبۆچوونیان چۆنەو چۆن نیە، قسەی ئەوانەی کە کافرن بە طاغوت و بڕواشیان بەخوا هەیە دەبیستێ‌و زاناو ئاگادارە بەو بیروباوەڕەی لەدڵیاندایەو شێردراوەیە.

پەروەردگار بیسەرو زانایە بە هەموو شتێکی ئاشکراو نادیار، چۆنیەتی هەموو حەقیقەتێک دەزانێ، هەموو بیروباوەڕو گوفتارو کردارێک ئاگادارە. ﴿ا لله ولي الذین آمنوا یخرجهم من الظلمات إلى النور﴾ پەروەردگار خۆی سەرپەرشتی کاروباری موسوڵمانان دەکا، چاودێریان دەکا، شارەزاییان دەکا بۆ چاکەکاری. بەهۆی هەست و عەقڵ و هۆش و ئامۆژگاری ئایینی‌یەوە لە گومڕایی شک وگومان، لە نەزانی‌و سەرلێشێواوی کوفرو لادان رزگاریان دەکا بۆ گۆڕەپانی خۆشبەختی‌و رووناکایی زانست و زانین، بۆ بڕوای راست و دڵنیابوون. بێگومان ئیمان

نـوورو رووناکی‌یـە، نووریکـی خودایی‌یـە لـە سروشـت و حەقیقـەتدا یـەک نوورە، یەک رۆشنایی‌یە.. بەڵام کوفر چەند تاریکستانی‌یەکی یـەک لەسـەر یەکە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿من الظلمات إلى النور﴾.

بیروباوەڕ رووناکی‌یە، رۆشنایی دەدا بە بـوون. موسـوڵمان کـە یەکـەم شوعلەو بریسکەی لـەدڵی‌دا پـەیدا دەبـێ گیـانی پـێ روونـاک دەبێتـەوە، روحی تەصفیە دەبێ، رۆشنایی دەدا بە دەوروبـەری، ئیمـان رووناکی‌یەکـە حەقیقەتی شتەکان دەردەخا، حەقیقەتی مەبدەئو تەصەوراتەکان دەردەخا، دڵی موسوڵمان بەبێ پـەردەو بـەبێ چڵـک و پەڵـە شـتەکان دەبینـێ! ئـەو رووناکیە ریگای قانوونی بوونەوەر بۆ مرۆڤ دیاری دەکا، ئیـتر ئـەو کاتـە موسوڵمان هـەڵس و کـەوتی خـۆی بـەگوێرەی قانوونـە کەونی‌یەکـە رەهـا دەکاو، بەگوێرەی قانوونەکە رەفتـار دەکـا، بـەرەو رێبـازی خـودا هـەنگاو دەنێ‌و هیچ لەمپەڕو کۆسپ و کەندو لەند بەرگریی ناکـەن و، لـەو رێبـازە پیرۆزە لای نادەن.

ئیمان یەک رووناکایی‌یە ئادەمیزاد شارەزا دەکـا بـۆ یـەک رێبـاز کـە ریگـای ئیسـلام و خواپەرسـتی‌یە، بـەڵام کوفـرو گومڕایـی چـەند تاریکایی‌یەکە جوێ جوێن، تاریکایی حەزو ئارەزوو، تاریکایی تەرەبوون و سەرلێ‌شێوان، تاریکـایی لووتبـەرزیی‌و لـە خـۆ بـایی بـوون، تاریکـایی بێ‌هێزی‌و زەبوونی، تاریکایی ریاو دوو روویی، تاریکایی تـەماع و هەڵپـە کـردن، تاریکـایی شـک و گومـان، تاریکـایی شـوێن کـەوتنی غـەیری بەرنامەی خودا. پەنا بە خوا ئادەمیزاد هـەر لەگـەڵ وازی لـەنووری خـودا هێنـا، دەکەوێتـە نـاو ئـەو تاریکاییانـەوە؛ کەواتـە دواڕۆژێکـی سـامناک چاوەڕوانی ئەوانە دەکا کـە لـەرێبازی خـودا لادەدەن. ﴿أولئك أصحاب النار هم فيها خالدون﴾ ئەوانە تاقم و کۆمـەڵی دۆزەخـن و شیاوی سزای دۆزەخن و تێ‌یدا دەمێننەوە هەتا هەتایە!! کـە ئـەوان بـە نـووری ئیسـلام

شارەزای ڕێگای ڕاست نەبن و نەیەنە سەر ڕێگای خواپەرستی شیاوی ئەوەن کە بچنە ناو دۆزەخەوە هەتا هەتایی تێیدا بمێننەوە.

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدا، پرسیارەکەش ئەوەیە بڕێ دڵپیس و دوژمنی ئیسلام دژایەتیەک پەیدا دەکەن لەنێوان ئایەتی: ﴿لا إكراه في الدين﴾و ئایەتێکی تر کە لەوە و پێش ڕاقەمان کردووە کە دەفەرموێ: ﴿وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين لله﴾. دەڵێن: مانای ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتە پێکەوە هەڵناکەن و دژایەتیان هەیە.

بڕێکی تر لە دوژمنانی ئیسلام بەڕواڵەت وا خۆ پیشان دەدەن کە داکۆکی لە ئیسلام دەکەن و ئەم تۆمەتەی لێ دووردەخەنەوە بەشێوەیەکی حیلە بازیی، دەیانەوێ گیانی جیهاد لەهەستی موسوڵماندا کپ بکەن و ئەم کارە گرنگ و پیرۆزەیان لەبیرببەنەوە، هەمیشە هەوڵ دەدەن لە نرخ و ڕێزی جیهاد کەم بکەنەوە، ڕۆڵی گرنگی لەمێژووی ئیسلامدا بێبایەخ بخەنە پێش چاو، واش پیشانی موسوڵمانان دەدەن کە ئەمڕۆ چ پێویستیەک بە جیهاد نەماوە!! لەراستیدا ئەو دوو تاقمە هەردووکیان لە گرۆهی ڕۆژهەلاتناسەکانن! لە سەنگەری دژ بە ئیسلامدا دەجەنگێن و دەیانەوێ بەرنامەکەی بشێوێنن.

مەبەستی سەرەکیشیان ئەوەیە ئەم گیانە لە موسوڵماناندا بمرێنن و، لە گۆڕەپاندا نەبێتە لەمپەڕ لەبەردەمیان، جا کە دڵنیابوون لە سەرکەوتنی کارەکەیان، ئەمجار جۆرەها ئامێریان بەکارهێنا بۆ زنجیرکردنی موسوڵمانان و بەبێ ڕەحمانە لێیان دان و لەهەموولایەکەوە هێرشیان کردۆتە سەریان. واشیان خستە دڵی موسوڵمانانەوەکە جەنگ لەنێوان داگیرکەران و خۆیاندا شەڕی بیروباوەڕ نییە، تا پێویستی بەجیهاد بێ، بەڵکو ئەم شەڕە شەڕی ئابووریەو، شەڕی بازرگانیو کان و بەروبوومە؛ کەوابوو پێویست بە جیهاد ناکا!!

بەڵام پێویستە موسوڵمانان هەموویان ئەم ڕاستییە بزانن: کە بەدرێژایی مێژوو موسوڵمانان شمشێریان لە کالان دەرکێشاوەو جیهادیان کردووە، نەک بۆ موسوڵمان کردنی خەڵک بەزۆرەملێ، بەڵکو بۆ دابینکردنی چەند مەبەستێک کە هەموویان پێویستیان بە جیهاد بوو!! بەبێ جیهاد ئەو مەبەستانە دابین نەدەکران، واتە ئیسلام جیهادی بۆیە داناوە تا بەرگری لە موسوڵمانان بکا، ئەزیەت و فیتنەیان لێ دووربخاتەوە، بۆ ئەوەی ئاسایش بۆ خۆیان و ماڵ و دارایی‌و بیروباوەڕیان دەستەبەر بکا، قورئان ئەو بنەما گەورەیەی دامەزراندووە کە دەفەرموێ: ﴿والفتنة أشدّ من القتل﴾ دەست درێژی بۆ سەر عەقیدەو بیروباوەڕ گەورەترە لە دەست درێژی بۆ سەر ژیان. کەوابێ بەپێی ئەم ئایەتە بیروباوەڕ بەنرخترە لەژیان، دەبێ موسوڵمان ڕێگەی پێ بدرێ بجەنگێ بۆ ئەوەی بەرگری لە بیروباوەڕو ئایینی خۆی بکا، بێگومان موسوڵمان بەدرێژایی مێژوو تووشی جۆرەها فیتنەیی بوون، لەپێناو بەرگری کردن لە عەقیدەو بیروباوەڕی پیرۆزیان دا ئازارو ئەشکەنجەیان بینیوە، زۆرجار کەوتوونەتە بارو دۆخی واوە کە هیچ چارەیان نەماوە جگە لە دیفاع کردن لە خۆیان و ماڵ و دارایی‌و بیروباوەڕ.

ئەوەتا موسوڵمانانی ئەندەلووس تووشی سەختترین شێوەی سزاو ئازاردان و کوژرانی بەکۆمەڵ بوون، بۆ ئەوەی موسوڵمانان لە ئایینی خۆیان پەشیمان ببنەوە نەک هەر لەئەندەلووس بەڵکو موسوڵمانان لە زۆر شوێنی دیکەو بەدرێژایی مێژوو، جۆرەها سزاو ناڕەحەتییان چەشتووە، هەتا ئێستاش لە جۆرەها وڵاتی شیوعی‌و صەهیۆنی‌و مەسیحی‌و بتپەرستی‌دا ئەم حاڵەتە هەر بەردەوامە. موسوڵمانان جۆرەها ئەشکەنجەو ئازار دەدرێن؛ کەوابێ ئێستاش جیهادیان لەسەرەو پێویستە بەرگری لە خۆیان بکەن؛ بەجیهاد کردن ئەو فیتنەیی‌یە لەخۆیان دووربخەنەوە، ئەگەر

راست دەکەن و موسوڵمانی تەواون.

هەروەها ئیسلام جیهادی بەپێویست داناوە بۆ دابینکردنی ئازادیی بانگەوازیو داوای ئازادی بیروباوەڕ دەکا، بێگومان ئیسلام چاکترین بەرنامەو باشترین دیاریو یاساو قانوونی هێناوە بۆ جیهان و دەبێ بڵاوبکرێتەوەو بخرێتە گوێچکەی ئادەمیزادانەوە. جادوای روونکردنەوەو پێگەیاندن و تێگەیاندن، هەرکەسە ئازادە ئەوی حەزی لێ بێ با موسوڵمان بێ، ئەوی ناشیەوێ با کافر بێ ﴿لا إكراه في الدّين﴾ بەڵام پێویستە پێش ئەوە، کۆسپ و تەگەرە لەرێی بانگەوازییەکەدا لاببردرێ، بۆ ئەوەی ئایینەکە چۆن هاتووە ئاوا بگەیەندرێ، ئەو پەردەو لەمپەرانە رادرێن: کە مەنعی بیستنی ئەم بانگەوازییە دەکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی بانگەوازی ببیستن و شوێنی کەون و، بکەونە گەڵ کاروانی هیدایەت.

ئاشکراشە برێ لەو پەردەو لەمپەرانە رژێمە ملهوڕو طاغووتەکانن، دەرەبەگ و خۆبەزل زانەکانن، پارت و گرۆهو حیزبە خوانەناسەکانن..

بە کورتی ئیسلام جیهادی داناوە بۆ تێکشکاندن و لێکهەڵوەشاندنی ئەو رژێمە ستەمکارە ملهوڕانەو دانانی نیظام و یاسایەکی دادوەرانەی ئیسلامیی کە رێگەی بانگەوازی کردن بۆ ئیسلام بەئازادیی دەستەبەر بکا. ئاشکراشە تا ئێستا ئەم هەدەفە هەیەو جیهاد پێویستە لەسەر موسوڵمانان و ئەو شتانەی جیهادیان بۆ پێویست کراوە زۆرتربوون، کەم نەبوونەتەوە.

ئیسلام جیهادی بەپێویست داناوە بۆ ئەوەی کە لەسەر زەوی یاسا تایبەتییەکەی خۆی بسەپێنێو بیپارێزێ. چونکە هەر ئیسلام یاسایەو، بەرنامەیەکی وایە، کە ئازادی ئینسان بەرامبەر برای ئینسانی دەستەبەر دەکا، ئەو کاتە ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنها یەک کەس هەیە بەندایەتی بۆ دەکرێ ئەویش زاتی پاکی پەروەردگارە، ئیتر هەموو بەندایەتیکردنێکی

تر لەسەر زەوی بەهەموو جۆرو شێوەکانیەوە پووچەڵ دەکاتەوەو رێگە نادا هیچ کەس و گرۆهـ و تاقم و حیزبێکێ یاساو بەرنامە بۆ ئادەمیزاد دابنێن و لەرێگەی ئەو یاسایەوە کۆیلایەتیان بەسەردا بسەپێنن.

ئیسلام پێی وایە: تەنها یەکێ خودا هەیە، کە شایانی ئەوە بێ ئادەمیزادەکان بیپەرستن و، گەردنکەچی بن و، یاسایان بۆ دیاری بکا. کەوابوو لە یاسای ئیسلامدا بە گوێکردنی ئادەمیزاد بۆ ئادەمیزاد نابێ لە سنووری یاسای خودا دەربچێ! ئەمەیە یاسای ئیسلام کە لەسەر بنەمای یاسایەکی ئەخلاقی وا دادەمەزرێ کە ئازادیی بۆ هەموو ئینسانێکێ دەستەبەر دەبێ. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە ئیسلام نییە، هەر لەژێر یاسای ئیسلامدا حورمەتی هەموو کەسێکێ پارێزراوەو هەموو کەس هەست بە مرۆڤایەتی خۆی دەکا!

تەنانەت ئەوانەش کە بڕوایان بە ئیسلام نیە. لە نیشتمانی ئیسلامیدا دەپارێزرێ هەر بیروباوەڕێکیان هەبێ!!

ئیسلام جیهادی داناوە بۆ ئەوەی کە ئەم یاسا پیرۆزو بەرزە دابمەزرێنێ، بیچەسپێنێو بیسەپێنێ، کەوابێ مافێکی رەوای موسوڵمانانە کە جیهاد بکەن بۆ تێکشکانی رژێمە دیکتاتۆریەکان کە لەسەر بنەمای ئیسلام شمشێریان هەڵنەگرتووە!! ئیسلام هەڵگرتنی شمشێری واجب نەکردووە بۆ ئەوەی خەڵکێ بەزۆر موسوڵمان بکا، هەرگیز ئیسلام بەشمشێر بڵاونەبۆتەوە وەکو دوژمنانی ئیسلام شاتەشاتی بۆ دەکەن و دەیانەوێ بەوە تاوانباری بکەن، بەڵکو جیهادی پێویست کردووە بۆ ئەوەی یاسایەکێ دابنێ لەژێر سایەیدا هەموو بیروباوەڕێکێ بتوانێ بە ئازادی بژیو لە چوارچێوەی پابەندبوون بە یاساکان خۆیان بگونجێنن، با بڕواشی پێ نەکەن. بەڵێ ئیسلام هێزی پێویست بوو بۆ پەرەپێدان بە هەبوونی خۆی بۆ بڵاوبوونەوەی، بۆ دڵنیایی پەیڕەوکارانی لە پاراستنی

بیروباوەڕەکەیان، بۆ دڵنیایی ئەوانەی موسوڵمان دەبن لە ژیانی خۆیان ئەمین بن کە دەست درێژی ناکرێتە سەریان.

بەڵێ ئیسلام پێویستی بەبەرنامەو یاسا هەیە، پێویستی بە هێزو چەک و سوپا هەیە، پێویستی بە جیهادو تێکۆشان و خۆبەخت کردن هەیە. بەڵێ ﴿**لا إكراه في الدين**﴾ بەڵام ﴿**وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم. واخرين من دونهم لا تعلمونهم الله يعلمهم**﴾.

پێویستە موسوڵمانان حەقیقەتی ئایینی خۆیان بزانن، ئاگاداری چۆنیەتی مێژووی کەوناراوی خۆیان بن. لەکاتی موناقەشەو کێشەو بێنەو بەرەدا بە لێهاتوویی‌و چاونەترسانەوە بەرگری بە خۆیان بکەن.

نەچن وەکو تاوانبارێکی لە رزۆک بەرگری لەخۆیان بکەن، بەڵکو هەمیشە بەدڵنیایی‌و بەحەماسەوە دیفاع لە ئیسلام بکەن، ئەو راستیە بزانن کە ئەوان لەسەر حەقن، هەموو خەڵکی تر لەسەر بەتاڵن، یاسایان لە ژوور هەموو یاساییکەوەیە، رێبازیان لەهەموو رێبازێک راست ترو رۆشنترە، بەڵکو هەر رێگای ئەوان راستەو رێگاکانی تر هەموو هەڵدێرو چەپرەوو بەردەڵان و کەندو لەندە.

چیرۆکی نەمروود

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ۖ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾

لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی راگەیاند کە خۆی سەرپەرشتیکارو

چـــاودێری موســـوڵمانانە، ملهوڕەکـــانیش گـــەورەو خۆشەویســـتی خوانەناسەکانن، ئەنجار بەشوێن ئەوەدا دوونمونەی هێنایەوە: نموونەیەک بۆ ئیمان، نموونەیەک بۆ یاخی بوون: بۆ چەسپاندنی ئـەو راستی‌یەی کـە رایگەیاند، نموونەکانیش ئەوانـەن: حـەزرەتی ئیـبراهیم خـودا تۆفیقـی دا بەڵگەی بەهێزی هێنایەوەو نەمروودی بۆڕدا. نەمردوودیش رێگـای راسـتی لێ هون بوو، نووری حەقی نەدۆزیەوە، بەڵگەو دەلیلـەکانی لاوازو هیـچ و پووچ بوون، چیرۆکی ئەم دووانە بووەتە نموونەی موسوڵمان و کافر: وەکـو دەفەرموێ:

﴿ألم تـر إلى الـذي حـاج إبراهيـم في ربـه أن آتـاه ا لله الملـك﴾ ئـەوە چـیرۆکی نـەمروود نـازانی؟ ئـەو نـەمروودەی کـە پاشـایەکی دیکتـاتۆرو ملهوڕو خۆ بەزل زان و لوتبەرز بوو، تەنانـەت خـۆی پـێ خودابـوو، وەکـو وتراوە: ئەم نەمروودە کوڕی کۆڕش کوڕی کەنعان کـوڕی شـام کـوڕی نـوح بووە، دەڵێن چوار پاشـا توانیویانـە هـەموو دنیـا بخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیانەوە، هەر لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا دەستیان بڕوا؛ ئـەو پاشایانەش چوارکەسـن، دوو پاشـای خـودا پەرسـت، دووپاشـــای خودانـەناس، پاشـا خوداپەرسـتەکان؛ سـلێمانی کـوڕی داوودو ذولقەرنـەنین بـوون، دوو پاشـا خودانەناسـەکانیش نـەمروودو بەختونـەصر بـوون، ئـەم نـەمروودە پاشـای سەردەمی خۆی بوو لەگـەڵ ئیـبراهیمدا کەوتـە موناقەشـەو دەمـەدەمێ!! ئینکاری هەبوونی خـودای نـەدەکرد، بـەڵکو بـڕوای بـە تـاک و تـەنیایی‌و خودایەتی بەتەنهای پێ‌نەبوو، پێی وانەبوو کە هـەر خـودا هەڵسـوڕێنەری بوونەوەرە. هەروەکو چۆن بڕێ لە سەرلێشـێواوی سـەردەمی نـەزانی پێـش ئیسلام، بڕوایان بە هەبوونی خودا هەبوو بەڵام هاوەڵیان بۆ دادەنا.

هەروەها نەمروود پێی وانەبوو کە دەسەڵاتی تەواو هـەر بـۆ خودایـە بەتەنها، پێی وانەبوو کە هەر یاسای خودا دەبێ پایەدار بێ، هـەر دەبـێ حوکمی ئەو کاری پێ بکرێ.

دەسەڵات و پاشایەتی داوەتێ، کەچی سەرپێچی خودای کردو، خۆی لێ بوو بە خوداو، پێی وابوو، ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی حەقیقی و پایەدارە. لەباتی بەندایەتیکردن بۆ خودا خۆی بەخودا زانی، لەجیاتی شوکرو سوپاسگوزاریی کوفرانی نیعمەتی خودای کرد، ئەبوایە ئەو رێزو دەسەڵاتپێدانە ببوایە بە هۆی ئەوەی بەندایەتی کردن بۆ خودا ئەنجام بدا، کەچی بوو بەهۆی ملهوڕیو سەر رەقی و خۆ بە خودا زانی!!

بۆیە پەروەردگار بەسەرسوڕمانەوە باسی ئەو طاغووتە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ألم تر إلى الذي حاج إبراهيم في ربه أن آتاه الله الملك﴾ بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە نازو نیعمەت و دەسەڵات و پاشایەتییەک کە پێی دراوە لەجیاتی ئەوەی شوکری خودا بکا، خۆی بەخودا بزانێ!!.

جا کاتێک کە نەمرود لەناو موناقەشەو دەمەدەمێ دا لە ئیبراهیمی پرسی: ئەو خودایە کێیە تۆ دەیپەرستی و پێت وایە هەر ئەوحاکم و یاسادانەرە؟! ئیبراهیم ویستی سیفەتێک بۆ خودا بەیان بکا کە هیچ کەس تێیدا هاوبەش نیە.

﴿قال إبراهيم ربي الذي يحيي ويميت﴾ وتی: ئەو خوایەی من دەیپەرستم، خودایەکی وەهایە ژیان و مردنی بەدەستە، مردن و ژیان بەدی دێنێ، بێگومان تا ئێستاش ئێمە هیچ شتێک لە حەقیقەت و چۆنیەتی مردن و ژیان نازانین. هەر ئەوەندە دیاردەی ژیان لە زیندوو دیاردەی مردن لە مردوودا دەبینین!!

نەمرودی ملهوڕو سەر رەق وتی: من گەورەو پاشای ئەم خەڵکەم بە ئارەزووی خۆم کاروباریان هەڵدەسوڕێنم، کەوابێ خودام و پێویستە خەڵک گەردنکەچی من بێ ﴿قال أنا أحيي وأميت﴾ من خەڵک دەژێنم و خەڵک دەمرێنم، حەزم لێ بێ فلان دەکوژم و فلان عەفوو دەکەم و نایکوژم!

دوو پیاوی هێنان، یەکێکیانی عەفوو کردو، ئەوی تریانیشی کوشت. وتی: ئەوەتا ژیان و مردنم بەدەستەو، بەئارەزۆی خۆم کێم بوێ دەیکوژم و کێم حەز لێ بێ عەفووی دەکەم.

چوار کەسی تریشی هێنان کردنیە ژوورێکەوە خواردن و خواردنەوەی لێ قەدەغەکردن، پاشان کەگەیشتنە ئەوپەڕی برسیایەتی و تینوایەتی دوو کەسیانی هێنان تێروپڕ خواردەمەنیو ئاوی پێدان، دوو کەسەکەی تریشی بەبێ خواردن و خواردنەوە هێشتەوە تا مردن. وتی: ئەوەتا ئاوا مردن و ژیان بەدەست خۆمەو چیم بوێ ئەنجامی دەدەم.

بەڕاستی ئەمە یەکەم تێکشکانی نەمردوود بوو، کە بەم بەڵگە نامەعقوولە بەربەرەکانی ئیبراهیمی کرد! چونکە مەبەستی ئیبراهیم بەدیهێنانی ژیان و ئەو شوعلە نهێنییە بوو، کە لە نەبووەوە پەروەردگار بەدی دەهێنێ!! هەروەها نەمانی ژیان و تەفرو توناکردنی ژیانی هەموو بوونەوەرێکی زیندوو بوو، نەک بوون بە هۆکاری مانەوەی ژیان بۆ چەند کەسێک تاماوەیەک، یان بوون بە هۆکاری مردنی چەند کەسێک.

ئەمجار ئیبراهیم کە چەواشەکردن و موغالەتە کردنەکەی نەمردوودی بیست و دیدو بۆچوونی خۆی بەرامبەر ژیان و مردن ئاشکرا کرد، موناقەشەکەی گوێزایەوە بۆ هێڵێکی تر، بۆ ئەوەی نەمردوود نەتوانێ موغالەتەی تێدا بکاو دەمکوتی بکاو بۆڕی بدا ﴿قال إن الله يأتي بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب﴾.

ئیبراهیم وتی: پەروەردگاری من رۆژ لە رۆژهەڵاتەوە کێش دەکا بەرەو رۆژئاوا!! ئەگەر راست دەکەی بەدەسەڵات و توانای دە ئەتۆ لە خۆرئاواوە کێشی بکە بەرەو رۆژهەڵات. ئەوەتا خودای من هەموو رۆژێ لەکاتی خۆی دا بە بێ دواکەوتن و پێش کەوتن، بەشێوەیەکی رێک و پێک بەگوێرەی یاساو نیظامێکی فەلەکیی، خۆر لە خۆرهەڵاتەوە

هەڵدێنێ، ئەتۆ ئازا بە! لە خۆرئاواوە هەڵی بێنە!! ئیتر لەجیاتی ئەوەی نەمردوود ئیمان بهێنێ و لە کەللەڕەقی خۆی دابەزێ و گەردنکەچی پەروەردگار ببێ، کەچی ﴿فبهت الذي کفر﴾ شڵەژاو سەرسام بوو، بۆڕی خواردو بێدەنگ بوو، ئەو کافرە خوانەناسە دیکتاتۆرە ملهوڕە بۆڕی خواردو بەڵام بۆڕخواردنەکەی نەبووبەهۆی ئیمان هێنانیو هیدایەتی وەرنەگرت.

چیرۆکی عوزەیرو گوێدرێژەکەی

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾

چیرۆکی پێشوو بۆ سەلماندنی هەبوونی پەروەردگار بوو، ئەم چیرۆکەو چیرۆکی دوا ئەویش، کە ئایەتی ﴿وإذ قال إبراهیم...الآیة﴾ دەیگێڕێتەوە بۆ ئیثباتکردنی زیندووبوونەوەی دوا مردن و هەبوونی حەشرو نەشرەو دەفەرموێ: ﴿أو کالذي مر علی قریة وهي خاویة علی عروشها﴾ ئەی پێغەمبەر! بڕوانەو گوێ ڕاگرە، بۆ بەسەرهاتێکی ترو، ڕووداوێکی تر، کە دەسەڵاتی خودا دەردەخا، وەکو سەرگوزشتەی ئەو کەسەی کە بەسواری ولاغێک بەلای شارێکدا تێپەڕی: شارێکی خاپوورو وێران، دیوارەکانی

بەسەر هەڵاشەکەیدا کەوتبوون، ئاداری بەسەر پاداریەوە نەمابوو، بەجۆرێک کە خەیاڵی ئەوەی لێ نەدەکرا جارێکی تر دانیشتوانی ئەم شارە زیندووببنەوەو خانوو باڵەخانەکانی ئاوەدان بکرێنەوە، دیمەنەکەی ئەوەندە سامناک و سەرسوڕهێنەر بوو، بینەر سەری لێ سوڕماو سەرساو بوو، لەگەڵ ئەوەدا بڕوای بە هەبوونی پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات هەبوو، بەڵام دیمەنەکە ئەوەندە خستیە سەرسامیەوە، هەرچەندە تێی راما، بەخەیاڵیش پەی بەوە نەبرد کە جارێکی تر ئەم ئادەمیزادە پوڵکاوانەی ژێر ئەو دارو پەردووە تێک رووخاوە زیندوو بکرێنەوە یان لە توانادا هەبێ ئەو شارە وەکو خۆی ئاوەدان بکرێتەوە!

بۆیە بەسەرسامیەوە ﴿قال أنى يحيي هـذه الله بعد موتها﴾؟ وتی: خودا چۆن ئەم ئێسکە رزیوو پوڵکاوانە -دوای ئەم مردن و پەرت و بڵابوونەوەو رزینە- زیندوودەکاتەوە؟! چ هێزێک هەیە بتوانێ ئەم کارە ئەستەمە ئەنجام بدا؟ پێی وانەبوو جارێکی تر ئاوی حەیات بچێتەوە ناو ئەو مردووانە.

زوربەی راڤەکەرانی قورئان پێیان وایە ئەو رێبوارە حەزرەتی عوزەیر بووە، ئیتر پەروەردگار نەهات بەشێوەی حیوار وەڵامی بداتەوەو تێی بگەیەنێ: کە چۆن ئەوانە زیندوودەکاتەوە: بەڵکو ویستی خودا وابوو بەشێوەیەکی واقیعیو عەمەلی ئەو راستیەی تێبگەیەنێ، چونکە وادیارە سەرسوڕمانەکەی بە جۆرێک بووە بەبەڵگەی ئاوەزو مەنطیق و ویژدان نەڕەویوەتەوە بە ئامۆژگاری دیاردەی گشتی سەرسام بوونەکەی لانەچووە، بەڵکو پێویستی بە چارەسەرێکی تایبەتیو شەخصی بووە بۆیە یەکسەر دوای ئەم پرسیارە ﴿فأماته الله مائـة عام ثـم بعثه﴾ پەروەردگار مراندنیو گیانی کێشا، بۆ ماوەی سەد ساڵ بەمردوویی مایەوەو ئەمجار زیندووی کردەوەو هۆش و گۆشی پێ دایەوەو، ﴿قـال: كـم لبثت؟﴾ پێی

فەرموو: ماوەی چەند بە مردوویی ماویتەوە؟ ﴿قال لبثت یوما أو بعض یوم﴾ کەسەیری دەوروبەری خۆی کردو لە دیاردەکانی دەوروبەری تێفکری، وتی: ماوەی مانەوەم لێرە بەمردوەیی رۆژێک یان بەشێک لە رۆژێک بووە. چونکە وەکوو دەڵێن: ئەو کاتەی مرد تازە خۆرهەلاتووە، کەزیندووش کراوەتەوە دەمەو ئێوارە بووە. ﴿قال بل لبثت مائة عام﴾ پەروەردگار فەرمووی: نەخەیر وا نیە، بەڵکو تۆ سەد ساڵ مردوویی‌و لێرە بە مردوویی ماویتەوە.

مامۆستا سید قطب دەفەرموێ: بەگوێرەی تاقیکردنەوەی ئادەمیزاد ئەم تاقیکردنەوە حسی‌یە واقیعی‌یە دەبێ لەو دەوروبەرە دیاردەی وا هەبووبن کە تێپەڕبوونی ئەو سەد ساڵە بسەپێنێ، ئەم دیاردانە لە خۆراک و ئاوی خورادنەوەکەی‌دا بەدی نەکراون، چونکە ئەوان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبوو ﴿فانظر إلى طعامك وشرابك لم يتسنه﴾ سەیری خواردەمەنی‌و ئاوی خواردنەوەکەی خۆت بکە هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە.. کەوابوو دەبێ ئەو دیاردانە لەخودی عوزەیر خۆی‌دا یان لە ولاغی سواری‌یەکەی‌دا هەبووبن، بۆیە فەرمووی: ﴿وانظر إلى حمارك ولنجعلك آية للناس﴾ سەیری گوێدرێژەکەت بکە! چۆن لاشەی پوڵکاوەو رزیوە.. زیندووی دەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەم بەسەرهاتەی تۆ کە لاشەکەت هیچ تێک نەچووەو ولاغەکەشت هەر لەپەنا تۆوە بوە ئەو ئاوا پوڵکاوە بیکەین بە نیشانەی بەدەسەلاتی خۆمان ﴿وانظر إلى العظام كيف ننشزها ثم نكسوها لحما﴾ سەیری ئێسقانی ولاغەکەت بکە! چۆن کۆیان دەکەینەوەو رێکیان دەخەینەوە ئەمجار بەگۆشت دایان دەپۆشین!!

موعجیزەو ئایەتەکەش ئەوەیە کە بەفەرمانی پەروەردگار ئێسقانەکان چوونەوە پەنا یەکترو رێکخرانەوەو، بەگۆشت داپۆشرانەوەو گیانیان تێچووەوە لەپێش چاوی عوزەیر کەئەو خۆی هەر لەپەنا گوێدرێژەکەیەوەو

بوو بوو، هیچ گۆڕان و رزین و پۆڵکانی بەسەردا نەهاتبوو، خواردەمەنیو ئاوی خواردنەوەکەی هیچ نەگۆڕابوون، ئەمە لەکاتێکدا کە لاشەی ولاغەکەیو لاشەی خۆیو خواردن و خواردنەوەکەی لەژێر کاریگەری یەک ئاوو هەواودا بوون و، لەیەک شوێن بوون، کەوابێ ئەمەش نیشانەیەکی تری گەورەییو بەدەسەلاتی خودایەو، رەهاییو بێپایانی دەسەلاتی پەروەردگار دەگەیەنێ، بۆ ئەوەی بەعەمەلی عوزەیر پێغەمبەر تێبگاو بزانێ: خودا چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە!.

ئیتر ئەم پیاوە ﴿فلما تبين له﴾ کەبەچاوی خۆی ئەم تاقیکردنەوەی بینیو، هەستی بەم دەسەلاتەو توانا رەهایەی پەروەردگار کرد ﴿قال أعلم أن الله على كل شيء قدير﴾ وتی: دەزانم و بەچاوی خۆم دیتم کە پەروەردگار دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێک دا هەیەو هەرچی بیەوێ دەیکا!.

حەزو ئارەزۆی دڵنیابوون لەناخی حەزرەتی ئیبراهیم دا

وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾

ئەمجار دوای رانواندنی ئەم سەرگوزشتەو تاقیکردنەوە سەرگوزشتەو تاقیکردنەوەیەکی ترمان بۆ رادەنوێنێ ئەویش تاقیکردنەوەی ئیبراهیمەو دەفەرموێ: ﴿وإذ قال إبراهيم رب أرني كيف تحيي الموتى﴾ ئەی موحەممەد! ئەی رەهبەر! ئەوە بۆ خەڵک بگێڕەوەو یادی ئەوە بکەرەوە:

کەئیبراهیم وتی: پەروەردگارا! پیشانم بدە زاتی بێچوونتان چۆن مردووی پوڵکاوی رزیو زیندوو دەکاتەوە. بێگومان ئەم پرسیارە لەبەر ئەوە نەبوو بڕوای بەزیندووبوونەوە نەبێ، یان گومانی لە دەسەڵاتی خودا دا هەبێ، بەڵکو حەزو ئارەزۆیەکی دەروونی بوو شەوقێکی رۆحیی بوو بۆ بەچاوبینینی ئەو نهێنییە خودایییە کەزیندووکردنەوەیە، ئیبراهیم ویستی بەچاوی خۆی ببینێ دەستی قودرەتی خودا چۆن ئەو کارە گرنگە ئەنجام دەدا.

بۆ ئەوەی تام و خۆشی ئەو بینینە دڵ خۆشی بکاو ئارامی بەگیانی بداو ماوەیەک لەو کەش و هەوایە سەرسوڕهێنەرەدا هەناسە بداو خۆشی بینینی ئەو دیمەنە شادی بکا. ئەگینا ئیبراهیم لەپلەی هەرە بەرزی بیرو بڕواو ئیمان پتەوییدا بوو ﴿قال أولم تؤمن﴾ پەروەردگار پێی فەرموو بۆچی بڕوات بە زیندووکردنەوەی مردوان لەلایەن ئێمەوە نیە؟ ﴿قال بلى ولكن ليطمئن قلبي﴾ ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا! بەڵێ: من بڕوای تەواو دامەزراوم بە رەهایی دەسەڵاتی ئێوە هەیە، ئیمانێکی تۆکمەو بەهێزم بە زیندووبوونەوە هەیە، بەڵام حەزێکی گیانیو داخوازێکی دڵ و دەروونمە بۆ ئەوەی ئارامی تەواو بەدڵ و گیانم بگا، پەردەم بۆ لەسەر ئەو نهێنییە بۆ لابەری و تامی ئەو خۆشییە بکەم.

پەروەردگار بەلوطف و کەرەمی خۆی ئەم ویست و داخوازییەی ئیبراهیمی پەسەند کردو ئەم رێزەی لێ نا کە بەچاوی خۆی تاقیکردنەوەی زیندووکردنەوەی پیشان بدا ﴿قال فخذ أربعة من الطير فصرهن إليك﴾ پەروەردگار فەرمووی: چوار باڵندە بگرەو لەخۆتیان نزیک بکەرەوە چاک سەرنجیان بدەرێ، چاک شێوەو روخساریان ببینە تا دوایی بیانناسیتەوە ﴿ثم اجعل على كل جبل منهن جزءا﴾ ئەمجار سەریان ببڕەو پارچە پارچەیان بکە پارچەکانیان بە تێکەڵاوی لەسەر کێوەکانی دەوروبەرت

دابنێ ﴿ثم ادعهن يأتينك سعيا﴾ ئەمجار بەناوی ئێمەوە بانگیان بکە، بڕوانە: چۆن ئەندامەکانیان جارێکی تر کۆدەبنەوەو دەچنەوە پەنا یەکتریو ڕێک دەخرێنەوەو گیانیان تێدەچێتەوەو سەرلەنوێ زیندوودەبنەوەو بەراکردن دێنەوە بۆ لات! سەرنجیان بدەرێ چۆن لە شێوەو ڕوخساری خۆیاندا زیندووکراونەوەو هیچ زیادو کەمیاز تێدانەکراوە ﴿واعلم أن الله عزيز حكيم﴾ دڵنیابەو چاک بزانە کە پەروەردگار دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە بوونەوەرداو چی بوێ ئەنجامی دەدا. لەهەموو کاروبارێکیدا داناو زانایەو ئیشی بێ حیکمەت ناکا. ئیبراهیم بەچاوی خۆی نهێنی ژیانی بینی، باڵندەی بینین گیانیان تێدا نەمابوو جەستەیان هەنجن هەنجن کرابوو، هەرپارچەیەک لەلاشەیان فڕێ درابووە سەر لوتکە شاخێک، کەچی بەفەرمانی خودا سەرلەنوێ گیانیان تێچووەوە، بێگومان نهێنی گیان (ڕوح) زانین و چۆنیەتی‌یەکەی شتێکی تایبەتمەندی پەروەردگارە ﴿قل الروح من أمر ربي﴾ ، جگە لەخودا کەس چۆنیەتەکەی نازانێ و بۆ کەسانێک کەخۆی مەیلێ لێ بێ سوچێکی ئەو نهێنی‌یەیان بۆ دەردەخا.

لە ئایەتەکانی پێشوودا جەختی لەسەر زیندووبوونەوە کردو ئەوەی چەسپاند کە ئادەمیزاد لە ڕۆژی قیامەت دا زیندوودەکرێنەوە بۆ وەرگرتنەوەی سزاو پاداشتی خۆیان، ئیتر لێرە بەولاوە باسی گەورەیی ماڵ بەخشین لەرێگەی خودادا دەکا.. ڕێگەی خوداش زۆرن، وەکو بڵاوکردنەوەی زانیاری و زانست و هەوڵدان بۆ قەلاچۆکردنی نەزانی و هەژاریو نەخۆشی، گەورەترین ڕێگەیەکیش کە ماڵی تێدا خەرج بکرێ جیهادو تێکۆشانە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی (لا اله إلا الله) و بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

بێگومان قورئانی پیرۆز لەچەند شوێنێکا خەڵکی هەڵناوە بۆ ماڵبەخشین چونکە ماڵبەخشین ڕێگەو هۆکارە بۆ دەوڵەمەند بوون و

چەسپاندنی خۆشگوزەرانی و کامەرانی بۆ گشت ئادەمیزاد، واسیتەو هۆکارێکی تایبەتی‌یە بۆ پاراستنی عیززەت و کەرامەتی گەل و نەتەوەو تێکشکانی دوژمنانی، هەر گەل و هۆزێک بەخیلی بەماڵ و دارایی بکاو لەجیهاددا سەرفی نەکا، ئەوە بێگومان ژێردەستەیی و کۆیلایەتی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و لەهەموولایەکەوە نەتەوەکانی تر گەلەکۆمەکێ لێ دەکەن، تێیان بەردەبن.

دەڵێن ئەم ئایەتە لەشانی عوسمانی کوڕی عەففان و عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف دا هاتۆتە خوارێ.

عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف هاتە خزمەت پێغەمبەرو چوار هەزار دیرهەمی بە خێرو کۆمەکیی بۆ جیهاد پێشکەش کردو وتی: ئەی رەهبەری خۆشەویست! هەشت هەزار دیرهەمم هەبوو، چوار هەزاریانم بۆ ماڵ و منداڵەکانم بەجێ هێشتووە، چوار هەزاریشم بەقەرز داوە بەپەروەردگار. ئیتر پێغەمبەر فەرمووی: خودا بەرەکەت بخاتە ناو ئەوەی بەجێت هێشتووەو ئەوەی بەخشیوتە.

عوسمانی کوڕی عەففانیش وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ! منیش هەرکەسێک دەیەوێ بچێتە غەزای تەبووک و کەل و پەلی پێویستی نیە من بۆی دابین دەکەم، ئەوە بوو کۆمەکی بە موسوڵمانان کرد بەهەزار وشتر بە کەل و پەلەکانیانەوە هەزار دیناریشی خستە بەردەم پێغەمبەر ﷺ . ئیتر پێغەمبەر دەستی تێوەردان و دەیفەرموو: لەمڕۆ بەولاوە عوسمان چی بکا زیانی پێ ناگا.

پاداشتی ماڵبەخشین لەرێگەی خودادا

مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى ۙ لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٦٢﴾ ۞ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا ۖ لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَىْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦٤﴾

لەوەپێش ئایەتەکانی قورئان، باسی زیندووبوونەوەی رۆژی قیامەتیان کرد، ئەوەیان روونکردەوە: کە ئادەمیزاد هەموویان رۆژی قیامەت زیندوو دەکرێنەوە، پاداشی کردەوەکانی دونیایان وەردەگرنەوە، ئەمجار لێرەدا باسی فەضل و گەورەیی ماڵبەخشین لەرێگەی خودادا دەکا.

هەڵبەتە ئەو شتانەی بەرێگەی خودا (سبیل الله) حلێب دەکرێن زۆرو هەمەجۆرن، وەکو: بڵاوکردنەوەی عیلم و زانست، قەڵاچۆکردنی دەردی

نەزانیی و نەخۆشیی و هەژاری....هتد. گەورەترین ریبازێک کە ماڵی تێدا ببەخشرێ؛ جیهادو تێکۆشانە لەرێگەی خوادا، واتە: جەنگان لەدژی دوژمنانی ئایین بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام.

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا ئادەمیزادانی هەڵناون بۆ ماڵبەخشین، چونکە ماڵبەخشین هۆکارە بۆ دابینکردنی پێداویستی هەژاران و بۆ پاراستنی نامووس و کەرامەتی گەل و نەتەوەو تێکشکاندنی دوژمنانی سەرسەخت و دەستدرێژکار.

هەر گەل و نەتەوەیەک بەخیل و دەست نوچاو بێ، ماڵ و دارایی خۆیان لەرێگەی خوادا خەرج نەکەن، ژێردەستەیی و زەلیلی بەشیانە، خەڵک تەماعیان تێ دەکەن!

زانایان دەفەرموون ئەم ئایەتە لە شانی حەزرەتی عوثماندا هاتۆتە خوارێ.

ئەبو سەعیدی خودری دەڵێ: بەچاوی خۆم پێغەمبەرم بینی هەردوو دەستی بەرزکردبوەوەو، نزای بۆ عوثمان دەکردو، دەیفەرموو: خودایە! من لە عوثمانی کوڕی عەففان رازیم، خودایە! تۆیش لێی رازی بە! بەم شێوە دەست بەرزکردنەوە مایەوە تا شەبەقی بەیانی دا، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ؛ کە دەفەرموێ: ﴿الذين ينفقون أموالهم في سبيل الله﴾ نموونەی ئەوانەی کە ماڵ و دارایی خۆیان لەرێگەی خوادا دەبەخشن ﴿كمثل حبة أنبتت سبع سنابل في كل سنبلة مأة حبة﴾ وەکو نموونەی دەنکە تۆوێک وایە: کە لە زەوییەکی بەپیت و بەرەکەتدا بچێنرێ، حەوت گوڵە دانەوێڵەی لێ شین ببێ و، لەهەر گوڵە دانەوێڵەیەکیان دا سەد دەنگی تێدابێ ﴿والله يضاعف لمن يشاء﴾ پەروەردگار لەو ئەندازەیەش بۆ کەسێک مەیلی لێ بێ بۆی زیاد دەکا، وە ئەو رێژەیە دووچەندانەو چەند چەندانە دەکاتەوە ﴿والله واسع عليم﴾ گەنجینەو دارایی خودا

بەرفراوان و رەهایە، چەندیکی لیّ ببەخشیّ لیّی کەم نابیّتەوە، ئاگادارو زانایە دەزانیّ کیّ شیاوی زیادە پیّ بەخشینە..

ئەوانەی پسپۆرِن لە کشت و کاڵدا دەڵین: دەنکە گەنمیّک زیاتر لە گوڵە گەنمیّکی لیّ شین دەبیّ، وا دەبیّ لە دەنکە گەنمیّک یان دەنکە زوراتیّک چل گوڵ بگرە پەنجاو شەصت و حەفتاشی لیّ پەیدا دەبیّو جاری وا هەیە، تەنها گوڵە گەنمیّک زیاد لەسەد دەنکی تیّدا دەبیّ.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار حاڵ و چۆنیەتی پاداش وەرگرتنەوەی ئەوانەی کە ماڵ و دارایی خۆیان لەریّگەی خودادا خەرج دەکەن شوبهاندووە بە زیادبوون و زۆربوونی ئەو دەنکە گەنمەی کە دەچیّنریّو ئەو دەنکانەی لیّ دەکەونەوە.

جا وەنەبیّ وشەی ﴿في سبيل الله﴾ تایبەت بیّ بە جیهادو جەنگ کردن لەرِیّی خودادا، بەڵکو هەموو کاریکی بەسوود بۆ دین و دونیای موسوڵمانان دەگریّتەوە وەکو بلاوکردنەوەی عیلم و زانست و دروستکردن و ئامادەکردنی کەرەستەی جەنگ و حەج کردن و بەرگری‌کردن لە وڵات....هتد.

عیمرانی کوری حوصەین لە پیّغەمبەرەوە فەرموودەیەک دەگیّرِیّتەوە کە دەفەرمویّ: (من أرسل بنفقة في سبيل الله وأقام في بيته، فله بكل درهم سبعمائة درهم ثم تلا هذه الآية: والله يضاعف لمن يشاء) واتە: هەرکەسیّک نەفەقەو تفاق بنیّریّ بۆ غەزاو بۆ خۆی نەچیّو لە ماڵەوە بمیّنیّتەوە ئەوە لە رۆژی قیامەت لە شویّنی هەر دیرهەمیّک پاداشی حەوت سەد دیرهەمی دەدریّتیّ، کەسیّک لەریّگەی خودادا غەزا بکاو ماڵ و دارایی تیّدا سەرف بکا لە شویّنی هەر دیرهەمیّک پاداشی حەوت سەد دیرهەمی هەیە، ئەمجار حەزرەت بۆ زیدە دڵنیایی ئایەتی ﴿وا لله يضاعف لمن يشاء﴾ی خویّندەوە.. خودا بۆ کەسیّک بیەویّ خیّرو پاداشی بۆ دووچەندانەو چەند چەندانە

دەکاتەوە!!

ئیمامی ئەحمەدیش لەئەبو عوبەیدەوە فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە: دەفەرموێ: (من أنفق نفقة في سبيل الله فبسبعمائة ومن أنفق على نفسه وأهله، أو عاد مريضا، أو ماز أذى فالحسنة بعشر أمثالها، والصوم جنة مالم يخرقها، ومن ابتلاه الله عز وجل ببلاء في جسده فهو له حطة) وروى النسائي بعضه في الصوم.

ئەو ماڵبەخشینە کە پاداشی دەدرێتەوەو لای خودا پەسەندە ئەوەیە کە چەند مەرجێکی تێدا بێتە جێ، مەرجەکانیش ئەمانەن: نابێ منەت و شانازی بەسەر ماڵ پێ بەخشراوەکەدا بکاو، نابێ چاوەڕوانی پاداشی ماددی لێ بکا! ئیتر ئەوانەی بەخشندەو خێرخوازان و منەت بەسەر چاکە لەگەڵ کراواندا ناکەن و بە چاویاندا نادەنەوە، پاداشتی تەواویان لەلای خودا بۆ ئامادەکراوە، پاداشتی زۆرو زەبەندەو بێ ئەندازە، سەربەست و دڵخۆشن، ئەو ڕۆژەی کە خەڵک ترسیان لێدەنیشێ ئەوان ترسیان نیە، ئەو ڕۆژەی خەڵک بەخیل و چرووک غەمناک و دڵناخۆشن ئەوان ڕووگەش و دڵ خۆشن.

بێگومان قسەی خۆش و ڕووبەڕووبوونەوەی سواڵکەر بە ڕوویەکی خۆشەوە زۆر خێرترە لەبەخشینێک کە منەت و شانازی بە دواوە بێ، چونکە صەدەقەو خێرکردن و بەخشین بۆیە دانراوە دەستی تەماعکاری فەقیرو هەژاران کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی فەقیرو نەبوو چاوی تەماع نەبڕنە ماڵی دەوڵەمەندو ڕقیان لە خاوەن سامان نەبێتەوە، منەتنان و شانازی کردن بەسەر ماڵ پێبەخشراودا ئەو مەبەستە پیرۆزە پێشێل دەکا.

پەروەردگار بێئاتاجە لە ماڵبەخشین و خێرکردنی خاوەن سامان، بۆ خۆی دەتوانێ ڕزق و ڕۆزیی هەموو کەس بدا، بەڵام حیکمەتی خودا وایەو مەبەست تاقیکردنەوەو ئیمتیحانی خودا پێداوو سامانداره، ئاخۆ تا چ ئەندازەیەک دەستی دەچێتە ماڵی خۆیو لێی دەبەخشێ! هەروەها

تاقیکردنەوەی هەژارە، ئاخۆ تا چ رادەیەک خۆگرو بەصەبرو ئارامە!!!

ئەمجار هەر بۆ ئەوەی پەروەردگار ماکی رەوشتی منەتکردن و شانازیکردن بەسەر مال پێبەخشراودا لە بێخ دەربێنێ وەصفی بەندە بەخشندەکانی دەکا بەوە کە منەت بەسەر مال پێبەخشراوەکاندا ناکەن و دەفەرموێ: ﴿الذين ينفقون أموالهم في سبيل الله﴾ ئەو خوداناسانەی مال و دارایی خۆیان لەپێناو بەرژەوەندی ریگەی خودادا خەرج دەکەن، یارمەتی جەنگاوەرانی ئیسلام دەدەن، کۆمەکی بەشاگردانی زانستە پێویستەکانی ئیسلام دەکەن، پێداویستییان بۆ دابین دەکەن، یارمەتی هەژاران و بێنەوایان دەدەن، ﴿ثم لا يتبعون ما أنفقوا منا ولا أذى﴾ لەگەل ئەوەشدا بەشوێن ئەو مالبەخشین و یارمەتیدانەدا هیچ منەت و شانازیی ناکەن، یارمەتیو مالبەخشینەکانیان بەچاوی یارمەتیدراوەکاندا نادەنەوە، دلیان بە منەت بەسەردا کردن و شانازیی بەسەردا کردن ناخۆش ناکەن، ئەوانە ﴿لهم أجرهم عند ربهم ولا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ لای خودای گەورە پاداشی زۆر باشیان بۆ ئامادەکراوە، لەو رۆژەدا کە هەموو کەس ترسی لێ دەنیشێو تینیان بۆ دێ، ئەوان هیچ ترسیان لە سەر نیەو تووشی غەم و نارەحەتی نابن، چونکە ئەوان لەبەر رەزامەندیی پەروەردگار مال و دارایی خۆیان بەخشیوەو، بەشوێن مالبەخشینەکەیاندا هیچ منەت و شانازییەکیان بەسەر مال پێبەخشراوەکاندا نەکردووەو، وتەی نابەجێیان بەرامبەر نەکردوون، چونکە ﴿قول معروف ومغفرة خير من صدقة يتبعها أذى﴾ تەنانەت وتەیەکی باش و رەتکردنەوەی داوای سوالکەر بەشێوەیەکی جوان و چاوپۆشین لەهەلەو ئیلحاحی داواکارو هەلس و کەوتی، باشترە لەخێر پێکردن و یارمەتیدان و مالبەخشینێک کە بەشوێنیدا منەت و شانازی بەسەردا بکرێ، یان جنێوی پێ بدرێ! ﴿والله غني حليم﴾ پەروەردگار بێئاتاجە لە مالبەخشینی ئادەمیزادو چ

پێویستیەکی بەوە نیە؛ بەڵکو ئەوە تاقیکردنەوەیە بۆ خاوەن سامان و دەوڵەمەندان، خودا بەصەبرو ئارامە کەوا زوو بە زوو سزای منەتکاران و شانازیکەران ناداو، مۆڵەتیان دەدا بۆ ماوەیەکی تر، یان بۆ رۆژی قیامەت!!
ئەمجار دوای ئەوەی کە پاداشی ئەوانەی دیاریکرد کە ماڵی خۆیان دەبەخشن و بەشوێن ماڵبەخشینەکەیاندا هیچ منەت و شانازی بەسەر خێرپێکراوەکاندا ناکەن و ویژدانیان دەگاتە ئەو ئاستە بەرزەو راستاڵ دەبن، ئیتر رووی خیطاب دەکاتە موسوڵمانان؛ کە هەرگیزاو هەرگیز وا نەکەن و خێرو خێراتیان پووچ نەکەنەوە بە منەت و شانازیکردن و جنێودان، دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تبطلوا صدقاتکم بالمن والأذی﴾ ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان بە ئاینی ئیسلام کردووەو موسوڵمان بوون، هەرگیزاو هەرگیز نەکەن خێرو خێراتتان بەهۆی منەت کردن و شانازیو جنێودان - پووچ مەکەنەوە ﴿کالذي ینفق ماله رئاء الناس ولا یؤمن با لله والیوم الآخر﴾ وەکو ئەو کەسەی ماڵ و سامانی خۆی دەبەخشێ بۆ ریابازیو خۆ هەڵکێشان و بڕواشی بە خوداو رۆژی دوایی نیە. ئەوە ﴿فمثله کمثل صفوان علیه تراب﴾ نموونەی ئەم کابرایەی کە ماڵبەخشینی بۆ ریبابازییە، ئەم دڵڕەقەی کە هیچ ئیمان و بڕوایەکی لەدڵدا نیە، دڵڕەقێکی لە خودا نەترسی وا کە بەپەردەی ریباو دڵڕەقی‌یەکەی خۆی داپۆشیوە، ئەوە وەکو: بەردە لیسووکەیەکی رەق و تەق وایە، کە هەندێ گڵ و خۆڵی بەسەرەوە بێو لەپێش چاو بەردەکە دیار نەبێ (واتە: وەکو چۆن گڵ و خۆڵەکە رەقیێ بەردەکەی داپۆشیوەو وێ دەچێ کەسێک هەبێ تەماعی ئەوەی هەبێ شتی لێ بڕوێنێ، دڵی ئەو کابرایەش ئاوا رەقەو پەردەی ریبا دایپۆشیوە، وێ دەچێ کەسانێک هەبن وا بزانن ئەم کابرایە ماڵبەخشینەکەی لەبەر خاتری خودایە!)

﴿فأصابه وابل فتركه صلدا﴾ بارانێکی قەترە گەورەو لێزمە ئاسای لێ بدا، هەرچی گڵ و خۆڵی وا بەسەر بەردەکەوە لایبەرێو رەقیو بێکەڵکێ بەردەکە دەربکەوێو بارانەکەش لەو ئاستە نە رووەکی پێ شین بێو نە میوەیەک پێ بگەیەنێ، ئاواهیش خێرو خێراتی کابرای ریاباز بێ خێرەو شیاوی پاداش نیەو رۆژی قیامەت هیچی دەست ناکەوێ!
﴿لايقدرون على شيء مما كسبوا﴾ ئەو ریابازانە ناتوانن هیچ سوودێک بەدەست بێنن لە پاداشتی ئەو ماڵبەخشینەی، کە بە ریابازی ئەنجامیان داوە، ئەو ریاکارانە کردەوەکانیان کردەوەی کافرو خودانەناسانە ﴿والله لايهدي القوم الكافرين﴾ خودا گەل و گرۆی خودانەناس و کافر هیدایەت ناداو پشتگیریان ناکاو، لە رۆژی قیامەتدا مایەپووچیان دەکا.

ماڵبەخشین لەبەر خاتری خوداو ماڵبەخشین لەبەر هۆی تر

وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾

﴿مثل الذين ينفقون أموالهم ابتغاء مرضات الله وتثبيتا من أنفسهم﴾ نموونەی ئەوانەی کە ماڵ و سامانی خۆیان دەبەخشن لەپێناو رەزامەندی پەروەردگاردا و، راهێنانی نەفس لەسەر سەخاوەت و پاککردنەوەی لە

چڵکی مادەو دامرکاندنی دڵ و دەروونی خۆیـاندا ماڵەکـەیان دەبەخشن، بـەدڵێکی پـڕ لـەئیمان و ئیمـانێکی قـووڵ و ڕەگ داکوتـاو خـێرو خـێرات دەکـەن، بـڕوای پتەویشـیان بـە پاداشـی خـودا هەیـە، نموونـەی ئەمانـە ﴿كمثل جنة بربوة﴾ وەکو نموونەی بـاخێك وایـە بەتەپۆڵکەیەکـەوە کـە زەوییەکەی بەپیت و بەرەکەت بێو نەرمان و گـڵ زۆربێ ﴿أصابها وابل فآتت أكلها ضعفين﴾ بارانێکی قەترە گەورەی بەسەردا بباریو هەوایـەکی صاف و گەش و نماکەری لێ بدا؛ ئیتر ئەو باخە دووقات و دوو چەندانـەی خۆی -لەغەیری ئەو شـوێنەدا- بـەروبووم وەبـەربێنێو خـێرو خـێراتی لێ بکەوێتەوە ﴿فإن لم يصبها وابل فطل﴾ خۆ ئەگەر بڕێ کـات بـارانی تـێرو تەسەلی لێ نەبارێ، ئەوە بەهۆی جێگەی لەبارو هەواسازیی ڕشـێنە بـاران و شەونمی لێ بباریو، بەروبوومی خۆی بداو، خێرو خێراتی لێ دەستەبەر بکرێ، ﴿والله بما تعملون بصير﴾ خودا بە کردەوەو کردارتان بیناو زانایە، هیچی لێ هون نابێ...

﴿أيود أحدكم أن تكون له جنة من نخيل وأعناب تجري من تحتها الأنهار له فيها من كل الثمرات﴾ واتە: ئەی ئەو کەسەی مـاڵ و سـامانی خۆت دەبەخشی بـە ڕیبابـازییو بـۆ نـاوو شـۆرەت! ئایـا پێـت خۆشـە کـە باخێکت هەبێ دارخورماو مێوو هەنارو هـەرمێو جۆرەهـا داری بـەرداری تێدابن، بەژێر دارەکانیدا جۆگەو جۆبـار بکێشـن و دارو درەختـەکانی ئـاو بدا، هەموو هیواو تەمای دونیات هەر ئـەو باخـە بـێ، بەتـەمابی سـوودو قازانجی بۆ خۆت و بۆ منداڵەکانیشت هەبێ؛ ﴿وله ذرية ضعفاء﴾ چـەند زارۆك و خێزانی زۆرو ساواشت هەبێ، بـۆ خۆشـت پـیرو کەنـەفت بووبـیو توانای کارو کاسبیت نەمابێو، منداڵەکانیشت پێنەگەیشتبن و خۆیان پێ بەخێو نەکرێ چ جایی بژێـوی تـۆ دابـین بکـەن، جگـە لـەو باخـەش هیـچ سەرچاوەیەکی بژێوی ترت نەبێ، جا ئەم باخە کە بەم شێوە جێگای هیـواو

ئاواتت بێ، لە نکاوێک ﴿فأصابها إعصار فيه نار فاحترقت﴾ وەیشوومەو رەشەبای سەخت و ئاگراوی لیی بداو بیسوتێنێو ویران و تارو مار ببێ، ئەمە وێنەی حاڵی تۆیە: کە بەڕییا ماڵ ببەخشی، یا منەت و شانازی بکەی بە ماڵبەخشینەکەت، کە هیچ سوودو قازانجێکت دەست ناکەوێو لەئاکامی کردارەکانتدا جگە لە ئاخ و ئۆفیشت لەدەست دەرچوون زیاتر هیچت دەست ناکەوێ. ئەمە لەکاتێکدا کە تۆ لە رۆژی قیامەتدا زۆر پێویستیت بە پاداشی کردەوەکانت هەیە، بەڵام هیچت بەدەستەوە نیە، چونکە وەیشوومەی زریانی ریابازیت هەموو کردارو کردەوەیەکی تۆی پووچ کردۆتەوە ﴿كذلك يبين ا لله لكم الآيـت لعلكم تتفكرون﴾ ئابەو شێوە روون و ئاشکرایە پەروەردگار نیشانەی گەورەیی خۆیو، بەڵگەی نهێنی شەریعەت و مەبەست و سوودەکانی بۆ ئێوە ئاشکرا دەکا، تاکو ئێوە بەچاوێکی وردبینییەوە سەیری رووداوەکان بکەن، بەبیرو هۆشێکی تەواوەوە تێبفکرن و پەندو عیبرەت وەربگرن و لەمەبەستەکان حاڵی ببن، ماڵبەخشین و کردارو چاکەو گوفتارتان بۆ رەزامەندیی خودا بێو ریابازی تێدا نەکەن.

بەخشینی ماڵی باش خێرە نەک ماڵی پیس

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ۚ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾

ئەمجار دوای ئەوەی لە ئایەتی پێشوودا باسی ئەوەی کرد: کە پێوستە ماڵبەخشین تەنها بۆ رەزامەندیی خودابێو مەبەست

پاککردنەوەی نەفس بێ، ریبابازی تێدا نەبێ، ئەوەشی بەیان کرد کە نابێ بەشوێن ماڵبەخشینەکەدا منەت و شانازی بکا، نابێ قسەی سووک و جنێو بە ماڵ پێبەخشراوەکە بداو هەڵویستێک نەنوێنێ هەژارەکە دڵگران بێ. ئەوجا لێرەدا دێتە سەر باسێکی ترو لە ئایەتی داهاتوودا ئەوە روون دەکاتەوە کەدەبێ ماڵە بەخشراوەکە ماڵێکی باش بێو نەوعییەتی چاک بێ، دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا أنفقوا من طیبات ما کسبتم ومما أخرجنا لکم من الأرض﴾ پێش راڤەکردنەکە دەبێ ئەوە بزانین کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە -وەکو حاکم و تیرمذیو ئیبنوماجە لەبەڕائی کوڕی عازەبەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ئێمەی ئەنصار هاتۆتە خوارێ؛ ئێمە خاوەنی باخە خورما بووین، هی وامان هەبوو، بەگوێرەی کەم و زۆری دارخورماکانیو ریژەی دڵفراوانی خۆی، خۆرمای بۆمزگەوت دەهێنان، هەژارو نەدارای مزگەوتی مەدینە لێیان دەخوارد، جا هی وا هەبوو کە حەزی لەخێرکردن نەبوو، دەچوو چی هێشووە خورمایەکی وشکەڵەو شەرابردوو و بێتام بوایە ئەوەی لێدەکردەوەو دەیهێنا بەپەتێک لەنێوان دوو کۆڵەکەی مزگەوتی پێغەمبەردا هەڵیدەواسیو پێی وابوو ئەمەی بەخێرو چاکە بۆ دەنووسرێ، ئیتر ئەم ئایەتە لەشانی ئەوانەدا هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا أنفقوا....الآیة﴾.

ئەبو داودو نەسائیو حاکمیش لە سەهلی کوڕی حەنیفەوە دەگێڕنەوە دەڵێن: هەندێ لە موسوڵمانانی مەدینە دەچوون میوەو بەروبوومی خراپیان دەکرد بە خێرو بەزەکات دەیان دا بەهەژاران، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿ولا تیمموا الخبیث منه تنفقون....الآیة﴾

حاکم ریوایەتێکی تری هەیە لە جابیرەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردین بە زەکاتدانی سەرفیترە، بۆ هەر سەری

خێزانی مەنێک خورما، پیاوێک خورمای خراپی هێنا بۆ زەکاتی سەرفیترە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا أنفقوا من طیبات ما کسبتم ومما أخرجنا لکم من الأرض﴾ ئەی ئەو کەسانەی موسوڵمانن و بڕواتان هەیە، فەرمانتان پێ دەکەین کە لە چاکترینی ماڵ و دارایی خۆتان ببەخشن، چ بەروبوومێکتان باش و بەنرخە لەئەوە خێرو خێرات و زەکات بدەن، جا ئەم ماڵ و داراییيە پارە یان ئاژەڵ یان دانەوێڵەو میوەو کاڵای بازرگانی بێ یان کان و شتی دۆزراوەی ژێر زەوی بێ!

لە ئایەتێکی تردا خودا دەفەرموێ: ﴿**لن تنالوا البر حتی تنفقوا مما تحبون**﴾العمران/٩٢. پاداش و چاکەتان بۆ نانوسرێو ناگەنە پلەی چاکەکاران هەتاکو لەو ماڵ و داراییيە نەبەخشن کە خۆشتان دەوێ. ﴿ولستم بآخذیه إلا أن تغمضوا فیه﴾ چۆن ئێوە شتی وا دەکەن و دەچن لە ماڵی خراپ دەبەخشن! خۆ ئێوە بۆ خۆتان ئەگەر لەو ماڵە خراپەتان بدرێتێ دڵتان بڕوا نادا وەری بگرن مەگەر چاوی خۆتانی لێ بنوقێنن!

ئەگەر یەکێک لەئێوە قەرزی لەسەر خەڵک بێو لەو جۆرە ماڵە خراپە قەرزەکەی بۆ بێنێتەوە، بەحیسابی ماڵی باش وەری ناگرنەوە مەگەر لەنرخەکەی دابشکێنن! دەی چۆن رازی دەبن ئەوەی بۆ خۆتان ناتانەوێ وەریبگرن بیدەن بە خودا؟!

مافی ئێمە لەسەرتان ئەوەیە کە لەچاکترین ماڵی خۆتان ببەخشن!! ﴿واعلموا أنّ الله غنيّ حمید﴾ ئەوە بزانن کە خودا فەرمانتان پێ دەکا بە ماڵبەخشین و بەماڵی باش بەخشین -ئەو خۆی هیچ ئاتاجی بەو ماڵە نیەو خودا بێ ئاتاجە لە ماڵبەخشینتان و بێ ئاتاجە لەهەموو بوونەوەر، چونکە پەروەردگار کە فەرمانتان پێ دەکا بە ماڵبەخشین: بۆ سوودو قازانجی خۆتانەو بۆ دەستەبەر بوونی یەکسانیو، بەرامبەر بوونە لەنێوان

دەوڵەمەندو هەژارداو، بۆ تاقیکردنەوەی ئێوەیە.

کەوابێ نابێ بەبەخشینی ماڵی خراپ و بێنرخ: بەتەما بن لەخودا نزیک ببنەوە! لەلایەکی ترەوە خودا شیاوی هەموو شوکرو سوپاسێکە لەسەر کرداروو گوفتاری، لەسەر بەدیهێنان و یاساو نیعمەت و قەزاوقەدەری. دەی بەشێک لە سوپاس و حەمدی خودا ئەوەیە کە ماڵی باش و بەنرخ و خۆشەویست لەپێناو رەزامەندیی ئەودا ببەخشرێ.

شەیتان ئادمیزاد دەترسێنێ دەڵێ ماڵبەخشین هەژارت دەکا

ٱلشَّيْطَـٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦٨﴾ يُؤْتِى ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿٢٦٩﴾

﴿الشیطان یعدکم الفقر ویأمرکم بالفحشاء﴾ شەیتان دوژمنی ئێوەیە، ختوکەی دڵتان دەداو هەڵتان دەنێ بۆ رژدیو چروکیو دەتانترسێنێ لە هەژاریو نەدارایی و، ئەوە دەخاتە دڵتانەوە کە ئەگەر ماڵ و دارایی خۆتان ببەخشن، لە شتی باش بەشی هەژاران بدەن، خۆتان هەژار دەبن، ویڕای ئەوەش فەرمانتان پێ دەکا بە خراپەکاریی، ئەوەتان دەخاتە دڵەوە کە لەترسی هەژاریو شتی تر کچ زیندەبەچاڵ بکەن، هەڵپەهەڵپی ماڵ و سامان کۆکردنەوە بکەن، سوودو ریبا بخۆن و گوێ نەدەنە حەڵاڵ و حەرام و هەر خەریکی سامان کۆکردنەوە بن، ترسی هەژاریتان هەبێ، ئەمانە هەموویان بە فاحیشە دەژمێردرێن!

لێرەدا پرسیارێک هەیە ئەویش ئەوەیە وشەی (یعدکم) واتە: وادەتان دەداتێ بە فەقیربوون، کاتێکیش وەعدە بەکار دەهێندرێ کە بەڵێندەر

بتوانێ بەڵێنەکەی بێنێتەجێ، دەی خۆ شەیتان ناتوانێ خۆی ئادەمیزاد هەژار بکا، چونکە ئایەتەکە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە شەیتان درۆ دەکا، هیچی بە دەست نیە، کەواتە: چۆن خودا تەئکید لەسەر ئەوە دەکا کە هەژاربوون بەدەست ئەوبێ؟؟ کەوابێ لێرەدا (یعدکم) بەمانا (یخوفکم)ە واتە: دەتانترسێنێ، بۆیەش لە جیاتی (یخوفکم) (یعدکم)ی بەکارهێناوە بۆ زیدە موبالغەو جەخت کردن لەسەر ئەوە تەخویف و هەڕەشەکردنەکەی شەیتان ئەوەندە موبالەغەی تیدایە وەک بڵێی هەژارکردنەکە بەدەستی خۆی بێ.

جا لەکاتێکدا شەیتان دەتانترسێنێ لە هەژاریو فەرمانتان بە خراپەکاریی پێ دەکا ئا لەو کاتەدا ﴿یعدکم ا لله مغفرة منه وفضلا﴾ پەروەردگار بەڵێنی لێخۆشبوونی خۆیتان -بەهۆی پێغەمبەرەوە- پێ رادەگەیەنێ، لەپاداشی ماڵبەخشین و چاکەکاریتاندا گوناهتان رەش دەکاتەوە، زیاد لەوەش لە دونیادا ماڵ و داراییتان بۆ زیاد دەکاو لە شوێنی ماڵە بەخشراوەکە هی ترتان دەداتێ ﴿وا لله واسع علیم﴾ پەروەردگار خەزێنەی رەحمەت و بەزەیی فراوانە، چ بەڵێنێک بدا ئەنجامی دەدا، زاناو ئاگادارە بەو شتەی دەیبەخشن و پاداشی باشتان دەداتەوە.

ئیمامان: بوخاریو موسلیم؛ حەدیثێکیان گێڕاوەتەوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ما من یوم یصبح العباد فیه إلا ملکان ینزلان فیقول أحدهما: اللهم اعط منفقا خلفا، ویقول الآخر: اللهم اعط ممسکا تلفا) ریاض الصالحین ص٢٠٧.

واتە: هەموو رۆژێ کەبەندەکان رۆژیان لێ دەبێتەوە، دوو فریشتە دێنە خوارەوە، یەکێکیان دەفەرموێ: خودایە! ئەوەی بەخشندەیە تۆڵەی بۆ بکەرەوە، ئەوی تریشیان دەفەرموێ: (خودایە! ئەوەی رژدو چرووکەو گیرە، تۆیش لێی بگرەوە.

﴿یؤتي الحکمة من یشاء ومن یؤت الحکمة فقد أوتي خیرا کثیرا﴾ پەروەردگار حیکمەت و لێزانی دەدا بەو کەسانەی کەبیەوێ بیانداتێ، کەسێکیش حیکمەتی پێ درا، بێگومان خێرو بێرێکی زۆری دراوەتێ.

جەماوەری زانایانی ئیسلام پێیان وایە حیکمەت برێتیە لە زانست و تێگەیشتن و قورئان. حیکمەت تایبەتی پێغەمبەرایەتی نیە بەڵکو گشتی ترەو هەرە ژوورووی پلەی حیکمەت پێغەمبەرایەتییە، بە حیکمەت دەتوانرێ حەقیقەت و وەهم لێک جیابکرێتەوە، فەرقی نێوان ختوکە (وەسوەسە)و نیگا بکرێ، ئامێری حیکمەت: عەقڵ و ئاوەزە. کەسێک ‌زانێ قورئان چی حوکم و نهێنی تێدایە، بە عەقڵ هەستی بەوە کرد کە ماڵبەخشین چەند سوودو قازانجی هەیە بۆ گەل و نیشتمان و بۆ خوودی خۆشی، هەرگیز بە وەسوەسەی شەیتان هەڵناخەڵەتێو کۆ لە ماڵبەخشین ناکاو چی بتوانێ لە ڕێگای خودادا سەرفی دەکا.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەفەرموێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: (لا حسد إلا في إثنین: رجل آتاه الله مالا فسلطه علی هلکته في الحق، ورجل آتاه الله الحکمة فهو یقضی بها ویعلمها) رواه أحمد والبخاري والنسائي وابن ماجة.

واتە:حەسوودیو بەخیلی باش نیە مەگەر لە دوو شتدا نەبێ؛ یەکەمیان پیاوێک خودا ماڵ و سامانێکی زۆری پێ دابێو زاڵ بێ بەسەر بەخشینی لەکاری خێردا، دووەمیان پیاوێک خودا حیکمەتی پێدابێ کاری پێ بکاو فێری خەڵکی تریشی بکا.. کەوابوو کەسێک خودا یارمەتی دابێ بۆ فێربوونی زانستی بەکەڵک بەتایبەتی بۆ تێگەیشتنی قورئان و ئایین و شارەزایی بکا بۆ شوێنکەوتنی عەقل و هۆش بێگومان خێرو چاکەی دونیاو قیامەتی دراوەتێو بەختەوەری هەردوو دونیایە. ﴿وما یذکر إلا أولو الالباب﴾ سوود لە زانست وەرناگرێو ئامۆژگاری کاری تێ ناکاو بەیاد خستنەوە سوودمەند نابێ، مەگەر خاوەن عەقڵێکی ساخ و سەلیم

کە خیطابی شەرعی تێ بگاو مانای کەلامی خودا بزانێ!

بەکورتی ئادەمیزاد دوو ڕێگای لەبەرە، سێیەمی نیە، ڕێگای خودا، ڕێگای شەیتان، یا دەبێ گوێ لەبەڵێنی خودا بگرێو پەیڕەوی ئامۆژگاری ئەو بکا، یان دەبێ ملکەچی وەسوەسەو ترساندنی شەیتان بێ، ئاشکراشە کەسێک بەڕێگای خودادا نەڕواو گوێ بۆ بەڵێنی خودا نەگرێ، ئەوە بەڕێگای شەیتاندا دەڕوا، چونکە تەنها یەک بەرنامە هەیە حەق و ڕاست بێ ئەویش ئەو بەرنامەیەیە کە خودا دایڕشتووە، جگە لەو بەرنامەیە بەرنامەکانی تر، ڕێگاکانی تر، ڕێبازی شەیتانن.

قورئانی پیرۆز زۆر جارو لە زۆر شوێندا ئەم حەقیقەتە دووبارە دەکاتەوەو جەختی لەسەر دەکاو هەوڵی چەسپاندنی دەدا، هەتا بەڵگە نەمێنێ بۆ ئەو گرۆهانەی کە دەیانەوێ لەڕێبازی خودا لابدەن و لافی حەقپەرستیش لێبدەن و پێیان وابێ کەئەوان لەسەر حەقن، چونکە لێرەدا هیچ شک و گومانێک نیە کەتەنها دوو ڕێگە هەیە، ڕێگەی خوداو ڕێگەی شەیتان، بەرنامەی خوداو بەرنامەی شەیتان، هەرکەسە بۆ خۆی ئازادە کام لایەنە هەڵدەبژێرێ با هەڵبیژێرێ!

خێرو ماڵبەخشینی نهێنیو ماڵبەخشینی ئاشکرا

وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾ إِن تُبْدُوا۟ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّـَٔاتِكُمْ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾

ئەمجار پاش ئەوەی کەپەروەردگار ئادەمیزادی هەڵنا بۆ ماڵبەخشین

لە ریگەی خودادا، ئەوە روون دەکاتەوە کەزاتی حەق ئاگادارە بە چۆنیەتی هەموو ماڵبەخشینێک، دەزانێ ئەو ماڵە لە خوداپەرستی‌دا یان لە تاوانکاری‌دا خەرج کراوە، دەفەرموێ: ﴿وما أنفقتم من نفقة أو نذرتم من نذر فإن الله يعلمه وما للظالمين من أنصار﴾ هەرچی خەرج بکەن لە ماڵ و دارایی‌و بیبەخشن، یان نەزرو فۆتۆی بکەن، بۆ خودا بێ، یان بۆ ریبابازی بێ، ئەوە بێگومان خودا پێی دەزانێ‌و دەزانێ بە کێ دراوە، لەخێرا سەرف کراوە یان لەشەڕدا خەرج کراوە پاداشی چاکە بە چاکە دەداتەوە، سزای توندو تیژیشی ئامادەکردووەو بۆ تاوانکاران، ستەمکارانیش لە رۆژی قیامەتدا هیچ پشت و پەنایەکیان نیە، ئەو ستەمکارانەی کە رژدییان لە ماڵبەخشین‌دا کردووە کەس نیە کۆمەکیان پێ بکا.

﴿إن تبدوا الصدقات فنعما هي وإن تخفوها وتؤتوها الفقراء فهو خير لكم ويكفر عنكم سيآتكم﴾ ئەگەر بەئاشکرا ماڵ ببەخشن و خێرو خێرات بکەن بەو مەبەستەی کە ببن بە سەرمەشق و خەڵکی تر چاوتان لێ بکاو، شوێنتان بکەوێ ئەوە کارێکی باشەو پەسەندە، خۆ ئەگەر بەنهێنی ئەو کارە ئەنجام بدەن و جگە لە خودا کەسی تر ئاگای لە ماڵبەخشینەکەتان نەبێ‌و بەشی هەژاران بدەن، ئەوە زۆر باشترە بۆ ئێوەو خودا بڕێ لە گوناهەکانتانی پێ رەش دەکاتەوەو لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ ﴿والله بما تعملون خبير﴾ خودا ئاگادارو بینایە بە هەموو کردارێکتان و هەموو نهێنی‌یەک دەزانێ، بگرە لە (نهێنی)یش نهێنی‌تر دەزانێ‌و ئاگای لێیەتی، پاداشی کردەوەکانتان دەداتەوە، کەوابێ خۆتان لە ریابازیی بپارێزن، لەپێناو رەزامەندیی خودادا نەبێ ماڵ و دارایی خۆتان مەبەخشن، چونکە نییەتتان لە خودا ون نابێ، چی لە دڵتاندایەو چ مەبەستێکیشتان هەبێ لای خودا ئاشکراو نمایانە.

لێرەدا زوربەی راڤەکەرانی قورئان پێیان وایە: ئایەتی (۲۷۱) لە

شانی (صدقة التطوع)دا هاتۆتە خوارێو ئەوە دەگەیەنێ کە بەنهێنی بەخشین باشترە لە بەئاشکرا بەخشین، هەروەها هەموو عیبادەتێکی تر ئەگەر تەتەووع بوون (واتە: واجب نەبوون) ئەوە ئەنجامدانیان بەنهێنی باشترە لە ئاشکراکردنیان، مەگەر لە ئاشکراکردنەکەیان دا بەرژەوەندی‌یەکێ بەدی بکرێ، وەکو ئەوە بیەوێ ببێتە سەرمەشقی خەڵکی ترو هی تر چاوی لێ بکەن، کەوابێ کەسێکێ ئەگەر ماڵی خۆی ببەخشێ بۆ بەرژەوەندییەکی گشتیو مەشروعێکی خەیری، ئەوە قەیناکا ئەگەر خێرەکەی ئاشکرا بکاو ئەندازەی بەشداریکردنەکەی بدرکێنێ، بۆ ئەوەی خەڵکی تر چاوی لێ بکەن و پێشبڕکێی تێدا بکەن. بەلام خێری واجب وەکو زەکات و سەرفیترە، ئەوە زوربەی زانایانی ئیسلام پێیان وایە: بەئاشکرا بدرێ لەنهێنی باشترە، چونکە کرداری فەرز ریابازیی کەمتر تێدایە.. بەپێچەوانەی کرداری سوننەت کە زۆرتر ریابازیی تێدا دەکرێ.

ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەی خۆیدا حەدیثیکی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەرەوە کە دەفەرموێ: ﴿أفضل صلاة المرء في بيته إلا المكتوبة﴾ باشترین و گەورەترین نوێژ، ئەوەیە: ئادەمیزاد لە ماڵەوە بیکا، جگە لە نوێژە فەرزەکان، هەر بۆیەشە گوتراوە، نوێژی سوننەت کردنی بەتەنیا باشترە، نوێژی فەرز بەجەماعەت گەورەترە، تەنانەت بەئاشکراکردنی نوێژی فەرزو شتە پێویستی‌یەکانی تریش وەکو حەج و عومرەو زەکات و سەرفیترە جەختی لەسەر کراوە.. چونکە شیعاری ئایینن و دەبێ بە ئاشکرا ئەنجام بدرێن!

جگە لە ماڵبەخشینی واجب -وەکو زەکات و سەرفیترەو فۆتۆ (نذر)- خێرو خێراتی تر، دروستە بدرێ بە کافرو موسوڵمان، بەباش و بە خراپ، بە هەژارو بەدەوڵەمەند، چونکە ئایەتەکە، دەفەرموێ: ﴿وإن

تخفوها وتعطوها الفقراء﴾ وشەی (الفقراء) بە رەهاییو موطلەقی هێناوەو تایبەتی نەکردووە بە هەژاری موسوڵمانەوە. هەر ئەوەندە دەڵێ: (ئەگەر بدرێ بە هەژاران باشترە). لە دەوڵەمەندەکانیشی قەدەغەنەکردووە. بەڵام زەکات و سەرفیترە دەبێ بدرێن بە هەژارانی موسوڵمان، چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿إنما الصدقات للفقراء﴾ (موعاذ)یش کە پێغەمبەر ﷺ ناردی بۆ یەمەن و کردی بە والی، فەرمانی پێ کردو پێی فەرموو: (خذها من أغنيائهم وردها في فقرائهم) بەکورتیو پوختی صەدەقەی واجب و پارە خەرجکردن لەبەرژەوەندی گشتیدا وەکو دروستکردنی خوێندنگاو خەستەخانەو بانگەوازی کردن بۆ بڵاوبوونەوەی ئایین و جیهاد کردن، هەروەها ماڵبەخشینی تەطەووع بەمەبەستی هەڵنانی خەڵکی ترو چاولێکردنی، ئەوە پێویستە بەئاشکرا ئەنجام بدرێن، بەڵام خێرو صەدەقەی سوننەت بەنهێنی ئەنجام دبرێن باشترە..

ئەوانەی ماڵیان پێ دەبەخشرێ

﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ ٱللَّهِ ۚ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِى ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَـٰهُمْ لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ۗ وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾

ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٤﴾

لە ئایەتی پێشوودا پەروەردگار ئەوەی راگەیاند کە دەشێ موسوڵمانان ماڵی خۆیان ببەخشن بە هەژاران بەگشتی موسوڵمان بن یان ناموسوڵمان.

لەم ئایەتەی دواییشدا ئەوە روون دەکاتەوە کە دروستە صەدەقەی تەطەووع بدرێ بە ناموسوڵمان؛ موشریک بن یان فەلەو جوولەکە بن. چونکە پێویستە موسوڵمانان رەوشتیان خودایی بێ، ئەوەتا پەروەردگار رزق و رۆزیی دەدا بە کافرو موسوڵمان بە بێ جیاوازیو دەفەرموێ: ﴿لیس علیك هداهم ولكن الله یهدي من یشاء﴾ ئەی پێغەمبەر! پێویستە تۆ سنگ فراوان بی، لێبوردوویی‌و سنگ فراوانی تۆ بەسەریاندا برژێ، ئەی محمد! لەسەر تۆ پێویست نیە کە بە زۆر خەڵکی کێش بکەی بۆ موسوڵمان بوون، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ئامۆژگاریو بانگەوازی ئیسلامی بکەی، خەڵکی شارەزای ئایین بکەی، مزگێنی بەهەشت بدەی بە ئەوانەی پابەندی ئامۆژگاریەکانت دەبن، ئەوانەی سەرپێچی دەکەن بیانترسێنی‌و هەڕەشەیان لێ بکەی بە ئاگری دۆزەخ.. بەڵام گەیاندن بە رێگەی راست و حەق و یارمەتیدان لەسەر لێ لانەدان ئەوە بەدەست خودایەو، دەسەڵاتی پێغەمبەری تێدا نیە. کەواتە ئەی موحەممەد! فەرمان بەخەڵك بکە کە ماڵ ببەخشن بە هەرکەسێك داوایان لێ بکا،، لەسەر هەر ئایینێک بن، با خێرو خێراتیان پێ بکەن بەمەرجێك ئەو ناموسوڵمانانە لە حاڵەتی شەڕدا نەبن دژی موسوڵمانان،، بێگومان پاداشی ئەو ماڵبەخشینە لای خودا پارێزراوە، بەڵام بەمەرجێ لەبەر

خاتری خودا خێریان پێ بکەن. ﴿وما تنفقوا من خير فلأنفسكم﴾ هەر شتێک ببەخشن و سوودی هەژارانی تێدا بێ، پاداشەکەی بۆ خودی خۆتانەو، بۆ خۆتان سوودی لێ دەبینن ﴿وما تنفقون إلا ابتغاء وجه الله﴾ خۆ ئێوەی موسوڵمانیش هەر ماڵێک ببەخشن لەبەر خاتری رەزامەندی خودا دەیبەخشن، مەبەستتان لێ رازیبوونی پەروەردگارە، موسوڵمان نابێ خێرو خێرات بکا بۆ ئەوەی باسی بکەن و پێیدا هەڵبڵێن و مەدحی بکەن، موسوڵمان بۆیە ماڵ سەرف ناکا هەتا بەسەر ماڵ پێبەخشراوەکەدا خۆی راوەشێنێو کەش و فشیان بەسەردا بکا، یان بە تەما ئەوەبێ خاوەن دەسەڵات و پلەو پایە لێی رازی بن و قەرەبووی بکەن، بەڵکو تەنها لەبەر خاتری خودا بەخشندەیی دەکا، بۆیە دڵنیایە خودا صەدەقەکەی لێوەردەگرێو دڵنیابە خودا بەرەکەت دەخاتە ماڵ و داراییەوە، دڵنیایە خودا پاداشی دەداتەوە! ﴿وما تنفقوا من خير يوف إليكم وأنتم لا تظلمون﴾ هەر خێرو خێراتێک بکەن، هەر ماڵێک ببەخشن پاداشتتان دەدرێتەوەو ئێوە هیچ ستەمتان لێ ناکرێو بەزیادەوە پاداش وەردەگرنەوە!! لە دونیاو قیامەتدا خۆتان لێی سوودمەند دەبن؛ لە دونیادا ماڵ و داراییتان پارێزراو دەبێ، هەژارو نەدارا چاوی تێنابڕن و هەوڵ نادەن لێتان بفڕێنن و لێتان بدزن، چونکە برسی هەموو شتێک بۆ خۆی بە رەوا دەزانێ، لە قیامەتیشدا پاداشتتان چوونە ناو بەهەشتەو دەستەبەربوونی خۆشیو لەززەتەکانیەتی.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە ماڵبەخشین بۆ هەژاران بەگشتی، موسوڵمان و ناموسوڵمان دەگرێتەوە، چونکە قورئان دەفەرموێ: ﴿ويطعمون الطعام على حبه مسكينا ويتيما وأسيرا﴾ ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەو رایە، چونکە ئاشکرایە دیل (اسیر) لە وڵاتی ئیسلامدا جگە لە ناموسوڵمان نیە! ئەوەی پاڵپشتی ئەمە دەکا ئەو حەدیثەیە کە

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ لە رۆژگاری کۆندا پیاوێک پەیمانی دا وتی: دەبێ ئیمشەو خێرێک بکەم، بەشێک لە ماڵ و داراییم ببەخشم، ئیتر ئەو شەوە خێرەکەی کرد دای بە ئافرەتێکی داوێن پیس، بەیانی خەڵک کەوتنە مقۆ مقۆ وتیان خێری بە ئافرەتی داوێن پیس کردووە؟! وتی خودایە! سوپاس بۆ زاتی پاکت لەسەر ئەوە کەشارەزاییت کردم لەسەر خێرکردن بە زیناکەر! ئەمشەو دەبێ خێرێکی تر بکەم، ئیتر خێرەکەی خستە ناو دەستی کابرایەکی دەوڵەمەندەوە، بەیانی کە رۆژبووەوە سەر لە نوێ خەڵک کەوتە مقۆ مقۆ دەیانگوت: فلانەکەس خێری داوە بە دەوڵەمەند! وتی: خودایە! سوپاس بۆ تۆ کە یارمەتیت دام لە سەر خێرکردنم بە دەوڵەمەند!! دەبێ ئیمشەو خێرێکی تر بکەم، ئیتر چوو خێرەکەی دا بە کابرایەکی دز، کە رۆژبووەوە سەر لەنوێ خەڵک لێی کەوتنە مقۆ مقۆ وتیان: خێری بە دز کردووە، وتی: خودایە سوپاس بۆ تۆ لەسەر یارمەتیدانم بۆ خێرکردن بە زیناکەرو دەوڵەمەندو دز!!

ئیتر یەکێک هاتە لایو پێی گوت: خێرەکانت هەموویان وەرگیران و قبوولن، بەڵکو ئافرەتە داوێن پیسەکە تۆبە بکاو داوێن پاکی دەست پێ بکا، بەڵکو دەوڵەمەندەکەش پەند وەربگرێو دەست بکاتە خێرکردن، بەڵکو کابرای دزیش واز لە دزیکردن بێنێ.

ئەمجار پەروەردگار کۆمەڵێک هەژار دیاری دەکا کە لەهەموو کەس زیاتر شیاوی خێرپێکردنن ئەوانیش ئەو هەژارانەن کە پێنج صیفەتیان تێدا بن. رەوشتی یەکەمیان ئەوەیە کە دەفەرموێ: ﴿للفقراء الذين أحصروا في سبيل الله﴾

١- یەکەم ئەو هەژارانەی کە ماڵ و منداڵ و سامانی خۆیان لە مەککە بەجێ هێشتووەو لەمەدینە نیشتەجێ بوون، خۆیان تەرخان کردووە بۆ تێکۆشان و خۆبەختکردن لە رێگای خواداو پارێزگاریکردنی پێغەمبەر!

وەکو کۆمەڵی (صوففە) کە بنکەیان لەناو مزگەوتی مەدینە بوو، پارێزگاری ماڵەکانی پێغەمبەریان دەکردو دوژمن نەیدەتوانی فرسەتیان لێ بێنن، ژیانی خۆیان لەپێناو خەبات و تێکۆشان لەرێگای ئیسلامدا تەرخان کردبوو، بەجۆرێک کە ماوەی ئیشکردن و بازرگانییان نیەو ناتوانن بژێو بۆ خۆیان دابین بکەن؛ لەگەڵ ئەوەشدا دەست پان ناکەنەوەو سواڵ ناکەن و ئەوەندە نەفس بەرزن کەسێ نەزانێ وا گومان دەبا کە ئەوانە تێرو تەسەل و دەوڵەمەندن، کەسێک زۆر بە روونی تێیان نەفکرێو تۆژینەوەیان تێدا نەکا حەقیقەت و چۆنیەتی ئەوانی بۆ ئاشکرا نابێ، جا هەرچەندە ئایەتەکە دەربارەی ئەوان هاتۆتە خوارێ بەڵام دەقەکەی گشتییەو بۆ هەموو هەژارێکی رەوشت بەرزی هەموو رۆژگارێک دەبێ، هەرکەسێک ئەو رەوشتانەی تێدا بن، دەقەکە دەیگرێتەوە.

ئیبنو عەباس دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: رۆژێک پێغەمبەر لەناو کۆمەڵی صوففەدا راوەستاو هەژارییانی بینی، کۆشش و دڵپاکییانی هەست پێ کرد، فەرمووی: مزگێنیتان لێبێ ئەی کۆمەڵی صوففە! هەرکەسێک لە ئۆمەتی من لەسەر رەوشتی ئێوەبێو بەردەوام لەسەر ئەو رەوشتانە بمێنێتەوەو رازی بێ بەبەشی خۆی ئەوە لە هاوەڵانی منە..

٢- دووەم ئەوەیە: کە نەتوانن کار بکەن ﴿لایستطیعون ضربا في الأرض﴾ واتە: ناتوانن بازرگانیو ئاڵ و وێر بکەن و بەشوێن کاسبیدا بگەڕێن، جا چ لەبەر پیریو کەنەفتی بێ، یان لەبەر نەخۆشی بێ، یان لەترسی دوژمن بێ، یان لەبەر هەر هۆیەکی تر بێ.

٣- سێیەم نەفس بەرزیو بێ متمانەییانە، هیچ هومێدیکیان بە ماڵی خەڵک نیە، ئەوەندە نەفس بەرزن و هێندە بەقەناعەتن لەبارەی خواردن و پۆشاک و هەڵس و کەوتیان هەر بە تەواوی ئەو لایەنانەیان فەرامۆش کردووە، هیچ گرنگییەکی پێنادەن.

هەر لە مانای ئەم رستەیەی ئایەتەکەدا ئەبوهورەیرە فەرموودەیەکێ دەگێڕێتەوە کەدەفەرموێ: (لیس المسكين بهذا الطواف الذي ترده التمرة والتمرتان واللقمة واللقمتان والأكلة والأكلتان ولكن المسكين الذي لا تجد غنى يغنيه، ولا يفطن فيتصدق عليه، ولا يسأل الناس شيئا) رواه احمد أيضا عن إبن مسعود.

واتە: هەژار ئەو کەسە نیە کە دەرگاو دەرگاو و دوکانەو دوکان دەگەڕێ، دەنکە خورمایەکێ یان دوو دەنکە خورما، پاروە نانێکێ یان دوو پاروە نان پەیدا بکا، بەڵکو هەژار ئەو کەسەیە هیچی نەبێو کەسیش پێی نەزانێ کە هەژارە هەتا شتی بدەنێو خێری پێ بکەن، داوا لە کەسیش نەکاو دەروەزە نەکا.

٤- رەوشتی چوارەمیان ئەوەیە کە چەند نیشانەیەکی تایبەتییان هەیە (تعرفهم بسیماهم) ناسین و پێزانین و دۆزینەوەیان پێویستی بە لێوردبوونەوەو تێفکرینی موسوڵمانان هەیە، لێزانیو دووربینیو عەقڵ و هۆشی تایبەتی گەرەکە، پێویستە لە هارسیو خزم و کەس و کاریان پرسیار بکرێ، وێ دەچێ دیاردەی هەژارییان پێوە دیاربێو کزو لاوازو پۆشاکێ دڕاو بن، بەڵام زۆرجار ئەم دیاردە بەرچاوانە نابنە نیشانەی هەژاریو نەبوونی؛ چونکە وادەبێ دووکەس یەکێکیان خۆ بە هەژار پیشان دەداو پۆشاکێ دڕاوو سەروگوێ رووت و پێخاوسە، یەکێکیشیان پۆشاکێکی پاکێ و خاوێن و مام ناوەندی دەپۆشێو وێ دەچێ ئەم هەژاربێو ئەوی تریان درۆ بکا!!

٥- رەوشتی پێنجەم دەروەزە نەکردنیانە ﴿لا يسألون الناس إلحافا﴾ واتە: بەهیچ جۆرێکێ سواڵ ناکەن و نەفس بەرزن و نەفسبەرزییان رەوشتێکی هەمیشەییانەو بەهیچ جۆرێکێ داوا لەکەس ناکەن.

هەندێ لە راڤەکەرانی قورئان دەفەرموون: مەبەست لە ﴿لا يسألون

الناس إلحافا﴾ ئەوەیە کە بەئیلحاح داوا لەکەس ناکەن، واتە سواڵ دەکەن بەڵام بەنەزاکەت و ئیلحاح ناکەن! چونکە کەسێک سواڵ بکاو بەشی خۆشی هەبێ ئەوە پێی دەڵێن ئیلحاف کەرو ریگر، کەوابێ ئەم رستەیە ئاماژەیە بۆ خراپحاڵی ئەو کەسانەی کە هەیانەو سواڵ دەکەن، سواڵکردنیان کردۆتە پیشە! زوربەی سواڵکەرانی ئەمڕۆ لەو ئیلحاف کەرانەن.

﴿وما تنفقوا من خیر فإن الله به علیم﴾ هەر خێرو خێراتێک بکەن کەم بێ یان زۆر بێ خودا ئاگادارەو پێی دەزانێو ئاگای لێیەتیو مەبەست و نییەتی بەخشندەکە دەزانێ بۆچییەو بۆچی نیە، پاداشتی پێویستیان دەداتەوە. **﴿الذین ینفقون أموالهم باللیل والنهار سرا وعلانیة﴾** ئەوانەی ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن، لەهەموو شوێن و کاتێکدا؛ بەشەوو ڕۆژ، بەنهێنیو بەئاشکرا، هیچ شتێک نابێتە لەمپەرو مانیع لەبەردەم ماڵبەخشینیاندا، ئەوانە **﴿فلهم أجرهم عند ربهم﴾** پاداشتی باشیان لەلای خودایەو لەگەنجینەی رەحمەتی خۆی خەڵاتیان دەداتێ، ئەوانە لە جیهاندا ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام داوە، ئیتر **﴿ولا خوف علیهم﴾** ترسیان نیەو سەربەرزن، چونکە ئەوانە ئەو کاتەی پێویست بووە ماڵی خۆیان ببەخشن بەخیلیو رژدیو چروکییان نەکردووە، یارمەتی هەژارانیان داوە، **﴿ولا هم یحزنون﴾** خەم و خەفەتی ئەوەشیان نیە کە فرسەتیان لەکیس چووبێ، چونکە ئەوانە ئەوەندە نەفس بەرز بوون هەموو ئاوات و هیوایەکیان ئەوەبوو پێداویستی بێنەوایان دابین بکەن و یارمەتی هەژارێک بدەن و، برسییەک تێر بکەن، یان کەل و پەل و تفاقی پێشمەرگەیەکی ئیسلام دابین بکەن و بینێرنە سەر سنوورو، سەنگەرو کەلێنێکی پێ بگرن، تا بەرگری لە ماڵ و نامووسی موسوڵمانان بکەن.

زیانی ریبا (سوود) بۆ تاک و کۆمەڵ

ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰا۟ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَـٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰا۟ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰا۟ ۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾ يَمْحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَيُرْبِى ٱلصَّدَقَـٰتِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾

ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَذَرُوا۟ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَن تَصَدَّقُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾

وَٱتَّقُوا۟ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِ ۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾

ئـەمجار دوای ئـەوەی لەئایـەتی پێشـوودا باسـی ماڵبەخشـین و خێرۆمەندانی کرد، کەلەپێناو ڕەزامەندیی خـودادا مـاڵ و دارایـی خۆیـان دەبەخشن، هیچ مەبەستێکی تریان نیە جگە لە ڕازیبوونـی خـودا لێیـان! باسی ئەوانەی کرد کە ماڵی خۆیـان دەبەخشـن بـەبێ بەرامبـەر، ئـەمجار دێتە سەر باسـی ڕیبـا وەرگـران و سـوودخۆران کـە بـەبێ بەرامبـەر مـاڵ وەردەگرن و بەناڕەوا هەژارو نـەبوان دەڕوتێننـەوە! دەفـەرموێ: ﴿الذين يأكلون الربا لا يقومون إلا كما يقوم الذي يتخبطه الشيطان من المس﴾ ئەو کەسانەی کە سوود وەردەگرن و ڕیبا خواردنیـان بـەلاوە ڕەوایـە بـەبێ هۆی ڕەواو بە ناحەق، بەبێ ماندووبوون و کڕشش ماڵ و سـامانی خـەڵکی دەخۆن، ئەوانە لەچەواشـەیی‌و دڵـەڕاوکێ‌و ویـژدان مردوویـی‌و ڕۆچـوون لـە کردەوەی دونیایی‌دا وەکو ئەو شێت و دەست لێ‌وەشـاوانە وان کـە جنۆکـە دەستیان لێ دەوەشێنن!

ئەوانە کاتێک ڕۆژی قیامەت زینـدوو دەکرێنـەوە، هـەر لـەو کاتـەوە لەگۆڕ دێنە دەرێ تـا دێنـە دەشـتی مەحشـەرو دوایـی بـەرەو بەهەشـت و دۆزەخ دابەش دەکرێن -شـەپڵە لێ‌دراون و هـەڵس و کـەوتیان بـەناڕێک و پێکی دێتە پێش چاو- هەموو دەم شێوە شێواوو لـەش داهـێزراو و سـەر لێ‌تێکچوون بەهۆی ئۆباڵی قورسایی ئەو ماڵە حەرام و سوود ئامێزەی کە لە دونیادا بە نـاڕەوا خواردوویانـە، بـە جۆرێـک ڕەنـگ و ڕوخسـاریان لـە هـەموو کـەس جیـاوازە، نـاتوانن ڕێ بکـەن و هەرکەویسـتیان بجووڵێـن ئەندامەکانیان هاوکارییان ناکـەن و لـەدوایان نایـەن، ئەمـەش وێنەیـەکی دزێوو قێزلێکراوی هەیـە، بەڵگەیـە لەسـەر ئـەو حاڵـەت و دیاردەیـە کـە نیظامی سەرمایەداری سوودئامێز لە جیهانی هاوچەرخدا بـەدی دەهێنـێ، هەڵکشان و داکشانی بازاڕو دڵەڕاوکێ‌و لەگرێژەنەچوونی سیسـتەمی ژیـان و بلاوبوونەوەی ترس و لەرزو نەخۆشـی دەمارگیریی‌و دەروونـی‌و جۆرەهـا

دەردو مەینەتی تر هەموویان دیاردەی سووحواردن و ریبا وەرگرتن!!

زوربەی راڤەکەرانی قورئان لەسەر ئەوەن کەمەبەست لە وشەی ﴿لایقومون﴾ هەستانەوەیانە لە گۆڕەکانیان تا کاتی کۆبوونەوەو دابەشبوونیان بۆ بەهەشت و دۆزەخ. واتە هەڵسان و جولانیان بە شێوەیەکی نائاساییەو دەڵێی جووڵەو هەستانی پەرکەمدارەو دەڵێی شێتن و شەیاتینی دەستی لێوەشاندوون ﴿ذلك بأنهم قالوا إنما البيع مثل الربا﴾ چونکە ئەوان دەیانگوت: سوودو ریبا وەکو کڕین و فرۆشتنی ئاسایی وان، بۆچوونەکەیان بەتاڵ و پووچ بوو کە پێیان وابوو: ریباو بەیع وەکو یەکترین!! دەیانگوت: چۆن رەوایە شتێک کە نرخی حازری دیرهەمێک بێ دروستە بەقەرز بیفرۆشی بە دوو دیرهەم، هەر بەو جۆرە رەوایە ئینسان کاتی پێویستی دیرهەمێک وەربگرێو کاتی هەبوون و ئاسایی دوو دیرهەم بداتەوە، خۆ هۆی زیادەکە لە هەردوو سەوداکاندا ماوەکەیە، دەی بۆ ئەویان دروستەو ئەمیان نادروستە؟؟

ئیتر پەروەردگار بۆچوونەکەیانی رەتکردەوەو ئەوەی ئاشکرا کرد کە پێک گرتن (قیاس)ەکەیان هەڵەیەو فەرمووی: ﴿وأحل الله البيع وحرم الربا﴾ پەروەردگار کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو ریبای یاساغ کردووە، چونکە سەوداو مامەڵە بەردەوام تێبینی ئەوەی تێدا دەکرێ کە کڕیار سوود لە کاڵا کڕدراوەکەی دەبینێ، بۆ نموونە کەسێک گەنم دەکڕێیان لێی دەخوا، دەیچێنێ، یان دەیفرۆشێتەوە، پارەکە بەرامبەر کاڵاکەیەو کڕیارو فرۆشیار هەردووکیان رازین!! بەڵام ریبا وا نیە چونکە لە مامەڵەی ریبا ئامێزدا خاوەن پارە ئەندازەیەک پارە یان کاڵایەک دەداتە کابرایەک دوایی پاش ماوەیەک زیاد لەو ئەندازەیەی لێوەردەگرێتەوە، ئەو زیادەی وەریدەگرێتەوە هیچ بەرامبەرێکی نیەو بەرەزامەندی کابرای خاوەن ئاتاج نیە، ئەو بەناچاری ئەو زیدەیە دەدا بە خاوەن سامانەکە. جا ﴿فمن جاءه

موعظة من ربه فانتهی فله ما سلف﴾ کەسێ ئەوەی پێگەیشت کە ریبا یاساغەو خێرا وازی لێ هێنا، ئەوە ئەو ریبایەی لەوەپێش وەریگرتووە بۆ خۆیەتیو داوای ئەوەی لێناکرێ کەئەو ریبایەی لەوەپێش وەریگرتووە بیداتەوە، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە ئیتر لەوە بەولاوە ریبا وەرنەگرێ ﴿وأمره إلی الله﴾ لێبوردن و چاوپۆشیلێکردنی بەدەست پەروەردگارەو، بۆ خۆی دەزانێ رۆژی قیامەت چی بۆ بڕیار دەدا، ﴿ومن عاد فأولئك أصحاب النار هم فیها خالدون﴾ کەسێک دوای ئەوە بگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن و ریبا خواردن، وەکو سەردەمی نەزانیو جەهالەت هەژاران بچەوسێنێتەوە، ئەوە شیاوی سزای توندی دۆزەخەو لەناو ئاگردا رۆژگارێکی دوورو درێژ دەمێنێتەوەو تۆڵەی ئەو سەرپێچیکردنەی لێدەستێندرێتەوە).

﴿یمحق الله الربی ویربي الصدقات﴾ پەروەردگار خێرو بەرەکەتی ماڵ و دارایی سوود تێکەوتوو ناهێڵێو گەشەی پێ ناکا، هەرچەندە بەرواڵەت ماڵ و سامانەکە بەهۆی ریباوە زیاد بکا، بەڵام لەڕاستیدا هەر رو لە نەمان و بەرەو فەوتان دەچێ. بەپێچەوانەوە صەدەقەو خێرو خێرات خودا بەرەکەتی تێدەخاو خێرو بێرەکەی دووچەندانە دەکاتەوە، لەدونیادا هەرگیز صەدەقەو خێرلێکردن ماڵ و دارایی کەم ناکاتەوەو خوا بۆی پڕدەکاتەوە، لە رۆژی قیامەتیشدا خێرکەر پاداشی خێرکردنەکەی بە دوو چەندانەو چەند چەندانە وەردەگرێتەوە، دیاردەیەکیش لە دیاردە مەعنەوییەکانی خێرو خێرات ئەوەیە کە کابرای خێرکەر هەمیشە لای خوداو نادەمیزاد خۆشەویستەو، کەس حەسوودی پێ ناباو زیانی پێ ناگەیەنێو دزی لێ ناکەن. بەپێچەوانەوە بابای سوودخۆر هەمیشە لای خوداو بەندەکانی دزێوەو رقیان لێیەتی، هەموو کەس بەچاوی سووک تەماشای دەکەن و پێیان خۆشە تووشی بەڵام موسیبەت ببێ، هەموکەس

چاوەڕوانی ئەوەیانە کە تووشی ڕۆژێکی ڕەش ببێ! ئەمەش دیاردەیەکە زۆر جاران لە سوود خۆران دیاری دەداو، ریبا وەرگران ماڵ و سامانیان تەفروتونا دەبێو لە کۆتاییدا تەندروستیو سامانیان تووشی نەهامەتی دێو ماڵیان بەفیڕۆ دەچێو لەش و لاریان تووشی نەخۆشی سامناک دەبێ و بەخۆیان و ماڵ و داراییانەوە دەپووکێنەوە.

بوخاریو موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە حەدیثێك دەگێڕنەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: (من تصدق بعدل تمرة من كسب طيب -ولا يقبل الله تعالى إلا طيبا- فإن الله يقبلها بيمينه ثم يربيها لصاحبه كما يربي احدكم فلوه حتى تكون مثل الجبل) واتە: کەسێک بەئەندازەی دەنکە خورمایەک لە ماڵی پاك و خاوێنی خۆی ببەخشێ -خوداش تەنها شتی پاك قبوول دەکا- پەروەردگار بەدەستی ڕاستی لێی وەردەگرێو بۆ خاوەنەکەی پەروەردەی دەکا، وەکو چۆن یەکێ لەئێوە جوانوێ پەروەردە دەکا، تا ئەو دەنکە خورمایە بەئەندازەی کێوێک گەورە دەبێ. ﴿والله لا يحب كل كفار أثيم﴾ پەروەردگار هەرکەسێک بەردەوام بێ لە تاوان کردنداو سوپاسگوزاری نیعمەتی خودا نەبێو لەماڵ و دارایی خۆی نەبەخشێ، خۆشی ناوێو رقی لێ دەبێتەوە. چونکە ئەو سامانداره رژدە پێویستیو ئاتاجی هەژاران دەقۆزێتەوەو بەهەلی دەزانێ کە بیانچەوسێنێتەوەو هەست بەئێش و ئازاری هەژاریان ناکا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەسوود خواردن کارو کردەوەی کافرو خوانەناسانە نەک هی موسوڵمان!

ئەمجار پەروەردگار بەراوردییەک لەنێوان هەڵس و کەوتی خودانەناس و ریباخۆرو موسوڵماناندا دەکاو دەفەرموێ: ﴿إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات﴾ ئەوانەی بڕوایان بەئایینی ئیسلام هێناوەو خودا دەناسن و بڕوایان بە پێغەمبەر هەیە گوفتارو کرداری چاك ئەنجام دەدەن و دڵ و

دەروونی خۆیان پاک دەکەنەوە، یارمەتی هەژاران دەدەن و قەرزاداران مۆڵەت دەدەن ﴿وأقاموا الصلاة﴾ نوێژ دەکەن کە یادی خودایان بیردەخاتەوەو نزیکیان دەکاتەوە لە بارەگای زاتی بێچوونی ﴿وآتوا الزکاة﴾ زەکاتی ماڵ و سامانی خۆیان دەردەکەن، کە دەبێتە هۆی بارسووک کردنی هەژاران و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی لەنێوان ساماندراو هەژاراندا، ﴿لهم أجرهم عندربهم﴾ ئەوانە پاداشی تەواویان لەلای خودا بۆ ئامادەکراوە، رۆژی قیامەت پێی شاد دەبن، شانازی بەکرداری چاکی خۆیان دەکەن.. ﴿ولا خوف علیهم﴾ لە داهاتوو ناترسن و دڵنیا دەبن لە ئاکامی حیساب و لێکۆڵنەوە ﴿ولا هم یحزنون﴾ خەم و خەفەتی رابوردووشیان نیە، شتێک نیە حەسرەتی بۆ بخۆن و بڵێن خۆزگا بمانکردایەو دەستی خۆیانی بۆ بشکێننەوە.

دوا بەدوای ئەم بەرامبەری کردنە لەنێوان ئاکام و پاداشی ریبا خۆرو موسوڵمانانی کردارچاکدا جارێکی تر پەروەردگار بانگی موسوڵمانان دەکاو دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله﴾ ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوەو بڕواتان بە فەرمان و نەهییەکانی پەروەردگار هەیە، خۆتان لە سزای سەختی خودا بپارێزن، پابەندی فەرمان و نەهییەکانی بن، چی دەفەرموێ: بیکەن، ئەنجامی بدەن، چی نەیی لێ‌کردن لێی دوورکەونەوە ﴿وذروا ما بقي من الربا﴾ ئەو قازانج و سوودەی لای قەرزداران ماوەتەوە وازی لێ بێنن و گەردنیان ئازاد بکەن ﴿إن کنتم مؤمنین﴾ ئەگەر راست دەکەن ئێوە بەدڵ بڕواتان هێناوە، بەڕاستی پابەندی فەرمان و نەهییەکانی ئایینی ئیسلامن!!

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە ئەگەر کەسێک دوای ئەم فەرمان و نەهیو هەڕەشانە، وازی لە سوودخواردن و ریبا وەرگرتن نەهێنا بە موسوڵمان حلێب ناکرێو بەکافری دەمرێو هەتا هەتایە لە دۆزەخدا سزا دەدرێ،

چونکە ئایینی ئیسلام ئایینێکی تێرو تەسەل و یەکانگیرە، دەبێ موسوڵمان بڕوایان بە هەمووی هەبێ، کەسێك بڕوای بە بەشێکی هەبێو بڕوای بەبەشێکی نەبێ بە موسوڵمان دانانرێو لەریزی ئەوان حسێب ناکرێ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (لا يزني الزاني حين يزني وهو مؤمن ولا يشرب الخمر حين يشربها وهو مؤمن).

﴿فإن لم تفعلوا﴾ ئەگەر ئێوە ئەی موسوڵمانان! وازتان لە سوودخواردن و ریبا وەرگرتن نەهێناو دەستتان هەڵنەگرت لەو ریبایەی ماوە لای قەرزدارەکانتان ئەوە ﴿فأذنوا بحرب من الله ورسوله﴾ بزانن کە ئێوە شەڕێکی سامناك و دژوار لەگەڵ خوداو پێغەمبەر دەکەن، ئامادەبن بۆ جەنگان لەگەڵ خوداو پێغەمبەردا، چونکە ئێوە بەم هەڵوێستەتان دوژمنایەتی خوداو پێغەمبەر دەکەن و پابەندی شەریعەتەکەی نابن، کەسێکیش خودا دژایەتی بکا رقی لێی دەبێو تۆڵەی لی‌دەستێنێ، لە جیهان دا بەوە تۆڵەی لێ دەستێنێ کە زەرەرو زیانی لی‌دەداو لە قیامەتیشدا بەئاگر سزای دەدا، کەسێك رقەبەری خوداو پێغەمبەر بکاو فەرمانبەرداری فەرمان و نەهییەکانی نەبێ دەبێ شەڕی لەگەڵدا بکرێ وەکو کافرو هەڵگەڕاوە حیسابی بۆ بکرێ: ﴿وإن تبتم فلكم رؤس أموالكم﴾ ئەگەر تۆبەتان کردو وازتان لە ریبا هێناو پابەندی فەرمانی ئایین بوون، ئەوە دەتوانن دەست مایەکەتان وەربگرنەوە ﴿لا تظلمون﴾ زیادە لەقەرزدارەکان وەرنەگرن و ستەمیان لێ بکەن: بەوە کە لەدەستمایەکەتان کەم بکەنەوە، بەڵکو ئێوە دەتوانن دەستمایەکەتان بەبێ زیادو کەم وەربگرنەوە.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان دەکا کە لەگەڵ قەرزدارە نەبوەکاندا بە نەزاکەت بن ودەفەرموێ: ﴿وإن كان ذو عسرة فنظرة إلى ميسرة﴾ ئەگەر

هاتو قەرزدارەکە نەبوو بوو نەیدەتوانی خێرا دەستمایەکە بداتەوە ئەوە مۆڵەتی بدەن تا شتێکی دەست دەکەوێو دەتوانێ قەرزەکێ بداتەوە، پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکیدا کە ئەبوهورەیرە لێیەوە دەیگێڕێتەوەو موسلیم ریوایەتی کردووە، دەفەرموێ: (من نفس عن مؤمن كربة نفس الله عنه كربة من كرب يوم القيامة ومن يسر على معسر يسر الله عليه في الدنيا والآخرة).

چونکە حیکمەتی پووچەڵ کردنەوەی یاسای ریبا کاتێک دیاریدەدا ئەگەر تەنگ بەقەرزدارەکە هەڵنەچنرێو نەرم و نیانی لەگەڵدا بکرێ، ﴿وإن تصدقوا خير لكم﴾ خۆ ئەگەر پیاوەتی لەگەڵ قەرزدارە نەبوەکان بکەن و لە هەموو قەرزەکە، یان لەهەندێکی خۆش ببن، ئەوە لە مۆڵەتدانەکە باشترە بۆ ئەوان و بۆ ئێوەش خێری زیاترە، ﴿إن كنتم تعلمون﴾ واتە: ئەگەر ئێوە دەزانن لێخۆشبوون لە هەموو قەرزەکە، یان هەندێکی خێری زیاترە لە مۆڵەتدان و لەسەر وەستان! ئەوە بەگوێرەی زانیارییەکەی خۆتان بکەن و لە براکانتان خۆش ببن و رەحم و بەزەیی خۆتانیان بۆ دەربخەن! ئاشکرایە کە ئەمە هەڵنانی تێدایە بۆ لێبوردن و یارمەتیدانی قەرزداری نەبوو، داوای ئەوە لە خاوەن قەرزەکان دەکا کە گیانی هاریکاریو یارمەتیدانیان تێدابێ، هەریەکە لەعاست خۆیەوە بارگرانی لەسەر برای موسوڵمانی سووک بکا. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا) موسوڵمان بۆ برای موسوڵمانی وەکو چینی دیوار وەهان یەکتری جۆش دەدەن و هەریەکەیان ئەویتر قایم دەکا. ئیمامی طەحاوی لەبورەیدەی کوڕی حەصیبەوە فەرموودەیەکی تری پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (من أنظر معسرا كان له بكل يوم صدقة...) کەسێک مۆڵەتی قەرزدارێکی نەبوو بدا هەموو رۆژێک بەئەندازەی قەرزەکە خێری دەگاتێ.

هەردوو ئیمام ئەحمەدو موسلیم حەدیثیکی تریان لە کەعبی کوڕی عەمرەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (من أنظر معسرا او وضع عنه أظله الله في ظله) کەسێک قەرزداریکی نەبوو مۆڵەت بدا، یان لەقەرزەکەی سەری دابشکێنێ، ئەوە خودا رۆژی قیامەت دەیخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

ئەمجار پەروەردگار ئایەتی ریبای بەم ئامۆژگارییە کاریگەرە کۆتایی پێ هێنا، کە ئەگەر موسوڵمان گوێی بۆ بگرێ ماڵبەخشینی بەلاوە ئاسایی دەبێ‌و چی لە جیهاندایە بەلایەوە بێ بایەخ دەبێ‌و ئەگەر هەمووی هی ئەو بێ‌و بیبەخشێ شتێکی ئاسایی دەبێ، سەیر بکە چۆن کۆتایی بە ئایەتەکە دینێ‌و دەفەرموێ: ﴿واتقوا یوما ترجعون فیه إلی ا الله﴾ بترسن لەناخۆشی ئەو رۆژە سامناکەی کە غەم و پەژارەی دونیاتان -لەترسی حیساب و لێکۆڵینەوە- لەبیردەچێتەوە بترسن لە رۆژێکی سامناک و گەورەی وەها کە ئێوە تێیدا دەگەڕێنەوە بۆ لای خوداو لەسەر کردارەکانتان حیسابتان لەگەڵ دەکاو سزاو پاداشتان دەداتەوە؛ لەسەر چاکە پاداش و لەسەر خراپە سزاتان دەدا ﴿ثم توفی کل نفس ماکسبت﴾ ئەمجار هەموو کەسێک لە خێرو شەڕ شیاوی چی بێ وەریدەگرێ، هیچ ستەمیان لێ‌ناکرێ‌و لە پاداشی کرداری چاکتان کەم ناکرێتەوەو لەرێژەی سزاشتان زیاد ناکرێ!!

ئیبنو جورەیج دەڵێ: ئایەتی ﴿واتقوا یوما﴾ نۆ شەو پێش لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خوارێ، ئیبنو جوبەیرو موقاتیل دەڵێن: حەوت رۆژ لەپێش لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە خوارێ، هەندێکی دەڵێن: سێ شەو، بڕێکیش دەڵێن: سێ‌سەعات پێش لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر نازڵ بووە، عەبدوڵلای کوڕی عەباس دەڵێ: لەنێوان

هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەو لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ سیو یەک ڕۆژ بووە.

شایانی باسە کە پەروەردگار سوودی بە چوار قۆناغ حەرام کردوو، وەکو چۆن عەرەقخواردنەوەشی بەچوار قۆناغ یاساغ کردووە، ئایەتی یەکەم کە دژی ڕیبا دەدوێ لەمەککە هاتۆتە خوارێ، ئایەتەکانی تر لە مەدینە هاتوونەتە خوارێ.. ئەمەش قۆناغەکانی حەرامکردنەکەن!!

١ - قۆناغی یەکەم، پەروەردگار لەمەککە ئەم ئایەتەی نارده خوراەوە کەدەفەرموێ: ﴿**وما أوتيتم من ربا ليربوا في أموال الناس فلا يربوا عند الله**﴾الروم/٣٩. هەر لە مەککە دەربارەی عەرەقخواردنەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿**ومن ثمرات النخيل والأعناب تتخذون منه سكرا ورزقا حسنا**﴾النحل/٦٧. لە هەردوو ئایەتەکان دا تەمهیدو ڕێخۆشکردن هەیە بۆ حەرامکردن و یاساغ کردن ئاماژەیان تێدایە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕیباو عەرەقخواردنەوە.

٢ - قۆناغی دووەم : قورئانی پیرۆز چیرۆکی ئەو جولەکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕیبایان لێ حەرام کرابوو کەچی گوێیان بە نەهییەکە نەداو هەرلە سەر ڕیبا خواردن بەردەوام بوون، ئیتر خودا سزای دان تۆڵەی سەرپێچیکردنکەیانی لێستاندن، دەفەرموێ: ﴿**وأخذهم الربا وقد نهوا عنه**﴾النساء/١٦١. بۆ قەدەغەکردنی عەرەقخواردنەوەش دەفەرموێ: ﴿**يسألونك عن الخمر والميسر قل فيهما إثم كبير ومنافع للناس وإثمهما أكبر من نفعهما**﴾البقرة/٢١٩. هەردوو ئایەتەکان هەڕەشەو بۆنی حەرامکردنیان تێدایە.

٣- قۆناغی سێیەم : پەروەردگار نەهی کرد کە ڕیبای فاحیش و دوو چەندانەو چەند چەندانە نەخۆن و دەفەرموێ: ﴿**يا أيها الذين امنوا لا تأكلوا الربا أضعافا مضاعفة**﴾ال‌عمران/١٣٠. ئەمەش دەق وەکو قۆناغی سێیەمی عەرەقخواردنەوە وایە کە دەفەرموێ: ﴿**يا أيها الذين امنوا لا تقربوا الصلاة**

وأنتم سکاری حتی تعلموا ما تقولون﴾النساء/٤٣.

هەردوو ئایەتەکە نەهی ئاشکرایان تێدایە؛ ئایەتی ریبا نەهی تێدایە لە شێوەیەکێ لە شێوەکانی ریبا خواردن ئەویش ریبا وەرگرتنە بە شێوەیەکی دووچەندانەو زیاتر. ئایەتی (خەمر)یش نەهی لە خواردنەوەی عەرەق دەکا لە کاتێکدا کە ئەو کەسە دەیەوێ نوێژ بکا!

٤- قۆناغی چوارەم: حەرامکردن و یاساغ کردنی سەرتاسەرییە بۆ ریباوەرگرتن و عەرەقخواردنەوە، ئەوەتا لەم ئایەتەدا پەروەردگار نەهی لەوە دەکا کە قەرز لەسەر قەرزدارەکە زیاد بکاو دەفەرموێ: ﴿یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله وذروا ما بقي من الربا إن کنتم مؤمنین﴾ بۆ عەرەقخواردنەوەش پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد کە بەهەموو شێوەیەکێ و لە هەموو کات و ساتێکدا خۆیان لە عەرەقخواردنەوە بپارێزن و پێیان دەفەرموێ: ﴿**یا أیها الذین امنوا إنما الخمر والمیسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه لعلکم تفلحون**﴾المائدة/٩٠.

نووسینی قەرزو شایەتی تێداگرتن، بارمتە تێدا وەرگرتن

﴿وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا۟ كَاتِبًا فَرِهَـٰنٌ مَّقْبُوضَةٌ ۖ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ أَمَـٰنَتَهُۥ وَلْيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا۟ ٱلشَّهَـٰدَةَ ۚ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٌ قَلْبُهُۥ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ



ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار باسی بەخشین و یارمەتیدانی هەژاران و پاداشی باشی بەخشندەیی کرد، باسی ریباو زیانەکانی کرد، دوا بەدوای ئەو باسانە باسی قەرزدان و دەستگرتنی ئەو کەسانەی کە

ئاتاجیان پێیەتی -بەبێ سوودو زیادە وەرگرتن لێیان- دەکاو روونی دەکاتەوە، باسی فرۆشتنی کالاو بەقەرزدانیو ریگەی چەسپاندن و تۆکمەکردنی ئەو مامەڵەیان بۆ دیاری دەکا، بۆ ئەوەی مافی هیچ کامێک لە خاوەن قەرزو قەرزدار پێشێل نەکریو مامەڵەکە چۆنەو چۆن ریک کەوتوون ئاوا نووسەرێک بۆیان بنووسێو شایەتی لەسەر بگیرێو واز لە مامەڵەی ریبا ئامێز بهێندرێو، موسوڵمانان روو بکەنە خێرکردن و قەرزدان و یارمەتیدانی خاوەن ئاتاجان و رەحم و بەزەیی بکەنە رەفتاری خۆیان و هاریکاری یەکتری بکەن و فەرمووی: ﴿یا أیها الذین آمنوا إذا تداینتم بدین إلی أجل مسمی فاکتبوه﴾ ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوەو موسوڵمانن! ئەگەر مامەڵەی کرین و فرۆشتنتان کردو قەرزی تێکەوت و کەوتە (ذمة)وە، جا فرۆشتنی شتێکی حازر بە پارەیەکی قەرز بوو، یان فرۆشتنی کالایەک بوو بە پارەی حازر کە لەوە دوا ئەو کالایە تەسلیم بکرێ، -بەمەرجێ جینس و ئەندازەو چۆنیەتی ئەو کالایە لەسەوداکەدا روون بکرێتەوە- کە بەعەرەبی پێی دەگوترێ: سەلەم. یان برێ پارەتان دا بەقەرز بۆ ماوەیەک، ئەوە لەم حالانەدا واباشە چۆنیەتی مامەڵەکەو جۆری رێککەوتن و سەوداکە بنوسرێ، ماوەی قەرزەکە بەرۆژو بەمانگ و بەساڵ دیاری بکرێ، بە جۆرێک کەکاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکە -چ کالا بێ یا پارە- دیار بێ، هیچ تەم و لێڵیەکی تێدا نەمێنێ ﴿ولیکتب بینکم کاتب بالعدل﴾ با ئەو نووسەرەی قەباڵە نامەکەتان بۆ دەنووسێ دادپەروەربێو بەیەکسان و یەک چاو سەیری سەوداکەرەکان بکاو، نەچێ قەباڵەکە وا بنووسێ زیانی لایەکی تێدابێو سوودی لایەکی تێدابێ، دەبێ نووسینەکەی مانای روون و ئاشکرای هەبێ، خۆ بپارێزێ لەو شتانەی کە زیاد لە مانایەک دەبەخشن، نووسەری قەباڵە، وەکو قازیو دادوەر وایە لەنێوان خاوەن قەرزو قەرزداردا، ئەمەش ئەوە

دەخوازێ کە نووسەر ئەمین و عادڵ بێ، ﴿ولا یأب کاتب أن یکتب کما علمه الله﴾ نابێ نووسەر سەرپێچی بکا لە نووسینی قەباڵــە بـەو شێوەی کە خودا فێری کردووە، زیادو کەمی تێدا نـەکاو شتێک نەنووسێ زیـانی لایەک و سوودی لایەکەی تـری تێدابێ، نووسین نیعمەتێکی خودایی‌یـە دەبێ نووسەر سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتە بێ؛ سوپاسگوزاری‌یەکەشی بەوە دەبـێ کـە داوایـان لێ‌کـرد بـۆ نووسینی قەباڵـەو سـەنەدێک گـیر نـەبێ‌و سـەرپێچی نـەکا، مەرجیشـە دەبـێ نووسـەر زانـاو شـارەزای حوکمـە شەرعییەکان بێ‌و دەبێ مەرجە ئاسایی‌یەکانی تێدابن، واتە: دەبێ نووسەر دادوەرو زانابێ، هـەرکاتێ داوای لێ‌کـرا قەباڵـە بنووسـێ ئامادەبـاش بـێ ﴿فلیکتب﴾ با قەباڵەکە بنووسێ‌و هیچ گیریی‌یـەک پیشـان نـەدا، چونکـە بابەتەکە گرنگەو پەیوەندی بە پاراستنی مافی خەڵکەوە هەیـە، بەتایبـەتی ئەگەر مامەڵەچییەکان نەخوێندەوار بوون، ﴿ولیملـل الـذي علیـه الحق﴾ دەبـێ قەرزارەکـە؛ ئـەو کەسـەی قەرزەکـەی دەکەوێتــە سـەر نـاوەرۆکی قەباڵەنامەکە بۆ نووسەرەکە بڵێ: تا ببێتە بەڵگە لەسەری‌و بەدەمی خـۆی دان بە قەرزدارییەکەی‌دا بنێ‌و ئـەندازەو مـەرج و ماوەکـەی دیـاری بکـا، چونکــە ئــەوخۆی بەرپرسـیارە لــە جێبــەجێ‌کردنی نــاوەرۆکی ئــەو قەباڵەنامەیە. ﴿ولیتق الله ربه﴾ بـا ئـەو قـەرزدارە لـەخودا بترسـێ‌و چـی لەسەرە بەتەواوی بیڵێ ﴿ولا یبخس منه شیئا﴾ هیچی لێ کەم نەکاتــەوە، بەتەواوی ئەندازەی قەرزەکەو ماوەو مەرجەکانی روون بکاتەوە ﴿فإن کان الذي علیه الحق سفیها أو ضعیفا أو لا یستطیع أن یمل هو فلیملـل ولیّـه بالعدل﴾ ئەگەر قەرزدار نەفام و کەم هۆش بوو، یان منداڵ بوو، یان پـیری خەڵەفاو بوو، یان نەزان بوو نەیدەتوانی ناوەرۆکی قەباڵەنامەکە بـەرێک و پێکی بۆ نووسەر رەت بکاتەوە، پێویسـتە وەلی‌و سەرپەرشتیارەکەی یـان وەکیل و موتەرجیمەکەی دادوەرانە ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن هیـچ کـەم و

کوڕی تێدا نەکەن، ﴿واستشهدوا شهیدین من رجالکم﴾ داوا بکەن دوو پیاوی موسوڵمان و عادل ئاگاداری مامەڵە بەقەرزەکە بن و، ئاگاداری ناوەرۆکی قەباڵەکە بن ﴿فإن لم یکونا رجلین فرجل وامرأتان﴾ ئەگەر دوو پیاوی ریک و پێک دەست نەکەوتن با پیاوێک و دوو ژن ببن بە شایەد لەسەر سەوداکە ﴿ممن ترضون من الشهداء﴾ لەوانەی لە بارەی ئایین و عەدالەتکاریو هەڵس و کەوتیان لێیان رازین و دەزانن بەکاری شایەتیدانەکە دێن؛ بۆیەش مەرجی لێ رازیبوون بۆ شایەتی ئافرەت داناوە، چونکە ئافرەت بۆ شایەتیدان زەعیفەو خەڵکی تر کەمتر متمانەیان پێیەتی، لەبەرئەوە بوونی بە شایەت پێویستی بەرەزامەندی سەوداکەرەکان هەیە، بۆیەش لە شوێنی پیاوێک دوو ئافرەتی دیاریکرد ﴿أن تضل إحداهما فتذکر إحداهما الأخری﴾ لەترسی ئەوەی کەیەکێکیان رووداوەکەی لەبیرچووەوە ئەوی تریان بیری بێنێتەوە، چونکە زۆرجار وادەبێ ئافرەت رووداوەکەی بۆ قۆرغ (ضبط) ناکرێو خۆی پێوە هەڵەوگیر ناکا، وێ دەچێ لە کاتی شایەتیدانەکەیدا هەڵەی تێدا بکا،، بۆیە پێویستە دوو ئافرەت بن، بۆ ئەوەی هەریەکەیان رووداوەکە بیر ئەویتریان بخاتەوە، ئیتر شایەتی ئەمیان دەبێتە تەواوکەری شایەتی ئەوی تریان!

بەکورتی لەبەرئەوەی کە هەریەکێک لە دوو ئافرەتەکان گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ هەڵە بکەن و سەریان لێ تێک بچێو نەتوانن -وەکو پێویست- شایەتیەکە ئەنجام بدەن، بۆیە پێویست بوو دوو ئافرەت لەشوێنی یەک پیاو دابنرێن! بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکیان شتێکی لە شایەتیەکە پەڕاندو لەبیری چووبۆوە ئەویتریان بیری بخاتەوەو شایەتیەکە تەواو ببێ!

پێوستە قازی بەرامبەر بەیەک، شایەتی لە دوو ئافرەتەکان وەربگرێو

هەریەکەیان بەئاگاداری ئەوی تریان بەشێک لە رووداوەکە بگێڕنەوە!! بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ زۆر لە دادوەرو قازییەکان -لەبەر نەزانی- گوێ بەم لایەنە نادەن و ژێرلێوی دەخەن! بەپێچەوانەوە ئەگەر شایەتەکان پیاوبوون پێویستە جیا بە جیا شایەتیەکەیان لێوەربگیرێ، ئەگەر یەکێکیان شایەتیدانەکەی لاواز بوو، وەکو پێوست نەیتوانی شایەتی بدا، ئەوە بڕوا بە شایەتیەکەی ناکرێو شایەتیدانی ئەوی تریش بەنەزەری ئیعتیبار وەرناگیرێ.

ئەمەش نهێنی تەشریعی ئیسلامی‌یە کە لەجیاتی پیاوێک دوو ئافرەتی داناوە بۆ شایەتی، چونکە لە کۆمەڵگای ئیسلامی‌دا واباوە کە ئافرەت خەریکی مامەڵەی ماڵ و دارایی نەبێ، خۆ بەکێشەو نیزاعی ماڵ و سامانەوە هەڵەوگیر نەکا! ئیتر بیروهۆشی خۆی تەرخان نەکاتە سەر ئەو لایەنە، بەپێچەوانەی کاروباری ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و ڕێکخستنی ماڵ و خێزان، کە بیروهۆش و توانای ئافرەت تێیاندا لەهی پیاو بەهێزترە.. زانیاریو توانای ئافرەت لە بواری غەیری پەروەردەی منال و ئیش و کاری ناو ماڵ و ئەرکە سروشتی‌یەکانی خۆی زۆر کەمەو گرنگی‌دانی بە غەیریئەو لایەنە لاوازە.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە کارکردنی ئافرەت لەم رۆژگارەدا لە کاروباری بانق و مامەڵەی کڕین و فرۆشتن هیچ لەم حوکمە ناگۆڕێ، چونکە ئیعتیبار بە زۆرینەیە نەک بە کەمینە!!

لەلایەکی ترەوە هەرچەندە لەم رۆژگارەدا پلەو پایەی ماڵیو ئیداری دراوە بەئافرەت و لەزۆر بواردا کار دەکا، کەچی تاقە تاقە نەبێ پێشکەوتوویی بەدەست نەهێناوە، زیاد لەوەش هەر گرنگی دەدا بەو کارەی پێی دەسپێررێو گوێ ناداتە کێشەو نیزاعی ئابوریو رامیاری‌یە گشتی‌یەکان و لەو بوارانەدا پسپۆڕییەکی هەمەچەشنە پەیدا ناکاو،

پێشکەوتوویی بەدەست ناهێنێ‌و، هەرحەزی لە کارکردنە لە بواری ئەرکە سروشتی‌یەکانی خۆی‌داو، پێی خۆشە پسپۆڕبێ لەبەڕێوەبەردنی ئیش و کاری ناومال و پەروەردەکردنی مندال و ئەو بوارانەی کە لەگەل فسیۆلۆجی خۆی دەگونجێن؛ وەکو بواری پەروەردەو پزیشکی‌و رستن و چنین و دوورین....

ئەمجار قورئان سەرنجی ئادەمیزاد رادەکێشێ بۆ لای شتێکی تری گرنگ و دەفەرموێ: ﴿ولا يأب الشهداء إذا ما دعوا﴾ واتە: نابێ شایەتەکان سەرپێچی بکەن لە ئامادەبوون بۆ شایەتیدان، بەڵکو پێویستە شایەت کە بەشایەت گیرا، بە ریک و پێکی رووداوەکە تێبگاو بەباشی سەرنجی بداتێ، ئەمجار کاتی پێویست بچێ لەبەردەم قازی‌و دادوەردا بەریکو پێکی شایەتیەکەی ئەدا بکا!

ئیمامی رەبیع دەفەرموێ: ئەم ئایەتە کاتی هاتۆتە خوارێ کە هی وا هەبوو بەناو خەڵکدا دەگەڕا بۆ شایەتیدان و کەسی دەست نەدەکەوت! هەندێکیش دەڵێن: مەبەست ئەوەیە؛ کە کەسێ داوای لێکرا ببێتە شایەت، نابێ نکولی لێ بکاو، کاتی شایەتیدانەکەشی نابێ نکولی بکا. سەرپێچی‌کردن لەشایەتی هەڵگرتن و شایەتیدان حەرامەو دەبێ بەدڵفراوانی‌یەوە بەرەو پیریان بچێ. ﴿ولا تسألوا أن تكتبوا صغيرا أو كبيرا إلى أجله﴾ تەمەڵی مەکەن و بێزاری دەرمەبڕن لەوە کە قەرزەکە کەمە یان زۆرە، بچووکە یان گەورەیە، ئێوە قەباڵەکەی بنووسن لەگەل دیاری‌کردنی کاتی دانەوەیشیا.. یان ئەگەر خاوەن مامەڵەکان داوایان لێکردن بۆ نووسینی قەباڵەکە هەر لەیەکەم رۆژی مامەڵەکەوە هەتا رۆژی دانەوەی قەرزەکە هەرکاتێ داوایان لێکردن بۆ نووسین -قەرزەکە کەم بێ یا زۆر- ئەوە سەوداکەیان بۆ بنووسن! ئەم جەخت و پێداگرتنە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەنووسین بەڵگەیەکی بایەخدارە ئەگەر مەرجەکانی

دەستەبەر ببن هۆیەكی گرنگە بۆ چەسپاندنی مافی ئادەمیزادان.

ئەمە كە پەروەردگار دەفەرموێ: قەرز كەم بێ یا زۆر، دەبێ بنووسرێو تەمبەڵی تێدا نەكرێ، بۆ ئەوەیە مافی بازرگان و سەوداكەران نەفەوتێ ئەمەش یاسایەكی پێشكەوتووی ئابووریی رۆژگاری ئەمڕۆیە، ئەوەتا ئەمڕۆ هەموو مامەڵەو سەودایەك لەدەفتەری تایبەتی‌دادەنووسرێو ئەندازەو جۆرەكانی دانەوەی دیاری دەكرێ؛ دادگا ئەو نوسوینە بەبەڵگەی چەسپێنەرو بەهێز وەردەگرێ. ﴿ذلكم أقسط عند الله﴾ نووسینی ئەو قەباڵەیە بەشێوەیەكی رێك و پێك، عەدالەت و راستكاری زۆرترە لەوە كە هەر بە شایەتی لەسەرگرتن كیفایەت بكەن. ﴿وأقوم للشهادة﴾ یارمەتیدەریشە بۆ راست كردنەوەی لارو وێری شایەتیدانەكە! چونكە وا دەبێ شایەتەكان چۆنیەتی مامەڵەكەیان لەبیرنامێنێو بە نووسینەكە وەبیریان دێتەوە. ﴿وأدنى ألا ترتابوا﴾ بە نووسینەكە شایەتیەكەیان لە راستی نزیكتر دەبێو، لە ناڕاستی دوور دەكەوێتەوە، شك و گومان نامێنێ لە دیاریكردنی توخمی قەرزەكەو نەوع و ئەندازەو ماوەی ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە شایەتەكان مافی ئەوەیان هەیە، پێش شایەتیدانەكەیان داوای بینینی قەباڵەنامەكە بكەن و چاوێكی پێدا بخشێننەوە، یان بۆیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بە باشی چۆنیەتی مامەڵەكەیان وەبیربێتەوە.

﴿إلا أن تكون تجارة حاضرة تديرونها بينكم فليس عليكم جناح ألا تكتبوها﴾ واتە: نووسینی مامەڵەكە پێویستە مەگەر ئەو مامەڵەیە بازرگانی‌یەك بێ لەنێوان سەوداكەرەكاندا بكرێو حازر بە حازربێو قەرزی تێ نەكەوێ، پارە بدەن و كاڵا وەربگرن، ئەوە ئەو كاتە ئەگەر نەینووسن گوناهتان ناگاتێ، چونكە لەو حاڵەدا هیچ كێشەو نیزاعێك چاوەڕوان ناكرێ، خاوەن كاڵا شت دەداو بەنەخت پارە وەردەگرێ، ئیتر چ پێویستی

بە نووسین نیە، بەڵام ﴿وأشهدوا إذا تبايعتم﴾ لەسەودای بەحازریش شایەتی رابگرن، چونکە رێدەکەوێ لەبرێ سەودادا دوای تەواوبوونی مامەڵەکە کێشەو نیزاع روودەداو مامەڵەچییەکان پێویستیان بە شایەتیدانی شایەتەکان ببێ! بەڵام قەرزی درێژخایەن چونکە وا دابێ دوای مردنی شایەتەکان کێشەی تێدا روودەدا، بۆیە پێویستە مامەڵەکە بنووسرێ. ﴿ولا يضار كاتب ولا شهيد﴾ با نووسەری قەباڵەکەو شایەتەکان زیان بە مامەڵەچییەکان نەگەیەنن، زیادو کەمی لەئەندازەو ماوەی قەرزەکەو مەرجەکانی نەکەن، هەروەکو چۆن دروست نیە بۆ سەوداکەرەکان کە زیان بە نووسەرو شایەتەکان بگەیەنن، نەچن بە بەرتێل و بەرتیلکاری داوا لە شایەتەکان بکەن، کە شایەتیەکەیان ئەنجام نەدەن، یان شێوەکەی بگۆڕن، نابێ زۆرییان لێ بکرێ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە نووسینەکەدا، یان لە شایەتیدانەکەدا بکەن، پێویستە رووداوەکە چۆنە ئاوا بنووسرێو شایەتیشی هەر ئاوا لەسەر بدرێ! ﴿وان تفعلوا فإنه فسوق بكم﴾ زیان گەیاندن بە مامەڵەچییەکان، یان بە شایەت و نووسەرەکە، لادانە لە ئایینی پاکی ئیسلام و سەرپێچیکردنە لە راستیو عەداڵەت و حەق!!

﴿واتقوا الله ويعلمكم الله﴾ خۆتان لە سزای خودا بپارێزن، هەرچی فەرمانی بەکردنی کردووە ئەنجامی بدەن، هەرشتێکیش نەیی لێ کردووە توخنی مەکەون، برێکیش لەو شتانەی نەیی لێکردووە زیانگەیاندنە بە نووسەرو شایەتی مامەڵەکانتان. خودا فێری ئەوەتان دەکا کە چۆن دەقی ئەو قەباڵەنامانە بنووسن ﴿والله بكل شيء عليم﴾ ئاگاداربن و وریابن کەس کارتان تێنەکاو لە شایەتیدان و خوێندنەوەی قەباڵەنامەدا گۆڕانکاری مەکەن!

چونکە خودا ئاگاداری هەموو شتێکەو، هیچی لێ گوم نابێ،

ئاشکراو نهێنیتان دەزانێ، ئاگای لەهەموو هەڵس و کەوت و مەبەستێکتانە.

﴿وإن کنتم علی سفر ولم تجدوا کاتبا فرهان مقبوضة﴾ ئەگەر ئێوە لەکاتی مامەڵەکردنەکەتان دا لەسەفەردا بوون، نووسەرو قەڵەم و دەفتەرو کاغەزتان دەست نەدەکەوت، ئەوە دەتوانن بارمتەیەک وەربگرن و لای خۆتان گلی بدەنەوە تا حەقی خۆتان وەردەگرنەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێوە دڵنیا نەبن لەو کەسانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و بەقەرز شتیان دەدەنێ ﴿فإن أمن بعضکم بعضا فلیؤد الذي اؤتمن أمانته ولیتق الله ربه﴾ ئەگەر بازێکتان هەبوو دڵنیابوو کە ماڵەکەی ناخورێ و لەکاتی خۆی دا بابای قەرزدار قەرزەکەی دەداتەوە، ئەوە بارمتە ورەگرتن پێویست نیە!! بەڵام پێویستە قەرزدار بتمانەی خۆی پارێزگاری بکاو، ئەو بتمانەیەی کە خاوەن قەرز پێی هەبووە بەبێ بارمتە کاڵای داوەتێ نەهێڵێ ئەو بتمانەیەی بفەوتێ، لەخوا بترسێو خیانەتی لێ نەکا؛ دوایی نەڵێ: جا خۆ شایەت و بەڵگەی بەدەستەوە نیەو ئینکاری دەکەم، چونکە خودا شاهیدەو ئاگادارە پێویستە لەئەو بترسن. بۆیەش لەم رستەیەدا قەرز بەئەمانەت ناو بردووە کە دەفەرموێ: ﴿فلیؤدي اؤتمن أمانته﴾ چونکە خاوەن قەرز لەقەرزدارەکە دڵنیاو ئەمین بووە بارمتەی لێ وەرنەگرتووە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ: کە ئەو دەقانەی قورئان کە نووسین و شایەتی گرتن و بارمتە وەرگرتن بە پێویست دادەنێن ئەصڵ و بنەماو عەزیمەتن، بۆ زیادە دڵنیابوونە لە نەفەوتانی قەرز، ئەم دەقەی کە رێگای دا لەکاتی سەفەرو پێویستیدا واز لە نووسین بێنین، یان بارمتەی لێ وەرنەگرین ئەوە روخصەتەو چاوپۆشی لێ کراوە!!

﴿ولا تکتموا الشهادة ومن یکتمها فإنه آثم قلبه﴾ ئێوەش ئەی شایەتەکان! ئەگەر بانگ کران بۆ شایەتیدان و داواتان لێ کرا، شایەتیەکی

کە لاتانە مەیشارنەوە، مامەڵـەو رووداوەکـە چۆنـە ئـاوا شـایەتی لەسـەر بدەن، هەرکەسێکێ شایەتی بشارێتەوە ئەوەگوناهبارەو تاوان دەکا.

بۆیەش ئەم جەختەی لەسەر نەشاردنەوەی شـایەتی کـردەوە، چونکـە نووسـەری قەباڵـەو شـایەت هۆکـاری یارمـەتیدەرن بـۆ پاراسـتنی مـافی بازرگانان.. بۆیە لەسەریان پێویستە کە هیچ لامجومییەکێ لەئەم ئەرکـەدا نەکەن. هەروەکو چۆن پێویستە بازرگانەکاز زیان بـە شـایەت و نووسـەری قەباڵەکان نەگەیـەنن، چونکـە بـەرژەوەندی هـەموو لایـەکێ لەوەدایـە کـە نووسەرو شایەت وەکو پێویسـت ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان ئـەنجام بـدەن. (﴿وا لله بما تعملون علیم﴾ هەرشتێکێ بڵێن و بیکەن، باش بیـ یـان خـراپ، ئاشکرا بیـ یان نهێنی، خودا زاناو ئاگـادارە بـە سـەریدا و دەزانـێ بـە چ مەبەستێکێ ئەو کارەتان ئەنجام داوە سزاو پاداشی پێویستتان دەداتەوە!!

فەرمانڕەوایی‌و خاوەنیەتی‌ی ئاسمانەکان و زەوی هی خودایەو ئاگاداری هەموو شتێکی بوونەوەرە

لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ ۖ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە تەواوکەرە بۆ کۆتـایی دوو ئایەتەکـەی پێشـوو کـە ﴿وا لله بکل شيء علیم﴾ و (وا لله بما تعملون علیم﴾ن.

بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە زانسـتی خـودا هـەموو شـتێکێ دەگرێتـەوە، چونکە کەسێکێ خاوەنی شتێکێ بیـو دروستیشی کردبێ دەبێ بزانێ چیـەو چۆنەو چەندە، وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ألا یعلم من خلق وهو

اللطیف الخبیر﴾الملك/١٤.

هەروەها کەسێک خاوەنی شتێک بێو بەدیهێنەریشی بێ بۆی هەیە لەسەر کردەوەکانی ئەو شتە لێپرسینەوەی هەبێ، بۆی هەیە لەسەر شاردراوەی ناو دڵی بەندەکانی لێکۆڵینەوەی هەبێ، بۆی هەیە بە ئارەزۆی خۆی پاداش و سزا ئەنجام بدا بەرامبەر کردەوەی بەندەکانی، وەکو دەفەرموێ: ﴿ لله مافي السموات وما في الأرض﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەمووی مڵکی خودایەو، هەر ئەو لە نەبووەوە بەدی هێناوە، هەرئەویش بەویست و ئیرادەی خۆی تەصەڕوفیان تێدا دەکاو، کەس هاوبەشی نیە تێیاندا، کەسی تر جگە لە زاتی خۆی شایانی پەرستن نیە، کەس ناتوانێ لە مڵک و سەڵتەنەتی ئەو دەرچێ. ﴿وإن تبدوا ما في أنفسكم أو تخفوه يحاسبكم به الله﴾ ئەگەر ئەوەی لە دڵتاندایە: لە خراپەکاریو عەزمتان لەسەر کردنیەتی چ کردار چ گوفتار بێ دەری‌بخەن یان بیشارنەوەو دەری‌نەخەن ئەوە خودا حیسابتان لەگەڵ دەکاو سزاو پاداشتان دەداتەوە؛ چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە. ﴿فيغفر لمن يشاء ويعذب من يشاء﴾ ئیتر پاش لێکۆڵینەوەو حیساب لەگەڵ کردن پەروەردگار خۆش دەبێ لەو کەسەی خواستی لەسەربێو، بیەوێ بەرەحمەت و گەورەیی خۆی رزگاری ببێ، سزا دەدا ئەو کەسەی بیەوێ تۆڵەی لێ بستێنێ..!!

حیساب کردنی خودا بریتیە لەوە بەندەکانی ئاگادار دەکا لە کردەوەکانیان و هەر کەسە کرداری خۆی چیەو چی کردووە دەیبینێتەوە، ئەمجا پێیان دەڵێ: بۆچی ئەوەت کردووە؟! بۆچی ئەوەت نەکردووە؟! ﴿والله على كل شيء قدير﴾ خودا بەسەر هەموو شتێکی مومکیندا بەدەسەڵات و توانایەو، هیچ شتێ لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو دەرناچێ!

لێرەدا تێبینی‌یەک هەیە؛ ئەویش ئەوەیە: برێ لە راڤەکارانی قورئان

وەکو ئیمامی عەلیو عەبدوڵلای کوڕی عومەرو عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودو (کعب الأحبار)و شەعبیو نەخەعیو موحەممەدی کوڕی قەتادەو کەسانی تریش پێیان وایە ئەم ئایەتە نەسخ بۆتەوە بە ئایەتی ﴿لا یکلف الله نفسا إلا وسعها﴾ لەم رووەوە کە ئایەتی ﴿وإن تبدوا ما في أنفسکم أو تخفوه یحاسبکم به الله﴾ ئەوە دەچەسپێنێ کە ئادەمیزاد بەرپرسیارە لەسەر ختوکەی دەروون و خەتەرەی دڵ و لێپرسینەوەی لەسەرە! ئایەتی ﴿لا یکلف الله نفسا إلا وسعها﴾ ئەوە دەسڕێتەوە..

بەلام ئەم رایە بە لاواز دادەنرێ چونکە:

١- فەرموودەی پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿یحاسبکم به الله﴾ خەبەرو هەواڵە، خەبەریش نەسخ ناکرێتەوە، چونکە نەسخ روو دەکاتە جوملەی ئینشائی -فەرمان یا نەهی-، روو ناکاتە جوملەی خەبەریی.

٢- کرداری دڵ و دەروون بە گوێرەی ئایەت و حەدیث و ئیجماع و قیاس، وجوودی هەیەو سزاو پاداشی لەسەرە، جا ئەم کرداری دڵە لەسەر ئەندامانی لەش رەنگ بداتەوە یان نا!!

٣- ختوکەی راگوزاریو قسەی نەفس کە نەگاتە پلەی قەصدو عەزم ناچێتە ژێر مەفهوومی ئایەتەکە.

٤- داواکردنی شتێک لە ئادەمیزاد کە لەباریدا نەبێو نەتوانێ ئەنجامی بدا لەگەڵ حیکمەتی خودا یەک ناگرنەوە، واتە: خودا شتێک داوا ناکا لە مرۆڤ کە لە توانایدا نەبێ!

٥- لێرەدا مانای نەسخ دەرناکەوێ چونکە نەسخ بریتییە لە گۆڕینی حوکم لەبەر گۆڕانی بەرژەوەندی (مکلف)ەکان دەی خۆ ئەوەی لەنەفسدایە ناگۆڕێو بەگوێرەی رۆژگارو چۆنیەتی کات و سات گۆڕانکاری بەسەردا نایەت..

بڕواهێنان بە پەیامی پێغەمبەران و ئەرک بەئەندازەی توانا

ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾

پەروەردگار لەسەرەتای ئەم سوورەتەدا باسی قورئانی کرد، ئەمجار هاتە سەر باسی موسوڵمانان و بەراوردیکردنیان بە کافرو دووڕووەکان، ئەمجار باسی سەرگورشتەی جولەکەکانی کردو ئەمجار زۆر حوکمی شەرعی روون کردنەوە وەکو رۆژوو و حەج و نیکاح و تەڵاق و بەگژاداچوونەوەی گومڕایان و دەمکوت کردنیان. کۆتایی سورەتەکەشی بەوەهێنا: کە پێغەمبەری ئیسلام و موسوڵمانان بڕوای پتەویان بە نامە ئاسمانیەکان و پێغەمبەرانی پێش ئیسلام هەیە، ئەوەی روون کردەوە کە پێغەمبەری ئیسلام و پەیڕەوانی بەبێ جیاوازی پێیان وایە هەموو پێغەمبەران راستن و هەموویان لەئەصڵی پێغەمبەرایەتیو تەشریعدا لەیەک کان و سەرچاوە پەیامیان وەرگرتووە، میسکی کۆتایی

سوورەتەکەشی بەوە هێنا: کە پەروەردگار بە فەضل و گەورەیی خۆی ئەرکی ئاسان و لەتوانادا بووی خستۆتە سەر موسوڵمانان و شتێکی وایان داوا لیێ ناکا کە لەتوانایاندا نەبێ.

ئەمجا ئەوەشی راگەیاند کە خاوەنی بیرو بڕوای پتەوو هەڵگرانی دروشمی ئیمان و راستی لە ئاکاما سەرکەوتوو دەبن بەسەر کوفرو یارمەتیدەرانی کوفردا. بۆیە دەفەرموێ: ﴿آمن الرسول بما أنزل إليه من ربه والمؤمنون﴾ پێغەمبەری ئیسلام بۆخۆیو موسوڵمانان بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی (محمد) هەیەو بڕوایان بەو نیگاو پەیامە هەیە کە نێردراوە بۆ سەر (محمد) کە بریتییە لە عەقیدەو حوکمە شەرعیەکان هەموویان تەصدیقیان کردووە، رەوشتی خۆیان بەو پەیام و نیگایە ئارایشت داوە، بۆیە عائیشە کە لەبارەی رەوشتی پێغەمبەر ﷺ لێیان پرسی وتی: رەوشتی پێغەمبەر ﷺ قورئان بوو.. واتە: لەچوارچێوەی قورئاندا بوو...) بێگومان هاوەڵانی پێغەمبەر بەهۆی ئەم ئیمانە پتەوەوە بوو کە هەمیشە دەروون خاوێنو دڵپاک و ورە بەرزو مرۆڤ دۆست و خودا پەرست بوون، توانیان کاری گرنگ و سەرسوڕهێنەر لە مێژوودا تۆمار بکەن، زوربەی جیهانیان ئازاد کرد، زۆر گەل و نەتەوەیان خستنە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیانەوە، برایەتیو یەکسانیان خستە ناو گەلەکانەوە رامیاری و مرۆڤایەتییان لەناودا بڵاوکردنەوە، زۆر دادوەرانەو حەکیمانە لەگەڵ ئەو دانیشتوانەدا جوڵاونەوە، تەنانەت دوژمنانیش دان بەم راستییەدا دەنێن و مێژووش لەپەڕاوی نەمرانداو بە خەتی زێڕین و لە پلەی ئیمپراتۆرییەتە گەورەکاندا جێگای بۆ دیاری کردوون، چونکە رەوڕەوەی مێژوویان سەر لەبەر گۆڕی....!!!!

﴿كل آمن با لله وملائكته وكتبه ورسله﴾ هەموو ئەو موسوڵمانانە بڕوایان هێناوە بە بوونی خوداو بە تاک و تەنیایی و بە حیکمەت و توانا و

دەسەڵاتی لە بوونەوەردا، هەروا بڕوایان هێناوە بە فریشتەی خودا، ئەو فریشتانەی چەندەها ئەرکی گرنگیان پێ سپێردراوەو هەمیشە خەریکی خوداپەرستیو یەکتاپەرستین!! لەلایەن پەروەردگارەوەو دەنێردرێن بۆ لای پێغەمبەران.

هەروەها بڕوایان هێناوە بە پێغەمبەرانی بەڕێز؛ ئەو پێغەمبەرانەی کە نامەی ئاسمانییان بۆ نێردراوەو شەریعەتیان بۆ دیاری کراوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لە تاریکی نەزانی رزگار بکەن و بییان هێننە سەر ڕێگای راست. هەمیشە ئەو موسوڵمانانە دەڵێن: ﴿لا نفرق بين أحد من رسله﴾ ئێمە لە بارەی پێغەمبەرایەتیو تەشریعەوە جیاوازی ناخەینە نێوان پێغەمبەرانەوە، پێمان وایە پەیامی هەموویان بریتییە لە ئیقرارکردن بە هەبوونی خوداو تاک و تەنیایی زاتی پاکی پەروەردگار. هەروەها بانگەوازییە بۆ رەوشت بەرزیو مرۆڤایەتی! ئەو زیدە ڕێزەی کە ئایەتی ﴿تلك الرسل فضلنا بعضهم على بعض﴾البقرة/٢٥٢. دەیگەیەنێ ئەوە لەلایەنی ترەوەیە، نەک لەبارەی پێغەمبەرایەتیو تەشریعەوەیە. لەم بارەوە هیچ جوداوازییەکیان لەنێواندا نیە.

لەمەشەوە ئاماژە دەکرێ کە موسوڵمانان زیدە ڕێزیان هەیە بەسەر گەل و نەتەوەکانی تردا؛ ئەو گەل و نەتەوانەی کە بڕوایان بەهەندێ پێغەمبەر هەیەو بڕوایان بە هەندێکی تریان نیە. ﴿وقالوا سمعنا وأطعنا﴾ موسوڵمانان هەموویان بەیەک دەنگ وتیان: خودایە! پێغەمبەر ﷺ پەیامی خۆی گەیاند ئێمەیش پەیامەکەیمان بیست و لێی حاڵی بووین و وەرمان گرت. فەرمانبەرداری فەرمانەکانی ئایینین! بڕوامان وایە هەموو فەرمان و نەهییەکی ئایین بۆ خۆشبەختی دونیاو قیامەتمانە. ئەو موسوڵمانە راستالانە هەمیشە خۆیان خۆیان دادگایی دەکەن و نەفسی خۆیان موحاسەبە دەکەن.

هەر کەم و کوڕیەکی هەیان بێ هەوڵ دەدەن قەلاچۆی بکەن و هەر هەوڵی رازیکردنی خودای خۆیانیانە! بۆیە هەمیشە دەڵێن: ﴿غفرانك ربنا وإليك المصير﴾ خودایە! کەم و کوڕیمان بپۆشە گوناهمان بشارەوە، لە دونیادا ئابڕوومان مەبەو لە قیامەتیشدا سزامان مەدە.. واتە: خودایە! داوات لێ دەکەین کە خۆش بی لەو گوناهانەمان کە لەوانەیە لێمان رووبداو ببنە لەمپەڕو کۆسپ لەبەردەم پێگەیشتن و بەختەوەربوونمان، خودایە! ئەتۆ هەڵسووڕێنەری هەموو ئیش و کاریکمانی، گەڕانەوەمان هەر بۆ بەردەم قاپی بارەگای تۆیە، چیت بوێ لە گەڵمان دەکەیو کەس نیە بتوانێ رێگەت لێ بگرێ.

جا پەروەردگار دەفەرموێ: هەرچەندە ئەوەی بەدڵیاندا دێ ئاگامان لێیەتیو پێی دەزانین بەڵام ﴿لا يكلف الله نفسا إلا وسعها﴾ . پەروەردگار هیچ کەسێ زیاد لە وزەی خۆی ئەرکی ناخاتە سەریو، لەهیچ نەفسێ داوای ئەنجامدانی کارێک ناکا کە لە تاقەتیا نەبێ، ئەمەش لوطف و رەحمەتی خودایە کە هەر نەفسە بەئەندازەی وزەو توانای خۆی داوای ئەنجامدانی کاری لێ دەکرێ.

ئەم ئایەتە ئەوەی بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ روون کردەوە کە ئەو موحاسەبەی لەئایەتی ﴿وإن تبدوا ما في أنفسكم أو تخفوه يحاسبكم به الله﴾ مەبەست ئەوەیە پەروەردگار هەرچەندە پرسیارو لێکۆڵینەوە لەسەر ختوکەی نەفس و قسەی دڵ بکا، بەڵام کەس لەسەر ئەوە سزا نادا، چونکە شتێک کە ئادەمیزاد نەتوانێ بەرگری بکا وەکو ختوکەی نەفس و قسەی دڵ، ئەوە لێی بەرپرسیار نیە! !

﴿ لها ما كسبت وعليها ما اكتسبت﴾ نەفسی ئادەمیزاد بەختەوەر دەبێ بەو کردەوە باشانەی کردوونیو بەردەوام بووە لەسەری، پاداشی باش وەردەگرێ، هەروەکو چۆن سزای دەدرێ لەسەر هەر کردەوەیەک کە

ناهەمواربێو تاوان بێو بەویستی خۆی بیکا.

ئەمجار پەروەردگار بەندەکانی خۆی شارەزایی دەکا بۆ نزاو پاڕانەوە، فەرمانیان پێ دەکا کە بڵێن: ﴿ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا﴾ خودایە! سزامان مەدە ئەگەر بەهۆی لەبیرچوونەوە (واجب)و ئەرکێکی سەرشانی خۆمان بەجێ نەهێنا، یان بە نەزانی کردەوەیەکی خراپمان ئەنجام داو لەبیرمان چووبووەوە کە حەرامە، یان ڕێگای راستمان هەڵە کردو نەمانزانی ڕێبازی راست کامەیە؟!!!

﴿ربنا ولا تحمل علينا إصرا كما حملته على الذين من قبلنا﴾ خودایە! باری گران مەخەرە سەر شانمان -با بە زەحمەت بشتوانین ئەنجامی بدەین- وەکو ئەو ئەرکە قورسانەی کە خستبووتە سەر گەل و نەتەوەکانی پێش ئێمە، وەکو بەنو ئیسرائیل کە وەرگرتنی تۆبە لێیان بە کوشتنی تۆبەکار دەبوو واتە: کەسێک تاوانێکی بکردایەو تۆبەی بکردایە مەرجی قبووڵ بوونی تۆبەکەی کوشتن بوو، هەروەها چواریەکی ماڵ و سامانیان دەبوایە بدەن بە زەکات، ئەگەر شوێنێکی پۆشاکیان پیس بوایە دەبوایە بیبڕن!!

بەڵام ئاینی ئیسلام زۆر بار سووکی تێدایەو لەسەر ئاسانکاری دامەزراوە، چۆن وا نیە؟! پێغەمبەر بۆ خۆی پێغەمبەری رەحمەتەو نێردراوە بۆ سەر سەرجەم ئادەمیزاد..

جابیر دەفەرموێ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بعثت بالحنفية السمحة) ئەو ئایینەی بە منا نێردراوە ئایینێکی پاک و پیرۆزی دوور لە پڕوپووچی ئاسان و خۆشە، شتی پڕوپووچو بێکەڵکی تێدا نیە.

﴿ربنا ولا تحملنا ما لا طاقة لنا به﴾ خودایە! ئەرکێک مەخەرە سەرشانمان و داوای ئەنجامدانی کارێکمان لێ مەکە کە لەتوانامانda

نەبێ، بەڵاو موصیبەتێکمان بەسەردا مەهێنە کە خۆی بۆ رانەگرین، بە شتێکێ تاقیمان مەکەرەوە کە لە وزەماندا نەبێ!! ﴿واعف عنا﴾ خۆش ببە لەو تاوانانەی کە لەنێوان ئێمەو تۆدایە، خۆت پێی دەزانیو ئاگاداری کەمتەرخەمیمانی! ﴿واغفر لنا﴾ هەروەها خۆش ببە لەو گوناهانەی کە لەنێوان ئێمەو بەندەکانتدا رووی داوە، مەهێڵە ئادەمیزادان ئاگاداری عەیب و لەکەو تاوانمان بن، بەکردەوەو خراپەکانمان بزانن، خودایە! هەموو تاوان و گوناهمان سرِ پۆش بکەو لای خۆت بیانشارەوەو لێمان خۆش بە. ﴿وارحمنا﴾ رەحممان پێ بکە، لە روژگاری داهاتوودا تووشی تاوان نەبین، بەتەوفیقی خۆت لە گوناه بمانپارێزەو یارمەتیمان بدە لەسەر رێبازی راستی ئایینی پیرۆزت بەردەوام بین، کە دەبێتە هۆی بەختەوەری هەردوو جیهانمان!!

تێبینی:

دەکرێ کە ئەم سێ رستەیە ﴿واعف عنا، واغفر لنا، وارحمنا﴾ ئاکامی ئەم سێ رستەیەی پێشەوەن، بەم شێوەیە: رستەی ﴿لا تؤاخذنا﴾ ئاکامەکەی ﴿واعف عنا﴾ بوو، ئاکامی ﴿ولا تحمل علینا إصرا﴾ رستەی ﴿واغفر لنا﴾ بوو، ئاکامی ﴿ولا تحملنا ما لا طاقة لنا به﴾ رستەی ﴿وارحمنا﴾ بوو.

﴿أنت مولانا﴾ پەروەردگارا! تۆ خوداو خاوەن و بەرێوەبەری کاروباری ئێمەی، ئەتۆی هیدایەتت داوین و پاڵپشت و یارمەتیدەرمانی بۆ بەردەوام بوون لەسەر رێبازی راست و حەقپەرستی!.

﴿فانصرنا على القوم الكافرين﴾ زیاد لەئەو داخوازییانەشمان یارمەتیمان بدە بۆ تێکۆشان و زاڵبوون بەسەر کۆمەڵانی خوانەناس و کافردا سەرکەوتوومان بکە بەسەریاندا چ لە بواری بەڵگەو نووسین و موناقەشەو گفتوگۆدابێ یان لە گۆڕەپانی شەرو جەنگ دا بێ، خودایە!

ئاکام خێرمان بکەو بەختەوەری دونیاو قیامەتمان بکە!

مەعاذ خوای لێ رازیی بێ هەموو کاتێ کە لەخوێندنەوەی ئەم سوورەتە دەبووە دەیگوت: (امیــن).

پوختەو گرنگترین ئەو حوکمانەی کە ئەم سوورەتی (البقرە)یە لەخۆی گرتووە ئەمانەن:

یەکەم : لە بواری عەقیدەو بیروباوەڕدا:

ا- بانگەوازیکردنی هەموو ئادەمیزاد بۆ خوداپەرستیو یەکتاپەرستی.

ب- یاساغکردنی هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خودا.

ج- چەسپاندنی وەحیو نیگا بۆ پێغەمبەران و پێغەمبەرایەتی بەبەڵگەی قورئانیو تەحەدداکردنی هەموو ئادەمیزاد بەوەی کە ناتوانن سورەتێکی وەکو ئەم قورئانە بخەنە روو.

د- لە خۆگرتنی بنەماکانی ئایین و یەکتاپەرستیو چەسپاندنی رۆژی زیندووبوونەوە.

دووەم: حوکمە عەمەلیو شەرعییەکان :

١- بە رەوا زانینی خواردنی هەر شتێک پاک و خاوێن بێ.

٢- پاراستنی ژیانی ئادەمیزاد لە رێگەی دانانی یاسای تۆڵەساندنەوەو جەنگان لە دژی کافران.

٣- دەستنیشانکردنی روکنە سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام وەکو: نوێژکردن و زەکاتدان و بەرۆژووبوونی مانگی رەمەزان و ئەنجامدانی حەج و عەمرە.

٤- ماڵبەخشین لەرێگەی خودادا بە هەژاران و نەبوان بۆ ئەوەی باری لاسەنگی فەقیران راست بکرێتەوە، تەکافولی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکرێ.

٥- یاساغکردنی عەرەق و قومارو ریبا.

٦- سەرپەرشتیکردنی هەتیوان و ژیان بەسەر بردن لەگەڵیاندا.

٧- حوکمە شەرعیەکانی ژن و ژنخوازیو مارەکردن و تەڵاقدان و ماوەی شیرپێدانی منداڵ و عیددەی ئافرەت و نەفەقەو بژیو.

٨- وەصییەتکردن و چۆنیەتی وەصییەتەکە.

٩- نووسینی قەباڵەنامەو شایەتگرتن لەسەر مامەڵەی قەرزو بارمتە دانان و حوکمی شایەتیدان.

١٠- بەجێهێنانی ئەمانەت و ئەمینیکردن لە هەموو شتێکدا.

١١- شێوەی دوعاو پاڕانەوەو نزاکردن.

هەر لەبەرئەوەی کەئەم حوکم و یاسایەی لە خۆگرتوون پێیان گوتووە: (فسطاط القران).

بسم الله الرحمن الرحیم

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

سوورەتی ئالی عیمران

ئـەم سـورەتە سێیەم سـورەتە لەتـەرتیبی سـورەتەکانی قورئـاندا. سورەتێکی مەدینەیی‌یەو دوای سورەتی (الانفال) هاتۆتە خوارێو ژمارەی ئایەتەکانی (٢٠٠) دوو صەد ئایەتە بەبێ زیادو کەم.

ئەو هۆیانەی کە سورەتی (البقرە)و سورەتی (الـعمـران)ی خستوونە پەنا یەکتریەوەو لێکی چواندون ئەمانەن:

١- هەڵوێستی ئـادەمیزاد بەرانبـەر بـە قورئـان: هـەردوو سـورەتەکە بەباسی قورئان دەست پێ دەکەن و هەڵوێستی ئادەمیزاد بەرامبـەری ئـەو کتێبـە پـیرۆزە دیـاری دەکـەن، ئـەوەتا لـە سـوورەتی (البقـرە)دا باسـی ئەوانەی کردووە بڕوایان بە قورئان هەیەو ئەوانەی باوەڕیان پـێ‌ی نیـە. لـە سوورەتی (الـعمران)یش باسی هەڵوێستی ئەوانەی کـردووە کـە گومانیـان تێیایەتی‌و هەر خەریکی ئەوەن رەخنەی لێ بگرنو ماناکانی هەڵگێڕنـەوە، وێڕای هەڵوێستی خوداناسان.

ئەوانـەی لـە زانسـت و زانیـاریدا قووڵبوونـەوە ئیمانیـان بـە هـەموو ئایەتـەکانی هەیـەو پێیـان وایـە هـەموو ئایەتـەکانی -بـە موحکـەم و موتەشابیهەوە- لە خوداوە هاتوون. هەموویان مانای راسـت و دروسـتیان هەیە!!

٢- بەراوردکردن لەنێوان دروسـتکردنی ئـادەم و عیسـادا؛ ئـەوەتا لـە سـوورەتی (البقـرە)دا سەرگورشـتەی دروسـتکردنی ئـادەمی تێدایـە، لـە سورەتی (الـعمـران)یـشدا سەرگورشـتەی دروسـتکردنی عیسـای تێدایـە. لێـک چوانـدن و شـوبهاندنی عیسـای بـە ئـادەم تێدایە لـەو رووەوە کـە هەردووکیان شێوەی دروستکردنەکەیان بە شێوەی نائاسایی بووە.

٣- بەڵگەهێنانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جولەکەو فەلەکان (ئەهلی کیتاب). لە سوورەتی (البقرة)دا زۆری بەڵگەهێنانەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی جولەکەکان و دەستنیشانکردنی عەیب و عارو کەم و کورِییان و هەڵوەشاندنەوەی عەهدو پەیمان!! لە سوورەتی (ال عمران)یشدا بەچروپِری بەرپەرچدانەوەی فەلەکانی تێدایە. لەبارەی مێژووشەوە ئایینی مەسیحی دوا ئایینی جولەکە پەیدا بووە!

٤- فێرکردنی شێوەی نزاو پارِانەوە لە کۆتایی هەردوو سوورەتەکاندا: لە سوورەتی (البقرة)دا نزاو پارِانەوەکە بەشێوەیەکە کە بگونجێ لەگەڵ سەرەتاو پەیدابوونی ئایینداو پەیوەندی بە بنەماکانی تەشریعەوە هەیەو لایەنە تایبەتیەکانی ئایین دیاری دەکاو ئەوە دەچەسپێنێ کە ئایینی ئیسلام بارسووکی تێدایەو ئاسانکاریو لێبوردوویی لەخۆ گرتووە، لە سوورەتی (العمران)یشدا نزاو پارِانەوەی تێدایە بۆ بەردەوام بوونی لەسەر ئایین و قبووڵکردنی بانگەوازی پەروەردگار بۆ ئیمان هێنان و داواکردنی پاداش لە رۆژی قیامەتدا.

٥- چەسپاندنی سەرکەوتن بۆ موسوڵمانان: ئەوەتا لە سوورەتی (العمران) بەم ئایەتە کۆتایی پێ هێنراوە کە دەفەرموێ: ﴿واتقوا الله لعلكم تفلحون﴾، سورەتی (البقرة)ش بەم ئایەتە دەست پێ دەکات کە دەفەرموێ: ﴿أولئك على هدى من ربهم وأولئك هم المفلحون﴾.

ئەو پەیام و مانایانەی کەئەم سورەتە لەخۆی گرتوون.

ئەم سورەتە هەردوو لایەنی عەقیدەوتەشریعی لەخۆ گرتووە:-

لەبارەی عەقیدەوە ئایەتەکانی ئەم سورەتە جەخت لەسەرتاک و تەنیایی خودا دەکەنەوە، هەبوونی پێغەمبەرایەتی و راستی قورئان دەچەسپێنن، شوبهە و شک وگومانی کۆمەڵی جولەکەو فەلە پوچەڵ دەکاتەوە، راوو بۆچونی هەڵەی ئەهلی کیتاب دەربارەی قورئان و

پێغەمبەرایەتی (محمد)ﷺ رەت دەکاتەوە، ئەوە رادەگەیێنێ کە ئاینی پەسەند لای خودا ئاینی ئیسلامەو بەس!

هەروەها موناقەشە کردنی کۆمەڵی فەلە دەربارەی حەزرەتی مەسیح و بەخودا زانینی و بڕوانەهێنانیان بە پەیامی ئیسلام.

ئەم موناقەشەو ئەو پەرچدانەوەی بیرو رای فەلەکان نزیکی نیوەی سورەتەکەی داگرتووە، هەروەکو چۆن سورەتی(البقرە)زیاد لە سێیەکی دەربارەی موناقەشەو پووچەڵکردنەوەی را و بۆچوون و دەست نیشانکردنی تاوان و خراپەکاریەکانیانە، وێڕای ئەوەش ‌هەرزەنشت و هەڕەشە کردنە لێیان و ترساندنی کۆمەڵی موسوڵمانانە لەفێڵ وتەڵەکەو پیلانەکانیان!

لەبارەی تەشریعیشەوە ئایەتەکانی ئەم سورەتە برێ حوکمی شەرعی دیاری کردوە، وەکو(واجب)بوونی حەج و جیهادو تێکۆشان لەڕێگەی ئیسلام دا، وێڕای جەخت کردن لە یاساغکردنی ریباو سزادانی ئەوانەی کە زەکات نادەن، هەروا برێ پەندو دەرس و ئامۆژگاری وەرگرتن لە غەزای بەدر و ئوحود و نارەزایی دەربڕین لەهەڵویستی دوو رووەکان (المنافقین) کە هەمیشە وەکو گیاکەڵە وابوون لەناو کۆمەڵگای ئیسلام دا.

ئەمجار کۆتایی سورەتەکە بە شتێک هاتووە کەلەگەڵ هەردوو لایەنی عەقیدەو تەشریعدا گونجاوە: کەبریتییە لە تێفکرین و وردبوونەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی‌و ئەو هەموو شتە عەجایب و سەرسوڕهێنەرانەی کەلەم بوونەوەرەدا هەن، وێڕای وەصییەت و ئامۆژگاری کردنی موسوڵمانان کە خۆڕاگربن لە گۆرەپانی جیهادو جەنگ دژی کافران و بەردەوام بوون لەسەر تێکۆشان بۆ ئەوەی بگەنە پلەی فەلاح و سەرکەوتن وەکو دەفەرموێ: ﴿**یاایها الذین امنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلکم تفلحون**﴾

هۆی ناونانی ئەم سورەتە بە (ال عمران):-

ئەم سورەتە ناو نراوە بە: سوورەتی ئالی عیمران چونکە چیرۆکی خێزانی عیمرانی تێدایە کە باوکی مەریەمی دایکی عیسایە، هەروا سەرگوزشتەی پەروەردە کردنی مەریەم کەدایکی بۆ خودا پەرستی تەرخانی کردبوو، هەروەها باسی دەستەبەر بوونی خواردەمەنی بۆ حەزرەتی مەریەم لەلایەن خوداوەو هەڵبژاردن و زیدە ریز پێدانی بەسەر هەموو ئافرەتانی رۆژکاری خۆیدا، ویڕای مزگێنی پێدانی بەوە کە منداڵێکی پیرۆزی دەبێ، ناوی عیسایەو خاوەنی موعجیزاتی زۆر دەبێ!!

سورەتی (البقرة) و (ال عمران) پێشیان دەگوترێ (الزهراوین) چونکە پرشنگدارن و شارەزایی خوێنەر دەکەن بۆ حەق و راستیو گەیشتن بەمراز بەهۆی ئەو مانا پرشنگدارانەی کەلەخۆیان گرتوون. یان هۆی ناونانیان بە (الزهراوین) لەم رووەوەیە کە هەردوو سورەتەکە هاوبەشن لەوەدا کە (ئیسمی ئەعظەمیان) لەخۆ گرتووە ...

ئەبوداوود و ئیبنوماجە وکەسانی تریش لەئەسمای کچی یەزیدەوە دەگێڕنەوە: کە پێغەبەرﷺ فەرموویەتی: ان الاسم الاعظم فی هاتین الایتین: (والهكم اله واحد لا اله الا هو الرحمن الرحيم) والتى فى ال عمران(الله لا اله الا هو الحى القيوم). . .

فەضل و گەورەیی سورەتی(ال عمران)

موسلیم لە نەوواسی کوڕی سەعمان دەگێڕیتەوە، دەڵێ: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: (یوءتى يوم القيامة بالقران واهله الذين كانوا يعملون به تقدمه سورة البقرة وال عمران . .

دووبارە موسلیم لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە دەگێڕیتەوە کە دەڵێ

لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو: اقرؤوا القران، فانە یاتی یوم القیامة شفیعا لاصحابە، اقرؤوا الزهراوین: البقرة وسورة ال عمران، فانهما یأتیان یوم القیامة کانهما غمامتان او کانهما غیابتان، او کانهما فرقان من طیر صواف تحاجان عن اصحابهما، اقرؤوا سورة البقرة فان اخذها برکة وترکها حسرة ولایستطیعها البطلة..

سەلماندنی یەکتاپەرستیو نازلکردنی قورئان

الٓمٓ ﴿١﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَیُّ ٱلۡقَیُّومُ ﴿٢﴾ نَزَّلَ عَلَیۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَیۡنَ یَدَیۡهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِیلَ ﴿٣﴾ مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِینَ كَفَرُواْ بِـَٔایَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِیدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِیزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٤﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَا یَخۡفَىٰ عَلَیۡهِ شَیۡءٞ فِی ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِی ٱلسَّمَآءِ ﴿٥﴾ هُوَ ٱلَّذِی یُصَوِّرُكُمۡ فِی ٱلۡأَرۡحَامِ كَیۡفَ یَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِیزُ ٱلۡحَكِیمُ ﴿٦﴾

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە:

ئیبنو ئەبی حاتەم و ئیبنو جەریری طەبەریو ئیبنو ئیسحاق و ئیبنولمونذیر دەڵێن: ئەم سوورەتە لە سەرەتاوە تا ئایەتی هەشتاو ئەوەندەی دەربارەی وەفدی فەلەی نەجران هاتۆتە خوارێ، کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر نزیکی شەست سوار دەبوون، چواردەیان پیاوماقووڵ و ریش سپیان بوون لەناویاندا ئەمیرو وەزیرو قەشەکەیان بوون، ئیتر لەگەڵ

پێغەمبەردا ﷺ دەربارەی عیسای کوڕی مەریەم کەوتنە گفتوگۆ؛! بە پێغەمبەریان گوت کێ باوکی عیسایە؟؟ سێکەسیان قسەیان کرد، جارێک دەیانگوت عیسای کوڕی مەریەم خودایە، چونکە مردووی زیندوو کردۆتەوە، جارێکیش دەیانگوت: کوڕی خوایە چونکە باوکی نەبووە، یان دەیانگوت: عیسا یەکێکە لە سێ ئوقنومەکە، بەم شێوە درۆو بوختانیان بەدەم خوداوە دەکرد، ئەمجار پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: باشە ئێوە نازانن کە کوڕ دەبێ لە باوکی بچێ؟ وتیان: بەڵێ، فەرمووی: ئێوە نالێن: خودای ئێمە زیندووەو نامرێ؟ عیساش مردنی بەسەردا دێ؟. وتیان: بەڵێ، فەرمووی: دەی باشە ئێوە نالێن خودای ئێمە بەسەر هەموو شتێکدا بەدەسەڵاتەو دەیپارێزێ رزق و رۆژی دەداتێ؟ وتیان بەڵێ: ئەمجار فەرمووی: دەی باشە ئایا عیسا هیچ کامێ لەم رەوشتانەی هەیە؟! وتیان: نەخەیر، ئەمجار فەرمووی: دەی باشە ئێوە نالێن: خودای ئێمە شێوەی عیسای لە سکی دایکیدا کێشاوە، بەو شێوەیەی ویستوویەتی جەستەی رێک خستووە؟ هەروەها خودا ناخواو ناخواتەوە، پیسایی ناکا؟! وتیان: بەڵێ ئەمجار فەرمووی: دەی باشە ئێوە نالێن: عیسا لە سکی دایکیدا پەروەردە بووە؟ وەکو منداڵانی تر بەشێوەیەکی ئاسایی لەدایک بووە؟ ئەمجار خواردنی دراوەتێ وەکو هەر منداڵێکی تر، ئەمجار خواردنی خواردووەو ئاوی خواردۆتەوەو پیسایی کردووە؟ وتیان: بەڵێ، فەرمووی: دەی باشە ئەدی ئێوە چۆن ئەو بۆچوونە هەڵەیەتان لا پەیدا بووە؟ ئیتر زانییان کە هەڵەن و بەڵگەیان پێ نەما، بەڵام هەر لەسەر ئینکاری خۆیان بەردەوام بوون، ئیتر خودای مەزن ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێو فەرمووی: (الم)، راڤەکەرانی قورئان لە مانای ئەم جۆرە وشانەدا دەڵێن: خودا بۆ خۆی دەزانێ مەبەست لە مانای ئەم جۆرە وشەیە چیە، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست ئەوەیە کە قورئان لەم جۆرە پیتانە پێک هاتووە، دە ئێوەش

ئازابن بتوانن لەم پیتانە کەلامێکی وەکو قورئان دابنێن.! ﴿أ الله لا إلا إلـه هو الحي القيوم﴾ پەروەردگار خودایەکی بێوێنەو پەرستراوێکی حەقە، لـە بوونەوەردا جگە لە ئەو خودایەکی تر نیە شیاوی پەرستن بێ، چونکە ئـەو بەدیهێنـەرە، خـاوەن دەسـەڵاتی رەهـاو فراوانـە لـە کـەوندا، هـەر ئـەوە سەرچاوەی خـێرو لابـەری شـەڕە، زینـدەی هەمیشـە زینـدووە، سـەرەتاو کۆتـایی ژیـانی نیـە، کـارگێڕو هەڵسـوڕێنەری کاروبـاری بەندەکانیـەتی، بەویستی خـۆی گۆڕانکاریـان تێـدا دەکـا یارلادەست و خـاوەن دەسـەڵاتە بەسەر ئاسمانەکان و زەویدا لەپێش دروسـ ـدنی عیسادا،، ئیتر چۆن ئەم بوونـەوەرە راگـیر کـراوە پێـش هاتنـە دونیـای عیسـاو دوای لــەدونیا دەرچوونی؟! دەی ئەگەر عیسا خودابێ، یان بەشێک بێ لـە خـودا، دەبـوو بەبێ ئەو بوونەوەر راگیر نەبوایە..

﴿نـزل عليـك الكتـاب بـالحق مصدقـا لمـا بـين يديـه﴾ پـەروەردگار خودایەکی وایە -ئەی محمد!- قورئانی بە نیگا بۆ ناردووی، هیچ شـک و گومانی تێدا نیە، راستیی کتێبـە ئاسمانیـیەکان و پێغەمبـەرانی پێشـوو دەچەسـپێنێ، بەشـێوەیەکی کـورت و لـە چوارچێـوەی بنـەمای پێغەمبەرایەتیو نیگادا پاڵپشتی پێغەمبەرانی رابوردوو دەکا لـەوەدا کـە بانگەوازییان بۆ یەکتاپەرستیو رەوشت بەرزی کردووە؛ هەمیشە هـەواڵی راست و موژدەئامێزیان بە گەلەکانیان داوە. بەکورتی قورئان ئەو راستیە دەچەسپێنێ کە پێغەمبەرانی پێشوو موژدەیان پێداوە: کە لەوەودوا خـودا پێغەمبەرێک دەنێرێ بـۆ سـەر هـەموو ئـادەمیزادو قورئـانی بـە خـەڵات دەدرێتێ کە کەلامێکی بێوێنەو موعجیزەیەو پڕتەو بەخشە هەتاهەتایـە!

﴿وأنـزل التـوراة والإنجيـل مـن قبـل هـدى﴾ خودایـەکی وەهایـە لـەپێش قورئاندا تەورات بۆ مووساو ئینجیلی بۆ عیسا ناردووە، بـۆ ئـەوەی هـەر یەکێ لـەم کتێبـە پیرۆزانـە ببنـە پڕۆگـرام و شـارەزاییکەری ئـادەمیزادی

سەردەمی خۆیان!! کەوابێ پەروەردگار -لەپێش هاتنە دونیای عیساو دوای لەدونیا دەرچوونیشی- نیگاو شەریعەتی بۆ ئادەمیزاد ناردووە، عیسا بۆ خۆی سەرچاوەی نیگا نیەو نیگای بۆ هاتووەو کراوە بە پێغەمبەر، دەی چۆن پێغەمبەر بە خودا دادەنرێ؟! ﴿وأنزل الفرقان﴾ پەروەردگار قورئانی ناردووە بۆ (محمد) کە حەق و ناحەق لێک جیادەکاتەوە، رێگای هیدایەت و گومڕایی دیاری دەکا، بەبەڵگەو دەلیلی بەهێز راستیو ناڕاستی لێک جیا دەکاتەوە!

﴿إن الذين كفروا بآيات الله هم عذاب شديد﴾ ئەوانەی ئینکاری نیشانەکانی خودایەتی خوداو تاک و تەنیایی زاتی پاکی دەکەن، هەمیشە عەیب و عار و لەکە دەخەنە پاڵی، رۆژی قیامەت بەهۆی ئەو کوفرو سەرپێچیکردنەیان سزای بەئێشیان بۆ ئامادەکراوە، ﴿والله عزيز ذو انتقام﴾ خودا باڵادەست و (منیع الجناب)ە، فرسەتی لێنابینرێ، خاوەنی تۆڵە سەندنە بۆ کەسێ بڕوای بە خودایەتی خودا نەبێو نیشانەی تاک و تەنیایی بەدرۆ بخاتەوەو سەرپێچی پەیامی پێغەمبەران بکا، بەهێزو توانای خۆی، بەویستی خۆی تۆڵەی لە نەیارانی دەستێنێ ﴿إن الله لا يخفى عليه شيء في الأرض ولا في السماء﴾ بێگومان پەروەردگار هیچ شتێکی لە بوونەوەردا لێ گوم نابێت، دەزانێ کێ بەڕاستی ئیمانی هێناوەو کێ کافرو خودانەناس و دوو ڕووە، کێ بە زۆرو تۆبزیی گفتارو کرداری کوفر ئامێزی پێ ئەنجام دەدەن! بەڵام دڵ و دەروونیان پڕە لە ئیمان و باوەڕ.

دەی خۆ عیساو غەیری عیسا هیچ شتێک لەم جۆرە نهێنییانە نازانن کەوابێ چۆن عیسا بە خودا حسێب دەکرێ؟!

﴿هو الذي يصوركم في الأرحام كيف يشاء﴾ خودا خودایەکی وەهایە ئێوەی ئادەمیزاد لە منداڵداندا وێنەکێش دەکا، چۆنی بوێ ئاوا

روخساوتان دیاری دەکا، نێرە، مێیینە، جوانە، ناشرینە، کورتە، درێژە، سپی پێستە یان رەش پێستە،..... هتد. دەی خۆ عیساو غەیری عیسا ناتوانن هیچ دروست بکەن و ناتوانن لە منداڵداندا وێنەی کەس بکێشن!! بەڵکو ئەوانە بۆ خۆیان دروستکراوو وێنەکێشراون، کەوابێ چۆن بە کەڵکی خودایەتی دێن؟؟ ﴿لا إله إلا هو العزيز الحكيم﴾ هیچ خودا نین جگە لە پەروەردگار هەر ئەو دروستکەرو بەدیهێنەرەو شیاوی پەرستن و خودایەتییە، کەس هاوبەشی نیە لەخودایەتیدا، تاک و تەنیاو فەردو صەمەدە، بێباوک و دایک و بێ منداڵە، کەسی لێنەبووەو لەکەس نەبووە، کەس دەرەقەتی نایە... ئەمانە هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوە کە عیسا بەندەیەکی دروستکراوە وەکو بەندەکانی تری لە ئادەمیزاد، ئەویش وەکو کۆرپەلەی تر لەسکی دایکیا وێنەی کێشراوەو، لەکاتی پێگەیشتنی سروشتی خۆیدا لەدایک بووە، ئیتر چۆن بەندەیەکی ئاوا بە خودا حلێب دەکرێ؟؟؟

هەبوونی ئایەتی مەحکەم و موتەشابیە لە قورئاندا

هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴿٨﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ﴿٩﴾

﴿هو الذي أنزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب﴾ ئەی محمد! پەروەردگار خودایەکی وەهایە قورئانی ناردۆتە سەر تۆو کردوویەتی بە بەرنامەو پرۆگرامی ئیسلام و یاسای بوونەوەر، جا بەشێک لە ئایەتەکانی (موحکەمن) واتە: بەبێ تەم و مژ مانای مەبەست دەگەیەنن و هەموو کەس لێیان حاڵی دەبێو هیچ ئیلتیباس و سەرلێتێکچوونی بۆ پەیدا نابێ، بەشەکەی تریان ئایەتی (موتەشابیهن) واتە: ماناکانیان روون و ئاشکرا نین و نازانرێ مەبەستی سەرەکی لە ماناکانیان چیە؟؟ چونکە بە رواڵەت (تعارض)و دژایەتیەک هەیە لە نێوان ظاهیری وشەکەو مانای مەبەست لێی!! یان (متشابە) ئەو ئایەتانەن کە پەروەردگار زانینی ماناو مەبەستی لێیان تایبەت کردووە بە زاتی خۆیو کەسی تر پەی پێ نابا، وەکو چۆنیەتی قیامەت و باسی روح و زیندووبوونەوەو دروستکردنی عیساو لەدونیا دەرچوونی.

جا لێرەدا شتێک هەیە پێویستە بزانرێ کە (متشابە) دوو جۆرە:

١- ئەوەیە کە وشەکە مانایەک بگەیەنێو عەقڵ بە پێچەوانەوە پەیی پێ بەرێ، مەبەستەکە نەزانرێ چۆنەو چۆن نیە، وەکو ئایەتی (**الرحمن على العرش استوى**)**طه/٥**.

٢- ئەوەیە کە پەروەردگار زانینی ئەو شتانەو چۆنیەتییانی تایبەت کردبێ بە خۆیەوە، کەسی تر حەقیقەت و کرۆکی نەزانێ وەکو حاڵ و چۆنیەتی قیامەت، یان حاڵ و چۆنیەتی فریشتەو جنۆکە... هەروا باقی شتە غەیبییەکان!!

ئایەتە موحکەمەکان: وەکو ئایەتی ﴿**قل تعالوا أتل ما حرم ربكم عليكم ألا تشركوا به شيئا**﴾و ئەو دوو ئایەتەی کە بەدوایدا دین لە سوورەتی

(الانعام/١٥١-١٥٢) یان ئایەتی ﴿**وقضی ربك أن لاتعبدوا إلا إیاه**﴾و ئەو سێ ئایەتەی لە سوورەتی (الاسراء) کە بەدوایدا دێن، (٢٣-٢٦). یان فەرموودەی خودا کە دەربارەی عیسا دەفەرموێ: ﴿**إن هو إلا عبد أنعمنا علیه وجعلناه مثلا لبنی إسرائیل**﴾**الزخرف**/٥٩. ئیتر ئەم ئایەتانەو وێنەیان زوربەی قورئانیان لێ پێکهاتووە بۆ بەیانکردنی ئەحکامی ئیسلامیو بنەمای عەقیدەو فەرمان و نەهیو حەلاڵ و حەرام.....هتد. هەموویان ماناکەیان ئاشکراو دیارەو مانای مەبەست دەگەیەنن و مانای تر هەڵناگرن، ئەم جۆرە ئایەتە موحکەمانە ئەصڵ و بنەمای قورئانن و بڕبڕەی ئەو کەلامە پیرۆزەن ئایەتەکانی تر لق و پۆپی ئەوانەن...

کەوابێ ئەگەر شتێکمان لێ ئیشکال بوو، ئایەتێکی (متشابە)مان هاتە بەرو لە مەبەستەکەی حاڵی نەدەبووین، پێویستە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئایەتە موحکەمەکانداو بەگوێرەی مانای ئەوان راڤەی ئایەتە موتەشابیهەکە بکەین: بۆ نموونە: ئەم ئایەتەی کە دەربارەی عیسا دەفەرموێ: ﴿**وکلمته ألقاها إلی مریم وروح منه**﴾النساء/١٧١. دەبێ بەگوێرەی ئایەتی ﴿**إن هو إلا عبد أنعمنا علیه**﴾الزخرف/٥٩ تەفسیری بکەین، هەروەها دەبێ بەگوێرەی ئایەتی ﴿**إن مثل عیسی عند الله کمثل ادم**﴾ال‌عمران/٥٩ تەفسیری ئایەتە (متشابە)ەکە بکەین.

واتە: دەبێ بڕوامان وابێ کە هەموو ئایەتەکان -محکم+متشابە- لەلایەن خوداوە هاتوون و هیچ ئایەتێک دژایەتی لەگەڵ ئایەتێکی تردا نیە!!

ئایەتە (متشابە)ەکان وەکوی ئایەتی (١٧١)ی سورەتی النساء کە دەفەرموێ: ﴿**وکلمه ألقاهاإلی مریم وروح منه**﴾ یان ئایەتی ﴿**إنی متوفیك ورافعك إلي**﴾ال‌عمران/٥٥، یان ئایەتی ﴿**الرحمن علی العرش استوی**﴾**طه**/٥. یان ئایەتی ﴿**ید ا لله فوق أیدیهم**﴾الفتح/١٠. ئەم ئایەتانە هەریەکەیان بە

بیروبۆچوونی ئێمە چەند مانایەکێ هەڵدەگرن کە ئەو مانایانە لەگەڵ ظاهیری ئەو وشەیەی کە مانا مەبەستەکەی تێدایە ڕێک ناکەون، جاری وا هەیە ئەو مانایە لەگەڵ مانای ئایەتە موحکەمەکە گونجاو دەبێ، جاری وایش دەبێ لە بارەی وشەو تەرکیبەوە لەگەڵ مانایەکی تر دەگونجێ، بەڵام لە بارەی مەبەستەوە هەرگیز جیاوازی نابیندرێ.

کەوابێ ئەی کۆمەڵی فەلە! ئێوە بۆتان نیە بەم جۆرە ئایەتە موتەشابیهانە نموونە بێننەوەو بە ئارەزۆی خۆتان مانایەکێ هەڵبژێرن، بەڵکو پێویستە پەیڕەوی ئایەتە موحکەمەکان بکەن و ئایەتە موتەشابیهەکان بەگوێرەی ئایەتە موحکەمەکان مانا بکەن، دەبێ ئێوە عیسا بەگوێرەی ئایەتی ﴿**لن یستنکف المسیح أن یکون عبدا لله ولا الملائکة المقربون**﴾النساء/١٧٢. بناسن و ئایەتە موتەشابیهەکانی تر دەربارەی عیسا لەگەڵ ئەم دا بەراورد بکرێن و بەگوێرەی ئەم جۆرە ئایەتانە مانایان لێبدەنەوە.

پێویستە ئەوەش بزانین کە موحکەم و موتەشابیهـ لێرەدا ماناکەیان جیایە لەگەڵ موحکەم و موتەشابیهی شوێنی تر، بۆ نموونە کە لەئایەتی یەکەمی سورەتی (هود)دا دەفەرموێ: ﴿**کتاب أحکمت آیاته**﴾ مانای ئەوەیە ئەم قورئانە پەڕاوێکە ئایەتەکانی عەیب و لەکەیان تێدا نیە، کەلامێکی وشە فەصیح و مانا ڕاست و دروستەو پڕە لە حیکمەت و پەندو ئامۆژگاری، کە لەئایەتی (٢٣)ی سوورەتی (الزمر)دا دەفەرموێ: ﴿**الله الذي نزل أحسن الحدیث کتابا متشابها**﴾ مەبەست بە موتەشابیهـ ئەوەیە کە قورئان هەندێکی لەهەندێکی دەچێ لە جوانیو ڕاستیو شارەزاییکردندا، هەروەها لەوەدا کەوا دژایەتیو ناڕێک و پێکی تێناکەوێو هەمووی ڕووەو یەکێ مەبەستی سەرەکی ئاراستە دەکرێن....

﴿**فأما الذین في قلوبهم زیغ فیتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء**

تأویله﴾ ئەوانەی دڵیان پڕە لە گومڕاییو سەرلێشێوان و روویان لە حەق وەرگێڕاوەو نقوومی باطل بوون، هەر شوێن هەواو هەوەسی خۆیان دەکەون، ئایەتە موتەشابیهەکان وەردەگرن و بەئارەزۆی خۆیان مانایان لێ دەدەنەوە، چونکە دەتوانن بەهەوەسی خۆیان ماناکانیان بگۆڕن و لەگەڵ مەبەستی خۆیاندا بیگونجێنن!! ئایەتە موحکەمەکانیش پاشکۆی دەخەن و باسیان ناکەن! بۆ ئەوەی خەڵکی لەخشتەبەرن و بیانخەنە نێو فیتنەوەو لە ئایین گومڕایان بکەن و ڕێگەی ڕاستیان لێ تێک بدەن! واشی دەخەنە پێش چاو کە ئەوان بەڵگە بە قورئان دەهێننەوە، ئایەتی قورئان پاڵپشتیانە!! بەڵام لەراستیدا ئەو بەڵگانە بۆ بەرژەوەندی ئەوان نیە، بۆ نموونە: فەلەکان بەڵگە دیننەوە لەسەر ئەوە کە عیسا گیانی خودایە دەڵێن ئەوەتا قورئان دەڵێ: **﴿وكلمته ألقاها إلى مريم وروح منه﴾** عیسا گیانی خودایەو خستویەتیە ناو سکی مەریەمەوە، بەڵام ئایەتی **﴿إن هو إلا عبد أنعمنا عليه....﴾** پاشگوێ دەخەن، یان ئایەتی **﴿إن مثل عيسى عندا لله كمثل ادم خلقه من تراب، ثم قال له كن فيكون﴾**ال‌عمران/٥٩. لەبیرخۆیان دەبەنەوەو نایخەنە روو.. ئەوانە کە ئەم جۆرە هەڵویستەیان بەرامبەر قورئان هەیەو ئاوا رەفتار لەگەڵ ئایەتە موتەشابیهەکان دەکەن مەبەستیان ئەوەیە ماناو مەبەستەکانی قورئان بگۆڕن و ئایەتەکانی لە حەقیقەتی خۆیان لابدەن و بۆ مەبەستی خۆیان بیانگونجێنن، واتە: وایان راڤە بکەن کە لەگەڵ ئارەزۆو داب و نەریتیاندا ڕێک بکەوێ، لەگەڵ عاداتی کۆنینەو بیروبۆچوونی خۆیاندا یەکانگیریان بکەن، بەڵام ئەو ئایەتانەی موحکەمن و بیروباوەڕی ئیسلامیی لەسەر بنیات نراوە لەبیر خەڵکی بەرنەوە، یان پاشگوێیان بخەن. ئەوەتا هەرگیز ئەو ئایەتانەی کە ئەوە دەگەیەنن عیسا بەندەی خوایەو پێویستە گەردنکەچی فەرمانەکانی بێ ناخەنەڕوو؟!!

ئیمامی موسلیم لە عائیشەوە -خوایان لی رازی بێ- فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئایەتی ﴿هو الذي أنزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وأخر متشابهات﴾ی خوێندەوە، ئەمجار فەرمووی: (إذا رأيتم الذين يتبعون ما تشابه منه فأولئك الذين سماهم الله فاحذروهم) واتە: هەرکاتێ ئەوانەتان بینی کە شوێن ئایەتە موتەشابیهەکان دەکەون و دەیانەوێ بەگوێرەی هەواو هەوەسی خۆیان راقەیان بکەن، ئەوە بزانن: ئەوانە لەو کەسانەن کە خودا بە خراپەکار ناوی هێناون و بەسەرپێچیکەری لەقەڵەم داون، لێیان بترسن و خۆتانیان لێ بپارێزن!.

دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: (إن القرآن لم ينزل ليكذب بعضه بعضا فما عرفتم فاعملوا به، وما تشابه منه فآمنوا به).

قورئان بۆیە نەنێردراوەتە خوارێ کە هەندێکی بە درۆ بخاتەوە، ئەوەی ماناکەتان زانیو مەبەستەکەی تێگەیشتن کاری پێ بکەن، ئەوەی پەیتان پێ نەبردو نەتانزانی ماناکەی چۆنەو چۆن نیە ئیمانی پێ بهێنن و بزانن لەلای خوداوە هاتووە.

مەچن وەکو ئەو گومڕایانە هەر خەریکی سەرلێتێکدانی خەڵک بن‌وبتانەوێ بەهەواو هەوەس ئایەتە موتەشابیهەکان تەئویل بکەن، خۆ ﴿وما يعلم تأويله إلا الله﴾ جگە لە خودا کەسی تر مەبەست و مانای دروستی ئەو جۆرە ئایەتانە نازانێ، چونکە ئەوە زانیارییەکە خودا تایبەتی کردووە بە خۆیو کەسی تر پەی پێ نابا، ﴿والراسخون في العلم يقولون آمنا به﴾ ئەوانەی خاوەنی پایەی دامەزراون لە عیلم و زانستدا دەڵێن: بڕوامان بەوە هەیە کە ئەو ئایەتە موتەشابیهانە لە خوداوە هاتوون و کەلامی پیرۆزی زاتی بێچوونن.

کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئوبەی کوڕی کەعب و عائیشەو ئیبنو عومەر پێیان وایە دەبێ لەسەر وشەی ﴿إلا الله﴾ هەڵوێستە بکرێو رابوەستێ، واتە: رستەی ﴿والراسخون في العلم...﴾ کەلامێکی سەربەخۆ بێ، عەطف نەبێ بۆ سەر وشەی (الله). کۆمەڵێکیش لە هاوەڵانی پێغەمبەر وەکو ئیبنو عەبباس و بڕێ راڤەکەرانی قورئان و بڕی زانایانی عیلمی ئوصول دەڵێن: لەسەر وشەی (الله) هەڵوێستە ناکرێو رستەی (والراسخون...) عەطف دەکرێتەوە بۆ سەر وشەی (الله) واتە: جگە لە خوداو زانایانی دامەزراو لە زانستدا کەسی تر مەبەستەکانیان نازانن. ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: من یەکێکم لەو زانایانەی کە خاوەنی پلەی دامەزراون لە زانستدا، کە مەبەست و راڤەی تەواوی ئایەتە موتەشابیهەکان دەزانن. کەوابێ ئەوانەی لە زانستدا دامەزراون مانای ئایەتە موتەشابیهەکان دەزانن، چونکە خودا لۆمەی ئەوانەی کردووە کە دەیانەوێ مانای ئایەتەکان هەڵەوگێڕ بکەن و بەمەبەستی سەرلێشێواندنی خەڵکیو فیتنەنانەوە لە ئایین‌دا راڤەی ئایەتە موتەشابیهەکان بکەن بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خەڵکی پێ لە ئایین وەرگێڕن.. بەڵام ئەوانەی رسوخی زانستیان هەیەو لە زانیاری‌دا دامەزراون هەڵوێستیان وا نیە، بەڵکو ئەوان گرۆی یەقین و بیروباوەڕن، هەمیشە ئایەتە موتەشابیهەکان وا تەفسیر دەکەن کە لەگەڵ ئایەتە موحکەمەکان‌دا ڕێک بکەون و دژایەتی نەکەوێتە نێوانیانەوە.

بەڵام رستەی ﴿یقولون آمنا بە﴾ ئەمە کەلامێکی سەربەخۆو تازە دەست پێکراوە، واتە ئەو زانایانە دەڵێن: بڕوامان بە ئەو ئایەتە موتەشابیهانە هەیە ﴿کل من عند ربنا﴾ هەموو ئایەتەکان -بە موحکەم و موتەشابیهەوە- هەموویان لە خوداوە هاتوون. واتە: زانایان ئایەتە موحکەمەکان دەکەنە بنەماو بناغەو بڕوایان وایە -موحکەم و

موتەشابیهـ- لەخوداوە هاتوون و هەردوو جۆریان حەق و راستن، هەریەکێ لەو دوو جۆرە پاڵپشتی ئەوی تر دەکا، بەڵگەی ئەمەش ئەو فەرموودەیەیکە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ نزای بۆ عەبدوڵلای کوڕی عەبباس کرد فەرمووی: (اللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل) خودایە! لە ئایین‌دا تێگەیشتووی بکەو، فێری شیکردنەوەو مەبەست زانینی قورئانی بکە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوەو دەڵێ. بۆچی لە قورئان‌دا ئایەتی (متشابه) هەن؟ لەکاتێکدا کە قورئان بۆیە نێردراوە رەهنومایی خەڵکی بکاو ئادەمیزاد شارەزای رێگای خوداپەرستی بکا!! دەی ئایەتی موتەشابیهـ کە کەس مەبەستەکەی نەزانێ چۆن رەهنومایی پێ دەکرێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: هەبوونی ئایەتی موتەشابیهـ لە قورئان‌دا لەبەر ئەم هۆیانەیە:

ا- بۆ ئەوەی بڕواداری راستەقینەو ئیمان قایم لە بڕوا لاوازان جیابکرێتەوە، تاقیکردنەوەیە بۆ دڵی ئێمە.

ب- زیدە رێزو فەزڵی زانایان دەربکەوێو ئاکامی لێکۆڵینەوەو کۆششیان بۆ خەڵکی دیاری بدا. هاندانە بۆ موسوڵمانان کە عەقڵ و هۆشی خۆیان بخەنە کارو هەمیشە خەریکی توێژینەوە بن بۆ ئەوەی هەمیشە بیروهۆشیان لە گەشەکردندا بێت و کول نەبێ.

ج- پێغەمبەران نێردراون بۆ سەر ئادەمیزاد بەگشتی ئادەمیزادیش جۆراو جۆرن، هەیانە زیرەکەو هەیانە کۆڵەوارو نەزانە، بڕێ ماناو ئەحکامی وردەکاری هەن کە پێویستیان بەوەیە بە عیبارەتی تایبەتی تەعبیریان لێ بکرێ، ئیتر تێگەیشتن لەم جۆرە مەبەستانە بوەتە بەشی زانایان و ئەوانەی لە عیلم و زانیاری‌دا رۆچوون، فەرمانیش کراوە بە رەشە خەڵکەکە کە زانینی مەبەست لێیان حەواڵەی خودا بکەن، چونکە زانایان دەزانن و تێدەگەن قورئان چۆن پەیام ئاراستە دەکا، هەرچەندە حەقیقەت و

کرۆکی شتەکانیش نەزانن، هەر بۆیەش فەرمووی: ﴿وما یذکر إلا أولوا الألباب﴾ واتە: تێناگەن و لەمانای قورئان حاڵی نابن و بەشێوەی ڕاست و دروست لە مەبەستەکان ورد نابنەوە مەگەر ئەو کەسانە نەبێ کە عەقڵ و هۆشی ساغیان هەیە، بیریان تیژە بۆ تێگەیشتن!

پێغەمبەر ﷺ پێناسەی ﴿الراسخون في العلم﴾ی ئاوا کردووە لە فەرموودەیەکیدا کە ئیبنو ئەبی حاتەم دەیگێڕێتەوە لە عوبەیدوڵلای کوڕی زەیدی تابیعی‌یەوە، کە بەخزمەت ئەم سێ هاوەڵانەی پێغەمبەر گەیشتووە: (انس، ابو امامە، ابو الدرداء) دەڵێ: لە پێغەمبەر پرسیار کرا لە مانای ﴿الراسخون في العلم﴾ پێغەمبەر لە وەڵامدا فەرمووی: (من برت يمينه، وصدق لسانه، واستقام قلبه، ومن عف بطنه وفرجه فذلك من الراسخين في العلم).

واتە: ئەو کەسەیە سوێندی نەخاتو، زمانی ڕاستگۆ بێو، دڵی بەردەوام بێ لەسەر پەیڕەویی حەقو، حەڵاڵخۆربێو داوێنپاک بێ، هەرکەسێ ئاوابێ ئەوە لە دەستەی ئەو زانا (الراسخين)یە کە خودا لە قورئاندا وەسپ و سەناخوانی‌یان دەکا!).

هەمیشە ئەو زاناو تێگەیشتوانە دەپاڕێنەوەو نزا دەکەن و دەڵێن: ﴿ربنا لا تزغ قلوبنا بعد إذ هديتنا﴾ خودایە! دڵ و دەروونمان لەسەر خوداپەرستیو بیروباوەڕی ڕاستەقینە بەرقەرار بکە، دوای تێگەیشتن و شارەزابوون، گومڕامان مەکەو، سەرلێشێواومان مەکە ﴿وهب لنا من لدنك رحمة إنك أنت الوهاب﴾ ڕەحمەت و بەزەیی خۆتمان پێ ببەخشە! لە سۆزو ڕەحمەتی خۆت بێبەشمان مەکە، یارمەتیمان بدە لەسەر خێرو بۆ ڕێگای ڕاست ئاراستەمان بکە! بێگومان تۆی پەروەردگاری بەخشندەو هەموو خێرو بێریک لە تۆدایە!

عائیشە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ زۆری ئەم نزاو پاڕانەوە دەکردو دەیفەرموو: (یا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك) ئەی ئەو کەسەی کە گۆڕینی هەموو دڵ و دەروونێکت بە دەستە! دڵم لەسەر ئایینی خۆت رابگرە!) منیش عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خوا ! زۆرجار گوێم لێ دەبێ ئەم دوعایە دەکەی! پێغەمبەر فەرمووی: هیچ دڵێک نیە مەگەر کە هەیە وا لەنێو دوو پەنجەی پەروەردگاردا ئەگەر ویستی بەرقەراری بکا، ئەوە لە ئیمان و بیروباوەڕدا رای دەگرێ، ئەگەر ویستی لای بدا لای دەدا! ﴿ربنا إنك جامع الناس ليوم لا ريب فيه إن الله لا يخلف الميعاد﴾ ئەی پەروەردگارمان! بێگومان تۆ ئادەمیزاد زیندوودەکەیەوەو کۆیان دەکەیەوە لە رۆژێکا کە هیچ گومان لە هاتنیدا نیە، چونکە تۆ وەعدەت داوەو وادەی تۆ بەجێیەو دێتە جێ.

پەروەردگار کە ئەم جۆرە نزایەمان فێر دەکا بۆ ئەوەیە کە ترسی ئەوەمان هەبێ بێبڕوایی دزە بکا بۆ ناو دڵ و دەروونمان و لە رۆژی قیامەتدا نائومێدی رەحمەتی خودا بین!

سەرەنجامی کافرو ئەوانەی بە ماڵ و سامان بوغرا بوون

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمْ وَقُودُ ٱلنَّارِ ﴿١٠﴾ كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ ۗ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١١﴾ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَـٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ ۚ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ ۗ

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ ﴿١٣﴾

پەروەردگار لە سەرەتای ئەم سوورەتەدا باسی بنەمای یەکتاپەرستی‌و ئەو کتێبە ئاسمانیانەی کرد کە ئەو حەقیقەتانە دەچەسپێنن، بەتایبەتی قورئانی پیرۆزو بڕوای زانایان پێی .

ئەمجار لێرەدا حاڵ و چۆنێتی کافرەکان باس دەکاو هۆی کافربوونەکەیان دیاری دەکا کە بریتیە لە بوغرابوون و لەخۆ بایی بوون بە ماڵ و منداڵ، ئەوەش روون دەکاتەوە کە ماڵ و منداڵ لە قیامەتدا فریایان ناکەون، ئەمجار نموونەی بە جەنگی بەدر هێنایەوە: کە لەو جەنگەدا سەربازانی ئیسلام بەرامبەر سەربازانی کوفر جەنگان و تاقمی کەمی موسوڵمان و خواناس بەسەر دەستەی زۆری کوفرو بێدیندا زاڵ بوون، زۆریی جەنگاوەرو فرەچەکی‌و ساماندارییی بێسوود بوو بۆ بێباوەڕان و دەفەرموێ:

﴿إن الذين كفروا لن تغني عنهم أموالهم ولا أولادهم من الله شيئا﴾
لە سەرەتای سوورەتەکەدا پەروەردگار بنەمای یەکتاپەرستی باس کرد، بیروبڕوای زانایانی خستەڕوو ئەمجار لێرەدا باسی کافرو گومڕاکان دەکاو دەفەرموێ: ئەوانەی کافرن و قورئان بەڕاست نازانن و پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستۆتەوە، سەرپێچی پەیامی خودایان کردووەو بەپێچەوانەی کەلامی خودا جوڵاونەوە، هیچ سوودێکیان لەنیگای خودا بۆ پێغەمبەران وەرنەگرتووە کە ئەمانە بریتین لەوەفدی فەلەی نەجران و فەلەی ترو جولەکەو موشریک و کافری تر.. ئەوانەی سووتەمەنی دۆزەخن، لە رۆژی قیامەتدا ئەوەی کە لەدونیادا پێیان دراوە لە ماڵ و منداڵ لەو رۆژەدا هیچ سوودی لێنابینن و لە سزای خودا رزگاریان ناکا، تووشی جۆرەها ئەشکەنجەو مەینەتی دەبن، ئاکام و سەرەنجامیان لەوەدا کە (محمد)

بەدرۆ دەخەنەوەو بڕوا بە پەیامەکەی ناکەن ﴿كدأب آل فرعون والذين من قبلهم﴾ وەکو کردەوەو حاڵ و چۆنیەتی تاقم و گرۆی فیرعەون و ئەو خوانەناس و ملهوڕانەی پێش فیرعەون لە موئتەفیکەکان وەکو هۆزی عادو ثەمود کە ﴿كذبوا بآياتنا﴾ نیشانەی خودایەتی ئێمەیان بەدۆر لەقەڵەم دا، پەیامی پێغەمبەرەکانیان ڕەت کردەوە ﴿فأخذناهم بذنوبهم﴾ پەروەردگار لە تۆڵەی ئەو سەرپێچیو ملهوڕیەیان گرتنی بەڵام چۆن گرتنێک!!؟! ﴿والله شديد العقاب﴾ خودا تۆڵەو سزای بەئێشەو کەس ناتوانێت بەرەنگاری بکا.. ئەمجار هەڕەشە لە کافرو جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر دەکاو دەفەرموێ: ﴿قل للذين كفروا﴾ ئەی محمد! بەوانە بڵێ کە بڕوایان بە پەیامی تۆ نیە ﴿ستغلبون﴾ لە دونیادا شەڕتان لەگەڵ دەکرێو تێدەشکێن و دەبنە ژێردەستەو ریسوایی بەخۆتانەوە دەبینن ﴿وتحشرون إلى جهنم وبئس المهاد﴾ لە قیامەتیشدا ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناو دۆزەخ کە خراپترین جێگایە بۆ خۆتان ئامادەکردووە. ئەمجار ئەی موحەممەد: پێیان بڵێ: لە خودا بترسن و واز لە سەرپێچی کردن بێنن، ئەگینا تووشی شکستییەکی وەکو شکستی قورەیشییەکان دەبن کە لەشەڕی (بەدر)دا تووشیان بوو، لەکاتێکدا ئێوە دەزانن من پێغەمبەرم و نیشانەی پێغەمبەرایەتی من لای ئێوە ئاشکرایەولە تەورات دا دەستنیشان کراوە.

بێگومان پەروەردگار وەعدەو هەڕەشەی خۆی بۆ جولەکەکان هێنایە دی، ئەوەبوو موسوڵمانەکان زۆریان لە هۆزی بەنو قورەیظەی خائین کوشت، هۆزی بەنو نەضیری دووروویان لە وڵاتی مەدینە دەرپەڕاند، قەڵای خەیبەریان فەتح کردو سەرانەشیان خستە سەر جوولەکەکانی تر!!

ئەمجار لەم ئایەتەدا هەڕەشەیان لێ دەکاو دەیانترسێنێو پێیان دەڵێ: کە ئەو جوولەکانە بەزۆری ژمارە لە خۆیان بایی نەبن و بەزۆری

چەکُ و تفاقی شەڕیان نەنازن، ئەوەتا لە شەڕی بەدردا قورەیشی‌یەکان لە رووی زۆری‌و هەبوونی ئەسبابی شەڕەوە سێ‌چەندانەی موسوڵمانەکان بوون، کەچی موسوڵمانەکان بەسەر ئەواندا زاڵ بوون! دەی با جوولەکەکانیش پەند وەربگرن و واز لە بیروڕای بەتاڵ بووەوەی خۆیان بێنن، دەفەرموێ: ﴿قد كان لكم في فئتين التقتا ......﴾ ئەی محمد! بەئەو جوولەکانە بڵێ: کە بەزۆری ماڵ و دارایی زۆر لە خۆ بایی بوون، بە کوڕو کەس و کاری زۆر دەنازن پێیان بڵێ: بەزۆری ژمارەی پیاوو ماڵ و منداڵ مەنازن، چونکە ئەم جۆرە شتانە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتن نین، رووداوی رۆژگار باشترین بەڵگەیە لەسەر ناڕاستی بیرو بۆچوونتان و نیشانەی بەهەڵەچوونتانە. بۆ نموونە سەیری ئەو دوو کۆمەڵە بکەن کە لە رۆژی بەدردا شەڕیان بوو تێکُ رژان ﴿فئة تقاتل في سبيل الله﴾ کۆمەڵێکیان بە ژمارە کەمن بەڵام خاوەنی بیرو باوەڕی پتەون و لەڕێگەی خودادا شەڕ دەکەن، خودا پشتیوان و یارمەتیدەریان بوو، بۆیە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەسەر کۆمەڵی زۆرینەی کافران دا!

بەڕاستی لە رووداوی بەدردا چەند پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی عەقڵ و هۆشیان هەیەو بەکاری دەهێنن، بەوردی لە رووداوەکان تێبفکرن و سوود لە تێڕوانینەکەیان وەربگرن، شێوەی پەندوەرگرتنەکە لەوەدایە کە دەبێ بزانن لە پشت پەردەوە هێزێکُ هەیە، یارمەتی کۆمەڵە کەمە خواناسەکەی داوەو بەسەر کۆمەڵە زۆرو خوانەناسەکەدا سەری خستن!! - فئة تقاتل في سبيل الله- کۆمەڵێکُ کە لەپێناو ئایینی خوادا شەڕ دەکەن ئەوەش نهێنی سەرکەوتنەکەیە، چونکە هەرکاتێ شەڕکردن لەپێناو حەق و عەداڵەتدابێ، لەپێناو بەرگریکردن لە ئایین و بەرنامەی خودادابێ نەفسی ئادەمیزاد رووی تێ دەکاو بەرەو پیری دەچێ، چ هێزو توانایەکی هەبێ لەو ریگەیەدا خەرجی دەکا، هەرچی ئامادەباشی‌و تەگبیرو پلان هەبێ

دەیخاتە کار، چونکە بڕوای هەیە کە هێزو تواناکەی پەیوەندە بە هێزو توانای پەروەردگاری بالادەست و لەکاتی تەنگانەدا پاڵپشتی دەکا.
﴿وأخرى كافرة﴾ کۆمەڵەکەی تر کۆمەڵێک بێبڕوای خوانەناس، بێورەو بێپشتیوان، بڕوایان بە شەڕەکە نیە، سەرەڕای ئەوەش ﴿يرونهم مثليهم رأي العين﴾ کافرەکان موسوڵمانەکانیان بەدوو چەندانەی خۆیان دیتە بەرچاو، بەمەش ئەوەندەی تر ورەیان دەڕوخێو ترسیان لێ دەنیشێو لێوە لەرزەیان پێ دەکەوێ!

بێگومان موسوڵمانەکان بەگوێرەی توانا پابەندی فەرمانەکانی پەروەردگار بوون و/ماڵ و بەگیان سەریان لەڕێدا بووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام و بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆز، هەموویان یەک دەست و یەک هەڵوێست بوون لە بەرامبەر کافرو خوانەناساندا، هەمیشە پابەندی مانای ئەم ئایەتە بوون کە دەفەرموێ: ﴿يا أيها الذين آمنوا إذا لقيتم فئة فاثبتوا واذكروا الله كثيرا لعلكم تفلحون، وأطيعوا الله ورسوله ولا تنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم واصبروا إن الله مع الصابرين﴾.
هەمیشە ئامادەباش بوون بۆ خۆبەختکردن لەپێناو ئاییندا، بەدڵێکی پڕ لە ئیمان و بڕوایەکی پتەوەوە شەڕیان لەگەڵ دوژمندا کردووە، دڵنیابوون لە یاریدەی خودا، خوداش یارمەتی داون و سەریخستوون ﴿يا أيها الذين آمنوا إن تنصروا الله ينصركم ويثبت أقدامكم﴾ جەنگەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاوێنەی بالانوما بوون بۆ پەیڕەوکردنی ئەو ئایەتە قورئانییانە، تەنانەت کە لەغەزای ئوحوددا سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان کردو ئامۆژگارییەکانی ئەویان پاشگوێ خست تووشی ئەو شکستییە بوون کە تووشی بوون، دیارە ئەوەش پەندو ئامۆژگارییەکی گەورەیە بۆ کەسێک بیەوێ پەند وەربگرێ.

مێژوونووسانی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ دەڵێن: سوپای موسوڵمانان

سێسەدو بیست جەنگاوەر بوون، حەفتاو حەوت کەسیان لە کۆچکەران بوون، دووسەدو سیو شەش کەسیشیان لە یاریدەدەران (الأنصار) بوون، ئاڵای کۆچکەران بەدەست عەلی کوڕی ئەبو تالیب و، ئاڵای یاریدەدەران بەدەست سەعدی کوڕی عوبادەوە بوو، نەوەد کەسیان وشتر سوارو دوو کەسیان ئەسپ سوار بوون، ئەسپ سوارەکان یەکیان میقدادی کوڕی عەمرو ئەوی تریان میرثەدی کوڕی ئەبو میرثەد بوو، شەش زریبەندو هەشت شمشێریان پێبوو! هەموو ئەو جەنگاوەرانەی لە شەڕی بەدردا شەهید بوون چواردە کەس بوون شەش شەهید لە کۆچکەران و هەشت شەهید لە یاریدەدەران بوون!

سوپای کافرەکان نۆسەدو پەنجا شەڕکەر بوون، سەرۆکەکەیان عوقبەی کوڕی رەبیعە بوو، ئەبو سوفیان و ئەبو جەهل لە سەرانی قورەیش لەو شەڕەدا هاوبەش بوون، سوپای قورەیشییەکان سەد ئەسپ و حەوت وشتریان پێ بوو، لە چەک و تفاقیش دا زۆر کۆک بوون. ﴿وا لله یؤید بنصره من یشاء﴾ پەروەردگار یارمەتیو پاڵپشتی ئاراستە دەکا بۆ کەسێک بیەوێ سەرکەوتووی بکا. وەکو چۆن یارمەتی موسوڵمانانی بەدری دا بەوە کە لەپێش چاوی دوژمن زۆری کردن، هەر بە سەیرکردنیان بۆ سوپای ئیسلام ورەیان رووخا ﴿إن في ذلك لعبرة لأولي الأبصار﴾ بێگومان لەم سەرخستن و زاڵبوون و سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر کافرەکاندا -لەگەڵ کەمیو تفاقی موسوڵمانان و زۆریو پڕچەکی کافرەکاندا- پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسێک پەند وەربگرێو تێبگا!!

هەواو ئارەزۆپەرستی لە دونیادا

زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلْبَنِينَ وَٱلْقَنَٰطِيرِ ٱلْمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلْفِضَّةِ وَٱلْخَيْلِ ٱلْمُسَوَّمَةِ وَٱلْأَنْعَٰمِ وَٱلْحَرْثِ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلْمَـَٔابِ ﴿١٤﴾

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە کە کافرەکان هەمیشە هەڵەو گیری ماڵ و منداڵن و روویان لە حەق وەرگێڕاوەو نقوومی رابواردن بوون! لایەن و هۆکاری لە خۆ بایی‌بوونەکەیان روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿زين للناس حب الشهوات﴾ پەروەردگار سروشتی ئادەمیزادی وا دروست کردووە کە هەمیشە حەزی لەم شتانە بێ، کە لەوەدوا ریزیان دەکا، وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿إنا جعلنا ماعلى الأرض زينة لها لنبلوهم أيهم أحسن عملا﴾ یان دەفەرموێ: ﴿كذلك زينا لكل أمة عملهم﴾ جاری وایش دەبێ جوانکردنی کردەوەیەک پاڵ شەیتان دەدرێ کە بەهۆی ختوکەی نەفسەوە کار لە ئادەمیزاد دەکا، هەڵی دەنێ بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خراپ ﴿وإذ زين لهم الشيطان أعمالهم﴾.

کە دەڵێ: (زين) واتە: جوان کراوە، واتە: خۆشەویستی‌یەکە لایان جوان بووەو لێیان بووەتە شتێکی سروشتی‌و هیچ عەیب و نەنگی تێدا نابینن، بۆیە هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە وازی لێ بهێنن، ئەمەش ئەوپەڕی پلەی خۆشەویستی‌یە کە خاوەنی خۆشەویستی‌یەکە هەست بە خراپەو زیانی کارەکەی نەکاو نەیەوێ لێی پاشگەز بێتەوە با زیانیشی تێدا تووش ببێ!

جاری وا هەیە مرۆڤ شتێکی پێ خۆشە، بەڵام دەزانێ کە ئەو شتەی ئەو حەزی لێیەتیو خۆشی دەوێ زیانی هەیە نەک سوود، خراپە، چاک نیە، وەکو جگەرەکێش دەزانێ جگەرەکێشانەکەی زیانی هەیە، بەڵام هەر بەردەوامە لەسەر جگەرەکێشان. جا وێ دەچێ کەسێک شتێکی خۆش بوێ کە بۆی جوان نەکرابێ وازی لێ بێنێ! بەڵام کەسێک شتێکی خۆش بوێ کە بۆی جوان کرابێ زەحمەتە وازی لێ بێنێ!!

ئەمجار پەروەردگار یەکە یەکە ئەم شتانەی کە جێگای حەزو خۆشەویستین و هەموو دڵ و دەروونێکی ئادەمیزاد دادەگرێ، باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿من النساء والبنين والقناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والأنعام والحرث﴾.

یەکەم شتێک کە پیاو کەمەندکێش دەکاو دڵ و دەروونی دادەگرێو عەقڵ و هۆشی لێ دەستێنێ ئافرەتە، چونکە ئافرەت شوێنی حەزی پیاوەو دڵ و دەروونی لەگەڵیدا ئارام دەگرێو خۆشەویستیپیان ئاوێتەی یەکتری دەبێ، وەکو خودا لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة﴾ هەر ئەم خۆشەویستییەیە کە پیاو زۆربەی ماڵ و دارایی خۆی بۆ ئافرەت خەرج دەکا، ئەوەی کە بە عەرەقی ناوچاوان و رەنجی شان بەدەستی دێنێ بە دڵفراوانی بۆ خێزانی سەرفی دەکا، چونکە پیاو خۆ بە بەرپرسیار دەزانێ لە پاراستن و بەخێوکردنی ئافرەت، دەیەوێ ئەو زیدە هێزو توانایەی کە لەبارەی فسیۆلۆجییەوە هەیەتی تەرخانی بکا بۆ خزمەتی ئافرەت، ئاشکراشە کە زیدەڕەوی پیاوان لە خۆشەویستی ئافرەتدا کاردانەوەیەکی گەورەی هەیە لە کاروباری وڵاتداو، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشێل کردن و پاراستنی مافی زۆر کەسدا.

لە ئایەتەکەدا خۆشەویستی ئافرەتی پێش خۆشەویستی منداڵ خست

-هەرچەندە خۆشەویستی ئافرەت جاری وا هەیە نامێنێ بەڵام خۆشەویستی منداڵ هەرگیز لەدڵ دەرناچێ- چونکە خۆشەویستی منداڵ زیدە ڕەوی تێدا ناکرێ، بەپێچەوانەی خۆشەویستی ئافرەت کە زۆر زیادەڕەوی تێدایە! ئەوەتا لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا تەنانەت ئێستایش پیاو بەهۆی خۆشەویستی ئافرەتێکی ترەوە ستەمی لە منداڵی خۆی کردووە، زۆر کەس لەوانەی ژنی تازەیان بەسەر ژنی پێشوویان هێناوە هەرچی خۆشەویستی خۆی هەیە داویەتی بە ژنی تازەیو ژنی پێشوویی‌و ماڵ و منداڵی پاشگوێ خستوون و، وازی لە بەخێوکردنیان هێناوە، بەڵام زۆر بە دڵفراوانی پارەو ماڵ و سامان بۆ منداڵی ژنی تازەی خەرج دەکا، چونکە دایکی ئەمانی زۆر خۆشتر دەوێ! چەندەها کەسی دەوڵەمەند هەن منداڵەکانیان بە کولە مەرگی ژیان بەسەر دەبەن چونکە باوکیان دایکی ئەمانی خۆش ناوێو دڵی بە ژنێکی ترەوە پەیوەستە.

دووەم: لە شتە خۆشەویستە سروشتی‌یەکان منداڵە. کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا شانازی پێوە بکاو پێی خۆشە هەیبێ.

مەبەست لە وشەی (البنین) لە ئایەتەکەدا کوڕو کچە بەگشتی، چونکە لە ئایەتێکی تردا قورئان دەفەرموێ: ﴿إنما أموالكم وأولادكم فتنة﴾ پێغەمبەریش دەفەرموێ: (الولد مجبنة مبخلة) واتە: منداڵ مایەی ترسنۆکی‌و مایەی چرووکی‌یە.

هۆی خۆشەویستی ژن و منداڵ درێژە پێدانی زنجیرەی ژیان و مانەوەی نەتەوەو وەچەیە، تەنانەت ئەم هەستە لە ئاژەڵیش دا هەیە.

بە هۆی کوڕەوە یادو رەفتاری باشی پیاو دوای مردنی بەرقەرار دەبێ.

ب- هیواو هومێدی باوک بە کوڕ لەوەدا کە پیربوو پەکی کەوت بەخێوی بکا، بەڵام کەمتر ئەم هیوایەی بە کچ دەبێ.

ج- کوڕ هومێدی لێ دەکرێ دوای مردنی باوکی جێگای بگرێتەوەو

نەهێڵێ شوێنی کوڕ بێتەوە، سەرکردایەتی خێڵ و لێپرسراویەتی گەل و وڵات بەدەستەوە بگرێ! بەڵام کچ کەمتر لەم بوارانەدا دەوری هەیە.

د- هەست بەوە کە کچ دوایی لە هۆز دەپچڕێو وادەبێ دەدەرێ بەشوو بەیەکێکی بێگانەو کەمتر پەیوەندی بە خزم و کەس و کارەوە دەمێنێ.

هەرچەندە جاریوا دەبێ کچ لەبرێ لەم بوارانەدا لەکوڕ باشترە زیاتر فریای باوک و دایکی دەکەوێ؛ بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان زۆرینەو بەشێوەیەکی گشتییە.

سێیەم شت لەو شتانەی خۆشەویستیان سروشتییە پارەی نەختینەیە لەزێڕو زیو، هەندێکیش دەڵێن: مەبەست لە (القناطیر المقنطرة) دیناری زێڕو دیرهەمی زیوە کە سکەیان لێ درابێ! هەندێکیش دەڵێن: مەبەست پارەی سەفتەکراوە.

(القناطیر المقنطرة) ئاماژەیە بۆ زۆری ماڵەکە بەجۆرێک کە ببێتە هۆی ئەوە بە تەواوی کاتی خاوەن ماڵ داگیر بکاو هیچ مەجالێک نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کاری خێری تێدا بکاو خوداپەرستیو یارمەتی حەقی تێدا بدا!!

هەر بۆیەشە لەناو هەموو گەل و نەتەوەیەکدا، کە پێغەمبەران نێردراون بۆ سەریان دەوڵەمەندەکان یەکەم بەرهەڵستکارو سەرپێچیکەریان بوون و دژیان وەستاون، ئەگەر بڕواشیان پێ کردبن و ئیمانیان پێ هێنابن کەمتر پابەندی فەرمانەکانی ئایین بوون! سەیری ئەم ئایەتە بکە کە دەفەرموێ: ﴿سیقول لك المخلفون من الأعراب شغلتنا أموالنا واهلونا فاستغفر لنا﴾ خۆشەویستی ماڵ و دارایی شتێکی سروشتییەو لەگەڵ خوێن و گۆشتی مرۆڤ تێکەڵاو دەبێ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ماڵ و دارایی هۆکارێکی گرنگە بۆ دەستەبەرکردنی هەموو حەزو ئارەزۆیەک،

حەزو ئارەزۆی ئینسانیش زۆرو زەبەندەن و لەئەژمار نایەن، هەتا ئینسان مەبەست و ئارەزۆیەک بەدەست بێنێ هەوڵی زیاتریەتی! هەتا وای لێ دێ ئەو راستیەی لەبیر نامێنێ کە مال و دارایی هۆکارو وەسیلەیە نەک ئامانج و مەبەست. ئیتر هەزار فرت و فێڵ دەکا بۆ مال پەیداکردن، گوێ ناداتە ئەوە ئاخۆ ئەو ماڵە حەرامە یان حەڵاڵە..

ئیمامی بوخاری‌و ئیمامی موسلیم فەرموودەیەک لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ پێغەمبەر فەرموویەتی: (لو كان لابن آدم واديان من ذهب لتمنى أن يكون لهما ثالث ولا يملأ جوف ابن آدم إلا التراب، ويتوب الله على من تاب)[1].

واتە: ئەگەر ئادەمیزاد پڕی دوو دۆڵی لە زێڕو زیو هەبێ ئاواتە خوازە دۆڵێکی سێیەمی هەبێ!! هیچ شتێک ئادەمیزاد تێر ناکا مەگەر گڵ، واتە: گڵی گۆڕ تێری بکا! جا ئەو کاتە خودا تۆبەی تۆبەکاران قبول دەکا.

دیارە زەمکردنی مال و دارایی لەبەر خودی ماڵەکە نیە، مال و سامان خۆی لە خۆیدا نیعمەتی خودایە، بەڵکو زەمکردنەکەی لەو رووەوەیە کە سەردەکێشێ بۆ ملهوڕی‌و لەڕێلادان و بێدینی، وەکو لە سوورەتی (العلق ئایەتی ٦-٧)دا دەفەرموێ: ﴿**إن الانسان ليطغى أن رآه استغنى**﴾ بەڵام ئەگەر موسوڵمانی دەوڵەمەند لە ماڵەکەی حەقی خوداو ئادەمیزادانی لێداو سوپاسی نیعمەتی خودای لەسەر کرد، صیلەی رەحمی بەجێهێنا، لەڕێگەی خودادا لێی بەخشی ئەوە ئەو مال و دارایی خێرو بەرەکەتە، هۆی خۆشبەختی‌و نزیکبوونەوەیە لە خودا! پێغەمبەر لە

[1] ئەم فەرموودەیە جگە لە بوخاری‌و موسلیم کە لە ئیبنوعەبباسەوە ریوایەتیان کردووە ئەحمەدو بوخاری‌و موسلیم و ترمذی لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتیان کردووە.

فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: (نعم المال الصالح للرجل الصالح). واتە: ماڵی رەحمەت باشترین دەسمایەیە بۆ پیاوی باش.

چوارەم ولاخی بەرزەی بەخێوکراوو رامکراوی رەسەنە، ئەو ئەسپانەی کە دەوڵەمەندو ساماندارو سەرەکێ خێڵ و پیاو ماقووڵ هەوڵی پەیداکردنیان دەدەن و شانازییان پێوە دەکەن، پێشبرکێ لە دەستەبەرکردنیاندا دەکەن بۆ خۆهەڵنانەوە پێیان، جا ئەگەر دەستەبەرکردنی ئەم جۆرە ئەسپە بوو بە هۆی کاری شەڕو لەخودا دوورکەوتنەوەو پاشگوێ خستنی واجبات، ئەوە کارێکی دزێوو حەرامە! بەڵام ئەگەر ئەم ئەسپانە ئامادەبکرێن بۆ جیهاد کردن لەرێگای خودادا ئەوە کارێکی باشە چونکە خودا دەفەرموێ: ﴿**وأعدوا لهم مااستطعتم من قوة ومن رباط الخيل**...﴾**الأنفال/٦٠**.

پێنجەم: وشترو رەشەولاخ و مەڕو بزنە، کە ئەم ئاژەلانە بناغەی ماڵ و دارایی گوند نشینەکان پێک دەهێنن، سامان و بژێویان لەوانە دەستەبەر دەبێ، لادێییەکان خۆیان بەهەبوونی ئەم جۆرە ماڵانە هەڵدەنێنەوە، پەروەردگار منەت بەسەر بەندەکانی‌دا دەکا کە ئەم جۆرە ئاژەڵانەی بۆ رام کردوون و دەفەرموێ: ﴿**والأنعام خلقها لكم فيها دفء ومنافع ومنها تأكلون**﴾.

شەشەم: کشت و کاڵ کردنە: ئەمیش سەرچاوەیەکی گرنگ و هەمیشەیی‌یە بۆ ژیانی لادێو شارەستانی، هەموو گەل و نەتەوەیەک پێویستی بە کشت و کاڵ هەیە، جا ئەگەر مەبەست لە کشت و کاڵ کردن سوودگەیاندن بێ بە ئادەمیزاد ئەوە کشتیارەکە پاداشی دەدرێتەوە، ئەگەر مەبەستی خۆ هەڵنانەوەو خۆ گێڤ کردنەوە بوو، ئەوە دەبێتە کاری شەڕ.

ئەمجار پەروەردگار لە کۆتایی ئایەتەکەدا وەصفێکی گشتی هەر شەش جۆرەکان دەکاو دەفەرموێ: ئەوانە هۆکاری رابواردنی جیهانن و لە ژیانی دونیادا خۆشییان لێ‌دەبینرێو بەس! بەڵام خۆشی بەراستیو نەبراوە خۆشی ئەو دونیایە، کە لەرۆژی قیامەتدا پەروەردگار دەیانزانێ.. کەوابوو لەسەر موسوڵمانان پێویستە کە بەهەبوونی ئەم جۆرە شتانە لە خۆیان بایی نەبن، هەر ئەوەندە گرنگییان پێ بدەن کە بیانکەنە هۆکار بۆ ژیان و، خوداپەرستییان لەبیر نەبەنەوە، چونکە موسوڵمان دەبێ هەوڵ بدا بۆ خۆشبەختی هەردوو دنیا وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار﴾.

باسی بەهەشتوجوانیو رازاوەیی!

﴿قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ ۚ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (١٥) الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (١٦) الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ (١٧)﴾

ئەمجار دوای ژماردن و رانواندنی ئەو شتانەی کە لەبەر دڵی ئادەمیزاد خۆشەویست کراون و ئادەمیزاد لە ژیانی دونیادا پێیانەوە هەڵەوگیرن لەئایەتی دواییدا لە شوێنی ئەو شتانە شتی باشترو بەردەوام و هەمیشەیی دەخاتە روو، دەفەرموێ: ﴿قل أؤنبئكم بخير من ذلكم؟﴾ ئەی محمد! بە ئادەمیزادانی سەردەمی خۆت و لەوەدواش بڵێ: ئایا

دەتانەوێ من خەبەرتان بدەمێ بەچەند شتێک کە زۆر باشترن لەو شتانەی کە باس کران؟ بۆیەیش ئایەتەکە بەشێوەی پرسیاری سەلماندن (الاستفهام التقریری) باسەکە دینێ بۆ زێدە گرنگیپێدان بەو شتانەی باسیان دەکاو جولاندنی هەست و شعوور بۆ رووتێکردن و گوێراگرتن بۆ وەلامی پرسیارەکە کە دەڵێ: ﴿للذين اتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الانهار خالدين فيها﴾ هەیە بۆ ئەوانەی تەقواکارن و لەخودا دەترسن چەند باخ و باخاتێک کە بەژێریاندا جۆگەو جۆبار دەکشێن و هەتا هەتایە تێیاندا دەمێننەوە! ﴿وأزواج مطهرة﴾ لە شوێنی ئافرەت لە دونیادا کە خۆشەویستی لای پیاو سروشتییە، چەند خێزانێکی جوان و پاک و خاوێنیان دەدرێتێ! کە لەهەموو عەیب و لەکەو خەوش و پیسییەک دوورن.. تەنانەت خوێنی حەیزو خوێنی نیفاسیشیان پێدا نایە. ئەمانە خۆشیو لەززەتی جەستەیین کە لە بەهەشتا بۆیان دابین دەکرێ! زیاد لەوە لەززەتی گیانییان هەیە کە بریتییە لە رەزامەندی خوداو پێی بەهرەوەر دەبن و هیچ لەززەتێکی ناگاتێ لە هەموو لەززەتە ماددییەکان خۆشترو گەورەترە!!

ئایەتەکە لە سەرەتاوە شوێنی رابواردنەکەی دیاری کرد کە باخەکانی بەهەشتە، ئەمجار باسی ئەو شتانە دەکا کە خۆشیو لەززەتەکانیان پێ تەواو دەبێ، ئەویش خێزانی پاک و خاوێن و جوان و بێخەوشە! ئەمجار باسی گەورەترین نیعمەتی بەهەشت دەکا، ئەویش رەزامەندیی خودایەو دڵنیابوونیانە لەوە کە خودا لێیان رازییە، ئیتر بەوە لەززەتی جەستەییو خۆشی گیانییان بۆ دەستەبەر دەبێ، کە بریتیە لە چوونە ناو بەهەشت و گەییشتن بەخێزانی جوان و خاوێن و بێعەیب. دووەم پاداشی گیانی کە بریتییە لە رەزامەندیی خودای پەروەردگار وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وعد ا لله المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين**

فیها ومساكن طیبة في جنات عدن ورضوان من ا لله أكبر ذلك هو الفوز العظیم﴾التوبة/٧٢.

ئەمجار ئایەتەکە بەم رستەیە کۆتایی پێ دێ کە دەفەرموێ: ﴿**وا لله بصیر بالعباد**﴾ پەروەردگار ئاگادارو زانایە بە حاڵ و چۆنیەتی بەندەکانیو هەموو نهێنییەکیان دەزانێ، ئاگای لە کرۆکی تاعەت و خوداپەرستیانە، هەموو کەسێک بەئەندازەی کردەوەی خۆی پاداشتی دەدرێتەوە چاکە بە چاکە، خراپە بە خراپە!! چونکە خوداپەرستی بە رواڵەتکاری نیە، بەڵکو خوداپەرست ئەوەیە کە پەروەردگار بە خوداپەرستی بزانێ! بێگومان ئەم رستەیە مزگێنیو هەڕەشەی تێدایە!

ئەمجار پاش ئەوەی باسی خوداپەرست و تەقواکارانی کرد، دێ بڕێ رەوشتیان باس دەکاو دەفەرموێ: ﴿**الذین یقولون ربنا إننا آمنا فاغفر لنا ذنوبنا وقنا عذاب النار**﴾ خوداپەرست ئەوانەن هەمیشە نزا دەکەن و دەڵێن: خودایە! ئێمە بڕوامان بەو نیگاو پەیامە هێناوە کە بۆ پێغەمبەرانت ناردووە، ئیمانێکی پتەوو دامەزراوو جێگیربوو لە دڵ و دەروونماندا هەیە، ئیمانەکەمان بە جۆرێکە لەهەموو کردارو گفتاریکماندا رەنگی داوەتەوە، خودایە! بە عەفوو لێبووردنی خۆت گوناهمان بپۆشە، لە ئاگری دۆزەخ دوورمان بخەرەوە؛ بێگومان زاتی بێچوونت لێخۆشبوو بەرەحم و سۆزو بەزەییە.

وێڕای ئەو رەوشتانە چەند رەوشتێکی تریان هەیە کە لەغەیری خۆیان جیایان دەکاتەوەو شیاوی ئەو قەدرو ڕێزەن لەلای پەروەردگاریان ﴿الصابرین والصادقین والقانتین والمنفقین والمستغفرین بالأسحار﴾ ئەو خوداپەرستانە ئەو رەوشتانەیان تێدا کۆبۆتەوەو کە هەر رەوشتەی پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە ئەو رەوشتانەش ئەمانەن:

١- صەبرو خۆڕاگرییە، تەواوترین جۆری صەبر ئەوەیە بەردەوام بێ

لەسەر کردنی طاعات و وازهێنان لە خراپەکاری، ئەگەر نەفس و شەهوەت جەختی لێکرد بۆ ئەنجامدانی تاوانێک هیچ ڕێگاچارە نیە جگە لە صەبر، هەر بە صەبر و خۆڕاگری، بڕوا قایم و پتەو دەبێ، ناهێڵدرێ ئادەمیزاد لە چوارچێوەی شەرع دەربچێ، هەر بەهۆی صەبرەوە ئینسان دەتوانێ شەرەفی خۆی بپارێزێ، تەنانەت ڕەوشتی صەبر ڕەوشتێکە دەتوانرێ بگوترێ هەوێنی هەموو ڕەوشتێکی باشە.

ب- ڕاستگۆیی: ئەمەش ڕەوشتێکی هەرەبەرزی ئینسانییە! بەسە کە پەروەردگار دەرحەق بە ڕاستگۆ دەفەرموێ: ﴿والذي جاء بالصدق وصدق به أولئك هم المتقون، هم ما يشاؤن عند ربهم ذلك جزاء المحسنين..﴾.

ج- بەردەوام بوون لەسەر خوداپەرستیو گەڕانەوە بۆ لای خودا وێڕای ترسان لە خوداو گەردنکەچی بۆ زاتی پاکی: لەخوداترسانیش کاکڵەی خوداپەرستییەو گیانی عیبادەتە.

د- ماڵبەخشین لەهەموو بوارێکدا کە ئایین بە باشی دابنێ، جا ماڵبەخشینەکە واجب بێ یان سوننەت بێ.

هـ- نزاکردن و پاڕانەوەی بەرەبەیان، واتە: خوداپەرستی لە ئاخرو ئۆخری شەوگاردا، چونکە ئەو کاتە کاتێکی بێگەردە، دڵ مەشغوول نیە بەکاروباری دونیاییەوە.

پێویستە وێڕای نزاو پاڕانەوە تۆبەی ڕاستەقینەو نەصووح هەبێ، کردارو گوفتاری لە سنووری شەریعەت دەرنەچێ! چونکە نزاو پاڕانەوە بەدەم، هیچ سوودی نیە ئەگەر واز لە خراپەکاری نەهێنێ! چونکە ئەو کەسەی داوای لێخۆشبوون دەکا بەڵام بەردەوامە لەسەر خراپەکاری ئەوە وەکو گاڵتە بەخودا بکا وایە!! گەورەترین شێوەی پاڕانەوەش ئەو شێوەیەیە کە ئیمامی بوخاری لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی:

سيد الإستغفار أن تقول: (اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت خلقتني وأنا عبدك وأنا على عهدك ووعدك مااستطعت، أعوذ بك من شر ما صنعت، أبوء لك بنعمتك علي، و أبوء بذنبي فاغفر لي فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت) .

سەروەری داوای تاوانپۆشی ئەوەیە بڵێیت: پەروەردگارا! هەر تۆ خودای منی، تۆ تەنیا خودای، جگە لەتۆ خودای تر نیە، تۆ منت دروستکردووە، من بەندەی تۆم، وە هەتا ماوم بەردەوام دەبم لەسەر بەڵێن و وادەی تۆ، پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی کردەوەی خۆم، نازو نیعمەتی تۆم لەبەرچاوە، پێ لە تاوانی خۆم دەنێم، چونکە دەزانم کەسی تر رادەی ئەوەی ناکەوێ کە لە تاوان خۆش بێ جگە لە تۆ.

شایەتیدان بە تاک و تەنهایی خوداو دادپەروەریی زاتی پاکی‌و ئایینی پەسەند لای خوا

شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمَۢا بِٱلْقِسْطِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٨﴾ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ وَمَا ٱخْتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيَۢا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩﴾ فَإِنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّـۧنَ ءَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ ٱهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠﴾

ئیمامی نیسابوری دەفەرموێ: کاتێک پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینەو دەنگ و باسی پەیامەکەی بڵاوبووەوە، دوو قەشە لە قەشەکانی شام هاتنە خزمەتی، کە نزیک شاری مەدینە بوونەوەو چاویان پێ کەوت یەکێکیان بەهاوڕێکەی وت: ئەم شارە زۆر لەو شارە دەچێ کە پێغەمبەری ئاخر زەمانی تێدا دەبێ! کە هاتن پێغەمبەریان بینی بە رەفتارو رەوشتی ناسییان، وتیان: تۆ موحەممەدی؟ فەرمووی: بەڵێ. وتیان: تۆ ئەحمەدی؟ فەرمووی: بەڵێ. ئەمجار وتیان: ئێمە پرسیاری شایەتیەکت لێ دەکەین ئەگەر زانیت ئیمانت پێ دەهێنین و بڕوات پێ دەکەین، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پرسیار بکەن! وتیان: گەورەترین شایەتیدانمان پێ بڵێ کە لە قورئاندا هاتبێ؟! ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿شهد الله أنه لا إله إلا هو والملائكة وأولو العلم قائما بالقسط لا إله إلا هو العزيز الحكيم﴾ پەروەردگار تاک و تەنیاییو خودایەتی خۆی بۆ هەموو دروستکراوانی خۆی روون کردۆتەوە -یان پەروەردگار لە خودایەتی راست و بەحەقدا تاک و تەنیایە، بەڵگەی دروستکاریو کارگێڕی زۆرو زەبەندەن لەسەر ئەم راستیە، هەر بۆ خۆی خودایە لە بوونەوەرداو کەسی تر شیاوی خودایەتی نیە، -ئەم راستیەی بە فریشتەکانی راگەیاندووە، ئەوانیش شایەتیان بەم راستیە داوە، هەروەها زانایانیش ئەم راستییەیان پێ راگەیەندراوە، ئەوانیش بەبەڵگەو دەلیل شایەتیان بەم راستیە داوە!!

بەڕاستی ئەمە رێزیکی تایبەتیە بۆ زانایان کە پەروەردگار کردوونی بە شایەت لەسەر خودایەتی خۆی.

ئیمامی ئەعمەش دەڵێ: من شایەتی دەدەم بەوەی کە خودا شایەتی پێداوە ئەم شایەتیەک بە ئەمانەت لای خودا دادەنێم.

هەروەها شایەتی دەدەن کە خودا دادپەروەرە لەهەموو کات و

شـوێنێکا، لــە هــەموو بوارێکـا؛ لــە بوونـــەوەرو دروســـتکراوانیدا، دادپەروەریش ئەوەیە کـە لـە حوکـمدا فـەرمان بـە عـەدل بکـا، وەکـو لـە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**إن ا لله يأمر بالعدل والاحسان**﴾النحل/٩٠. یان لـە ئایـــەتێکی تـــردا دەفـــەرموێ: ﴿**واذا حكمتــم بــين النــاس أن تحكمــوا بالعدل**﴾النساء/٥٨.

پەروەردگار دادپەروەرە لە یاساو شەریعەتدا، لەهــەموو بووتـەوەردا، لەوەدا کـە بـەو شـێوە ڕێـک و پێکـە یاسـای کـەونی دانـاوە، هاوکێشـەو بەرامبـــەری کـــردووە لـــەنێوان هـــێزە ڕوحیـــەکان و هـــێزە مادییـــەکان، تەرازوویەکی وردخوێنی داناوە بۆ بەراوردکردن لـەبارەی حوکـم و ئـەرک و واجباتدا، لەنێوان بـەندەی خـودادا، لـەنێوان تـاک و کۆمـەڵدا، لـەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا.

ئەمجار پەروەردگار جەختی لەسەر تاک و تـەنیایی خـۆی کردۆتـەوەو دەفەرموێ ﴿**لا إله إلا هو**﴾ هیچ خـودای بەحـەق و ڕاسـت نـین جگـە لـە زاتـی خۆی ﴿**العزيز**﴾ خودایەکی بەهێزی وایە کەس نایوێرێتێ، قودرەت و توانای بێوێنەیە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو شـتێکدا دەشـکێ، گەورەیـەو گەورەییەکەی بە سام و هەیبەتە، ﴿**الحكيم**﴾ هەموو شتێک لـە شـوێنی شیاوی خۆی دادەنێ، گوفتـارو کـردارو شـەرع و قـەزاو قـەدەری هـەمووی ڕێک و پێکە، بێعەیب و کەم و کوڕییە، چونکە لە عیلم و زانیاری ڕەهـا (مطلق)ەوە هەڵقوڵاون و هیچ شتێک لە بوونەوەردا لەژێر دەسەڵاتی ئـەو دەرناچێ.

﴿**إن الدين عند ا لله الإسلام**﴾ بێگومـان ئـایینی پەسـەندو مـەقبووڵ لای پەروەردگار ئایینی ئیسلامە، ئـەو ئایینـەی کـە بریتیـە لـە ئاشـتیو صوڵح لەگەڵ ئادەمیزادانداو گەردنکـەچی تـەواو بـۆ خـوداو بەندایـەتیبۆ کردنی. موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە بەهیچ شێوەیەک دیـاردەی

شەریکێ بۆ خودا قەراردان لە کردارو گوفتاریدا نەبێ، لەگەڵ بیرو بڕوای خۆیدا راستاڵ بێ، چونکە پەروەردگار ئایینی بۆ دوو مەبەستی سەرەکی ناردووە:

ا- یەکەم راست کردن و پاکێ کردنەوەی عەقیدەو بیروباوەڕ لەهەموو لاریو عەیب و خەوشێکێ و کورت هەڵهێنانی خودایەتیو پەروەردگاریەتی لە زاتی بێچوونیدا.

ب- دووەم پاکێ کردنەوەی دڵ و دەروونو نیەت خالصی بۆ خوداو بۆ بەندەکانی بە جۆرێکێ کە لە کردارو گوفتاریدا رەنگێ بدەنەوە.

ئەم ئایەتە ئیعلان و ئاگادارکردنەوەی ئادەمیزادە کە پەروەردگار هیچ ئایینێکێ قبووڵ ناکاو لای پەسەند نیە جگە لە ئیسلام، ئیسلامیش ئەو ئایینە سەرەکییەیە کە پێغەمبەران هێناویانە، هەر لە ئادەمەوە تا حەزرەتی (محمد) کە دوا پێغەمبەرە.. پێغەمبەران یەکە یەکە بانگەوازییان بۆ ئیسلام کردووە. واتە: ناوەرۆکی ئیسلام بریتییە لە شوێنکەوتنی ئەو ئایین و شەریعەتانەی کە پێغەمبەران هێناویانە، چونکە ئایینەکان هەموویان -هەرچەندە لە لق و پۆپدا جیاوازیان بووبێ بەڵام لە بنەماو ناوەرۆکدا بانگەوازییان بۆ یەکێ شتی سەرەکی کردووە ئەویش یەکتاپەرستی خوداو ئاشتیو دادپەروەرییە لە هەموو شتێکدا، کەوابێ کەسێکێ دوای ناردنی پێغەمبەری ئیسلام ئایینێکی تر پەسەند بکا، خودا لێی وەرناگرێو کردەوەی رەت دەکرێتەوەو خەسارەتمەند دەبێ. **﴿ومن یبتغ غیر الإسلام دینا فلن یقبل منه، وهو في الآخرة من الخاسرین﴾**ال‌عمران/٨٥.

ئیبنو جەریر لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئیسلام بریتییە لە شایەتیدان بەوە کە جگە لە خودا هیچ خودای تر نین، دان نان بەو یاساو دەستورەی لە خوداوە هاتووە، ئیسلام ئایینێکە خودا بۆ خۆی داینــاوەو پێغەمبەرانی پێ ناردوون.

﴿وما اختلف الذين أوتوا الكتاب﴾ ئەوانەی کتێبی ئاسمانییان دراوەتێ -جولەکەو فەلە- نەکەوتنە کێشەو نیزاعەوە لەو ئایینە ئیسلامە دەرنەچوون کە پێغەمبەرەکانیان بۆیان هێنابوون، نەبوونە کۆمەڵ کۆمەڵ و گۆر گرۆ **﴿إلا من بعد ماجاءهم العلم بغيا بينهم﴾** مەگەر دوای ئەوەی زانیاری تەواویان بۆ هات و لێیان روون و ئاشکرا بوو کە (محمد) پێغەمبەرەو ئایین یەکێ ئایینەو نابێ جوداوازیو کێشەی تێدا بەرپا بێ، بەلام ئەوان لەبەر ملهوڕی خۆیان بەهۆی سوودیو دڵپیسی خۆیان کێشەیان تێکەوت و تەفرەقەیان نایەوە، هیچ بەڵگەیەکیشیان بەدەستەوە نەبوو جگە لەوەی حەسوود بوون، دەترسان ئەگەر ئیمان بەپێغەمبەر بێنن دونیا خواردنیان لەدەست دەرچێ، رێگای چەوساندنەوەو دەستبڕینی خەڵکی ساویلکەیان لێ ببەسترێ، ئەگینا لە کتێبەکانی خۆیاندا نیشانەی پێغەمبەریان پێ راگەیەنرابوو، باش باش دەیان ناسی وەکو لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: **﴿الذين اتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبناءهم﴾البقرة/١٤٦**. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان پێ نەکردو موسوڵمان نەبوون، بۆ خۆیشیان لەناو خۆیان بوونە تاقم تاقم و گرۆ گرۆ هەریەکەیان بیروڕای خۆی بەلاوە راست بوو، پێی وابوو: ئەو لەسەر حەقەو ئەوانی تر ناحەقن!! مێژووش شایەتی ئەوەیە کە پاشاو قەشەکانی مەسیحی بوون یەکەم کەس کە ئایینی (مەسیحی)یان ئاوا گۆڕیو ئەو هەموو جوداوازیو گۆڕانکاریەیان تێدا پەیدا کردو دوژمنایەتییان خستە ناو خەڵکەوەو وایان کرد چنگ لەیەکتری بهێنن و دەستیان بچێتە خوێنی یەکترەوە، ئاریوس و کۆمەڵەکەی کە بانگەوازییان بۆ یەکتاپەرستی دەکرد مەلیک قصطنطين ساڵی ٣٢٥ی ز لیژنەیەکی پێک هێنا بۆ دادگاییکردنیو، فەرمانی بێدینیو لە ئایین وەرگەڕانی بەسەردا دراو کتێبەکانی سووتێنران و قەدەغەکران، دوایی کە رێبازەکەی جارێکی تر سەری هەڵدایەوە

تیودوسیسی دووەم فەرمانی دا بە قەلاچۆکردنی ئاریوسیەکان و ساڵی ٦٢٨ز قانوونێکی دەرکرد بۆ فەوتاندنی ئەو ڕێبازە.

بەکورتیو پوختی کێشەو نیزاعیان لە بنەمای ئایینی ڕاستداو لە پێغەمبەرایەتی (محمد)دا بەهۆی خۆسەپاندن و ملهوڕی هەندێکیان بوو بەسەر هەندێکیاندا. بەهۆی حەسوودی بردن بە یەکتریو یەکتردزان و پشت لێک هەڵکردنیان لەیەکتری بوو! هەندێکیان لەهەموو شتێکدا دژایەتی هەندەکەی تریان دەکرد، تەنانەت ئەگەر ئەویان سوور بیزانیایە کە بۆچوونی ئەمیان ڕاست و دروستە ئەوە هەر دژی دەوەستاو بەلایانەوە هەڵەبوو!!

﴿ومن يكفر بآيات الله فإن الله سريع الحساب﴾ کەسێک بڕوای بە نیشانەکانی خودایەتی پەروەردگار نەبێو، دیەردەکانی خودایەتی خودا لەنەفسی ئادەمیزادو لە بوونەوەردا بەدرۆ بخاتەوەو بڕوای بەو فەرمان و پەیامانە نەبێ کە خودا لە قورئاندا ناردوونیە خوارەوەو داوای پابەندبوون بە ئایین و یەکتاپەرستی دەکەن، ئەوە با بزانێ خودا لەسەر ئەوە تۆڵەی لێ دەستێنێو سزای دەدا. ﴿فإن حاجوك فقل أسلمت وجهي لله ومن اتبعن﴾ جا ئەگەر جوولەکەو فەلە، یان کافرەکانی تر کێشەو نیزاعیان لەگەڵدا کردیو عاریان نەناو وازیان لە هەڵویستی خۆیان نەهێنا!! ئەوە پێیان بڵێ: من بەندایەتی خۆم بۆ خودای پەروەردگارم ئەنجام دەدەم، بڕوای پتەوم هەیە کە کەس هاوبەشی نیە کەس بەرامبەری ناکاو ناتوانێ ڕقەبەرایەتی لەگەڵدا بکا، نە منداڵی هەیە نە خێزان لەکەس نەبووەو کەسی لێ نەبووە!! ئەمە بیرو باوەڕی خۆم و ئەوانەیە کە شوێنم کەوتوون و سوورین لەسەر ئەم هەڵویستەمان. وەکو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: (**قل هذه سبيلي أدعو إلى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني...**).

بەکورتی دەمەدەمێو موناقەشە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا هیچ

سوودیکی نیە، چونکە موناقەشەو دەمەدەمێ بۆ شتێکە کە شاردراوەیەکی تێدا بێ!! دەی خۆ لێرەدا ئەو هەموو بەڵگانە هێنرانەوە لەسەر تاك و تەنیایی خوداو بێشەریکیو بێهاوەڵی خودا، کەچی ئەوان هەر کەمەندکێش نەبوون و نەهاتنە سەر ڕێگای ڕاست، ئیتر تۆ ڕوویان لێ وەرگێڕەو وازیان لێ بێنە، چونکە هیچ سوودی نیەو کات بەفیڕۆ دانە.

﴿وقل للذين أوتوا الكتاب والأميين أأسلمتم﴾ ئەی موحەممەد! بە جوولەکەو فەلەکان بڵێ هەروەها بە هاوبەشپەیداکەرەکانی عەرەبیش بڵێ: ئایا موسوڵمان بوون و هاتنە سەر ڕێگای ئیسلام دوای ئەوەی کە بەڵگەتان بۆ شیکرایەوەو نیشانەی ڕاستی پەیامی ئیسلامتان بۆ ڕوون بووەوە یان هەر لەسەر کوفرو گومڕایی خۆتان بەردەوامن؟؟ ﴿فإن أسلموا فقد اهتدوا وإن تولوا فإنما عليك البلاغ والله بصير بالعباد﴾ جا ئەگەر موسوڵمان بوون و وازیان لە خواریو چەوتی هێنا، ئەوە ڕێگای ڕاستیان دۆزیوەتەوەو ڕێگای گومڕاییان بەرداوە، خۆ ئەگەر ڕوویان وەرگێڕاو دانیان نەنا بە ڕاستییەکانداو داخوازییەکەی تۆیان ئەنجام نەدا، ئەوە پێی دڵگران مەبەو زیانی بۆ تۆ تێدا نیە.. چونکە کاری تۆ ڕاگەیاندنەو بەس: بەرێك و پێکیش ئەرکی خۆت ئەنجامداوە، پەروەردگار ئاگاداری بەندەکانی خۆیەتی حاڵ و چۆنیەتییان دەزانێ، ئاگاداری ئەوانەیە کە چاوی خۆیان لەئاست ڕاستییەکان دەنوقێنن دەزانێ کێ شیاوی هیدایەتەو شارەزایی بوونە، کێ شیاوی گومڕاییو سەرلێتێکچوونە، هەرکەسە بەگوێرەی کردارو گوفتاری خۆی سزاو پاداشی پێویست وەردەگرێ.

سزاو تۆڵە ستاندنەوە لەوانەی پێغەمبەرانیان شەهید کردن

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَيَقْتُلُونَ ٱلَّذِينَ يَأْمُرُونَ بِٱلْقِسْطِ مِنَ ٱلنَّاسِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٢﴾

ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ئەوەی ئیسرائیل لە چێشتەنگاوی ڕۆژێکدا بەیەک سەعات (٤٣) چل و سێ پێغەمبەریان شەهید کرد. -لە ریوایەتنێکی تردا (١١٢) سەدو دوانزە لە ئەبو عوبەیدەوە دەڵێ: (١٧٠)- خوداپەرست و عاقڵ و هۆشمەندانی نەوەی ئیسرائیل کەوتنە خۆو دەستیان بە ئامۆژگاریو فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە کرد لەدەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژدا هەرهەموویان شەهید کردن، پەروەردگار لەم ئایەتانەی دوایی‌دا باسی ئەوانە دەکاو وەکو هەڕەشە ئاراستەی جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەری دەکاو دەفەرموێ: ﴿إن الذين يكفرون بآيات الله ويقتلون النبيين بغير حق، ويقتلون الذين يأمرون بالقسط من الناس فبشرهم بعذاب أليم﴾ ئەو جوولەکانەی ئینکاری ئایەتی خودا دەکەن و نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی (محمد) کە لەکتێبەکەیاندا هەیە ژێر لێوی دەخەن و دەیشارنەوە، (یان مەبەست ئەو جوولەکە پێشنانەیە کە لە ڕۆژگاری خۆیانا بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردووە، ئایاتە نێردراوەکانیان بەدرۆ خستۆتەوە) سەرباری ئەوەش ئەو جوولەکە پێشینانە -کە ئەو جولەکانەی سەردەمی پێغەمبەر ئەوەو

وەچەیانن- پێغەمبەرانیان شەهید کردووە وەکو ئەو شێوە دوڕندەییەی لەگەڵ حەزرەتی زەکەریاو یەحیایان کرد هیچ حەق و مافێکیشیان بەسەرەوەنەبوون، جگە لەوە کە دەیانگوت (الله)پەروەردگارمانەو بانگەوازی حەقیان دەکردو پەیامی خودایان دەگەیاندو، ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دەدا هەر لەسەر ئەوە شەهیدیان کردن! بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو ئەو عاقڵ و هۆشمەندانەی کە دەستیان بە ئامۆژگاری خەڵکەکە کردو فەرمانیان بە چاکەو نەهی‌یان لە خراپە دەکرد، ئەوانیشیان شەهید کرد، جا ئەی (محمد!) هەواڵ بدە بەو جولەکانەی سەردەمی خۆت کە لەسەر ڕێو شوێنی باوک و باپیری خۆیان دەڕۆن بە سزای توندو بەئێش لەدونیاو قیامەتدا، ئەوانەی ئەو جۆرە تاوانانەیان ئەنجام داوە لە گومڕایی‌دا ڕۆچوون. ﴿أولئك الذين حبطت أعمالهم في الدنيا والآخرة وما هم من ناصرين﴾ ئەوانە کردەوەیان لە دونیاو قیامەتدا پووچ و بەتاڵە، هیچ سوودی لێ نابینن، لە ڕۆژی دوایی‌دا کەس پاڵپشتیان نیەو لە سزای خودا بەرگرییان لێ ناکا.

هەواڵدان لە جولەکە بەد ڕەفتارەکانی سەردەمی کۆن و نیسبەتی کوفر بۆ لای جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەم ڕووەوەیە کە ئەو جولەکانەی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕازی بوون بە کردارو هەڵوێستی جولەکە پێشینەکان و شانازییان پێوە دەکرد، بەڵکو ئەوانیش بەتەما بوون و هەوڵیشیان دا کە پێغەمبەر ﷺ شەهید بکەن! بەڵام بۆیان نەکرا: بەڵکو لە صەحیحی سوننەتدا هەیە کە پێغەمبەر لە سەرەمەرگا دەیفەرموو: (لا زلت أجد ألما من أكلة خيبر، فهذا أوان قطعت أبهري) واتە: هێشتا هەست بە

ئێش و ئازاری ئەو گۆشتی مەڕە دەکەم کە لەخەیبەر خوارادم، هاکا بەندی دڵی پچڕاندم)[1].

لێرەدا چەند حوکمێک هەیە کە پەیوەندی بە فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەوە هەیە:

١- ئەهلی سوننە دەڵێن: مەرج نیە ئەو کەسەی بەکاری فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە هەڵدەستێ عادڵ بێ، بەڵکو پێویستە هەرکەسە لەعاست خۆیەوە ئەو ئەرکە ئەنجام بدا.

٢- ئیبنو عەبدول بەڕ دەڵێ ئیجماعی موسوڵمانان لەسەر ئەوەیە کە پێویستە هەرکەسێک بتوانێ‌و دەسەڵاتی هەبێ بەکردەوە دژی مونکەرو کاری ناڕەوا بوەستێ ئەگەر نەیتوانی با بە زمان دژی بوەستێ، ئەگەر نەیتوانی با بەدڵ پێی ناخۆش بێ، ئەو کەسیش کە بەدڵ پێی ناخۆشە باوەڕی تەواو کزە.[2]

لەم بارەوە زۆر فەرموودە لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەنەتەوەو بوارەکانی پەیڕەوکردنیان زۆرو هەمەجۆرن، بەڵام مەرجە دەبێ ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێ تواناو دەسەڵاتی بەرگری هەبێ.. ئەبو سەعیدی خودری دەفەرموێ لە پێغەمبەرم بیست ﷺ دەیفەرموو: (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع فبلسانه فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان) واتە: هەرکەسێک لە ئێوە شتێکی ناڕەوای بینی با بە کردەوە بەرگری بکاو هەوڵی گۆڕان و قەڵاچۆکردنی بدا، ئەگەر نەیتوانی با بەزمان هەوڵی نەهێشتنی بدا، ئەکەر نەیتوانی با بەدڵ پێی ناخۆش بێ بەڵام ئەوە لاوازترین باوەڕە...).

---

[1] بروانە التاج الجامع للأصول ج٢ ص١٩٥ عمدة القاريء ج/١٨ ص٦٠.

[2] ریاض/٢/٢١٥ کوردی ز/٢٣.

زانایان دەڵێن: فـەرمان بـە چاکـەو نـەهی لـە خراپـە بـەکردەوە ئـەوە ئەرکی کاربەدەست و لێپرسراوانە، بەقسـەو ئامۆژگـاری، ئـەرکی زانایانـە بەپێ‌ناخۆشبوونی دڵ، ئەرکی بێ‌دەسەڵات و رەشە خەڵك و بۆرەپیاوە.

ج- کەی فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە وازی لێ‌دەهێندرێ؟؟

ئیبنو ماجە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕێتەوەو دەڵـێ: گوتـرا: ئەی پێغەمبەری خودا! کەی فـەرمان بـە چاکـەو نـەهی لـە خراپـە واز لێ بێنین؟؟ پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: هـەرکاتێ لـەنێو ئێـوەدا ئـەو دیـاردە دزێوەی نەتەوەکانی پێشوو پەیدا بوو، واز لە فەرمان بە چاکەو نـەهی لـە خراپە بهێنن، وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەو دیاردە دزێوە چیە کە لەناو گەل و نەتەوەکانی پێشوودا پەیدا بوو؟؟ فەرمووی: هەرکاتێ ناکەس بەچەو نارەسەنەکانتان بوون بە سـەرۆك و پاشـاتانو، لـەناو پیاومـاقووڵ و خانەدانەکانتاندا تاوانکاریی‌و بێ‌شەرمیی بوون بـە بـاو، وە زاناکانیشـتان بەدکارو بێ‌دین بوون.

پشت هەڵکردنی جولەکە لە حوکم و بڕیاری خودا

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُدْعَوْنَ إِلَىٰ كِتَٰبِ ٱللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ وَهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَٰتٍ وَغَرَّهُمْ فِى دِينِهِم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ فَكَيْفَ إِذَا جَمَعْنَٰهُمْ لِيَوْمٍ لَّا رَيْبَ فِيهِ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٥﴾

ئەمجار پاش ئـەوەی باسـی کـارە خراپـەکانی جولەکـەکانی کـرد کـە

بریتـی بـوو لـە پشـت هـەڵکردنیان لـە بانگـەوازیی پێغەمبـەران و شەهیدکردنیان بە شێوەیەکی دڕندانـە، بـۆ ئـەوەی دڵنـەوایی پێغەمبـەر بکاو ئەوەی بۆ روون بکاتەوە کە بـەپیرەوە نـەهاتنی ئـەو جوولەکانـە بـۆ بانگەوازیی ئیسلامی شتێکی سەیر نیە، ئەو سـەرپێچیکردنەیان هـەر لـە کۆنەوە هەبووەو، شتێکی سروشـتیو هەمیشـەییان بـووە. لەگـەڵ هـەموو پێغەمبەرەکاندا، بەدرێژایی مێژوو ئەوە هەڵویستیان بووە! کـەوابێ تـۆش ئەی موحەممەد! دڵت بەخۆ نەمێنیو خەفەتیان لێ مەخۆ!!

دوای ئـەم روونکردنەوەیـە دێتـە سـەر باسـکردنی هەڵویسـتێکی سەیرتریان، ئەویش ئەوەیە کە ئەو جوولەکانە تەنانەت بڕوا بە کتێبەکـەی خۆشیان ناکەن و هەرکاتێ حوکمی تەورات بەدڵیان نەبوو پشـتی لێ هـەڵ دەکەن و پابەندی نابن!! ئەوانە تاقم و گرۆیەکی سەیرن، خۆیان بـەلاوە زۆر پەسەندە، بەوە لەخۆ بایی بوون کە لە نەوەی پێغەمبـەرانن و پێیـان وایـە ئـەوە کیفایەتـە بـۆ رزگاربوونیـان لـە سزای دۆزەخ، بۆیـە گوناهکردنیـان بەلاوە شتێکی ئاسایییەو هیچ کاتێ کۆ لە تاوانکردن ناکەن!

ئیبنو حاتەم و ئیبنـو مونذیرو ئیبنـو ئیسحاق لـە ئیبنوعەبباسـەوە دەگێڕنـەوە: دەڵـێ پێغەمبـەر ﷺ چـووە نـاو باڵەخانـەی میـدراس (خوێندنگایەکی جولەکە بوو بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنـی تـەورات) بـۆ لای کۆمـەڵێک جولەکـەو بانگـەوازی کـردن بـۆ ئیمـان هێنـان بـە خـودا، نـەعیمیکوڕی عـەمرو (الحـارث)ی کـوڕی زەیـد پێیـان وت: ئـەی موحەممەد! تۆ بۆ خۆت لەسەر ئایینی کێی؟؟؟ پێغەمبەر ﷺ فـەرمووی: من لەسەر ئایین و ڕێبازی ئیبراهیمی خەلیلم، وتیـان: ئیبراهیم جولەکـە بووە! پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون نەخەیر وا نیە، ئەوە تەورات و بیهێنن با لەنێوانماندا حەکەم بێ. بەڵام ئەوان ملیان نـەداو نەهاتنـە سـەر ڕێگـا، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتانەی ناردنە خوارێ کە دەفـەرموێ: ﴿ألم تـر إلى

الذين أوتوا نصيبا من الكتاب﴾ ئەی موحەممەد! سەیری هەڵس و کەوتی ئەو کۆمەڵە جولەکەیە بکەو سەرت سوڕبمێنێو شیاوی ئەوەشن لێیان سەرسام بێ! ئەو کۆمەڵەی کە بەشێک لە تەوراتیان -وەکو خۆی- لا ماوەتەوە زوربەی زۆریشیان فەوتاندویانە یان گۆڕیویانە چونکە تەورات پێنج سەد ساڵ دوای حەزرەتی مووسا نووسراوەتەوە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە مووسا نووسیبێتیەوە، تەنانەت نازاندرێ لە سەرەتادا بە چ زمانێ نووسراوەتەوە، هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە حەزرەتی مووسا زمانی عیبری زانیبێ!!

مامۆستا سەید قوطب دەفەرموێ: **﴿نصيبا من الكتاب﴾** کە تەوراتە بۆ جولەکەو، ئینجیلە بۆ نەصرانیەکان، کە هەردووکیان بەشێکن لە کتێبی خودا، لەم رووەوە کە کتێبی خودا بریتی بێ لەهەموو ئەو کتێبانەی کە بەنیگا ناردوونی بۆ سەر پێغەمبەران و تاک و تەنیایی خۆی تێدا چەسپاندوون، کەوابێ لەراستیدا کتێبی ئاسمانی یەک کتێبەو لەیەک سەرچاوە هەڵقوڵاوەو یەک مەبەستی هەیە؛ بەشێک لەو کتێبە سەرەکییە دراوە بە جولەکە، بەشێکی لێ دراوە بە نەصرانیەکان، ئەمجار پوختەو کاکڵەی هەموو ئەو کتێبە دراوە بە موسوڵمانان کە قورئانەو کۆکەرەوەی هەموو بنەما ئایینیەکانەو پاڵپشت و تەئییدی کتێبەکانی پێش خۆی دەکا.

﴿يدعون إلى كتاب الله ليحكم بينهم﴾ سەرسوڕمانەکە لەوەدا نیە ئەو جولەکانە بەشێکیان لە کتێبی ئاسمانی دراوەتێ، بۆ خۆیان داوا دەکەن بەگوێرەی ئەو کتێبەی خۆیان حوکمیان بکرێ! کەچی کە دوایی بەگوێرەی ئەو کتێبە حوکمیان بەسەردا دەدرێ هەموویان گوێبیستی نابن و حوکمەکەیان پێ تەحەممول ناکرێ، کۆمەڵێکیان پشتی لێ هەڵ دەکەن و نایانەوێ کتێب و شەریعەتی خودا یاسایان بێ، بەجۆرێک کە ئەوە

دەگەیەنێ کە هیچ بڕوایەکیان بەکتێبی خودا نیەو، هەر دەڵێی ئەهلی کیتابیش نین، سەیرەکە لەوەدایە ئەوان حوکمێک کە موافیقی حوکمی کتێبی خۆیانە رەتی دەکەنەوە، دەی دەبێ بە چ حوکمێکی تر رازی بن؟!

ئەوەبوو کاتێک بڕێ پیاوماقوڵیان زینایان کردبوو؛ ویستیان پێغەمبەر ﷺ لەم بارەیەوە حوکمیان بکا، ئەویش حوکمێکی بەسەردا دان کە لەگەڵ ناوەڕۆکی تەورات یەک بوو، کەچی پێی رازی نەبوون و پشتیان لێ هەڵکرد. ئەوانە بە سروشت سەرپێچیکەرن! ئەگەر بانگ بکرێن یان خۆیان داوا بکەن کە بەگوێرەی تەورات حوکمیان بکرێ ﴿ثم﴾ پاشان کە ئاکامی دادگاییکردنەکەیان بەدڵ نەبوو ﴿**يتولى فريق منهم وهم معرضون**﴾ کۆمەڵێکیان پشتی لێ هەڵ دەکەن و، رووی لێ وەردەگێڕن!! دیارە بڕێکیشیان رێگای حەق دەگرن و بڕوا بە قورئان دەکەن و موسوڵمان دەبن...

ئەمجار لەم ئایەتانەی دوایی‌دا هۆی ئەو پشت هەڵکردنە روون دەکاتەوەو دەفەرموێ ﴿**ذلك بأنهم قالوا لن تمسنا النار إلا أياما معدودة**﴾.

ئەو ملنەدان و نەهاتنە سەر رێگای راست و بێباکییەیان لە سۆنگەی ئەوەوەیە: کە بڕوایان وایە: چەند رۆژێک نەبێ بەئاگر سزا نادرێن، پاش سزادانێکی کەم دەخرێنە ناو بەهەشتەوە ﴿**وغرهم في دينهم ماكانوا يفترون**﴾ هیچ مویالاتێک بە گوناهکردن نادەن و تاوانکردنیان بەلاوە شتێکی ئاساییە، چەندەها درۆو دەلەسەیان هەڵبەستووە، بەوە دەنازن کە نژادیان دەچێتەوە سەر پێغەمبەران، دەمێک دەڵێن: ئێمە کوڕی خوداین، یان دەڵێن: ئێمە خۆشەویستی خوداین، یان دەڵێن: پێغەمبەران شەفاعەتمان بۆ دەکەن، ئێمە منداڵی پێغەمبەرانین، یان دەڵێن: ئێمە نەتەوەی هەڵبژاردەی خوداین، یان دەڵێن: خودا وادەی بە یەعقووب داوە

کە ئەوەکانی -ماوەیەکی کەم نەبێ- سزایان نەدا.

ئا بەو جۆرە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن و بەخەیاڵ شت بۆ خۆیان هەڵدەبەستن وەکو لە سوورەتی (البقرة)دا ئایەتی/٨٠ راڤە کرا کە دەفەرموێ: ﴿**وقالوا لن تمسنا النار إلا أياما معدودة، قل أتخذتم عند الله عهدا فلن يخلف الله عهده أم تقولون على الله ما لا تعلمون**﴾.

شایانی باسە دەربارەی ئەوەی کە دەڵێن: چەند رۆژێک نەبێ ناخرێینە دۆزخەوە هیچ شتێکیان بۆ نەچەسپاوە، هەندێکیان دەڵێن: ماوەکە چل رۆژە، بەئەندازەی ئەو ماوەیەی کە گوێرەکە پەرستیان کردووە.

جا خۆ ژیانی دونیا کورتەو هەمووی پێچی مێزەرێکە، ﴿**فكيف إذا جمعناهم ليوم لا ريب فيه**﴾ دەی باشە چی دەکەن و هەڵوێستیان چی دەبێ ئەو کاتەی ئێمە زیندوویان دەکەینەوەو رۆژی قیامەت لە گۆڕەپانی حەشردا کۆیان دەکەینەوە بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە؟؟ خۆ ئەوکاتە ئەم درۆو دەلەسەیەیان بۆ بەسەر ناچێ؟ ئەو رۆژە هەر دێ‌و هیچ شک و گومانی تێدا نیە، رۆژێکە کەس وەسەر کەس ناپرژێ نەسەب و نژاد نامێنێ‌و دەوری نابێ، ماڵ و منداڵ و سامان هیچ سوودێکیان نیە، پیاو لەبەر خێزانی خۆی هەڵدێ! لەبەر کوڕو کچ و باوک و دایک رادەکا، خۆ لە براو خوشک و کەس و کاری دەشێرێتەوەو نایەوێ بیان بینێ‌و بیبینن!

﴿**ووفيت كل نفس ماعملت وهم لا يظلمون**﴾ هەموو کەسێک چی کردبێ لە خێرو شەڕ دێتەوە رێگای‌و ئاکامەکەی وردەگرێتەوەو بەبێ ئەوەی کەس زیاد لە سزای شیاوی خۆی سزا بدرێ، هیچ ستەمی لێ ناکرێ، تەرازووی عەداڵەت دادەنرێ، کردار رۆڵ دەبینێ، هەرکەسێک بەئەندازەی گەردیلەیەک چاکەی کردبێ یان خراپەی کردبێ بۆی دێننە پێشەوەو حیسابی لەسەر لەگەڵ دەکەن، وەکو دەفەرموێ: ﴿**ونضع الموازين بالقسط ليوم القيامة فلا تظلم نفس شيئا وإن كان مثقال حبة من**

خردل أتينا بها وكفى بنا حاسبين﴾.

ئیبنو ئەبی حاتەم لـە قـەتادەوە دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: (پێغەمبـەر ﷺ داوای لە خودا کرد کە سەڵتەنەتی فارس و ڕۆم بدا بە ئوممەتی؛ ئیتر ئـەم ئایەتـەی دوایـی هاتـە خـوارەوە کـە دەفـەرموێ : ﴿قـل اللهـم مـالك الملك...﴾

بڕێ بەڵگەو نیشانەکانی دەسەڵات و گەورەیی خوداو گۆڕانکاری لە بوونەوەردا

قُلِ ٱللَّهُمَّ مَـٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٦﴾ تُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ ۖ وَتُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ ۖ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٢٧﴾

ئیبنو عەبباس و ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێن: کاتێک کە پێغەمبەر ﷺ مەککـەی کۆنـترۆڵ کـرد بـەڵێنی بـەهاوەڵانی‌دا کـە زۆری پـێ نـاچێ ئوممەتەکـەی سـەڵتەنەتی فـارس و ڕۆم وەدەسـت دەهێنـن و کۆنـترۆڵی هـەردوک ئیمـپراتۆری فـارس و ڕۆم دەکـەن! دووڕووەکـان و جولەکـەکان بەلاقرتێوە دەیانگوت: ئەوە خەیاڵ پلاوە، موحەممەدو هاوەڵانی لـەکوێ‌و سـەڵتەنەتی فـارس و ڕۆم لـەکوێ؟! فـارس و ڕۆم زۆر لـەوە بـەهێزترن کـە موحەممـەدو هـاوەڵانی کـە بتوانـن کۆنترۆڵیـان بکـەن! بۆچـی محمـدو هاوەڵانی بـە مەککـەو بەمەدینـە تـێر نـاخۆن چاویـان بڕیوەتـە مولـک و سەڵتەنەتی فارس و ڕۆم؟! ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: ﴿قل اللهم مالك

الملك.....﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتانە بە ئایەتەکانی پێشووەوە لەوەدایــە کــە دەبێــە دڵنەواییکردن بۆ پێغەمبەر لەبەرامبــەر هەڵوێستی دوژمنکــارەی کــافرو جولەکەکان کە بەهەموو جۆرێک ئینکاری پێغەمبەرایــەتی پێغەمبــەریان دەکرد، کافرەکان دەیانگوت: نابێ پلەی پێغەمبەرایەتی بدرێ بەکەسێک خواردن بخواو بەناو بازاڕدا پیاســە بکــا!! ئــەهلی کیتــابیش پێیــان وابــوو پێغەمبەرایەتی هەردەبێ لەناو نەتەوەی ئیسرائیل بێ، نابێ پێغەمبەر لــە نەتەوەی تر بنێردرێ! هەروەها ئایەتــەکان بیرخســتنەوەی پێغەمبــەرە بــە باڵادەستی خوداو رەهایی دەسەڵاتی بەسەر بوونەوەرداو وادە پێدانە بــەوە کە خودا ئایینی خۆی سەردەخاو ئاڵای **(لا إله إلا الله)** بەسەر پانتــایی ئــەو ئیمپراتۆڕانەدا دەشەکێتەوە. بۆیە فەرمان بە پێغەمبەر دەکاو دەفــەرموێ:

﴿قل اللهم مالك الملك تؤتي الملك مــن تشــاء وتــنزع الملــك ممــن تشــاء﴾

واتە: ئەگەر کافرەکان گوێیان بە بانگەوازییەکەت نەداو ئەهلی کیتــاب -کە وەفــدی نــەجران بەشێکن لــەوان- بانگەوازییەکــەتیان رەت کــردەوە، ئەوە روو بکەرە خوداو بڵــێ: ئــەی خــودای ئێمــە! تــۆ خــاوەن دەســەڵات و باڵادەســتی بەســەر هــەموو شــتێکدا، تــۆ کــارگێڕو هەڵســـــوڕێنەری دروستکراوانی خۆتی، چیت بوێ ئەنجامی دەدەی، بە ویست و حیکمــەتی خــۆت ئیش هەڵدەسوڕێنی، هــەموو شــتێک بەدەســتی خۆتــە، هــەر تــۆ بەخشندەو هەر تۆیــش لێگــرەوەی! هــەر دەوڵەمــەندە دەیکەیــە پــەڕەندە! ئەمڕۆ خاوەن ماڵ و سفرەو خوانە، سبەینێ ئاتاجی پارویک نانــە، ئــەمڕۆ دەست رۆیشتوو فەرمانڕەوایە، سبەینێ لێخراوەو بێدەســەڵات و گەدایــە، هەرکەسێکی بتەوێ پادشایی و پێغەمبەرایــەتی دەدەیــە، هــەروەکوو چــۆن پادشــایی و پێغەمبەرایــەتی وەردەگرییــەوە لــەو نەتەوانــەی بتــەوێ لێیــان بسێنیەوە، ئەوەتا پێغەمبەرایەتیت لە نەتەوەی ئیسرائیل ستاندەوەو دات

بە پێغەمبەرێکی نەخوێندەواری عەرەبی نژادو، کردتە پێغەمبەر بۆ سەر هەموو ئەجندەو ئادەمیزاد. ﴿**وتعز من تشاء وتذل من تشاء**﴾ ئەو کەسەی بتەوێ دەست ڕۆیشتووی دەکەیو بەرزی دەکەیتەوە! ئەوەی مەیلت بێنێ زەلیل و ژێردەستەی دەکەی! زۆرکەس ئەمڕۆ شوان و گاوانە سبەینێ دەیکەیە میرو سوڵتان، ئەمڕۆ پادشاو فەرمانڕەوایە، سبەینێ کەم دەست و گەدایە! ئەوە مێژووی ئادەمیزاد پڕە لە هەواڵی سەرسوڕهێنەری وەرگەڕانی تەخت و بەختی ئەم پادشاو رووخانی فلان فەرمانڕەواو لەناوچوونی دەسەلاتی ئەم و ئەو..

لەلایەکی ترەوە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانە رووداوی پێچەوانەش کە بریتین لە چوونە سەر تەختی فلانە میرو نگین دەستکەوتنی فلان پادشاو سەرکەوتنی فلان لەشکرو تێشکانی فیسارە سوپا.

﴿**بيدك الخير**﴾ هەموو خێرو بێرێک بەدەستی تۆیە، بە ویستی خۆت ئال و گۆڕی تێدا دەکەی، بۆ تاک و کۆمەڵ سوودی تێدایە.. خودایە! بۆ خۆت خاوەنی دەسەلاتی رەهایو بەسەر هەموو شتێکدا بالادەستی هیچ رووداوێک لەژێر دەسەلاتی تۆ دەرناچێ، ئێمە پشت و پەنامان هەر ئەتۆیو تەوەکولمان لەسەر زاتی تۆیە.

جا هەرچەندە خێرو شەڕ هەردووکیان لەژێر دەسەلاتی خودادان، بەلام چونکە خێر لەگەڵ مەقامی ئێرە گونجاوە بۆیە هەر باسی خێری کرد چونکە باسەکە باسی گواستنەوەی بەهرەی پێغەمبەرایەتی و فەرمانڕەوایی‌یە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر!

خێر وشەیەکی فرە مانایە سەرکەوتن و دەستکەوت و شان و شەرکەوت و پلەو پایەو سام و هەیبەت و هەر شتێکی تر کە ئادەمی حەزی لێ بێ بەدەستی بێنێ دەگرێتەوە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ ﴿**وانه لحب الخير لشديد**﴾.

جا وەنەبێ پەروەردگار هەر دەسەڵاتی بەسەر گۆڕانکاری حاڵ و چۆنیەتی ئادەمیزاددا هەبێو بەس! بەڵکو دەسەڵاتی زۆر لەوەش فراوانترە، دەسەڵاتی رەهای بەسەر بوونەوەردا هەیە؛ چۆنی بوێ وا ڕامی دەکا!

﴿تولج الليل في النهار وتولج النهار في الليل﴾ خودایە! هەموو گۆڕانکاریەک بەدەستی تۆیە؛ ئەوەتا بەشێک لەشەو دادەبڕیو دەیخەیە سەر رۆژ؛ شەو کورت دەبن و رۆژ درێژ دەبن، بەپێچەوانەوە بەشێک لە رۆژ دەخەیە سەر شەو، شەو درێژ دەبن و رۆژ کورت دەبنەوە، لەدرێژی ئەمیان وەردەگری دەیخەیە سەر ئەویان، تا هاوتەرازووی یەکتری دەبن، ئەمجار لەویان دەگریەوە دەیخەیە سەر ئەمیان و، جیاوازی لەنێوانیاندا پەیدا دەبێتەوە، تا بەرامبەر بەیەکتر دەبنەو! ئا بەو جۆرە بەدرێژکردن و کورت کردنی شەوو رۆژ بەگوێرەی وەرزەکانی ساڵ بە بەهارو هاوین و پایزو زستانیەوە، هەروەها بەگوێرەی شوێنی جوگرافی ئەم وڵات و ئەو وڵات گۆڕانکاری لە شەوو رۆژدا دەکەی! ئەوەتا لە برێ شوێندا شەش مانگ شەوەو شەش مانگ رۆژە، هەندێ شوێنی وا هەیە هەژدە تا بیست سەعات رۆژەو چەند سەعاتێک شەوی هەیە. هەندێ شوێن هەن کە خۆری لێ ئاوا دەبێ پاش سەعاتێک خۆری لێ هەڵدێتەوە.

دیارە دروستکردنی زەوی بەشێوەیەکی هێلکەییو هەڵسوڕانی زەویو خۆر هەریەکە لە تەوەرەی خۆیداو بەشێوەی تایبەتی، هۆکاری ئەم گۆڕانکارییەن و ئەوە دەسەلمێنن کە ئیش و کاری رۆژگارو گەردوون هەمووی بەدەستی خودا خۆیەتی ﴿**وما قدروا الله حق قدره والأرض جميعا قبضته والسماوات مطويات بيمينه سبحانه وتعالى عما يشركون**﴾**الزمر**/٦٧، جا خودایەک ئەمە بەشێک لە دەسەڵاتی بێ چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەر ئەگەر بێتو پێغەمبەرایەتیو سەڵتەنەت بداتە کەسێکی وەکوو (محمد)و

ئەم بەهرەیە لە نەتەوەی ئیسرائیل وەربگریتەوە؟؟ یان سەڵتەنەت و دەسەڵات لە فارس و رۆم بستێنێتەوە؟؟؟

خودایە گۆڕانکاری تاوو توێکردنی لە ئادەمیزادا وەکوو گۆڕانکاریکردن وایە لە شەو رۆژدا.

جا وەنەبێ ئەم گۆڕانکارییانە هەر لە ئادەمیزاددا یان لە شەوو رۆژدا هەبێ‌و بەس! بەڵکو لەهەموو بوارێک و ئاقارێکدا دیاری دەداو دەستی قودرەت خۆی دەنوێنێ ﴿وتخرج الحي من الميت﴾ زیندوو لە مردوو دەخەیەوەو پەیدای دەکەی! جا ئەم دەرهێنانی زیندوو لە مردوو یان مردوو لە زیندوو یان بەشێوەیەکی ماددییە وەکوو دەرهێنانی خورما لە دەنکەکەی‌و شیناوەردو زەرعات لە دەنکە تۆم، پەیدا بوونی ئادەمیزادو ئاژەڵ لە دڵۆپی مەنی! کەئەویش لە خواردنی شتی بێگیان پێک هاتووە، پەیدابوونی پەلەوەر لە هێلکە ....هتد یان بەشێوەیەکی مەعنەوی وەکوو دەرهێنان و کەوتنەوەی زانا لە نەزان، موسڵمان لە کافر، ﴿وتخرج الميت من الحي﴾ مردوو لە زیندوو دەردەهێنی! جا یان بەشێوەیەکی ماددی وەکوو دەرهێنانی دەنکە خورما لە دارخورما، هێلکە لە پەلەوەر، یان بەشێوەی مەعنەوی وەکوو کەوتنەوەی نەزان لە زانا، کافر لە موسوڵمان.

شایانی باسە زانایانی پزیشکی ئەوەیان چەسپاندووە: کە دڵۆپە مەنی‌و هێلکەو دەنکە تۆم ژیانیان تێدایە، بەڵام ئەم ژیانە جۆرە ژیانێکە تایبەتە بە زاراوەی ئەو جۆرە زانستییەوە، ئەو داب و عورفە گشتی‌یە ناگرێتەوە کە قورئانی پێ هاتۆتە خوارێ! بڕێکیش لە زانایانی پزیشکی دەرهێنانی زیندوو لە مردوویان بەوە تەفسیر کردووە کە زیندوو گەشە بە خواردن و خورادنەوە دەکا، خواردن و خواردنەوەش بێگیانن، بۆ نموونە منداڵ بە خواردنی شیرو شتی تر گەشە دەکا ئەوانەش خۆیان زیندوو نین. دەرهێنانی مردووش لە زیندوو بریتییە لەو ئیفرازاتانەی کە دێنە دەرێ

وەکوو شیر کە شلێکی بێ گیانە، هەروەها گۆشت و مـەنتوجاتی کشت و کاڵی کە شتی بێ گیانەو لە جیسمی نامی پەیدا دەبن، بەڵام بەپێچەوانەی دڵۆپە مەنی چونکە ئەو حەیواناتی زیندووی تێدایە..

ئا بەو جۆرە زیندوو بـە مـردوو گەشـە پـێ دەکـا مـردوو لـە زینـدوو دەردێنیێ! ویڕای ئەم هەموو گۆڕانکارییانەو هی تریش ﴿وترزق من تشـاء بغير حساب﴾ رزق و رۆزیی دەدەیـە کەسـانێک بتـەوێ بیـاندەیتێ بـەبێ ئەژمارو ریـژە، هیچیـش پێیـەوە مـاندوو نـابیو، نارەحـەتی لێ نـابینی، گەنجینەی ئاسمانـەکان و زەوی هـەمووی بەدەست خۆتـە؛ رزق و رۆزیـی بەسەر کۆمەڵێکدا دەڕێژیو لە کۆمەڵێکی دەگریەوە، بەگوێرەی ویست و حیکمەتی خۆت ئەو دەوڵەمەند دەکەیو ئەو هەژار دەکـەی، ئـەم دەکەیـە ملیۆنێرو ئەو دەکەیە رەنـدی هـەژارو نـانی شـێوی نـادەیتێ!! هەمووشـی حیکمەتی یەزدانی تاوو تویی دەکاو سەنگ و سووکی تێدادەکا.

وشەی (الحساب) لە قورئاندا بە سێ مانا هاتووە:

ا- بە مانا ماندووبوون وەکوو لەم ئایەتەدا هاتووە.

ب- بە مانـا ژمـارەو ئـەندازە وەکـوو ئایـەتی ﴿إنمـا يوفـى الصـابرون أجرهم بغير حساب﴾.

ج- بـە مانـا موطالەبـەو داواکردنـە وەکـوو دەفـەرموێ: ﴿فـامنن أو أمسك بغير حساب﴾.

خۆشویستن و دۆستایەتیکردنیکافرەکان کارێکی ناپەسەندەو دەبێ ئادەمیزادان لە رۆژی قیامەت بترسێن

لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨﴾ قُلْ إِن تُخْفُوا۟ مَا فِى صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۗ وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار پێغەمبەرو موسوڵمانانی ئاگادارکردەوە کە هەر پەنا بە خودا بەرن و هەمیشە دان بەوەدابنێن کە سەڵتەنەت و دەسەڵاتی رەها بە دەستی خودا خۆیەتی‌و هەر ئەو بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ! بەگوێرەی ویست و ئیرادەی خۆی بەشی ئەو دەداو لەم دەگرێتەوە، ئەو باڵادەست دەکاو ئەم ژێردەستە دەکا! ئەمجار لەم ئایەتەی دواییدا ئەوەیان بۆ روون دەکاتەوە کە هەرکەسێک پشت بە غەیری خودا ببەستێ‌و پەنا بۆ غەیری زاتی ئەو بەرێ نەفام و تێنەگەیشتووە بە فەرمانی خۆی ئەو هەڵوێستەیان لێ قەدەغە دەکا..

ئەوانەی ژینامەی پێغەمبەریان نووسیوە دەڵێن: هەندێ کەس کە

موسوڵمان دەبوون دارایی‌و هێزو توانای کافرەکان سەرنجی رادەکێشان پێیان خۆش بوو لێیان دانەبڕێن و دۆستایەتیان بکەن و خۆیان پێوە هەڵبواسن ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿لا یتخذ المؤمنون الکافرین أولیاء من دون المؤمنین﴾ با موسوڵمانان نەچنە ریزی کافرانەوەو دۆستایەتی‌و هاوپەیمانیان لەگەڵدا نەکەن، نەچن دڵی خۆیانیان بۆ بکەنەوە، نهێنی تایبەتی موسوڵمانانیان پێ بڵێن، لە نەخشەو پیلانی موسوڵمانان ئاگاداریان بکەن، بەرژەوەندی کافرەکان پێش بەرژەوەندی موسوڵمانان بخەن، چونکە ئەمە یارمەتیدانی کوفرە بەسەر ئیماندا.

پوختەی ئەمە ئەوەیە: پەروەردگار نەهی لە موسوڵمانان کرد کە هاوەڵی‌و دۆستایەتی کافران بکەن پەیمانیان لەگەڵ ببەستن، داوایان لێ دەکا: کە هەرگیز خزمایەتی‌و دۆستایەتیان لەگەڵ نەکەن! بەڵکو پێویستە دۆستایەتی‌و دوژمنایەتیان بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان بەکاربهێنن! جا ئەگەر دۆستایەتی‌و پەیمان لەگەڵ بەستنەکە بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانان بوو، ئەوە قەیناکا! چونکە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خێڵی خوزاعە پەیمانی بەست و هەر لەسەر کوفرو خوانەناسی بوون. ﴿ومن یفعل ذلك فلیس من الله في شيء﴾ کەسێك موسوڵمانان فەرامۆش بکاو کافرو خوانەناس بکاتە دۆست و هاوپەیمانی خۆی لە شتێکدا کە زیانی بۆ بەرژەوەندی ئایین و موسوڵمانان هەبوو، ئەوە هیچی بۆ خودا نیەو، پابەندبوون نیە بەفەرمانی پەروەردگارەوە، یارمەتیدانی ئایین نیەو، کابرا کە ئەوە هەڵویستی بێ، مانای وایە پەیوەندی لەگەڵ ئیماندا نەماوەو لەخودا یاخی بووەو، دەچێتە ریزی کافرانەوە وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ومن یتولهم منکم فإنه منهم﴾ ئەمە هێڵێکی سەرەکی بێ پێچ و پەنایە، سنوورێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان کوفرو ئیماندا، پێویستە موسوڵمانان هەموو کاتێك بەوردی

پابەندی ئامۆژگارییەکانی قورئان بن و هەرگیز دۆستایەتی خوانەناسان نەکەن! ﴿إلا أن تتقوا منهم تقاة﴾ واتە: دابڕان لە ریزی کافران شتێکی پێویستە لەهەموو حاڵ و زروفێکدا مەگەر ترسێکتان هەبێو بتانەوێ بەو پەیمان بەستن و دۆستایەتی کردنە خۆتان و بەرژەوەندی ئایین و موسوڵمانان لە مەترسییەک بپارێزن! ئەوە ئەو کاتە بۆتان هەیە بە ئەندازەی ئەو خۆپاراستنە لێیان نزیک ببنەوەو دۆستایەتیان بکەن! چونکە قاعیدەیەکی شەرعی هەیە بەم جۆرەو دەڵێ: (درأ المفاسد مقدم على جلب المنافع) ڕەواندنەوەی زەرەرو زیان پێش هێنانی سوودو مەنفەعەت دەخرێ. جا ئەگەر دۆستایەتیو پەیمان بەستن لەگەڵ خودا نەناساندا بۆ خۆپاراستن لە زیان دروست بێ! ئەوە دیارە بۆ سوودگەیاندن بە موسوڵمانان دروست ترە، جا کەوابێ ئەگەر دەوڵەتێکی ئیسلامیی بیەوێ پەیمان لەگەڵ دەوڵەتێکی کافردا ببەستێ، ئەوە هیچ قەدەغەیەکی تێدا نیە بەمەرجێ سوودی بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکە هەبێ، جا ئەو بەرژەوەندیو سوودە بە دوورخستنەوەی زیان بێ، یان بەهێنانی سوودبێ، بەڵام هەرگیز دروست نیە: کە دەوڵەتە ئیسلامییەکە پەیمان بەستنەکەی بۆ زیانی موسوڵمانان بێ. ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەم دۆستایەتی کردنە تایبەت نیە بە حاڵەتی بێ هێزی،بەڵکو هەموو کاتێک دروستە.

زانایانی ئیسلام لەم ئایەتە ئەوەیان دەرهێناوە کە (تقیه) خۆپاراستن لە زیان بە خۆ گەیاندن دروستە، بەم جۆرە ئینسان بە رواڵەت وتەیەک بڵێ یان کردەوەیەک بکا پێچەوانەی حەق و باوەڕی خۆی بێ بەمەبەستی خۆ دوورخستنەوە لە زەرەرو زیانی ماڵیو نەفسیو ناموس! کەوابوو کەسێک وتەی کوفری بەزۆرەملێ پێ ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەوە ئەنجام نەدا تووشی زیانی ماڵیو نەفسیو ناموس ببێ، دڵیشی پڕ بێ لە باوەڕ، ئەوە کافر نابێ، چونکە عوزری هەیە، وەکوو چۆن عەمماری کوڕی یاسر

کە قورەیشی‌یەکان زۆریان لێ کرد کە وشەی کوفر ئامێز بە دەمی‌دا بێ ئەویش بە ڕواڵەت ئەنجامی دا بەڵام دڵی پڕ بوو لە ئیمان و باوەڕ.

هەروەکوو چۆن ئەو صەحابەیەی کە موسەیلەمەی درۆزن پێی گوت: ئایا تۆ شایەدی دەدەی کە من ڕەوانەکراوی خودام؟؟ گوتی: بەڵێو گوناهیشی نەگەیشتێو مەرەخەس کرا، بەڵام هاوڕێکەی کە ئەم پرسیارەی لێکرا وتی: گوێم لێ‌نیەو گوێم گرانە، ئیتر هێنایانە پێشەوەو شەهیدیان کرد. کاتێک هەڵویستی ئەم دوو هاوەڵە بەپێغەمبەر گەیشتەوە، فەرمووی: شەهیدی‌یەکەی پیرۆزبێ، بەڵام ئەوی‌تریان پەیڕەوی روخصەتی خودای کردووەو گوناهی ناگاتێ.. پێویستە ئەوە بزانرێ ئەم ریگاپێدانە بۆ پێداویستیو زەروو‌راتەو لە بنەمای ئایین نیە، بۆیە ئەگەر موسوڵمان لە شوێنێک بوو نەیدەوێرا مەراسیمی ئایینەکەی ئەنجام بداو ئاتاجی تەقیە بوو ئەگەر ئەو شوێنە بەجێبێڵێو هیجرەت بکا باشترە، چونکە باوەڕی تەواو ئیمانی ساخ ئەوەیە کە لەپێناو ئایینی خودادا جیهاد بکاو لە لۆمەی لۆمەکەران نەترسێ وەکوو خودا دەفەرموێ ﴿فلا تخافوهم وخافون﴾ لە کافرەکان هەترسن لەمن بترسن!! ﴿ويحذركم الله نفسه﴾ خودا ئێوە لە سزای خۆی دەترسێنی؛ بترسن لە نارەزامەندی خودا، هەموو کاتێ کردەوەی باش و رەزامەندی خودا بۆخۆتان دەستەبەر بکەن. بە وەسوەسەو ختوکەی شەیتان هەڵنەخەڵەتێن. چونکە خودا بۆ خۆی لە سزای خۆی دەتانترسێنێو دەسەلاتیشی هەیە هەڕەشەکەی ئەنجام بداو هیچ شتێک نیە ببێتە لەمپەڕ لەبەردەم ئەنجامدانی ویستی خۆی!!

﴿وإلى الله المصير﴾ گەڕانەوەی ئادەمیزادو پاداشدانەوەیان لای خودایە، لێکۆڵینەوەو حیساب لەگەڵ هەموو بەندەیەک دەکا، پاداشی کردەوەکانیان دەداتەوە چاکە بەچاکەو خراپە بە سزاو تۆڵە.

ئەمجار پەروەردگار زانستی رەهای بێ سنووری خۆی بە

دروستکراوانی دەچەسپێنیۆ دەفەرموێ: ﴿قل﴾ ئەی محمد! بەو خەڵکە بڵێ ﴿إن تخفوا ما في صدوركم أو تبدوه يعلمه الله﴾ ئەگەر ئەوەی لەدڵتاندایە بیشارنەوەو سرپۆشی بکەن، یان ئاشکرای بکەن و دەری بخەن ئەوە خودا پێی دەزانێو ئاگای لێیەتی، دەزانێ دڵتان چی تێدایە دۆستایەتی کافران بکەن و خۆشتان بوێن یان (تقیە)یان لەگەڵدا بەکاربهێنن خۆتانیان لێ بپارێزن بەلاّم دڵتان پڕ بێ لە ئیمان و باوەڕ، ئەوە خودا ئاگادارەو پاداش یان سزاتان دەداتەوە! ﴿ويعلم ما في السماوات وما في الأرض﴾ زاناو ئاگادارە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیەو دەبێ، بڕێکیش لەو زانیاریانە رووتێکردن و دوورکەوتنەوەتانە لە گرۆهی کوفر چی بکەن ئاگای لێتانە! ﴿والله على كل شيء قدير﴾ خودا بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایەو دەتوانێ سزاتان بدا، کەوابێ سەرپێچی فەرمانەکانی مەکەن.. چونکە هەر تاوانێک بکەن ئاشکرا بێ یان نهێنی خودا پێی دەزانێو دەسەلاّتی هەیە تاوانبار سزابداو تۆڵەی لێ بسێنێ. ﴿يوم تجد كل نفس ماعملت من خير محضرا﴾ بترسن لە رۆژی قیامەت و خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، ئەو رۆژەی کە هەموو کەسێک ئاکام و سوودی کردەوە باشەکانی ئامادە دەبن لەلایو کەیف خۆش دەبێ پێیان و شاگەشکە دەبێ بە بینینیان و لەززەتی بەو کردەوانە پێ دەگا ﴿وماعملت من سوء تود لو ان بينها وبينه امدا بعيدا﴾ هەروەها ئاکام و زیانی کردەوە خراپەکانی لا ئامادە دەبن و پێیان دڵ ناخۆش دەبێو پەنجەی پەشیمانی دەگەزێو ئاواتە خواز دەبێ کە لە نێوان خۆیو ئەو کردەوانەدا ماوەیەکی دوورو درێژ هەبوایەو هەر نەیبینیایە، بە ئەندازەی نێوان خۆرهەلاّت و خۆرئاوا لێی دوور بوونایە، ﴿ويحذركم الله نفسه﴾ ئاگاداربنەوە جارێکی تریش خودا لە سزای خۆی دەتانترسێنێ وریابن خودا رقی لێتان هەڵنەستێو لێتان نەڕەنجێ!

هەوڵ بدەن لایەنی خێرو چاکە بەسەر شەڕ وخراپەدا تەرجیح بدەن!

ئاگاداربن شەیتان بە وەسوەسەو ختوکە هەڵتان نەخەڵەتێنێ ﴿وا الله رؤوف بالعباد﴾ خودا میهرەبان و دلۆڤانە بۆ بەندەکانی خۆی کەوا لە پێشەوە دەیانترسێنێو ئاگاداریان دەکاتەوە کە روو لە خراپە نەکەن.

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: نیشانەی میهرەبانی خودا بۆ بەندەکانی ئەوەیە: کە بۆ خۆی لە سزای خۆی لەسەر خراپەکاری دەیانترسێنێ، لە پێشەوە پێی زاناندوون کەزانینی تەواو و توانای رەهای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە!

جا کەبەندەکانی بەم شێوە خودایان ناسیو ئەمەیان زانی:: ئەمجار بانگەوازی کردون بۆ ئەوەی داوای رەزامەندیی لێ بکەن و هەوڵ بدەن لێیان نەرەنجێو خۆیان لەو شتانە دوور بخەنەوە کە دەبنە هۆی نارەزامەندی خودا ئەمەش ئەو پەڕی میهرەبانیو دڵسۆزییە!!!

ئەم دوو ئایەتە بە روونی ئەم حوکمانەی خوارەوەیان لێ وەر دەگیرێ:-

١- بتمانە نەکردن بە کافران و مەیل نەدان پێیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی موسوڵماناندا، هەروەها نابێ بەهیچ جۆرێ موسوڵمان جاسووسی بەسەر موسوڵماناندا بکاو کافران لە نهێنی موسوڵمانان ئاگاداربکا.

٢-دروست نیە داوای یارمەتیدان لە کافران بۆ شەڕ لەگەڵ کافراندا، ئەمە رای مالکییەکانە بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەیە کە موسلیم لە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: رۆژی غەزای بەدر پیاوێکی کافر خۆی ئامادە کردبوو کە لەگەڵ پێغەمبەردا بچێ بۆ غەزا، پێغەمبەر پێی فەرموو: (ارجع فلن استعین بمشرك) بگەڕێوە من کۆمەکی لە هاوبەش

پەیداکەر داوا ناکەم .. هەروەها دەگونجێ بەناوی یارمەتیدانەوە عەدروو فێڵیان لێ بکەن. بەڵام زۆربەی فوقەهاکانی تری چوار مەزهەبەکە پێیان وایە: دروستە داوای کۆمەکی لە کافران بکرێ بۆ شەڕ کردن لەگەڵ کافران بەمەرجێ ئەو کافرەی داوای کۆمەکی لێ دەکرێ دەربارەی موسوڵمانان رای باش بێو نێتی چاک بێ. ئیمامی شافیعی ئەوەشی بە مەرج گرتووە کە دەبێ موسوڵمانان پێویستیان بەو کۆمەکیە هەبێ .

٣-ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خۆپاراستن(تقیە) دروستە.

لە راستیدا تەقییە بە گوێرەی دوژمنەکە دوو جۆرە:-

یەکەمیان: دەربارەی دوژمنی ئایینییە، هەر موسوڵمانێک لە شوێنێک بوو، نەیدەتوانی مەراسیمی ئایینی خۆی ئەنجام بدا، ئەوە پێویستە ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێ، بەڵام ئەگەر موسوڵمانەکان منداڵ و ئافرەت و پیرو کەفتە کار بوون، ئەوە بۆیان هەیە لەو شوێنە بمێننەوەو هەمیشەش هەوڵ بدەن لەو شوێنە رزگاریان بێ.

دووەمیان: ئەوەیە دوژمنکارییەکە بە هۆی ماڵ و سامانەوە بێ، ئەوە زانایانی فیقهی ئیسلامی دوو رایان هەیە:- رایەکیان دەڵێ: پێویستە ئەو شوێنە بەجێ بێڵی. رایەکیان دەڵێ پێویست ناکا.

٤-ئایەتەکە ئەوە دەچەسپێنێ کە دروستە مەدارا لەگەڵ خوانەناسان بکرێو بە رواڵەت واپیشان بدەی کە خۆشت دەوێن، بە مەرجێ زیان بە بەرژەوەندیی گشتی موسوڵمانان نەگەیەنێ، هەروەها زیان بە بنەمای ئایین نەگەیەنێ.

٥-پێویستە هەموودەم ئینسان لە سزاو تۆڵەی خودا بترسێو هەوڵ بدا کاری چاک و خێرو خێرات پێشکەش بکا.

٦-ئایەتەکە ئەوەشی تێدایە کە زانیاری خودا تواناو قودرەتی گشتیو رەهایە، هەموو نهێنیو ئاشکرایەک و وردو بچووک دەزانێو هیچی لێ هون نابێ.

خۆشویستنی خودا بەوە دێتە جێ کە شوێن پێغەمبەرەکەی بکەوێ

قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٣٢﴾

ئەمجار پاش ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتی پێشوودا نەهی لە موسوڵمانان کرد کە هاوپەیمانیو دۆستایەتی کافران بکەن! لەم ئایەتەی دواییدا ئەوە روون دەکاتەوە کە خۆشەویستی خودا بریتییە لە پابەندبوون بە فەرمانەکانیو خۆپاراستن لەو شتانەی نەهی لێ کردووەو شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەیەتی: دەفەرموێ ﴿قل ان كنتم تحبون الله فاتبعوني .....الاية﴾

ئیبنولمونذیر لە حەسەنی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: چەند گرۆیەک لە سەردەمی پێغەمبەردا وتیان: ئەی محمد! سوێند بە خودا ئێمە خودای خۆمانمان خۆش دەوێ! ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿قل ان كنتم تحبون الله....﴾ موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی زوبەید دەڵێ: ئەم ئایەتە لە شانی وەفدی مەسیحی نەجراندا هاتۆتە خوارێ چونکە پێیان وابوو ئەو بۆچوونەیان دەربارەی عیسا بریتییە لە خۆشەویستی خوا.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ کاتێک جولەکەکان وتیان ﴿نحن ابناؤ الله واحباؤه﴾ پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ!

بەهەر حاڵ خیطابی ئایەتەکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لافی خۆشویستنی خودا لێ دەدەن و دەڵێن: فەرمانبەرداری یەزدانین، بەڵام پەیڕەوی پەیام و ڕێبازی پێغەمبەر ناکەن !

ئیبنوکەثیر دەڵـێ: ئـەم ئایەتـە سـەنگی محەکـە بـۆ هـەر کەسـێک ئیدیعای خۆشەویستی خودا بکـاو بـەڵام لەسـەر ئایین و رێبـازی محمـد نەبێ! ـ واتـە: هـەتا لـە هـەموو گوفتـارو کردەوەیـەکیدا شـوێن پـەیامی پێغەمبەر نەکەوێ ئـەو کەسـە درۆ دەکـاو رەنـج بـە خەسـارەو هیچـی لێ قبووڵ ناکرێ....!!

بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر کردوو فەرمووی: ﴿قل﴾ ئەی خۆشەویست ! پێیان بڵـێ ﴿ان کنتـم تحبون الله فـاتبعونی﴾ ئەگـەر ئێـوە راسـت دەکـەن پابـەندی فـەرمانی خـودان و دەتانـەوێ پاداشـی باشـتان بداتەوە، ئـەوە شـوێن ئـەو پەیامـە بکـەون کـە خـودا بـۆ منـی ناردووە، پەیوەندی رێبازی مـن بکـەن ﴿یحببکـم الله ویغفـر لکـم ذنوبکـم﴾ خـودا لێتان رازی دەبێو لە گوناهتـان خـۆش دەبـێو دەتانخاتـە ژێـر رەحمـەتی خۆیەوە. ﴿والله غفور رحیم﴾ پەروەردگار لێخۆشبووە بـۆ ئـەو کەسانەی گوێ بیستی فەرمانەکانینیو شوێن رێبازی پێغەمبەر دەکەون، بە رەحم و دلۆڤانە بۆیان لە دونیاو قیامەتدا.

دەگێرنەوە دەڵێن: کاتێک ئەم ئایەتە هاتە خـوارێ عـەبدوڵڵای کـوڕی ئوبەی، وتی: موحەممەد سەیری لێ قەوماوە! پـەیڕەوی کردنـی فـەرمانی خۆی بردۆتە ریزی پەیڕەوی کردنی فەرمانی خوداو فەرمانمان پێ دەکا کە خۆشمان بوێ وەکوو چۆن مەسیحییەکان عیسایان خـۆش ویستووە! ئیـتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿قـل اطیعـوا الله والرسـول﴾ ئـەی موحەممـەد! پێیان بڵێ: ئیطاعەی خودا بکەن و پابەندی فەرمانەکانی بن و خۆتـان لـە نەهییەکانی بپارێزن، هـەروەها پابـەندی فەرمانـەکانی پێغەمبەرەکەشی بن، پەیڕەوی رێبازی ئەو بکەن، چونکە شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر شوێنکەوتنی خودایە!! جا ﴿فان تولوا﴾ ئەگەر پشتیان هـەڵکردو روویـان وەرگێڕاو بە پیر بانگەوازییەکەتەوە نەهاتن و، لـە خۆیـان بـایی بـوون و،

لافی ئەوەیان لێ دەدا کە ئەوان کوڕی خودان و خۆشەویستی خودان و خودایان خۆش دەوێ ﴿فان الله لایحب الکافرین﴾ ئەوە بابزانن کە خودا کافرو خوانەناسی خۆش ناوێن و، لە کردەوەکانیان رازی نیەو، لە گوناهیان خۆش نابێ، رقی لێیانە، چونکە ئەوانە: شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون، پەیڕەوی ئایینی راستیان نەکردووە، پابەندی ئەو پەیامبە نەبوون کە خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە!! ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە کە دژایەتیکردنی پێغەمبەر لە کردارو پەیڕەوکردندا کوفرە، کەسێک ئەوە هەڵویستی بێ خودا خۆشی ناوێ، با پێی وابێ کە خۆشەویستی خودایەو لێی نزیکە.

هەڵبژاردنی پێغەمبەران و چیرۆکی نەزرەکەی خێزانی عیمران

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمۡرَٰنَ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٣٣﴾ ذُرِّيَّةَۢ بَعۡضُهَا مِنۢ بَعۡضٖۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٣٥﴾ فَلَمَّا وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰۖ وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٣٦﴾

فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٖ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنٗا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾

ئـــەمجار دوای ئـــەوەی پـــەروەردگار ئـــــەوەی روون کـــردەوە: کـــە خۆشەویستی ئەو پەیوەستە بە خۆشەویستی پێغەمبەرەکەیەوە.. پێویستە کەسێک ئیدیعـای خۆشەویستی خـودا بکـا شـوێن ئامۆژگـاریو ڕێبـازی پێغەمبەرەکەی بکەوێ! ئەمجار دێ باسـی ئەوانـە دەکـا کـە هـەڵبژێراوو خۆشەویســتن لــە پێغەمبــەران و نــەوەکانیان، ئەوانــەی کــە ڕێگـــای خۆشەویستی خودایان بۆ ئادەمیزادان روونکردۆتەوە کە بریتییە لە بڕوا بە خـوداو فەرمانبـەرداری فەرمانـەکانیو ئیطاعـەی پێغەمبـەرانی بـەڕێزیو دەفەرموێ: ﴿إن ا لله اصطفى آدم و نوحا وآل إبراهيم وآل عمران على العـالمين﴾. پەروەردگارئـــەم کۆمەڵـــە کەســـایەتیو خانـــەوادە پیرۆزانـــەی هەڵبژاردووەو کردوونی بەسەرپشکی هەموو ئـادەمیزاد، چونکـە بـەهرەی پێغەمبەرایـەتی تێـدا رسـکاندوون. ئـادەم کـە بابەگـــەورەی ئـــادەمیزادە هەڵیبژاردو، بەدەستی قودرەتی خۆی دروستی کردووە، ئەمجار لـــە نـوورو گیانی خۆی روحی بەبەردا کردووە، ناوی هەموو شتێکی فێرکردو نیعمەتی زانیاری پێ بەخشی، فەرمانی بە فریشەکان کــرد کـە سـوژدەی بـۆ بـەرن، لەبەهەشتا جێگیری کـردو ئـەمجار لەبـەر حیکمـەتێکی یـەزدانی ناردیـە خـوارێ بـۆ سـەر زەویو تۆبـەی لێ وەرگـرت و ڕێـزی لێ نـا، پێغەمبـەرو رەوانەکراوی خودا هەموو لەوەچەو نەوەی ئەون.

لەدوای ئەو (نوح) کە بەبابەگەورەی دووەمی ئـادەمیزاد دەژمـێردرێ هـەڵیبژاردو کـردی بـە یەکـەم پێغەمبـەری رەوانـەکراو بـۆ ســەر ئـەهلی سـەرزەوی، ئـەو ریـش سـپیو پـیری پێغەمبەرانـە، کــاتێک قەومەکــەی باوەڕیان پێ نەکردوئیمانیان نەهێنا سزای تێداچوون و بـەهیلاکچوونی لێ کــردن، خــودا بـــە خنکــان لــەناو ئــاودا تۆڵــەی لێســتاندن، نـــوح و شوێنکەوتوانی؛ ئەوانەی بڕوایان پێ هێنابوو لـە کەشـتیـیەکەدا رزگاریـان بوو! زۆر پێغەمبەرو رەوانەکراوی خودا لەنەوەی ئەم پێغەمبەرە بـەڕێزەن،

یەکەم پێغەمبەرە دوای ئادەم نێردراوە بۆ سەر ئادەمیزادانی سەرزەوی و مارەکردنی خوشک و کچ و پوورو ئەو جۆرە خزمە نزیکانەی حەرام کرد.

ئەمجار خانەوادەی ئیبراهیمی هەڵبژارد، لەم خانەوادەیە گەورەترین ئادەمیزادو سەرخەتمی پێغەمبەران (محمد المصطفی) هاتۆتە کۆڕی ژیانەوە، هەر لەم خانەوادەیە ئیسماعیل و ئیسحاق و ئەسباط هاتنە کۆڕی ژیانەوەو هەر لە نەوەی ئیبراهیم خانەوادەی عیمرانی هەڵبژاردووە کە عیساو مەریەمی دایکی بەشێکن لەم خانەوادەیە.

پێویستە ئەوە بزانرێ کە مەبەست بە عیمران لەیەکەم جاردا کە دەڵێ: (العمران) باوکی موسایە، دوایی کە دەفەرموێ: (امرأة عمران) مەبەست بەو عیمرانە باوکی مەریەمی دایکی عیسایە.. لەنێوان عیمرانی باوکی مووساو عیمرانی باوکی مەریەم ١٣٠٠ تا ١٨٠٠ ساڵ ماوەی زەمەنی هەیە!!

عیمرانی باوکی مەریەم کوڕی یاشمی کوڕی میشا کوڕی حزقیا کوڕی ئیبراهیمە.. نەژادی دەگاتەوە سلێمانی کوڕی داود،، کەوابێ عیسا لە وەچەی ئیبراهیمە. ﴿ذرية بعضها فوق بعض﴾ ئەمانە چەند خانەوادەو وەچەو نەوەیەکن هەندێکیان لەهەندێکیان کەوتوونەوە.

پەروەردگار ئەم خانەوادانەی هەڵبژاردوون و کردوونی بە پوختەو نموونەی ئادەمیزادو بەهرەی پێغەمبەرایەتی تێدا رسکاندوون، ئەوانە هەموویان یەک نەتەوەو یەک نەژادو یەک رشتەن، هەندێکیان لە ڕیزو گەورەییدا لەیەکدی دەچن... خانەوادەی ئیبراهیم (ال ابراهیم) کە ئیسماعیل و ئیسحاق نەوەکانیانن هەموویان لە نەژادی ئیبراهیمن، ئیبراهیمیش لە نەوەی نووحەو نووحیش لە ئادەمە.. خانەوادەی عیمران (ال عمران) کە بریتییە لە مووساو هاروون و عیساو دایکی ئەمانیش لە نەوەی ئیبراهیم و نووح و ئادەمن.. پەروەردگار بەسەر هەموو ئادەمیزاددا

هەڵبژاردوون، ئەوان پوختەو صەفوەی ئادەمیزادو بەندەکانی خودان، بەڵام (محمد المصطفى) لە پلەی هەڵبژێراویش تێپەڕیوە چونکە ئەو رەحمەت و خۆشەویستە بۆ ئادەمیزاد، خودا دەفەرموێ ﴿وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين﴾ پێغەمبەران دروست کراون بۆ رەحمەت و دلۆڤانی بەڵام محمد بۆ خۆی رەحمەتە، لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێ (إنما أنا رحمة) واتە: من بۆ خۆم رەحمەتم و کراوم بە دیاری بۆ ئادەمیزاد، ﴿والله سميع عليم﴾ خودا بیسەرو شنەوایە بە گوفتاری بەندەکان، زاناو ئاگادارە بە نیێت و مەبەستیان.

مامۆستا (سید قطب) دەفەرموێ: ئەوەی تێبینی دەکرێ ئایەتەکە باسی ئادەم و نووحی بەشەخصی کردووە، هەر بەتەنها ناوی هێناون بەڵام بۆ ئیبراهیم و عیمران بە (ال ابراهيم)و (ال‌عمران) واتە: خانەوادەو بنەماڵە ناوی هێناون، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەڵبژاردنی ئادەم و نووح بۆ شەخصی خۆیان بووە، بەڵام بۆ ئیبراهیم و عیمران بۆ خۆیان و بۆ بنەماڵەکەشیان بووە، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ میراتی بەهرەی پێغەمبەرایەتی لە خانەوادەکەیاندا میراتی بیروباوەڕە نەک میراتی گۆشت و خوێن!! ئەوەتا لە ئایەتێکی تردا ئەم راستیە دەچەسپێنێ کە دەفەرموێ: **﴿وإذا ابتلى إبراهيم ربه بكلمات فأتمن، قال إني جاعلك للناس إماما قال ومن ذريىي، قال لاينال عهدي الظالمين﴾البقرة/١٢٤.**

﴿إذ قالت امرأت عمران﴾ ئەی محمد! ئەوە یاد بکەرەوەو باسی بکە: کە خێزانی عیمران -دایکی مەریەم کە ناوی حەننەو کچی فاقود بوو- ئافرەتێکی نەزۆک بوو، منداڵی نەدەبوون، لەخودا پاڕایەوە کە منداڵێکی بداتێ، پەروەردگار نزاکەی قبوول کردو حامیلە بوو، وتی: ﴿رب إني نذرت لك ما في بطني محررا﴾ خودایە! ئەمن ئەو منداڵەی لەسکمدایە لەبەر خاتری تۆ دەیکەم بە مجەوورو دەینێرمە مزگەوتی

قودس بۆ خوداپەرستیو خزمەتکردنی ئەو ماڵە پیرۆزەی تۆ!! (ئەم نەزرو فۆتۆیە لەشەریعەتی ئەواندا رەوا بووە دوایی پێویست بوو ئەو کوڕە پابەندی ئەو فۆتۆیە بێو جێبەجێی بکا). ﴿فتقبل مني﴾ خودایە! ئەم نەزرەم لێ وەربگرە ﴿إنك أنت السميع العليم﴾ بێگومان زاتی بەرزو پاکت شنەوایە بۆ هەموو قسەیەک و هەموو نزایەک دەبیستێ، زاناو ئاگادارە بە نێتی من و ئیخلاصم، دەزانی کە من لەناخەوە پێم خۆشە ئەو ئاواتەم بێتە دیو ئەوکارە ئەنجام بدەم. ئەو کاتە خێزانی عیمران نەیدەزانی ئەو منداڵەی لەسکیدایە کوڕە، یان کچە!! ﴿فلما وضعتها قالت رب إني وضعتها أنثى﴾ کاتێک کە سکەکەی داناو کچ بوو بە نائومێدییەوە وتی: خودایە! ئەوە بۆ خۆت دەزانی ئەوەی من بوومە کچە، دیارە کچیش بەکاری خزمەتکردنی مزگەوتی قودس نایە! واتە: دڵگران بوو کە ئاواتەکەی بە تەواوی نەهاتۆتە دی، جا خودا ئاماژە بە گەورەیی ئەو کچە دەکاو دەفەرموێ ﴿وا لله أعلم بما وضعت﴾ خودا باشتر دەزانێ بە چۆنیەتی ئەو منداڵەی کە ژنی عیمران بوویەتی! پلەو پایەی دوارۆژی لەبەرچاوە، خودا بۆ خۆی دەزانێ ئەوەی بوویەتی کچێکی پاکی بەڕێزی پایەبەرزە -لێرەدا خودا پلەو پایەی مێینە دیاری دەکا- دەفەرموێ: ﴿وليس الذّكر كالأنثى﴾ ئەو کوڕەی تۆ بەتەمای بوویو ئاواتەخوازی بوو بتبێو نەتبوو وەکوو ئەم کچە نیە کە بووتە: واتە کەی ئەو کوڕەی بەهیوای بووی دەگاتە پلەو پایەی ئەم کچە کە بووتە؟؟ ئەم کچە زۆرباشترە لەو کوڕەی بە تەمای بووی، ئەم دوو دەستەواژەیە ﴿وا لله اعلم بما وضعت، وليس الذكر كالأنثى﴾ وتەی خودان و جوملەی (معترضه)ن و خراونەتە نێو تابلۆکەوە.. بەڵام قیرائەتێک هەیە تاء (وضعت) بە مەضموومی دەخوێنێتەوە، ئەو کاتە دەبێتە وتەی خێزانی عیمران و مەبەست تەعظیم و تەنزیهو کاردروستی خودایە. رستەی ﴿وليس الذكر كالأنثى﴾ش دەگونجێ هەرلە قسەی خێزانی عیمران بێ بەم مەعنایە

عوزری هێنابێتەوە بۆ پەروەردگاری خۆیو بڵێ: ئەوە دەزانێ من کچم بووە کچیش بەکەڵکی خزمەتکردنی بەیتولمەقدیس نایە، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە من کچم بووە کچیش بەکاری مجەوری نایە، بەڵام من هەر لەسەر پەیمانی خۆمم و پەشێمان نیم ﴿وإني سميتها مريم﴾ من ناوم نا مەریەم. مەریەم لە زمانی ئەواندا واتە: خوداپەرست و خزمەتچی خودا، واتە: کە جەستەی بەکاری مجەوری نەیە با ببێتە خواداپەرست (عابدة) ﴿وإني أعيذها بك وذريتها من الشيطان الرجيم﴾ من ئەم کچە دەخەمە پەنای تۆوە دەمەوێ پارێزگاری بکەی چاودێری بێ لەشەڕی شەیتانی نەگریس و دوورخراوە لەخێر، بیپارێزی، خودایە! داوات لێدەکەم کە خۆیو نەوەکەی -عیسای کوڕی- بیانپارێزیو شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی نەبێ بەسەریاندا.. خودا نزاکەی لێ وەرگرت و پاڕانەوەکەی قبوول کرد. ئیمامی بوخاریو موسلیم لەئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەک دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (كل بني آدم يمسه الشيطان يوم ولدته أمه إلا مريم وابنها) هەموو ئادەمیزادێک کە لەدایک دەبێ شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێ جگە لە مەریەم و عیسای کوڕی. ﴿فتقبلها ربها بقبول حسن﴾ پەروەردگار مەریەمی لەدایکی بەخزمەتکاری مزگەوتی قودس و خوداپەرست تێیدا وەرگرت؛ رازی بوو کە مەریەم -هەرچەندە منداڵ و مێینەیە- ئازادبێ بۆ خوداپەرستیو خزمەتکردنی بەیتولمەقدیس. ﴿وأنبتها نباتا حسنا﴾ بەشێوەیەکی رێک و پێک لەرووی جەستەییو گیانییەوە بەخێوی کردو گەورەی کرد، وەکوو چۆن رووەک لە زەوی بەپیتدا پەروەردە دەکرێ! ئا بەو شێوەیە مەریەم پەروەردەکرا، لەناو دەستە خوشکانیدا دیار بوو، لەهەموو روویەکەوە نموونەبوو ﴿وكفلها زكريا﴾ زەکەرییا کە مێردی پووری مەریەم بوو پیاوێکی خوداپەرست و خاوەن ناوو شۆرەت بوو، سەرۆکی ماڵەکانی بەیتولمەقدیس بوو، کردی

بەسەر پەرشتیکارو دەستەبەربووی، بۆ ئەوەی چاودێری بکا بەخێوکردن و بەرژەوەندییەکانی بەرچاو بگرێ. هەتا وای لێ هات لەشیر بڕایەوەو گەورە بوو ئەمجار هۆدەیەکیان بۆ تەرخان کرد ئیتر لەو ژوورە تایبەتیەی خۆی گۆشەگیر بوو بۆ خوداپەرستیو تاعەتکردن، هەموو رۆژێ زەکەریا خواردەمەنی بۆ دەبرد ﴿کلما دخل علیها زکریا المحراب وجد عندها زرقا﴾ هەرکاتێ زەکەریا دەچوو بۆ ژوورەکەی مەریەم و سەردانی دەکردو خواردنی بۆ دەبرد، لە ژوورەکەدا خواردەمەنیو رزق و رۆژیو میوەی جۆراو جۆری دەبینی کە ئەو جۆرە میوانە لەو وەرزەدا دەست نەدەکەوت، بڕێک لە راڤەکەرانی قورئان دەڵێن میوەی هاوین لە زستانداو میوەی زستان لە هاویندا لای بووە! ﴿قال یا مریم أنی لك هذا﴾ زەکەریا بەسەرسامییەوە دەیگوت: مەریەم ئەو خواردەمەنیو میوەیەت لەکوێ بووە؟؟ بەتایبەتی کە رۆژگارەکە رۆژگارێکی ناهەموارو گرانیو قات و قڕی بوو. ﴿قالت هو من عند الله﴾ مەریەم دەیگوت: ئەوە لەلایەن خوداوە بۆم هاتووە، ئەو خودایەی کە رزق و رۆژی هەموو کەسێک دەدا ﴿إن الله یرزق من یشاء بغیر حساب﴾ بێگومان خودا رزق و رۆژی ددا بە کەسێک بیەوێ بەبێ ئەژمار!! هەندێک دەڵێن: رستەی ﴿إن الله یرزق من یشاء....الآیة﴾ قسەی مەریەمە دەشگونجێ کەلامێکی موستەئنەف و سەربەخۆ بێ.. جێگای سەرنجە کە وەڵامی مەریەم ﴿هو من عند الله﴾ نموونەی هەڵس و کەوتی مرۆڤی خوداپەرستە لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا، پاراستنی ئەو نهێنییەیە لەنێوان ئەوو خودای خۆیدا تەواضوع و کار لەسەرەخۆییو هێمنی پێوە دیارە، هەستی رەزامەندی لە خودا تێدایە، خۆهەڵنانەو خۆهەڵکێشانی تێدا نیە، ئیتر ئەو دیاردە کەم وێنەیە کە زەکەریا لەلای مەریەم دەیبینی سەرنجی زەکەریا رادەکێشێو لەخودا دەپاڕێتەوە منداڵی بداتێ.

چیرۆکی حەزرەتی زەکەرییاو یەحیا

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ ۖ قَالَ رَبِّ هَبْ لِى مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً ۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾ فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَلِّى فِى ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٣٩﴾ قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِىَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِى عَاقِرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿٤٠﴾ قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾

وەکوو دەفەرموێ: ﴿هنالك دعا زكريا ربه﴾ هەر لەو شوێنەی کە مەریەم قسەی لەگەڵ کردو پرسیارو وەڵام رووی‌دا. زەکەرییا دەستی نزای بەرزکردەوەو لەخودا پاڕایەوە واتە: کە زەکەرییا ئەو دیاردانەی لەلای مەریەم بینین و حاڵ و چۆنیەتی مەریەم و گۆشەگیری بۆ خوداپەرستیو خواردەمەنیو میوەی جۆراوجۆری لەلای مەریەم چاوپێکەوتن، زانی کە ئەو خودایەی بتوانێ میوەی هاوین بەزستان و میوەی زستان لەهاویندا بنێرێ بۆ مەریەم هەر ئەو خودایە دەتوانێ منداڵ بە پیرو ئیختیاری وێنەی ئەویش بدا. بۆیە زەکەرییا دەستی نزای بەزکردەوەو لە خودا پاڕایەوە ﴿قال رب هب لي من لدنك ذرية طيبة إنك أنت سميع الدعاء﴾ وتی: خودایە ببەخشە بە من کوڕێکی صالح و خوداپەرست و پاك و

خاوێن و بەهرەداری وەکوو مەریەم، خودایە! زاتی پاکت شنەوای هەموو گوفتارێکە هەر نزاو پاڕانەوەیەکێ بەجێبێ قبوولی دەکەی! . دیارە سروشتی ئادەمیزاد وەهایە کە منداڵی ڕێک و پێک و بەهرەدار دەبینێ ئاواتەخواز دەبێ کە ئەویش منداڵی وای هەبێ. ﴿فنادته الملائكة﴾ فریشتە بانگی لێکرد، جەماوەری زانایان دەڵێن: فریشتە بانگکەرەکە جوبرائیل بووە ﴿وهو قائم يصلي في المحراب﴾ لەکاتێکدا کە زەکەریا لەپەرستگاکەی خۆیدا لە میحرابی خوداپرستیدا لەخودا دەپاڕایەوەو نوێژی دەکرد. واتە هەر دوا بەدوای پاڕانەوەکەی فریشتە بانگی کردو مزگێنی پێداو پێی گوت: ﴿إن الله يبشرك بيحيى﴾ خودا مژدەت دەداتێ بە کوڕێک کە بە یەحیا ناوزەد دەکرێ.. یەحیا لە (یوحنا) وەرگیراوە لە ئینجیلی مەتتادا هاتووە دەڵێ: پێیان گوتووە (یوحنا المهمدانی) مەهمەدان بەو کەسەیان گوتووە کە تۆبەی بەخەڵک کردووە غوسڵی بە گوناهباران کردووە.

ناوی یەحیا ئاماژەو تیلنیشانی ئەوەی تێدایە کە ژیانێکی بەختەوەر رابوێرێو ببێتە میراتگری باوکیو خانەوادەی یەعقووب.. هەندێک دەڵێن: مەبەست بە میحراب لە ﴿يصلي في المحراب﴾دا پەرستگای مەریەمە.. فریشتەکە کە مـوژدەی پێدا ئەوەشی پێ ڕاگەیاند کەیەحیا ﴿مصدقا بكلمة من الله﴾ بڕوا بە عیسای کوڕی مەریەم دەکاو یەکەم کەس دەبێ کە ئیمانی پێ دەهێنێ.. بۆیە لێرەدا عیسای بە (کلمة الله) ناوهێناوە چونکە عیسا بە وشەی (کن فیکون) پەیدا بووە، نەک بەشێوەی سروشتی ئاسایی لەدایکبوونی ئادەمیزادانی تر کە لە ئاکامی بەیەکگەیشتنی پیاوو ئافرەت پەیداد ەبن. ﴿وسيدا﴾ ئەم کوڕە ئادەمیزادێکی بەرزو پیرۆز دەبێ گەورەیی لەناو نەتەوەکەیدا بەدەست دەهێنێ، دەبێتە گەورەی ئادەمیزادانی سەردەمی خۆی لە پلەو پایەو کردارچاکیو هەڵوێستدا

﴿وحصورا﴾ خۆگرەوە دەبێ لە ئارەزۆبازیو لەناو خانەوادەی صالْح و خواپەرستدا پەروەردە دەبێ، کە گەیشتە تەمەنی پێغەمبەرایەتی دەکرێتە پێغەمبەر... هیچ سەیریش نیە کە وابێ! چونکە ئەم زاتە لەپشتی پێغەمبەران پەیدا بووە ﴿ونبیا من الصالحین﴾ پێغەمبەرێک دەبێ لە پێغەمبەرانی راستاڵ و چاک کردار. ئەمەش مژدەیەکی ترە بەوە کە ئەوکورە دەکرێتە پێغەمبەرو نیگای بۆ دەنێردرێ. بەهرەی پێغەمبەرایەتیش بەرزترین پلەو پایەیەکە ک ئادەمیزادی پێ دەگا. جا زەکەریبا پاش ئەم موژدە پێدانە بەخۆیدا چووەوەو تەماشای کرد بۆ خۆی پیرو کەنەفتەو خێزانەکەشی پیرەژنێکی بەساڵا چووە، بە سروشت ئەوەی لێ چاوەڕوان ناکرێ تازە منداڵی ببێ، بۆیە بەسەرسامی‌یەوە رووی کردە بارەگای پەروەردگارو پرسیاری کرد ﴿قال أنى یكون لي غلام وقد بلغني الكبر وامرأتي عاقر﴾ وتی: خودایە! من چۆن کوڕم دەبێ بۆخۆم بەم تەمەنە گەیشتووم و پیرەمێردێکی کۆنەساڵم و خێزانەکەشم پیرەژنێکی بەساڵاچووی نەزۆک و پەککەوتەیە؟؟؟

تەفسیری مەراغی لە مامۆستا (شێخ محمد عبدە)وە دەگێرێتەوە دەڵێ: زەکەریبا کە ئەو هەموو نازو نیعمەتەی لای مەریەم بینیو بەختەوەریو بڕوا قایمیو بەهرەداری ئەو خانمەی هەست پێکردو زانی کە مەریەم بووەتە فریشتەیەک لە شێوەی ئادەمی‌داو بڕوای وایە کەئەو کەسەی ئەو شتانەی بۆ دەستەبەر کردووەو بەو شێوەیە رزق و رۆژی دەداتێ خودای بەتواناو خاوەن دەسەڵاتە! ئیتر زەکەریبا لەسەرخۆ چوو لە جیهانی ماددە جیابووەوەو پەردەیەک بەسەر جیهان و ئەو حاڵەی ئەوی تێیدایە کێشراو "فەنافی الله"، بوو کەوتە پەروازکردن بۆ لای خودای پەروەردگارو سەرنجدان لە گەورەیی خوداو نازو نیعمەتی! لەو حاڵ و مەقامەدا لە حاڵ و چۆنیەتی لەسەرخۆچوون و غەیبوبەداو رۆچوون لە

عالەمی باڵادا بێپەروا ئەم دوعاو نزایەی بەسەر زماندا هات و موژدەی گیرابوونی نزاکەشی لە فریشتە وەرگرت. کاتێک هاتەوە سەر خۆو لەوگەشتە گیانی‌یە گەڕایەوە بۆ جیهانی ماددەو جیهانی ئەسباب و هۆکار، دەشی‌زانی کە دوعاکەی گیرا بووە، پرسیاری لە پەروەردگاری کرد کە چۆن ئەم نزایەی گیرابووە کە بەپێچەوانەی سرووشتە!! ئیتر پەروەردگار بەهۆی فریشتەی تایبەتەوە پێی ڕاگەیاند کە بۆخودا شتی‌وا ئاسایی‌یەو هیچ ماندووبوونێکی تێدا نیە. ﴿قال کذلك﴾ خودا فەرمووی: ڕاستە ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە، بەڵام ﴿الله یفعل ما یشاء﴾ خودا ئەوەی بیەوێ بیکا دەیکا، هەرکاتێک ویستی کارێک ئەنجام بدا هۆکاری بۆ دەرەخسێنێ، یان بەبێ هۆکارو سەبەب دەفەرموێ ببەو دەبێ، یەکێکیش لەو ئیشانە پەیدابوونی منداڵە لە ئافرەتی پیرو نەزۆک! هیچ شتێک بەبێ ویست و ڕەزامەندی ئەو نابێ، کەوابوو ئیشەکە بە خودا بسپێرەو پرسیار لە چۆنیەتەکەی مەکە، چونکە ئەوە نهێنی‌یەکی خودایی‌یەو ئادەمیزاد پەی پێ نابا!!

ئەمجار زەکەرییا پێی خۆشبوو بزانێ کەی خێزانی سکی پڕ دەبێ، حەزی کرد نیشانەیەکی دەست کەوێ ﴿قال رب جعل لي آیة﴾ وتی: خودایە نیشانەیەکم بۆ دەستنیشان بکەو بزانم خێزانم کەی سکی دەبێ‌و منداڵی تێدا دەڕسکێ!! بۆ ئەوەی خێرا خۆشی‌و شادی بکەوێتە ناویانەوە، یان بۆ ئەوەی سوپاسی لەسەر بکا.

﴿قال آیتك ألا تكلم الناس ثلاثة أیام إلا رمزا﴾ پەروەردگار پێی فەرموو: نیشانەت ئەوەبێ کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ناتوانی لەگەڵ خەڵکدا ئاخاوتن بکەی زمانت دەگیرێ‌و قسەت بۆ ناکرێ، بەڵکو بە ئیشارە جوڵاندنی دەستوسەرو چاوو شتی تر خەڵک لەمەبەستەکانت حاڵی دەکەی! ﴿واذکر ربك کثیرا وسبح بالعشي والإبکار﴾ یادی خودای خۆت

بکە بە زۆری، بە تایبەتی لەکاتی ئێواران و بەیانیاندا ، واتە: هەرچەندە بۆ قسەکردن لەگەڵ خەڵکیدا زمانت دەگیرێ، بەڵام بۆ تەسبیحات و ذیکری خودا زمانت رەهایە ، کەوابێ کاتی خۆت بە فیرۆ مەدە ، خەریکی یادکردنی خوداو نوێژو شوکرو سوپاس بە.

یەحیا لە قورئاندا لە چوار شوێن باس کراوە ، لەسوورەتی (العمران)و سوورەتی (الأنعام)و سوورەتی (مریم) و سوورەتی (الأنبیاء).

مێژوونووسان و راڤەکەران دەفەرموون: خێزانی زەکەریا ناوی (الیصابات) بوو یەحیای کەوتە سکەوە لەو رۆژگارەی کە عیسا کەوتە سکی مەریەمەوە! یەحیا لەو بنەماڵە پیرۆزەدا لەدایک بوو ، لەتاعەت و خوداپەرستیدا گەورەبوو ، لەشەریعەتی مووسادا شارەزابوو ، بۆ هەموو فتوایەک سەرچاوە بوو ، خەڵک دەچوونە لایو یاسایان لێ وەردەگرت.

هیردوس کە فەرمانڕەوای فەلەستین بوو کچێکی برازای هەبوو ناوی (هیرودیا) بوو تا بڵێی جوان و شۆخ و شەنگ بوو ، ویستی مارەی بکا ، کچەکەو دایکیشی پێیان خۆ شبوو ،.کە پرسیاریان لەیەحیا کرد دەربارەی ئەم کارە ، یەحیا بە حەرامی داناو نەهی لێکردن، بەڵام ئەوان گوێیان نەدایەو رێک کەوتن و کچەکە شووی پێ کرد ، شەوی زاواو بوکێنی نێوان مام و برازا؛ کچە لارو لەنجەیەکی بەبەردەم مامیدا کرد ، کە بووبووە مێردی ئەویش زۆری پێ خۆش بوو ، داوای کرد چی دەوێ بۆی ئەنجام بدا ، ئەویش بە پیلانی پیرێژنی دایکی داوای کرد کە سەری یەحیا ببڕێو بیخاتە سەر سینییەک! مامەکەی (زاوا ئەفەندی) یەحیای شەهید کردو دڵی بووکێی رازی کرد!

جوولەکە دەربارەی مارەکردنی کچی براو کچی خوشک دوو رایان هەیە:

رەبانییەکانیان پێیان وایە حەڵاڵەو دروستە.. (قراؤون)ەکانیان

بەلایانەوە حەرامەو نادروستە. بەڵگەی (رەببانی)یەکان ئەوەیە دەڵێن: لەتەوراتدا باسی حەرامی مارەکردنی برازاو خوشکەزا نەکراوە!

یەحیا لەمنداڵییەوە هەموو رەوشتێکی صەلاح و خواپەرستی تێدا بووە، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە سی ساڵی کراوە بە پێغەمبەر ﴿**واتیناه الحکم صبیا**﴾**مریم/١٢**. هەمیشەش خەریکی بانگەوازی کردنی خەڵک بووە بۆ تۆبەکردن و خواپەرستی، ئەوانەی کە تۆبەیان دەکرد لەچۆمی ئوردندا غوسڵی پێ دەکردن بۆیە پێیان گوتووە (یوحنا المعمدان). کاتێک کە یەحیا شەهید کرا عیسا بانگەوازی خۆی ئاشکرا کردو دەستی کرد بە تێکۆشان و هەوڵدان بۆ شارەزایی کردنی خەڵک.

چیرۆکی خاتوو مەریەم

وَإِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصْطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٢﴾ يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٤﴾

ئەمجار دوای ئەوەی باسی لەدایکبوونی یەحیای کرد لەباوکێکی پیرو کەنەفت و دایکێکی نەزۆکی پیرێژن؛ کە بەڕواڵەت شتێکی لە سروشت و عادەت بەدەربوو! دێتە سەر باسێکی گرنگترو سەرسوڕهێنەر تر؛ ئەویش سەرگوزەشتەی لەدایکبوونی عیسایە بە بێ باوک. مەبەستی سەرگوزەشتەکەش چەسپاندنی ئادەمیزادیەتی عیسایەو رەتکردنەوەی ئیدیعای مەسیحییەکانە کە دەیانگوت: عیسا خودایە یان کوڕی خودایە.

بۆیە باسی ئەوە دەکا کە عیسا لەمەریەم بووەو بە عیسای کوڕی مەریەم ناوزەدی دەکا. دەفەرموێ: ﴿وإذ قالت الملائكة﴾ ئەی محمد! باسی ئەوە بکە کاتێک کە فریشتە بە مەریەمی گوت (مەبەست بە فریشتە جوبرائیلە چونکە لە سوورەتی مەریەمدا دەفەرموێ ﴿**فأرسلنا إليها روحنا فتمثل لها بشرا سويا**﴾ جوبرائیلمان ناد بۆ لای‌و لە شێوەی پیاوێکی ئاسایی‌دا خۆی نیشان دا، ئەوەش بزانین کە قسەکردنی جوبرائیل لەگەڵ مەریەمدا نیگای خودایی نەبوو بەڵکو خستنەدڵ بووە، چونکە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وماأرسلنا من قبلك إلا رجالا نوحي إليهم﴾ کەوابوو ئاخاوتنی جوبرائیل لەگەڵ مەریەم بریتی بووە لە ئیلهام‌و بەدڵدا هێنان.

پێی گوت: ﴿يامريم إن ا لله اصطفاك﴾ خودا تۆی هەڵبژاردووە بۆ خزمەتکردنی بەیتولمەقدیس ﴿وطهرك واصطفاك على نساء العالمين﴾ پاکی کردووی لەهەموو نەنگی‌و عەیبێکی ناشیرین و هیچ خوو رەوشتێکی ناهەموارت تێدا نیەو هەڵیبژاردووی کە بەبێ ئەوەی پیاو بێتە لات کوڕێکت ببێ، چۆن کوڕێک! کوڕێکی وا کە ببێتە پێغەمبەر، پاکی کردوویەوە بە جۆرێک نە خوێنی حەیزت پێدا بێ‌و نە خوێنی منداڵبوونت هەبێ، ئافرەتێکی رەوشت بەرزی‌و داوێن پاک و خانم و رەزان و شاژن، کردوویتی بە سەرپشکی ئافرەتانی هەموو عالەم و هەموو سەردەمێک یان ئافرەتانی سەردەمی خۆت و رێزی تایبەتی لێ ناوی، کەم و کووڕی جەستەیی‌و رەوشتیت تێدا نیە.

دوای ئەوەی کە ئەم رێزە تایبەتی‌و رەوشتە نایابانەی مەریەمی باس کردن ئەمجا فەرمانی پێ دەکا بە زێدە طاعەت و خوداپەرستی‌و دەفەرموێ: ﴿يا مريم اقنتي لربك واسجدي واركعي مع الراكعين﴾ ئەی مەریەم! فەرمانبەرداری خودای خۆت بە، گەردنکەچی فەرمان و

ئامۆژگاریەکانی بە، سوژدەی ملکەچیو سوپاس بۆ خودا بەرە، نوێژ بە جەماعەت بکە لەگەڵ نوێژکەراندا ﴿ذلك من أنباء الغيب﴾ ئەی موحەممەد! ئەم سەرگوزەشتانەی بۆمان گێڕایتەوە لە سەرگوزەشتەی زەکەرییاو یەحیاو مەریەم هەموویان لەو سەرگوزەشتانەن کە تۆ ئاگات لێ نەبوون، هەواڵی غەیبی بوون، نە تۆ، نە قەومەکەت نەتانزانیوە. ﴿نوحيه إليك﴾ بە سروش بۆتی دەنێرین و جوبرائیل بە نیگا پێت دەڵێ: تا ببێتە بەڵگە لەسەر راستیی پێغەمبەرایەتیی تۆو بۆڕدانی ئاحەزانت! ئەوانەی رقەبەریت لەگەڵ دەکەن و ئینکاری پێغەمبەرایەتیت دەکەن. ﴿وما كنت لديهم إذ يلقون أقلامهم أيهم يكفل مريم﴾ ئەی محمد! تۆ ئاگادار نەبوویو لەوێ نەبووی ئەو کاتەی زاناکان و مالمەکانی بەیتولمەقدیس کەوتبوونە کێشەو ململانێوە، هەریەکەیان قەڵەمی نووسینی خۆی فڕێدایە چۆمی ئەردەنەوە، پێنووسی هەموویان شەپۆلی ئاوەکە بردنی، تەنها قەڵەمی زەکەرییا وەستاو ئاوەکە نەیبرد، ئەوەش نیشانە بوو بۆ ئەوەی کە مەریەم بە زەکەرییا بسپێردرێ، خۆ تۆ لەوێ نەبووی کە خێزانی عیمران مەریەمی هێناو خستیە بەیتولمەقدیسەوە تا بوترێ: ئەم هەواڵانەی بەچاوی خۆی دیوە، کە ئەوە بوو زاناو مالمەکان کەوتنە پێشبڕکێو ململانێی ئەوە کە کامەیان ببێتە سەرپەرشتیکاری مەریەم و پەروەردەی بکا! چونکە مەریەم کچی گەورە پیاوو سەرۆکەکەیان بوو، هەریەکەیان دەیەویست ئەم بەهرەیە بۆ خۆی دەستەبەر بکا؛ تەنانەت کێشەکەیان سەری بەوە کێشا کە پەنا بۆ قورعەو تیرو پشک بەرن‌و، پشک هەڵدەن!! کاتێ قورعەیان کێشا خواو راستان واهات پشکەکە بۆ زەکەرییان دەرچوو!! دەستەبەریتی مەریەمی پێ بڕا. ﴿وما كنت لديهم إذ يختصمون﴾ دیسان تۆ لەوێ نەبووی کە مالمەکان کەوتنە مقۆ مقۆو کێشەوە دەربارەی بەخێوکردنی مەریەم و دەستەبەربوونی، تەنانەت تا پشکیان هەڵنەداو قورعەیان نەکرد کێشەکەیان کۆتایی پێ

نەهات.

ئەوانەی کێشەیان لێ پەیدا بوو، مالم و پیاوە ئایینی‌یەکانیان بوون ئەم هەوڵدان و تێکۆشانەشیان لەبەر ئەوە بوو کە پێیان وابوو ئەو کەسەی دەبێتە سەرپەرشتیکاری مەریەم زێدە ڕێزو بەهرەیەکی گەورە بەدەست دێنیٚ!! جا یان لەبەر ئەوە بوو کە عیمران سەرۆك و ریش سپییان بوو، دەیانەویست هەندێك دەستیاوی پیاوەتی بدەنەوە، یان لەبەر ئەوە بوو کە لە کتێبی خۆیاندا دیبوویان کە ئەم ئافرەتە پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری دەبێ‌و خۆی‌و ئەو کوڕەی کە دەیبێ دەبنە ناوازەی رۆژگار، یان لەبەر ئەوە بووە ئەنجامدانی ئەوکارە بەلایانەوە ئەرکێکی ئایینی بووەو خێریان دەست دەکەوێ، چونکە مەریەم تەرخان کرابوو بۆ خزمەتکردنی خانەی خوداپەرستی...

ئەم ئایەتە دوابەدوای داستانەکە هێنرا، بۆ روون کردنەوەی ئەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئەو چیرۆکانەی نەخوێندۆتەوە، چونکە نەخوێندەوارە، دەماو دەمیش نەگێردراونەوە -وەکوو ناحەزانی پێغەمبەر دەڵێن- چونکە گەلەکەشی نەخوێندەوار بوون. کەوابێ بواری زانینی ئەو سەرگورشتانە یان دەبێ بەهۆی سرووش بێ، بە نیگا پێی راگەیەنرابێ - کە ئەوان ئینکاری دەکەن- یان دەبێ ئاگالێبوون بێ بەهۆی ئامادەبوونی سەر رووداوەکانەوە، ئایەتەکە ئاگالێبوونەکەی رەت کردەوە.

بەڕاستی ئەو خاوەن نامە ئاسمانی‌یانەی ئینکاری پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ دەکەن چەند گرۆیەکی بێویژدانن، ئەو شتانەی کە قورئان وەکوو کتێبی ئەوان باسی کردووە، دەڵێن: ئەوە نیگا نیە، لەکتێبی ئێمەی وەرگرتووە، ئەگەر هەواڵەکەی قورئان وەکوو زانیاری ناو کتێبی ئەوان نەبوو دەڵێن: ئەوە راست نیە، ئەگەر ئەو زانیاری‌یەی قورئان لەکتێبی ئەواندا نەبوو دەڵێن: ئەو هەواڵە هەر ئەساسی نیەو شتی وا نەبووە.

چیرۆکی حەزرەتی عیسا

إِذْ قَالَتِ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ يَـٰمَرْيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٥﴾ وَيُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِى ٱلْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ ٱلصَّـٰلِحِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِى وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِى بَشَرٌ ۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ إِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾

وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنِّى قَدْ جِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ أَنِّىٓ أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ وَأُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِى بُيُوتِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٤٩﴾ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ ۚ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾

إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۗ هَـٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٥١﴾

دوای ئەوە کە پەروەردگار چیرۆکی زەکەریایاو یەحیا -پورزای عیسا- و باسی چیرۆکی دایکی عیسای کرد، جێگەی خۆیەتی کە چیرۆکی عیساو چۆنیەتی لەدایک بوونی بگێڕێتەوەو فەرمووی: ﴿**إذ قالت الملائكة يا مريم إن الله يبشرك بكلمة منه اسمه المسيح عيسى ابن مريم**﴾ ئەی موحەممەد! ئەوە بۆ گەلەکەت بگێڕەوە کاتێک جوبرائیل بەمەریەمی گوت: ئەی مەریەم! خودا موژدەت دەداتێ بە کوڕێک کە سروشتی وایە بە وشەو فەرمانێکی خودا خۆی کە (کن فیکون)ە پەیدا دەبێ، دروستکردنەکەی بەشێوەیەکی نائاسایی و ناعادەتی دەبێ، بۆیە بەو صیفەتە وەصفدار کراوە.

جا هەرچەند لەڕاستیدا هەموو بوونێک بەفەرمانی خودا دێتە گۆڕەپانی بوونەوە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿**إذا قضى أمرا فإنما يقول له كن فيكون**﴾ هەردەمێ بڕیاری بوونی شتێکی دا هەر ئەوەندە پێی بفەرموێ: ببە ئیتر دەبێ، یان لە سوورەتی (یس) ئایەتی(٨٢) دەفەرموێ: ﴿**إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون**﴾ بەلام بە عورف و عادەت پەیدابوونی شت پاڵ هۆکاری عادی دەدرێ پەیدابوونی عیسا ئەو هۆکارە عادیە نیە، بۆیە تەکوینەکەی پاڵ وشەی (کن فیکون) دراو دەگوترێ: عیسا بە وشەی خودا (كلمة الله) پەیدا بووە دیارە (اطلاق)ی کەلیمە بەسەر (عیسا)دا (اطلاق)ێکی مەجازییە. ئەی مەریەم! ئەو کوڕەی دەتبێ نازناوی مەسیح دەبێ و بەعیسای کوڕی مەریەم ناودەبرێ.

مەسیح واتە: ئەو کەسەی ستەم لادەباو ئادەمیزاد شارەزای ڕێبازی ڕاست دەکاو برایەتی ڕاستەقینە بڵاودەکاتەوە.

وشەی مەسیح نازناوی فریشتە بووەو لەقەبی مەدح و ڕێزلێنانە لەم ڕووەوە کە داب و نەریتیان وابووە هەرکەسێک ببوایە بە پاشا دەبوایە بچێتە لای (کاهن) کوڵەوەنانی بۆ ئەوەی بەرۆنی پیرۆز (الدهن المقدس)

چەوری بکا.

ئیتر لەم رووەوە بە چوونەسەر تەخت و پاشایەتییان گوتووە: مەسح و ئەوەی بووەتە پاشا پێیان گوتووە: مەسیح. دیارە پاشایەتیەکەی عیسا گیانی بووە نەک جەستەیی. قورطوبی دەڵێ: مەسیح واتە: صدیق= راستخواز.

هەروەها لەناو ئەو گەل و نەتەوەیەدا (مەسیح)ێک پەیدا دەبێ دەست رۆیشتوو دەبێ، سەڵتەنەت و دەسەڵاتی لەدەست چوویان بۆ دەستەبەر دەکاتەوەو نگینی رابوردوویان بۆ دەگێڕێتەوە. ئیتر کە عیسا سەری هەڵداو بانگەوازی کردو بەمەسیح ناوی بڵاوبووەوە؛ کۆمەڵێک لە جولەکەکان ئیمانیان پێ هێناو وتیان: ئەمە ئەو زاتەیە کە پێغەمبەرانی پێشوو موژدەیان بەهاتنی داوەو موڵک و سەڵتەنەتی لەدەستچووی داوودو سولەیمانمان بۆ دەستەبەر دەکاتەوە، تەنانەت جولەکەکان تا ئێستاش بەتەمای هاتنی ئەو مەسیحەن و پێیان وایە کە هێشتا ئەو مەسیحە پەیدا نەبووە!.

رەحمەت لەو کەسە لەم جۆرە بۆنانەدا گوتوویەتی :

تاکەی بەتەمای مانگی نوێی ئاسۆی ؟

وا چواردەی مانگە، ئەی کوێری بێ گوێی!

بۆیەش گوتراوە: (ابـن مریـم= کوڕی مەریەم) هەرچەندە خیطابی ئایەتەکە لەگەڵ مەریەمدایە، تا ئاماژەبێ بۆ ئەوەی کە عیسا پاڵ ئەو دەدرێ، چونکە بەبێ باوک لەدایک بووەو ئەم وەصفە لەمێشکی خەڵکیدا جێگیربێو لەهەمان کاتدا رەتکردنەوە بێ بۆ ئەوانەی کە عیسا بە خودا یا بە کوڕی خودا دەزانن، هەروەها پلەو پایەی مەریەمیشی پێ بەرزدەبێتەوە. ﴿وجیها في الدنیا والآخرة﴾ ئەو فرزەندەی تۆ خاوەن ریزو پلەو پایە دەبێ لە دونیاو قیامەتدا؟

لەدونیادا پلەو پایەی تایبەتیو ریزو ترخی بێئەندازەی لەدڵ و دەروونی ئادەمیزاداندا دەبێ، ریزو ترخی بێئەندازەی لەدڵی موسوڵمانانڕدا هەیە، ئەو بیرو باوەڕەی بڵاوی کردوە تا ئیستاش شوێنەواری ماوە.

لە قیامەتیشدا ماقوڵیو ریزی لەوەدایە کە لای خودا خاوەن پلەو پایەیەکی بەرزە، ئادەمیزادان دەیبینن و خۆشەویستی لای خودا هەست پێ دەکرێ. ﴿ومن المقربين﴾ لەو زاتانەیە کە لەو رۆژەدا لەخوداوە نزیکن، هەرکەسێ بیروانێتێ دەزانێ چەندە لای خودا نزیک و ریزدارە!

وێرای ئەو بەهرەو رەوشتانە ﴿ويكلم الناس في المهد وكهلا﴾ لەتافی منداڵیو کاملیدا ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکدا دەکا، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە عیسا تەمەن درێژ دەبێو دەژی تا دەبێتە پیاوێکی تەواوو ژیرو خاوەن بیر.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: قسەکردنەکەی لەناو بێشکەداو بەمنداڵی بۆ ماوەیەکی کورت بووەو دوایی لەقسەکردن وەستاوەتەوە، تا گەیشتۆتە ئەو تەمەنەی کە بەرواڵەت منداڵ تێیدا فێری قسە دەبێ.

برێ پێیان وایە! عیسا لەبێشکەدا قسەی نەکردووەو پاکانەشی بۆ داوێنپاکی دایکی نەکردووە، وە دەڵێن: سی ساڵ ژیاوە.

جوولەکەش بوختان بە مەریەم دەکەن و دەڵێن: لەگەڵ یوسفی (النجار)دا داوێن پیسی کردووە!! ﴿ومن الصالحين﴾ هەروەها بەیەکێک لە پیاوە راستاڵەکانی خودا دەژمێردرێ، ئەو پیاوچاکانەی خودا نازو نیعمەتی خوداپەرستی پێداون، لە گرۆی پێغەمبەران و راستخوازان کە مەریەم بۆخۆی ژیاننامەکانیان دەزانێ.

جا کە مەریەم ئەو نیگاو سرووشەی لە جوبرائیل بیست و پێش وەخت شێوەو رەوشت و چۆنیەتی کوڕە چاوەڕوانکراوەکەی زانی، بەسەرسامییەوە

﴿قالت رب أنى يكون لي ولد ولم يمسسني بشر﴾ وتی: خودایە! من چۆن کوڕم دەبێ؟ خۆ من هێشتا کچم و شووم نەکردووەو پیاو دەستی بۆ نەهێناوم و بەدەستی نەگرتووم؟؟. دەشگونجێ مەبەستی ئەوە بووبێ: ئایا کە من کوڕم دەبێ بەهۆی شووکردن و مێردەوە دەبێ، یان بەهۆی شتی ترەوە دەبێ؟

دەشگونجێ مەبەستی سەرسوڕمان بێ لە توانا و دەسەڵاتی خوداو بەگەورە زانینی بێ.

﴿قال كذلك﴾ پەروەردگار پێی گوت: ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕاستە دروستکردنی منداڵ بەبێ باوک جێگای سەرسوڕمانە بۆ تۆ، بەڵام بۆ خودا شتێکی ئاسان و ساکارو ئاسایییە. ﴿الله يخلق ما يشاء﴾ خودا چی بوێ ئاوا دروستی دەکا.

جا لەبەر جیاوازی نێوان داستانی (زەکەریبا)و (مەریەم) لە بارەی عەجایەبیەوە؛ لە داستانی زەکەریبادا فەرمووی: ﴿يفعل مايشاء﴾ بۆ داستانی مەریەم فەرمووی: ﴿يخلق ما يشاء﴾ چونکە بەڕواڵەت ڕووداوەکەی زەکەریبا هێندەی ڕووداوی مەریەم سەرسوڕهێنەر نیە، عادەتیش وایە مادەی (فعل) بەزۆری بۆ ئەو شتانە بەکاردەهێنرێ کە بەڕواڵەت بەپێی هۆکاری کەونی پەیدا دەبن، بەڵام مادەی (خلق) بۆ ڕووداوێک بەکاردەهێنرێ کە زیدە ئیبداعی تێدابێ‌و بە خوا نەبێ بەکەسی تر نەکرێ!! بۆیە دەگوترێ (خلق الله السموات والأرض) بەڵام ناگوترێ : (فعل الله السموات والأرض)، بۆیە پەیدابوونی یەحیا لەدایک و باوکێکی پیرو کەنەفت هەرچەندە جێگای سەرسوڕمانە بۆ زەکەریبا لەو ڕووەوە کە وێنەی زەکەریباو خێزانەکەی بەڕواڵەت منداڵیان نابێ، بەڵام پەیدابوونی عیسا سەرسوڕهێنەر ترە چونکە لە قانوون و یاسای سروشت بەدەربوو، بۆیە تەعبیردانەوە لەو ڕووداوە بە (یخلق) شیاوترە لە

(یفعل).

﴿إذا قضى أمرا فإنما يقول له كن فيكون﴾ كە خودا ویستی شتێک بێنێتە دیو کارێک ئەنجام بدا، هەر ئەوەندە دەفەرموێ: ببەو ئیتر دەبی، چرکەیەک دواناکەوێو یەکسەر دێتە دی! ئەمە ڕەنگدانەوەی توانای ڕەهاو هاتنەدی ویست و ئیرادەی خودایە، وێنەکێشانێکە بۆجێبەجێبوونی ویستەمەنی زاتی خۆیەتی بەبێ دواکەوتن، بەشێوەی فەرمانڕەوایی‌و کارڕەوایی‌و دەست ڕۆیشتوویی ڕەها. ئەم جۆرە پێی دەگوترێ ئەمری تەکوینی، ئەمرێکی تر هەیە پێی دەگوترێ ئەمری تەکلیفی کە بریتییە لەو فەرمانانەی کە خودا بە نیگاو سرووش بە پێغەمبەرانی رادەگەیەنێ وەکوو (أقيموا الصلاة، اتوا الزكاة، لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي) ئەوانەی بڕوایان بە ڕەهایی دەسەڵاتی خودا نیەو ئینکاری ئایەتەکانی دەکەن دان بەوەدا نانێن کە عیسا بەبێ باوک بووبێ!!

﴿ويعلمه الكتاب﴾ هەروەها فێری نووسین و خەتی دەکا ﴿والحكمة﴾ فێری زانستی ڕاست و ڕەوان و هەڵنەر بۆ کرداری بەسوود دەکا، ﴿والتوراة والإنجيل﴾ شارەزای تەوراتی دەکا کە بۆ مووسا نێردراوە، لە نهێنی بڕیارەکانی تەورات شارەزای دەکا، هەروەها فێری حوکم و ئامۆژگارییەکانی ئینجیلیشی دەکا کە بۆ خۆی نێردراوە ﴿ورسولا إلى بني إسرائيل﴾ دەیکا بە پێغەمبەرو ڕەوانەی دەکا بۆ ناو نەتەوەی ئیسرائیل.

ریوایەت کراوە دەڵێن: عیسا لەتەمەنی سیی ساڵی‌دا نیگای بۆ هات. سێ‌ساڵیش لەناو قەومەکەی‌دا پێغەمبەرایەتی کردو دوایی بەرزکراوەتەوە بۆ ئاسمان. کە دەکرێتە پێغەمبەر بەڵگە لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی خۆی دەهێنێتەوەو دەڵێ: ﴿أني قد جئتكم بآية من ربكم﴾ ئەمن لە

خوداوە نیشانەی راستی پێغەمبەرایەتیم بۆ ئێوە هێناوە کە بەهرەی پێغەمبەرایەتیم دەچەسپێنێ، ئەویش ئەوەیە ﴿أني أخلق لكم من الطين كهيئة الطير فأنفخ فيه فيكون طيرا بإذن الله﴾ لە قوڕ شێوەو هەیکەلی باڵندەیەک ڕێک دەخەم، دوایی فووی پێدادەکەم بەفەرمانی خودا گیانی بەبەردا دەکرێو وەکوو باڵندەی تر دەکەوێتە پەروازەو دەفڕێ.

دەگێڕنەوە کە عیسا ﷺ بانگەوازی ئایینی خۆی بڵاوکردەوەو موعجیزەی پێغەمبەرایەتی خۆی نیشان دان، داوایان لێ کرد کە شەمشەمەکوێرەیەک دروست بکا، ئەویش پارچە قوڕێکی هێناو ڕێکی خست و فووی پێداکردو بوو بە باڵندەیەکی ئاساییو دەستی کرد بە فڕین لەنێوان زەویو ئاسماندا، دەڵێن: ئەو باڵندەیە تا لەبەرچاوی خەڵکەکەدا بوایە دەفڕیو کەلەپێش چاویان ون دەبوو دەکەوتە خوارێ، بۆ ئەوەی لەباڵندەی حەقیقی جیا بکرێتەوە. ﴿وأبرئ الأكمه والأبرص وأحي الموتى بإذن الله﴾ هەروەها کوێری زکماک و بەڵەک چاک دەکەمەوە، بەئیزن و یارمەتی خوا مردوو زیندوو دەکەمەوە. بۆیەش ئەو دوو جۆرە نەخۆشییەی باس کردن چونکە لەو ڕۆژگارەدا ئەو دوو نەخۆشییە - هەرچەندە زانیاری پزیشکی پێشکەوتوو بوو- بەڵام پزیشکەکان نەیاندەتوانی چاری ئەم دوو نەخۆشییە بکەن. جا چونکە لەو ڕۆژگارەدا زانیاری پزیشکی پێشکەوتووبوو بۆیە پەروەردگار موعجیزەی لەوەدا پیشان دان کە تێیدا پسپۆڕ بوون، سوننەتی خودا وایە کە موعجیزەی هەموو پێغەمبەرێک لە توخمی ئەو شتانە بێ کە لەو ڕۆژگارەدا باو بووبێو ئەو نەتەوەی کە پێغەمبەرەکەیان بۆ نێردراوە تێیدا پسپۆڕ بووبن، بۆ نموونە چونکە لە ڕۆژگاری مووسادا میصرییەکان لە سیحرو جادووبازیدا پسپۆڕبوون، بۆیە پەروەردگار موعجیزەی عەصای دا بە مووسا، مارە درۆزنەکانی سیحربازەکانی قووت دان، ئەو سەردەمەی

حەزرەتی (محمد)ی تێدا رەوانەکرا رۆژگاری زمانڕەوانیو بەلاغەت و رەوانبێژی بوو، چاخی پێشبڕکێی شاعیرو وێژەر بوو، بۆیە موعجیزەی پێغەمبەر ﷺ قورئان بوو؛ کە فەرمایشتێکی رەوانبێژی وابوو کە تەحەددای هەموو عەرەب و رەوانبێژو قسەزان و وێژەرانی ئەو سەردەمەو هەموو چاخەکانی دوا ئەوکاتەشی کرد، تەحەددای کردن کە بتوانن وێنەی ئەو قورئانە بخەنە ڕوو، بەڵکو بە تەحەدداوە پێی گوتن: ئەگەر هەموو ئادەمیزادو ئەجندە کۆببنەوە ناتوانن وێنەی ئەم قورئانە -تەنانەت دە سوورەتی، بەڵکو تاقە سوورەتێکیشی- بخەنە روو، ﴿وأنبئكم بما تأكلون وما تدخرون في بيوتكم﴾ هەروەها هەواڵتان دەدەمێ بە جۆری ئەو خواردەمەنییەی کە دەیخۆن و، ئەوەی پاشەکەوتی دەکەن بۆ رۆژێکی تر، بەڵێ دەیتوانی خەبەر بدا بە هەموو کەسێک بەوەی کە ئەو رۆژە خواردوویەتیو ئەوەی کە بە زەخیرە هەڵیگرتووە بۆ رۆژێکی تر.

جوداوازی نێوان هەواڵدانی پێغەمبەران بەشتی غەیبیو هەواڵدانی ئەستێرەناس و کاهین و فاڵگرەوە بەشتی نادیار، ئەوەیە پێغەمبەر بەهۆی پێڕاگەیاندنی خودا هەواڵەکە دەداو پشت بە شتی تر نابەستێ، بەڵام ئەستێرەناس و کاهین پشت بە رێگەی فرت و فێڵ و چاوبەست و حیساب و تاووتوێ کردنی حیساب و قاعیدەیتایبەتی خۆی دەبەستێ، پەنا بۆ چەند هۆکارێک دەبەن کە سەردەکێشن بۆ زانینی بڕێ هەواڵ کە زۆرجار چاوبەستییەکەشی بۆ ئەنجام نادرێ!!

﴿إن في ذلك لآية لكم﴾ بێگومان لەو موعجیزانەی باسکران نیشانەی گەورەو ئاشکراو بەهێز هەن لەسەر راستیی پێغەمبەرایەتیم و شایانی ئەوەیە کە ئێوە پەند وەربگرن و بیربکەنەوەو تێبگەن کە من لە پەیامەکەمدا راستگۆم و پێغەمبەرو رەوانەکراوی خودام بۆ ناو ئێوە، دەزانن کە من لە راگەیاندنی فەرمان و نەهییەکانی پەروەردگاردا

راستگۆم. ﴿**إن كنتم مؤمنين**﴾ ئەگەر راست دەكەن بڕواتان بە یەكتاپەرستیو پێغەمبەرایەتی مووساو فەرمان و تەهیەكانی تەورات هەیە، چونكە ئەوەی من بانگەوازی بۆ دەكەم پێش من تەوراتیش رایگەیاندووەو مووسا بانگەوازی بۆ كردووە، ﴿**ومصدقا لما بين يدي من التوراة**﴾ هاتووم ئەحكامی تەورات دووپات بكەمەوەو بیچەسپێنم و پشتگیری لێ بكەم، نەك حوكمەكانی هەڵوەشێنمەوەو دژی بوەستم! مەگەر برێ حوكم كە لەسەرتان گرانەو لێتان تەنگ كراوە سووكی بكەم ﴿**ولأحل لكم بعض الذي حرم عليكم**﴾ برێ خواردن و ئیش كە لێتان قەدەغە كراوەن بۆتان حەڵاڵ و رەوا بكەمەوە وەكوو ئەو شتانەی كە لەئایەتی (١٦٠)ی سوورەتی (النساء)دا كە دەفەرموێ: ﴿**فبظلم من الذين هادوا حرمنا عليهم طيبات أحلت لهم**﴾ دەڵێن: ئەو شتانەی لە نەتەوەی ئیسرائیل یاساغ كرابوون گۆشتی ماسیو گۆشتی وشترو بەزو ئیشكردن لە رۆژی شەممەدا بوو.

﴿**وجئتكم بآية من ربكم**﴾ نیشانە دوا نیشانەم لە خوداوە بۆ هێناون كە دەبنە شایەد لەسەر راستگۆییم و راستی پێغەمبەرایەتیم، راستی ئەو پەیامەی پێم راگەیاندوون، وەكوو دروستكردنی باڵندەو فڕینی، چاك كردنەوەی كوێرو بەڵەك و زیندووكردنەوەی مردوو، هەواڵدان لە شتی غەیبیو نادیار. بۆیە هێنانی نیشانەو ئایەتەكانی خودای دووبارەكردەوە بۆ ئەوەی ئەم فەرمانەی لەسەر هەڵستێنێ كە دەفەرموێ: ﴿**فاتقوا الله وأطيعوني**﴾ كەواتە لەخودا بترسن و سەرپێچی فەرمانەكانی مەكەن، بەقسەی من بكەن و ئەوەی پێتان دەڵێم ئەنجامی بدەن و بەپیر بانگەوازییەكەمەوە وەرن كە بنەمای سەرەكی بریتییە لە یەكتاپەرستی ﴿**إن الله ربي وربكم فاعبدوه**﴾ بێگومان (الله) خودای من و ئێوەشە پەرستشی بكەن و بیپەرستن، ئەوە رێگەیەكی راست و بێ پێچ و پەنایەو

هەموو پێغەمبەران لەسەری کۆکن و هەر ئەم ڕێبازە ئادەمیزاد دەگەیەنێ بە کامەرانی دونیاو قیامەت و هەرکەسێ لەم ڕێبازە لابدا گومڕاو سەرلێتێک چووە! ﴿هذا صراط مستقیم﴾ ئەوەی کە پێتان دەڵێم و پێم ڕاگەیاندوون ڕێبازێکی ڕاست و ڕەوانە، هەموو پێغەمبەران لەسەری کۆکن و لە ئاستیدا یەکڕان!!

ئەمە پوختەی ئەرکی پێغەمبەرایەتییە: فەرمان بە تەقواکردن و گەردنکەچی بۆخودا، یەکتاپەرستی، ئیعتیراف بەبەندایەتی بۆ خودا!

هەڵوێستی عیسا لەگەڵ قەومەکەی بە خاوەن باوەڕو بێ باوەڕیانەوە

﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنْهُمُ ٱلْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٥٢﴾ رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّـٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَكَرُوا۟ وَمَكَرَ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴿٥٤﴾ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوْقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٥٥﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَأُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٥٦﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥٧﴾ ذَٰلِكَ نَتْلُوهُ عَلَيْكَ مِنَ ٱلْـَٔايَـٰتِ وَٱلذِّكْرِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٥٨﴾

ئەمجار پاش ئەوەی کە پەروەردگار باسی موعجیزاتی عیسای کرد، داستانی ئەو پێغەمبەرە لەگەڵ قەومەکەیدا دەگێڕێتەوە، کە بانگی کردن بۆ ئیمان هێنان: بڕێک بڕوایان پێ کردو، ئەوانی تر روویان لێ وەرگێڕا، زوربەی جولەکە بڕوایان پێ نەکردو کەوتنە ئەزیەتدانیو گاڵتەپێکردنی، بە لاقرتێوە پێیان دەگوت: عیسا! پێمان بڵێ: فلان ئەمڕۆ چی خواردووەو چی پاشەکەوت کردووە؟ عیسا وەڵامی راستی دەدانەوە، ئەوان قەشمەرییان پێ دەکرد! ماوەیەک ئەم حاڵەتە درێژەی کێشا، ئیتر جولەکە ویستیان بیکوژن و لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە، ئەویش ترساو خۆی شاردەوە لێیان، ماوەیەک لەگەڵ دایکیدا جێگۆڕکێی دەکرد، جا کە دڵنیا بوو کە جوولەکە لێبڕاون بۆ کوشتنی، شەوێک لەشەوان قوتابیەکانی -کە دوانزە کەس بوون- کۆیکردنەوە، ویستی ئامۆژگارییان بکاو بزانێ ئاخۆ تا چ ئەندازەیەک ئەو شوێنکەوتوانەی ئامادەباشی بانگەوازیکردن و خۆبەختکردنن لەپێناو پەیامەکەیدا؟؟

﴿فلما أحس عيسى منهم الكفر﴾ کاتێک عیسا هەستی کرد کە قەومەکەی سوورن لەسەر کوفرو بەردەوامن لەسەر گومڕاییو بەتەواوی لەو هەڵوێستەیان دڵنیابوو ویستی بزانێ کێ بە دڵسۆزی لەگەڵیدایە، ﴿قال من أنصاري إلى الله؟﴾ کێ یارمەتیدەرمە بۆ بانگەوازکردن و خۆ دەخاتە ریزی ئەوانەی بانگوازی بۆ لای خودا دەکەن؟؟ کێ لەوانە ئامادەباشی خۆی نیشان دەدا بۆ شوێنکەوتنم و واز لە عادەت و هەوا خوازی خۆی دەهێنێو لێدەبڕێ بۆ یارمەتیدانی پێغەمبەرەکەی؟؟

﴿قال الحواريون نحن أنصار الله﴾ هەڤاڵە دڵسۆزەکانی عیسا، قوتابیەکانی بەیەک دەنگ وتیان: ئێمە یارمەتیدەری ئایینی خوداین و چی بتوانین دریغی ناکەین، ماڵ و گیانمان لەپێناو پەیامەکەتدا دەبەخشین و پابەندی تەعلیمات و بەرنامەی پیرۆزت دەبین و واز لە داب

و عادەتی کۆنینەمان دەهێنین! ﴿آمنا بالله﴾ بڕوامان بە خودا هەیە، ئیمانمان بە تاك و تەنیایی پەروەردگار بەهێزو پتەوە، ﴿واشهد بأنا مسلمون﴾ تۆ شایەد بە کە ئێمە موسوڵمانی تەواوین، موسوڵمانەتی بەم واتایە: کە ئێمە گەردنکەچی فەرمانی خوداین و پابەندی ئامۆژگارییەکانین، هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەردارین.

ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزو رۆشنە کە ئایینی ئیسلام پەسەندکراوی خودایەو هەموو پێغەمبەرێك بانگەوازی بۆ کردووە، هەرچەندە برێ جیاوازی لە رواڵەت و حوکم و هەڵس و کەتیاندا هەبووبێ.

بۆیەش داوای شایەتییان لە عیسا کرد، چونکە پێغەمبەران رۆژی قیامەت شایەدی بۆ گەلەکانیان دەدەن! ئەمجار کەوتنە پاڕانەوەو لالانەوەو عەرزو حاڵی خۆیان ئاراستەی پەروەردگار کردو وتیان: ﴿ربنا آمنا بما أنزلت﴾ خودایە! ئێمە ئیمانمان هێناوە بەو حوکم و یاسایەی لەکتێبی خۆتدا ناردووتە خوارێ ﴿واتبعنا الرسول﴾ شوێن پەیامی پێغەمبەرەکەت -کە عیسای کوڕی مەریەمە- کەوتووین و پابەندی ئەو ئامۆژگارییانەین کە لەزاتی تۆوە بۆی نێردراوە، ﴿فاكتبنا مع الشاهدين﴾ لەڕیزی شایەدو گەواهیدەران بمان نووسە؛ ئەوانەی شایەدی دەدەن لە حاڵ و چۆنیەتی پێغەمبەران لەگەڵ گەلەکانیاندا.

باسکردنی (الإتباع=شوێنکەوتن) دوای وشەی (آمنا) بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئیمانەکەیان گەیشتۆتە پلەی یەقین و دڵنیاییو باڵادەستی بەسەر نەفسییانداو هەڵنەر بۆ کردەوەی چاك، چونکە زانیاری راست کردەوەی چاکی دەکەوێتەوە.

ئەمجار پەروەردگار باسی هەڵوێستی کۆمەڵێك جولەکە دەکاو دەفەرموێ ﴿ومكروا﴾ فرت و فێڵیان کرد بۆ لەناوبردنی عیسا، واتە کۆمەڵێك جولەکە بە رەهنومایی کردنی (یەهوذا) پیلانێکیان رێکخست

بۆ کوشتنی عیسا ﷺ بەشێوەیەکی ناجوانمەردانە، ئەو دڵپیس و خوانەناسانە هەستان بە فیتنەییو دوو زمانی کردن لەلای پاشای رۆمانی ئەو رۆژگارە کە ئەویش خوانەناس و ملهوڕێکی ستەمکاربوو ناوی (بیلاطس) بوو پێیان وت: کە کابرایەک پەیدا بووە سەر لەخەڵکی دەشێوێنیو لەملکەچی بۆ پاشا ژێوانیان دەکاتەوە، مسکێن و رەشەخەڵکەکە تێک دەدا، باوک و کوڕ لەیەک دەکا، هەتا وایان لە (بیلاطس) کرد کە صەلاحیەتی تەواویان بداتێ بۆ لەناوبردنی. ئیتر جولەکەکان دەستەیەکیان سەرباز ناردن لەگەڵ یەهوذا -کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی عیساو دووڕوو بوو؛! عیسا لەوەپێش هەستی پێ کردبوو کە دڵڕەش و خوانەناسە و لەگەڵیدا نیازی پاکی نیە- کە گەیشتنە ئەو شوێنەی عیسای لێ بوو تەشریفی لەو کاتەدا لە باخچەیەک دا نوێژی دەکرد لەنزیک هۆدەیەک کە قوتابییەکانی (الحواریون)ی تێدا نووستبوون! عیسا لەنوێژەکەیدا هەستی بەهاتنی سەربازەکان کرد ترساو خۆی خستە ژووری قوتابییەکانەوەو لەپەنجەرەکەیەوە دەرچووە دەرەوە! یەهوذا کە پێشەنگی دەستە تیرۆریستەکە بوو چووە ژوورەکەوە بەڵام لەوێدا عیسای نەدی ﴿ومکر الله﴾ خوداش سزای فرت و فێڵەکەی بەم جۆرە دانەوە، رەنگ و روخساری عیسای بەسەر یەهوذا دا کێشا بەجۆرێک قوتابییەکانی بەخەبەر هاتن یەهوذایان بە عیسا زانی؛ ! ئیتر یەهوذا کە عیسای بەرچاو نەکەوت هاتە دەرەوە، وتی: عیسا لێرە نیە، سەرۆکی دەستەکە کە یەهوذای بینی بە عیسای زانیو فەرمانی دا بە گرتن و کوشتنی، یەهوذا هاواری لێ هەڵساو وتی: من یەهوذام کابرای سەردەستە وتی: ئەگەر تۆ یەهوذایت ئەی کوا عیسا؟؟ یەهوذاش وتی: دەی باشە کە من عیسام ئەی یەهوذا کوانێ؟؟ بەڵام سەرۆکی دەستەکە گوێی بە ئەمە نەداو فەرمانی دا یەهوذایان بردو کوشتیان. ﴿والله خیر الماکرین﴾

پەروەردگار باشترین سزادەرەوەی فێڵبازانە! بەڕاستی سزای پڕاو پڕی فێڵبازان دەداتەوە، دەبێ فێڵبازی لەئەمە زیاتر چی بێ یەهوذایەک بەفێڵ خۆ بکا بە هەڤاڵ و قوتابی عیساو بچێتە ریزی حەوارییوتەوەو خۆی بە دڵسۆزو بانگەوازیکەر پیشان بداو لەپاشملە جاسووسی بەسەر عیساوە بکاو، نهێنییەکانی رۆژ بە رۆژو سات بە سات بە جوولەکە خوانەناسەکان بگەیەنێ؟؟ جوولەکەکانیش پیلانی دڵڕەشانەی بۆ بکێشن و لەلای پاشای خوانەناس ئاوا بەو جۆرە خوێنی بکەنە کاسەوە؟؟ سەرباری ئەوەش یەهوذا خۆی رێنیشاندەربێ‌و پێش کۆمەڵێک جوولەکە بکەوێ‌و بچێ بۆ ئەوەی عیسا لەناو بەرێ؟؟ ئەی دەبێ سزا لە ئەمە شیاوتر چی بێ؟. لەو حەلەدا کە یەهوژا روخساری عیسای بەسەردا بکێشێ‌و بەعیسای بزانن و بیگرن و بیکوژن؟ هەرچەندە هاوار بکا بڵێ: من عیسا نیم، پێی باوەڕ نەکەن و بیبەن چوارمێخەی بکێشن، ئەوەی بەخەیاڵی خۆی بۆ عیسای نەخشەکێش کردبوو بەسەر خۆیدا بشکێتەوە.

بەڵێ پیلانیان داناو ویستیان عیسا بگرن و بیکوژن و هەڵیواسن. پەروەردگاریش ویستی بۆ لای خۆی بەرێ‌و بەرزی بکاتەوەو پاکی بکاتەوە لە تێکەڵی ئەو خوانەناسە پیسانە، ویستی ریزی لێ بگرێ‌و شوێنکەوتوانیشی بخاتە ژوور ئەوانەوە، کە کافرن تا رۆژی قیامەت! ویستی خودا هاتە جێ‌و فرت و فێڵی پیلانگێڕان و ستەمکاران پووچەڵ بوەوە.

بەڵێ بێگومان خودا باشترین تەکبیرکەرو پیلان جێبەجێکەرو پتەوترو بەهێزترو بە تواناترە.. کەسێکە کە بتوانێ زیان بەو کۆمەڵە پیلانگێڕە بگەیەنێ‌و ویستی خۆی بەئەنجام بگەیەنێ‌و ئەمجار لێیان بگەڕێ لە گومڕایی خۆیاندا سەرگەردان بن و پێیان وابێ پیلانەکەیان جێبەجێ کردووەو ئارەزۆی خۆیان هێناوەتە دی. بەڵام لەڕاستیدا وا نیە!!

بەپێچەوانەوەیە.

ئیمامی ئەبو حەییان دەڵێ: مانای ﴿وا الله خير الماكرين﴾ ئەوەیە کە خودا پاداشی خێرەومەندان بە فەضل و گەورەیی خۆی دەداتەوە، سزای ستەمکارانیش دادوەرانە ئەنجام دەدا، چونکە ئەو کردگارێکی حەق و راستە.

ئەمجار پەروەردگار باسی بەرزکردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان دەکاو، رووی خیطاب دەکاتە پێغەمبەری ئیسلام و دەفەرموێ: ﴿إذ قال ! الله يا عيسى إني متوفيك ورافعك إلي﴾ ئەی محمد! یادی ئەوە بکەرەوە کە پەروەردگار بە عیسای فەرموو: ئەی عیسا! ئەمن لەکاتی دیاریکراودا گیانت دەکێشم و بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم.

راڤەکەران (مفسرين)ی قورئان لە مانای ئەم ئایەتەدا دوو جۆر مانایان لێداوەتەوە:

١) دەڵێن: ئایەتەکە پاش و پێشی تێدایە، واتە: بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم و پاکت دەکەمەوە لە کردارو هەڵویستی ئەوانەی کافرو خوانەناسن، ئەمجار -پاش ئەوەی دەتنێرمەوە بۆ سەر زەوی- گیانت دەکێشم. واتە: پەروەردگار عیسای بەجەستەو گیانەوە بەرزکردۆتەوە بۆ ئاسمان، لەپێش دونیا وێران بووندا بە ماوەیەک دەینێرێتەوە بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام بکاو بانگەوازی بۆ بکا، ئەمجار خودا گیانی دەکێشێ! فەرموودەی صەحیح پشتگیریی ئەم رایە دەکەن. پێغەمبەر ﷺ لەحەدیثێک دا دەفەرموێ: (إن عيسى لم يمت وإنه راجع إليكم قبل يوم القيامة) دڵنیابن کە عیسا نەمردووە، بێگومان دێتەوە بۆ لاتان پێش ئەوەی رۆژی قیامەت دابێ.

٢) دەڵێن : ﴿**متوفيك**﴾ بە مانای مردنی عادەتییە. ﴿**ورافعك**﴾ مەبەست بەرزکردنەوەی گیانیو پێدانی پلەو پایەی قیامەتییە، وەکو دەربارەی ئیدریس دەفەرموێ: ﴿**ورفعناه مكانا عليا**﴾مريم/٥٧. ئەو کاتە مانای ﴿**إني متوفيك ورافعك إليّ**﴾ بەم جۆرە دەبێ: ئەی عیسا! من دەتمرێنم و دوای مردن دەتخەمە شوێنێکی بڵندو پلەو پایەی بەرزت دەدەمێ.

زوربەی زانایانی ئیسلام رای یەکەمیان بەلاوە پەسەندە، رەبیعی کوڕی ئەنەس دەفەرموێ: مەبەست لە (متوفيك) خەولێخستنە، بەڵگەمان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: ﴿**وهو الذي يتوفاكم بالليل**﴾الأنعام/٦٠ یان ﴿**ا لله يتوفى الأنفس حين موتها والتي لم تمت في منامها**﴾الزمر/٤٢.

ئەوەتا لەم دوو ئایەتەدا مادەی (وفاة) بە مانای خەواندن هاتووە. پێغەمبەریش ﷺ کە لەخەو هەڵدەستا ئەم دوعایەی دەخوێند و دەیفەرموو: (الحمد لله الذي أحيانا بعد ما أماتنا). . ئیمامی قورطوبی دەفەرموێ: رای پەسەند و ریک و پێک ئەوەیە: کە عیسا بەزیندوویی بۆ ئاسمان بەرزکرابێتەوە. بەبێ نواندن و مراندن. ئیمامی طەبەریش ئەم رایەی بەلاوە پەسەندە، ئەم رایە لە ئیبنوعەباسەوە گێردراوەتەوە.

پەروەردگار داستانی بەرزکردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان و بەدرۆخستنەوەی هەڵواسین لەچەند ئایەتێکی تردا باس کردووەو دەفەرموێ: ﴿**وبكفرهم وقولهم على مريم بهتانا عظيما. وقولهم إنا قتلنا المسيح عيسى ابن مريم رسول ا لله، وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم، وإن الذين اختلفوا فيه لفي شك منه ما لهم به من علم إلا اتباع الظن، وما قتلوه يقينا بل رفعه الله إليه وكان الله عزيزا حكيما، وإن من أهل الكتاب إلا ليؤمنن به قبل موته، ويوم القيامة يكون عليهم شهيدا**﴾النساء/١٥٦-١٥٩.

راناو لـه (قبـل موتـه)دا، دەگەڕێتـەوە بـۆ عیسـا، واتـە: هەریـەکێ لەئەهلی کیتاب ئیللا پێش مردنی ئیمان بـە عیسـا دەهێنـێ، مەبەستی ئەو کاتەیە کە عیسا دێتەوە سەر زەوی پێـش رۆژی قیامـەت، ئـەو کاتـە هـەموو ئـەهلی کیتـاب ئیمـانی پـێ دەهێنـن، چونکـە عیسـا سـەرانە وەرناگرێو جگە لە موسوڵمان بوون هیـچ هەڵوێستێکی تریـان لێ قبـووڵ ناکـا؟! ﴿ومطهـرك من الذيـن كفـروا﴾ پـاکت دەکەینـەوە لـەو شـەڕو نەگبەتیەی کە دەیانـەوێ تووشت بکـەن، رزگـارت دەکـەین لـەو رەوشـتە ناشیرینانەی کە دەیانەوێ پاڵ تۆیان بدەن، وێڕای ئەوەش ﴿وجاعل الذين اتبعوك فوق الذين كفروا﴾ ئەو نادەمیزادانەی شوێنت دەکەون و ئیمـانت پێ دەهێنن، بڕوایان وایە: کە تۆ بەندەو رەوانـەکراوی خـوداێو تـەصدیقی هەڵوێستی مێژوویت دەکەن کە دەڵێ من هاتووم ﴿ومبشرا برسـول يـأتي من بعد اسمه أحمد﴾ مژدە دەدەم بە هاتنی پێغەمبەرێک کـە لـەدوای مـن دێ ناوی ئەحمەدە، ئەمجار ئیمان بە پێغەمبەری ئیسلام دەهێنن. ئەوانـە دەخەینە ژوور ئەو جولەکانەی کە فێڵیان لێکردێو بـەدرۆیان خستیەوە، بەپەیامی تۆ پەندیان وەرنەگرت و هەر لەسـەر گومڕایـی خۆیـان مانـەوەو دەمێننەوە.

ئەم بەرزکردنەوەپلە پێدانە لە بواری بڕوا راستیو ئـەدەب و رەوشـت بەرزیو بەڵگە بەهێزیدا دەبێ، ئـەم پایـەو مەقامـە بـۆ خـاوەن بڕوایـان و شوێنکەوتووانی تۆ بەسەر ئەوانەی کە بڕوای پڕوپوچیان هەیەو تۆ بە کوڕی خودا یان بە خودا دەزانـن. ﴿إلى يـوم القيامـة﴾ تـا رۆژی قیامـەت ئەمـە حاڵیان دەبێ. ﴿ثم إلي مرجعكم فأحكم بينكم فيمـا كنتـم فيـه تختلفـون﴾ پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای ئێمەیە، لە رۆژی زیندووبوونەوەدا حوکم دەکـەم لەنێوانتاندا، ئەو شتانەی نیزاعتان تێیدا هەیە بۆتان یـەکالا دەکەمـەوە، هـەموو راستیو درۆیـەک دەردەکـەوێ، چەواشـەکردنی سـەرپێچیکەران

دەردەکەوێ! ئەمجار پاداشی حەقخوازان و گومڕایان دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿فأما الذین کفروا فأعذبهم عذابا شدیدا في الدنیا والآخرة وما لهم من ناصرین﴾ جا ئەوانەی بڕوایان بە پەیامی عیسا نیەو بەدرۆیان خستەوە -کە جولەکەکانن- ئەوە لە دونیا سزای بەئێشیان دەدەم؛ بەژێردەستەیی‌و بەکوشتن و دیلی‌و کۆیلایەتی‌و گەلێ شتی تر، سزای قیامەتیشیان ئاگری دۆزەخە کە گەلێ بەئێش ترە، ئیترئەو کاتە یارمەتیدەریان نابێ‌و کەس لای خێریان لێ ناکاتەوە. ﴿وأما الذین آمنوا وعملوا الصالحات فیوفیهم أجورهم﴾ بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان بەپەیامی عیسا کردوەو دانیان بە پێغەمبەرایەتی ئەودا ناوە. (یان ئەوانەی کە بڕوایان بە تۆ کردووە ئەی محمد! دانیان بە پێغەمبەرایەتی تۆدا ناوەو گەردنکەچی یاسای ئیسلام بوون) وێرای ئەو بڕوا پتەوەیان کردەوەی چاکیش دەکەن و واز لە کرداری خراپ دەهێنن. ئەوانە پاداشی تەواویان دەداتەوە. ﴿والله لا یحب الظالمین﴾ خودا دۆستایەتی ئەوانە ناکا کە ستەمکارن و مافی خەڵکی زەوت دەکەن، یان شت لەشوێنی خۆی دانانێن، ئەوەی کە شیاوی پەرستنە نایپەرستن و، ئەوەی شیاوی خودایەتی نی‌یە بەخودای دەزانن. بێگومان ئەمە هەڕەشەیە بۆ خوانەناسان و مزگێنی تێدایە بۆ ئەوانەی بڕوایان بەخوداو پێغەمبەران هەیە. ﴿ذلك﴾ ئەو هەواڵانەی بۆمان گێڕایتەوە دەربارەی داستانی عیساو مەریەمی دایکی‌و دایکی مەریەم (خێزانی عیمران)، هەروەها سەرگوزەشتەی زەکەریاو یەحیای کوڕی‌و هەڵوێستی قوتابیەکانی عیساو هەڵس‌وکەوتی جولەکەکان لە ئاست عیساو پەیامەکەی‌دا، بەهۆی جوبرائیلەوە ﴿نتلوه علیك﴾ بۆتی دەخوێنینەوە ﴿من الآیات﴾ کە بەڵگەی بەهێزن و گەواهی راستی پێغەمبەرایەتی تۆن و بە سرووش بۆمان ناردووی ئەگینا نەخوێندەوارێکی وەکو تۆ ئەگەر لەسایەی خواوە نەبێ

عیبرەتن، کانی بەهرەو زانیاری لیوەرگرتنن. بەڵگەی بەهێزن بۆ بۆڕادانی وەفدی نەجران کە هاتبوون لە بابەت عیساوە دەمەقاڵێت لەگەڵ بکەن.

ڕەتدانەوەی ئەوانەی عیسا بە خوا دەزانن و موباهەلەو نەفرینکردن لەوانەی ئەم ڕایەیان هەیە

إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿٦٠﴾ فَمَنْ حَآجَّكَ فِيهِ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْاْ نَدْعُ أَبْنَآءَنَا وَأَبْنَآءَكُمْ وَنِسَآءَنَا وَنِسَآءَكُمْ وَأَنفُسَنَا وَأَنفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَل لَّعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٦١﴾ إِنَّ هَـٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٢﴾ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٦٣﴾

پاش ئەوەی لەمەو پێش باسی داستانی عیساو مەریەمی دایکی کرد، باسی پەیامەکەیو بڕواکردنی کۆمەڵێک پێی و پشت هەڵکردنی کۆمەڵێکی تر لێی، دێتە سەر باسی هەڵوێستی دەستەو تاقمێکی تر کە نە بە تەواوی ئیمانیان بە عیسا هێناوەو نە بێ بڕوایشن پێی، بەڵکو ئەم تاقمەش لە بارەی عیساوە سەرگەردانن و ڕێگایان لێ تێک چووە، بە بۆچوونی خۆیان کە دەگوترێ (کلمة الله وروح منه) مانای وایە: خودا لەمەریەمدا تواوەتەوەو تێیدا حلوولی کردووە، یان (کلمة الله) هاتۆتە شێوەو ڕوخساری ئادەمیزادەوەو لەیەک کاتدا بووەتە ئادەمیزادو خودا، ئیتر پەروەردگار بۆچوونەکەیان ڕەت دەکاتەوە بەوە کە دروستکردنی

ئادەم عەجایبترە لە دروستکردنی عیسا! جا بۆ پووچەڵ کردنەوەی رایەکەیان ئەوە روون دەکاتەوە کە دروستکردنی ئادەم لە قوڕ زۆر گرنگترە لەدروستکردنی عیسا بە بێ باوک، عیسا هەرچۆنێک بێت لە ئادەمیزادێک پەیدا بووە، بەڵام ئادەم لە قوڕێکی بێ گیان!

راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: وەفدی مەسیحی نەجران هاتنە خزمەت پێغەمبەرو عەرزیان کرد، ئەی موحەممەد! ئەوە تۆ بۆچی جنێو بە پێغەمبەری ئێمە دەدەی کە عیسایە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی کوا من چی خراپم دەربارەی ئەو گوتووە؟ وتیان: ئەی ئەوە نیە پێی دەڵێی عیسا بەندەی خوایە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ ئەو بەندەی خودایە، رەوانەکراوێتی و بە وشەی (کن فیکون) پەیدا بووە، ئیتر رقیان هەڵساو توورەبوون و وتیان: کوا ئادەمیزادێک بە بێ باوک لەدایک بووە؟ ئەگەر بووە پێمان بڵێ ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرمووی: ﴿إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم﴾ چۆنیەتی رووداوی دروستکردنی عیسا لەلای خودا کە بە بێ باوک دروستکراوە وەکو چۆنیەتی رووداوی دروستکردنی ئادەم وایە: بەڵکو عەجایەب ترە چونکە ئادەم بە بێ باوک و دایک لە قوڕ دروستکراوە، هەردووکیان عیساو ئادەم یەک خودای کردگاری بەتوانا بەدی هێناون، جا ئەگەر دروستکردنی عیسا بە بێ باوک و ئادەم بە بێ باوک و دایک بۆ ئادەمیزادان جێگای سەرسوڕمان بێو بەلایانەوە شتێکی گرنگ و گران بێ ئەوە بۆ خودا شتێکی ئاساییەو بۆ دەسەڵات و توانای زاتی بێچوونی کارێکی ئاسانە. کەواتە بۆچی ئادەم بە بێ باوک و دایک دروستکراوە بە کوڕی خودای نازانن کەچی عیسا کە بە بێ باوک لەدایک بووە بە خودا یا بە کوڕی خودای دەزانن؟؟ کەوابێ ئاسانی دروستکردنی عیسا لای خودا وەکو دروستکردنی ئادەم وایە کە ﴿خلقه من تراب﴾ پەروەردگار لە گڵێکی مردوو دروستی کردووە، ئەو

گڵەی تێکەڵاو ئاو کردو بوو بە قوڕێکی لینج و خەست و خۆشکراو، لەو قوڕە جەستەو شێوەو روخساری ئادەمی رێک و پێک کرد ﴿ثم قال له كن فيكون﴾ پاشان پێی فەرموو ببە بە ئادەمی و روحی بەبەردا کردو بوو بە ئادەمیزادیکی ئاسایی.

ئەو وێنە هێنانەوەیە بە لەیەکچوونی ئەم دوو رووداوە بۆردانی بێبڕوایانی تێدایە، چونکە ئینکاریکردنی دروستکردنی عیسا بە بێ باوکو ئیعتیرافکردن بە پەیدابوونی ئادەم بە بێ دایکو باب شتێکی سەیرەو عەقڵ نایسەلمێنێ! بۆ ئەویان نابێو ئەمیان دەبێ. کەوابوو ئەو خودایەی ئادەمی بە بێ باوک و دایک دروستکرد؛ هەر ئەو خودایە دەتوانێ عیساش بە بێ باوک بخوڵقێنێ!! خۆ ئەگەر ئیدیعای ئەوە کە عیسا کوڕی خودایە لەبەرئەوەی باوکی نیە رەوابێ؛ ئەوە هەمان ئیدیعا بۆ ئادەم رەواترە! دەی خۆ تا ئێستا کەس نەیوتووە ئادەم خودا یا کوڕی خودایە، کەوابێ بۆ عیساش هەر نابێ ئەوە بگوترێ!!

بێگومان پەروەردگار ویستوویەتی توانـاو دەسەڵاتی خۆی بۆ ئادەمیزاد دەربخا: ئادەمی بە بێ نێرو مێ دروستکردووە، حەوای لەنێر دروست کردووە بەبێ هەبوونی مێینە، عیسای لە مرەیەم دروستکردووە بەبێ هەبوونی نێر باقی ئادەمیزادانی تری لەنێرو مێ خوڵقاندووە.

ئەمجار جارێکی تر راستی رووداوەکەی عیساو مەریەمی دایکی دووپات کردەوەو فەرمووی: ﴿الحق من ربك﴾ ئەوەی پێمان راگەیاندی دەربارەی عیساو مەریەمی کچی عیمران و چۆنیەتی داستانەکەیان هەر ئەوە راستەو رووداوەکە بەو شێوە بووە؛ عیسا بەندەو رەوانەکراوی خودایەو بەفەرمانی خودا بە وشەی ﴿كن فيكون﴾ لەسکی دایکیا خوڵقاوە!! نەک وەکو مەسیحییەکان دەڵێن: عیسا خودایە یان کوڕی خودایە، هەروەها وەکو جولەکەش نا کە دەڵێن: مەریەم لەگەڵ یوسفی

نەجارِدا دەستی تێکەڵاو کردووەو پێیان وایە: -خوانەخواستە- عیسا زۆڵە.... پەنا بەخوا لە بوختانی وا، خوا پەنامان بدا!!!

﴿فلا تكن من الممترين﴾ بەهیچ جۆرێک تۆ دەربارەی عیساو دایکی مەکەوەرە گومانەوە، گوێ بۆ نیگاو سرووشی ئێمە بگرە.

دڵنیابە چۆنت سرووش بۆ کراوە ڕووداوەکە بەو شێوەیە! تۆ ئەی موحەممەد! لەسەر بڕوای پتەوی خۆت بەردەوام بەو دڵئارام بە، خۆت لە گومان دوور بخەرەوە! ڕووتێکردنی ئەم نەهی لێکردنە جەخت ئامێزە -کە ناگونجێ پێغەمبەر گومانی هەبێ- دووجار سوود بەخشە:

ا- زیادبوونی حەزو ئارەزۆی پێغەمبەر ﷺ لەسەر بڕوا پتەوی و دڵئارامی.

ب- خەڵکی تر کە ئەم خیطابە توندو تیژە دەبیستن کە بەرەو ڕووی پێغەمبەر ﷺ کراوەتەوە، ئیتر شک و گومان لەدڵی خۆیان دەردەهاون، چونکە دەڵێن: لە کاتێکا ئاوا لەگەڵ پێغەمبەردا خیطاب بکرێ، دەبێ لەگەڵ ئێمەماناندا چۆن بێ؟؟ ﴿فمن حاجك فيه﴾ ئەمجا هەرکەسێک دەربارەی عیسا دەمەقاڵێ‌و موجادەلەی لەگەڵ کردی ﴿من بعد ما جاءك من العلم﴾ دوای ئەوەی زانیاری ڕاست و دروستت بۆ هات ﴿فقل تعالوا ندع أبناءنا وأبناءكم ونساءنا ونساءكم وأنفسنا وأنفسكم ثم نبتهل﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: وەرن! هەریەکەمان بانگی کوڕو نەوەی خۆمان بکەین، هەرکەسە ئافرەتی خۆی بانگ بکا، خودی خۆمان و ئێوەش، ئامادەبن، بۆ پاڕانەوەو دوعا کردن، موباهەلە بکەین (موباهەلە بریتی‌یە لەوە دوو لایەن یازیاتر کۆبنەوە دوعا لەیەکتری بکەن، داوای لەعنەتو نەفرینی خودا بکەن بۆ ئەو کەسەی کە درۆزن و خەتابارو ستەمکارە، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی بکەن) ﴿فنجعل لعنة الله على الكاذبين﴾ نەفرین و لەعنەتی خودا لەو کەسە بکەین کە درۆزنەو ڕاستی

چەواشە دەکا...!!

زۆر حەدیث هەن ئەوە دەچەسپێنن کە پێغەمبەر ﷺ داوای لە نەصرانییەکانی نەجران کرد بێن موباهەلەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەوان ئامادەییان تێدا نەبوو، بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە کە (العاقب) سەرۆکی نەصرانیەیەکانی نەجران کە ناوی (عبدالمسیح) بوو (السید) کە زاناو قەشەیان بوو، هاتنە خزمەت پێغەمبەرو ویستی موباهەلەیان لەگەڵدا بکا، یەکیان بەئەوی تریانی گوت: موباهەلەی لەگەڵ مەکە! سوێند بە خوا ئەگەر راست بکاو پێغەمبەر بێ موباهەلەی لەگەڵ بکەین هەرگیز کامەرانی بەخۆمانەوە نابینین و کەسمان لێ پاشەکەوت نابێ! ئیت روتیان موباهەلەت لەگەڵدا ناکەین، چیت دەوێ دەتدەینێ، پیاوێکی پرواپێکراوی خۆتمان لەگەڵ بنێرە، ئەویش فەرمووی هەستە ئەبو عوبەیدە لەگەڵیان بچۆ! کە ئەبو عوبەیدە راست بووەوە فەرمووی ئەم زاتە ئەمینی گەل و نەتەوەیە.

ئەوەی لە ئایەتەکە وەردەگیرێ ئەوەیە: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکراوە کە بانگی دەمەقاڵێو جەدەل چییەکان بکا، بۆ کۆبوونەوە بە ژن و پیاوەوە دەربارەی چۆنیەتی داستانی عیسا موباهەلە بکەن، بۆ خۆشی موسوڵمانان کۆبکاتەوە بە ژن و پیاوو کورِو کچەوە بۆ موباهەلە کردن و دوعاکردن لەیەکتری ئەمجار نەفرین بکەن لەو کەسەی کە درۆزنەو دەربارەی عیسا شتی نارِەوا دەڵێ: ئەم داواکردن و جەخت لەسەرکردنە بەڵگەی ئەوەیە کە داواکار -کە پێغەمبەرە- زۆر لەخۆ رادیوەو بڕوای پتەوی بەخۆیو راستی بەرنامەکەی هەیە، هەروەکو چۆن مل نەدانی وەفدی نەجران و خەڵکی تریش بۆ موباهەلەکردن، بەڵگەیە لەسەر ترسنۆکیو بێ بنج و بناوانی بەرنامەکەیان و، ئەوە دەگەیەنێ کە بڕوایان بەوە نیە کە دەیڵێن.

ئایەتەکە شتێکی تری گرنگی لێوەردەگیرێ: ئەویش ئەوەیە: کە داوا دەکا بۆ ئەو کۆبوونەوە مەصیرییە گرنگە ئافرەتانیش بەشداربن و هاوبەشی ئەو (مفاضلة) ئایینییە بکەن. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئافرەت تەنانەت لە کاروباری ئاوا گشتیشدا وەکو پیاو وایە، جگە لەچەند شتێک نەبێ کە لەگەڵ فسیۆلۆجی ئەودا ناگونجێ -وەکو ئەوە ناچێتە گۆڕەپانی جەنگەوە یان ناکرێتە دادوەرو حاکم لە کاروباری جینائیدا- ئەگینا لەشتی تردا، شان بە شانی پیاو، ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدا، لەکاتی شەڕو پێکدادانەدا هەرچەندە ناچێتە گۆڕەپانی جەنگەکە بەڵام لە بواری خزمەتکردنی نەخۆش و دەرمانکردنی جەنگاوەرانی بریندارو ئامادەکردنی کەل و پەل بۆیان رۆڵی خۆی دەبینێ!

دەی ئەمە لەکوێ و وەزعی ئافرەتانی موسوڵمانی ئەمڕۆ لەکوێ؟ کە لەبەر تێنەگەیشتن لەکاروباری ئایینی خۆیان و هاوبەشی نەکردنیان لەگەڵ پیاوان دا لە کاروباری دونیایی و کۆمەڵایەتی دا بەتەواوی لە گۆڕپانیژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا وەدەر نراون؛ ئافرەتی خێزانە دەوڵەمەندەکان لە شارو شارۆچکەکان دا هیچ مەبەست و هیواو ئاواتێکیان نیە جگە لە خۆ ڕازاندنەوەو خۆ جوانکردن و رازاندنەوەی مێزو سفرەو خوان!!!

ئافرەتی هەژاریش لە لادێو شارۆچکەکاندا بۆ خزمەتی ناو ماڵ و کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێ! هەر دەڵێی بۆ کاری ئاژەڵ ئاسایی دروستکراون، لەبەر ئەم حاڵەتە ئافرەت خۆی لەکن خۆی بێنرخ بووەو پەروەردەو پێگەیاندنی لاواز بووە، دەڵێی مریشکە بە کرە لە ماڵداو ئاژەڵی بێ خاوەنە لە بیاباندا، زرە موسوڵمان و وشکە صۆفیو کۆلکە خوێندەوارەکانمان ئەم دیاردە نەشئازەیان بەلاوە پەسەندەو وای لەخەڵکی دەگەیەنن کە ئەوە هەڵوێستی ئیسلامە بەرامبەر ئافرەت!!

بەڵێ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی کوڕو کچ بەو شێوە نائیسلامیيە جەمسەری خێزان و کۆمەڵی تێک داوە، فەسادو مۆرانەی ئەم حاڵەتە فەسادییە پەرەی سەند لە تاکتاکەی کۆمەڵەوە گواستیەوە بۆ هۆزو عەشیرەت و هەموو گەلانی سەرزەوی گرتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی لەدوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا و تەنانەت ئێستاش کۆمەڵێک هۆشمەندو رۆشنبیر لەزۆر وڵاتە ئیسلامییەکان دا داوای رزگارکردنی ئافرەت دەکەن و بەخەیاڵی خۆیان هەوڵ دەدەن لەو حاڵەتە ناتاسایییەدا چیدی نەمێنێتەوە، دەیانەوێ وای لێ بکەن هاوبەشی پیاو بکاو، شان بەشانی ئەو لە زانیاریو ویژەو کاروباری ژیاندا ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا، ئەم بانگەشەیە لەگوێچکەی زوربەی موسوڵماناندا جێگای خۆی کردەوەو ریگای چوونە قوتابخانەیان بۆ ئافرەت بەرەڵا کردەوە، موسوڵمانان هەوڵ دەدەن کچیان -وەکو کوڕیان- خوێندەواربێو بڕوانامەی باڵا بێنێ، بەڵام لەکاتێکا کە خوێندن و رۆشنبیری ئافرەت شتێکی پەسەندەو کارێکی پیرۆزە، پێویستە پەروەردەکردن و پێخوێندنی ئافرەت لە چوارچێوەی ئاییندا بێو هەوێنی ئەم خوێندەوارییەو رۆشنبیرییە ئەخلاق و رەوشتی ئیسلامیی بێ، داب و نەریتی ئیسلامییان لەدڵ و دەرووندا بڕوێندرێ؛ ئەگینا خوێندەوارییە کەی سوود بەخش نابێ!.

﴿إن هذا هو القصص الحق﴾ ئەم چیرۆکەی بۆمان گێڕایتەوە دەربارەی عیسا هەر ئەوە راستەو واقیعە، نەک ئەوەی مەسیحییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن: عیسا خودایە یان کوڕی خودایە، یان ئەوەی جولەکە ئیدیعای دەکەن کە دەڵێن: عیسا لەئاکامی داوێنپیسی مەریەم و یوسفی نەجارڕدا پەیدا بووە!!.

﴿وما من إله إلا الله﴾ هیچ خودای بەحەق و راست و شیاوی پەرستن

نین جگە لە خودای تاک و تەنیا! ئەمەش رەتدانەوەیەکی ترە بۆ فەلەکان کە دەڵێن: خودا سێیەمی خوداکانە، ﴿وإن ا لله لهو العزيز الحكيم﴾ هیچ خودای بەحەق نین، جگە لە خودای تاک و تەنیا کە بێگومان ئەو خودای بەتواناو دەسەڵاتێکی وایە کەس نایوێرێتێ، دانایەکی وەهایە هەموو شتێک لەشوێنی خۆی دادەنێ. ﴿فإن تولوا﴾ جا ئەگەر ئەو خودانەناسانە دوای ئەم ئامۆژگاریو بەڵگە هێنانەوەو نیشانە دەرخستنە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی تۆ، هەر پشتیان هەڵکردو شوێنت نەکەوتن و تەصدیقیان نەکردیو یەکتاپەرستییان ئەنجام نەداو ئامادەش نەبوون بۆ موباهەلە ئەوە دیارە گێرەشێوێن و ئاژاوەگێڕن، دڵنیابە بەسەریانەوە ناچێ چونکە ﴿فإن ا لله عليم بالمفسدين﴾ بێگومان خودا زاناو ئاگادارە بەگێرەشێوێنیو خراپەکاری خراپەکاران و سزای تەواویان دەداتەوە، هەرکەسێک لەحەق لابداو رووبکاتە بەتاڵ، ئەوە موفسیدو ئاژاوەگێڕە، خوداش بەتواناو دەسەڵاتە، هیچی لەژێر دەست دەرناچێ!!

بانگەوازیی بۆ یەکتاپەرستیو خوداپەرستی لەسەر شێوەی ئایینی ئیبراهیم عليه السلام

قُلْ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًۭٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لِمَ تُحَآجُّونَ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمَآ أُنزِلَتِ ٱلتَّوْرَىٰةُ وَٱلْإِنجِيلُ إِلَّا مِنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٥﴾ هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ حَـٰجَجْتُمْ فِيمَا لَكُم بِهِۦ عِلْمٌۭ فَلِمَ تُحَآجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌۭ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾

مَا كَانَ إِبْرَٰهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾ إِنَّ أَوْلَى ٱلنَّاسِ بِإِبْرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ وَهَٰذَا ٱلنَّبِىُّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٨﴾

لەوەپێش قورئان هەموو ئیدیعای مەسیحی‌یەکانی دەربارەی خودایەتی عیسا، ڕەتکردەوە، ئەمجار لەم ئایەتەی دوایی‌دا بانگی جولەکەو فەلەکان دەکا بۆ ئەوە پابەندی بنەماو پوختەی ئایین ببن، پابەندی ئەو بنەمایانە بن کە هەموو پێغەمبەرێک بانگەوازی بۆ کردووە: کە بریتین لە یەکتاپەرستی‌و شوێنکەوتنی حەزرەتی ئیبراهیم (باوکی پێغەمبەران) چونکە ئایینی ئەو دەق ئایینی ئیسلام بووە. بۆ خۆشی نە جوولەکە بووە نە مەسیحی!.

ئیبن و ئیسحاق و ئیبنوجەریر لە ئیبنوعەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) دەفەرموێ: مەسیحی نەجران و مالمەکانی جولەکە لەلای پێغەمبەر ﷺ کۆبوونەوەو لێیان بوو بە دەمەقاڵێ‌و کێشمە کێشم، مالمەکان گوتیان: ئیبراهیم جولەکە بووەو جگە لە ئایینی جولەکە پەیڕەوی هیچ ئایینێکی تری نەکردووە!! مەسیحی‌یەکانیش دەیانگوت: نەخەیر ئیبراهیم بەس مەسیحی بووە! ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿قل يا أهل الكتاب تعالوا إلى كلمة سواء بيننا وبينكم﴾ ئەی محمد! بە کۆمەڵی جولەکەو فەلە بڵێ: هەمووتان وەرن و ئامادەبن با بەیەکەوە لەسەر بەرنامەیەکی مام ناوەندی‌و دادوەرانە کۆببینەوە، ئەو بەرنامەیەی کاکڵەو پوختەی بەرنامەی هەموو پێغەمبەرانەو کتێبە ئاسمانی‌یەکان لەسەری کۆکن، صوحوف و تەورات و ئینجیل و زەبوورو قورئان لەسەری کۆکن و فەرمانیان پێ‌کردووەو داوای جێبەجێ‌کرنیان کردووە.

ئەمجار ئەو بەرنامەیە روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**ألا نعبد إلا الله ولا نشرك به شيئا**﴾ وەرن با هەموومان جگە لە بۆ خودا بۆ کەسی تر گەردن کەچ نەبین، تەنها بۆ ئەو خوضووع و ملکەچی بنوێنین، بڕوامان وابێ کە دەسەلاتی رەهاو مافی یاسادانان هەر بەدەست ئەوە، هەر ئەو شیاوی ئەوەیە کە حەلاڵ و حەرام دیاری بکا! وێڕای ئەم بڕوایەشمان کەس نەکەین بە هاوەڵ و هاوبەشی، کەس نەخەینە پلەی خودایەتییەوەو بپەرستین. زیاد لەوەش ﴿**ولا يتخذ بعضنا بعضا أربابا من دون الله**﴾ هەندێکمان هەندێکی ترمان بە خودا نەزانێ و پێی وا نەبێ کە جگە لە خودا بەخێوکەرو هەڵسوڕێنەری تر هەن! ئەم ئایەتە بەتەواوی یەک خودایی (**وحدة الألوهية**) یەکتاپەرستیو بەخێوکردن و کردگاریو پەروەردگاریەتی (**وحدة الربوبية**) روون دەکاتەوە، بەڕاستی دەبێ ئایین وابێ؛ دەبێ پێغەمبەر وابێ.

ئەمجار بانگەوازی ئەوە دەکا کە هەموو ئادەمیزاد بەندەی خودان و لەپلەی بەندایەتیدا هەموویان یەکسانن و هیچیان شیاوی ئەوە نین ببن بە خودا بەسەر ئەوانی تردا، ئەم یەکتاپەرستییە هەموو ئایینەکان لەسەری کۆکن و بانگەوازییان بۆ کردووە، پەیامی هەموو پێغەمبەران بووە؛ پەیامی ئیبراهیم و مووساو عیساو پێغەمبەرانی تریش بووە وەکو دەفەرموێ: ﴿**وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فاعبدون**﴾الأنبياء/٢٥. واتە: لەپێش تۆدا هیچ رەوانەکراوێکی خۆمان نەناردووە ئیللا نیگامان بۆ کردووە کە هیچ خودا نین جگە لە من و هەر من بپەرستن. یان دەفەرموێ: ﴿**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت**﴾النحل/٣٦.

بێگومان لەناو هەمو گەل و نەتەوەیەک دا پێغەمبەرێکمان لە خۆیان ناردووەو، نیگامان بۆ کردووە کەتەنها عیبادەتی خودا بکەن و خۆتان لە

پەرستنی ملهوڕو خودانەناس و ناخوا بپارێزن.
بەڵێ: بانگەوازییەکی بەویژدانانەیە، بانگەوازییەکە هەموو ئادەمیزادان دەخاتە یەک ئاستی بەندایەتی، بەبێ ئەوەی جیاوازیی لەنێوان پێغەمبەرو یەکی تردا هەبێ!
بەکورتی پێیان بڵێ: من و ئێوە بڕوامان وایە کە بوونەوەر دروستکراوی خودایەتی تاک و تەنیایە، هەر ئەو خودایە بەدیهێنەرو هەڵسوڕێنەریەتی! هەر ئەو پێغەمبەرانی ناردرون بۆ سەر ئادەمیزاد تا پێیان ڕابگەیەنن خوداویستەو چی جێگای ڕەزامەندیی ئەوە، دەی هەمووتان وەرن یەک بگرین و ئەو ئەصڵ و بنەمایانە ئەنجام بدەین و شوبهات ڕەت بکەینەوە؛ ئەگەر لە ئایینی مەسیحیدا شتێک هەبوو بە ڕواڵەت ئەوەی دەگەیاند کە عیسا کوڕی خودایە پێویستە ماناکەی وا ئاراستە بکەین کە لەگەڵ ئەصڵی یەکتاپەرستیدا دژ نەوەستێ! چونکە ئێمە هەرگیز بڕواناکەین عیسا شتێکی گوتبێ کە مانای وابێ بۆخۆی خودایەو دەپەرسترێ، قەت بانگەوازی ئەوەی نەکردووە کە خۆی یان دایکی پەرستشیان بۆ بکرێ، بەڵکو بانگەوازی ئەوەی کردووە کە تەنها خودا بپەرسترێ و هەر ئەو بە پەروەردگار بزانرێ و بناسرێ. جولەکە یەکتاپەرست بوون؛ بەڵام سەرچاوەی بەدبەختیان لەوەوە پەیدابوو کە شوێن پیاوە ئایینییەکانیان کەوتن، مالمەکانیان دەسکاری تەوراتیان کردو حوکمەکانیان گۆڕین و بەئارەزۆی خۆیان فتوایان بۆ دەدان و ئەوانیش ئەو فتوایەیان بردنە ریزی حوکمی خوداییو کوێرانە پەیڕەویان کردن!
(مەسیحی)یش پەیڕەوی ئەم ڕێبازەیان کردو مەسەلەی (چەک) پسووڵەی لێخۆشبوون و گوناهـ داپۆشینیان پەرە پێدا، کە زۆر کاریگەربوو لە کۆمەڵگای مەسیحیداو، کار گەیشتە ئەوە کە کەنیشتە زوربەی ماڵ و دارایی خەڵکی لەم سۆنگەیەوە قووت بداو داگیری بکا، بەجۆرێک وای

لیّهات ئیشی کەنیسە بریتی بوو لە خەڵك رووتاندنەوە! سەرەنجام کۆمەڵێك بەناوی ئیصلاحی ئەو دیاردە نالەبارە سەری هەڵدا ئەویش گرۆهی (پرۆتستانت) بوون ئەمانە بانگەوازییەکەیان بریتی بوو لەوە کە بەهیچ جۆرێ گوێ لە فتواو بۆچوونی ئەو پیاوە ئایینیانە نەگیرێ کە دینیان کردۆتە پسووڵە فرۆشتن و کاری وا دەکەن لەگەڵ بنەمای ئایین‌دا یەك ناگرنەوە، ئەم کۆمەڵە ئیصلاح خواهە بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە ئایین تەنها لەکتێبی پیرۆزەوە وەربگیرێ‌و وتەی ئەم و ئەو نەکرێ بە ئایین؛ بە ئاشکرا دژی ئەوە وەستان کە عیسا بە خودا یان بە کوڕی خودا بزانرێ!

عەدی کوڕی حاتەم دەگێڕێتەوە دەڵێ هاتمە خزمەت پێغەمبەر ﷺ (صەلیب)یکی ئاڵتوونم لەملدا بوو، پێغەمبەر پێی فەرمووم: ئەی عەدی ئەو بتە لە ملت دابکەنەو فڕێی بدە! گوێشم لێبوو لە سوورەتی (براءة) ئەمەی دەخوێندەوە ﴿**اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون ا لله**﴾.

ئیتر عەرزیم کردو وتم: ئەی رەوانەکراوی خودا خۆ جوولەکەو مەسیحی مالم و قەشەکانیان نەدەپەرستن!؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئەوە نەبوو شتیان بۆ حەڵاڵ و حەرام دەکردن و رەشە خەڵکەکەش بەقسەیان دەکردن؟؟ (عەدی)ش دەڵێ بەڵێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دە ئەوە عیبادەت بۆ کردنە).

﴿**فإن تولوا**﴾ ئەگەر روویان لەم بانگەوازییە وەرگێڕاو پشتیان هەڵکردو هەر ویستیان لەسەر هەڵوێستی نادروستی خۆیان بەردەوام بن و عیبادەتی غەیری خودا بکەن، هاوەڵ و ناوەندی بۆ بەڕەوا بزانن و حەڵاڵ حەرامکەر دیاریی بکەن ﴿**فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون**﴾ ئەوە پێیان بڵێن: دە ئێوە بەشایەد بن، ئێمە جگە لەخودا کەسی تر ناپەرستین،

گەردنکەچی هەر بۆ ئەو دەکەین، بۆ وەدەستهێنانی سوودو لابردنی زیان پەنا بۆ هیچ کەسی تر نابەین، جگە لەخودا داوا لەکەسی تر ناکەین، هەر شتێک خودا حەلاڵی نەکا بەحەلاڵی نازانین، هەر شتێک ئەو بەحەرامی دانا بەلامانەوە حەرامە..!

پێغەمبەر ﷺ کە نامەی بۆ پادشاو فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمە دەنووسین ئەم ئایەتەی دەکردە هەوێنی نامەکانی. لەنامەکانیدا بۆ کیسرا (پادشای فارس)و هیرقەل (قەیسەری رۆم)و نەجاشیو موقەوقیس و هی تریش ئەم ئایەتەی دەنووسی!

ئیبنو ئیسحاق و ئیبنو جەریر لە ئیبنوعەبباسەوە (خوالێیان رازیی بێت) دەڵێ: مەسیحی نەجران و مالمەکانی جوولەکە لای پێغەمبەر کۆبوونەوەو لێیان بووە دەمەقاڵێ،، مالمەکان گوتیان: ئیبراهیم تەنیا جولەکە بووە، نەصرانییەکانیش گوتیان: ئیبراهیم بەس مەسیحی بووە، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێو فەرمووی: ﴿یا أهل الکتاب لم تحاجون في إبراهیم﴾ ئەی گرۆهانی جولەکەو فەلە! بۆچی دەربارەی ئیبراهیم ؑ کەوتوونەتە موجادەلەو دەمەقاڵێیەوەو هەریەکەتان ئیدیعای ئەوە دەکا کە ئیبراهیم لەسەر ئایینی ئەو بووە. (بێگومان ئیبراهیم ؑ لەلای جولەکەو فەلە جێگای رێزو پلەو پایەو مەقام بوو، چونکە لە کتێبەکانیاندا زۆرجار باسی پلەو پایەی ئەم پێغەمبەرە رێزدارە کرابوو، لە هەمان کاتدا لەلای قورەیشییەکانیش خاوەن رێزو حورمەت بوو،، ئەوانیش ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە خۆیان لەسەر ئایینی ئەو پێغەمبەرە رێزدارەن).

ئەی کۆمەڵی جوولەکە! ئێوە چۆن ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئیبراهیم جوولەکە بووە،، خۆ سەردەمی ئەو زۆر پێش سەردەمی هاتنەخوارەوەی تەورات بۆ سەر مووسا بووە! ئەی گرۆهانی فەلە! ئەدی ئێوە چۆن

ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئیبراهیم لەسەر ئایینی مەسیحی بووە؟؟ خۆ ئایینی مەسیحی زۆر پاش ئیبراهیم پەیدا بووە وەکو دەفەرموێ: ﴿وما أنزلت التوراة والإنجيل إلا من بعده أفلا تعقلون﴾ ئەو کاتەی ئیبراهیم پێغەمبەر بووە نە مووسا هەبووەو نە تەوراتی بۆ نێردراوە، هەروەها نە عیسا هەبووەو نەئینجیلی بۆ رەوانەکراوە، بەڵکو ئەو پێغەمبەرانە دوای ئیبراهیم هاتوونە گۆرەپانی ژیانەوەو نامەی ئاسمانییان بۆ رەوانەکراوە ﴿أفلا تعقلون﴾؟ ئەرێ بۆچی هۆش ناکەنەوەو عاقڵ نابن؟ بۆچی رەوتی مێژوو دەگۆڕن و رووداوەکانی هەڵەوگێڕ دەکەن؟.

لەنێوان ئیبراهیم و مووسادا حەوت سەد ساڵ ماوە هەیە!!

لەنێوان مووساو عیسادا هەزار ساڵ ماوە هەیە، دەی گوایە ئێوە عەقڵتان بەوە ناشکێ کە پێشینە ناگونجێ شوێن پاشینە بکەوێ!! نازانن کە ئەم داوایەتان بۆ سەر ناچێو بۆڕ دەدرێن؟

﴿ها أنتم هؤلاء حاججتم فيما لكم به علم﴾ ئاگاداربن و بزانن! ئێوە ئەوانەن کە دەمەقاڵێتان دەکرد لە شتێکدا کە برێ زانیاریتان تێیدا هەبوو کە رووداوی عیسا بوو، جا هەندێکتان پێتان لێ هەڵبڕی و عیساتان بەخودا زانی، هەندێکیشتان بەلایەکی تردا پێتان لێ هەڵبڕی و وتتان: زۆڵەو درۆزنە، ئەمە لای خۆتان زانیاریتان هەبووەو لەتەورات و ئینجیلدا باس کراوە کەچی زانیارییەکەتان لەو هەڵە گەورەیە نەیپاراستن و هەڵەییتان دەرکەوت: دەی ئێوە کە ئەمە حاڵتانە ﴿فلم تحاجون فيما ليس لكم به علم﴾ چۆن دێن دەمەقاڵێو کێشە دەکەن و دەربارەی ئیبراهیم دەکەونە موجادەلەوە دەڵێن: جوولەکە بووە یان مەسیحی بووە، لەکاتێکا هیچ زانیاریتان دەربارەی نیە، هیچ شتێک دەربارەی ئەوە کە جوو بووە یان مەسیحی بووە لە ئایین و کتێبی ئێوەدا نیە، ئەی چۆن و لەکوێوە زانیتان ئیبراهیم جولەکەیە یان مەسیحییە

﴿وا لله یعلم﴾ خودا دەزانێ کە ئیبراهیم لەسەر ئایینی هیچ لایەکتان نەبووە ﴿وأنتم لاتعلمون﴾ ئێوە نازانن کە ئیبراهیم چ بیرو باوەڕێکی پاك و خاوێنی هەبووە، ئێوە تەنها شتێك دەزانن کە بینیوتانە یا بیستووتانە، نە بەبیستن و نە بەدیتن هیچ شتێکتان لەم بارەوە بۆ دەستەبەر نەبووە. هەرچی دەیڵێن لەو بارەوە هەر ڕەمڵ لێدانەو وڕێنەیە، هیچ ئەصڵ و بنەمایەکی نیە.

ئەمجار دەربارەی ئیبراهیم زانیاری ڕاست دەخاتە روو دەفەرموێ: ﴿ماکان إبراهیم یهودیا ولا نصرانیا ولکن کان حنیفا مسلما﴾ ئیبراهیم نە جوولەکە بووەو نە مەسیحی بووە، بەڵکو باوەڕ پاکێکی موسوڵمان بوو، دوور بوو لە هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوداو بتپەرستی. موسوڵمانێکی گەردنکەچ بوو بۆ خوداو فەرمانبەرداری فەرمانەکانی بوو، خۆی لەو شتانە دەپاراست کە خودا لێی قەدەغە کردبوو... ئەوانەی ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئیبراهیم لەسەر ئایینی ئەوان بووە؛ وەکو جوولەکەو فەلەو قورەیشی یەکان هەریەکەیان دەڵێن و پێیان وایە: ئیبراهیم لەسەر ئایینی ئەوانە! هەمویان درۆ دەکەن و بەهەڵەچوون! بەڵکو گرۆهی ئایینی ئەوگرۆهانەن کە لەسەر ڕێبازو شەریعەتی ئەو بوون و پەیڕەوی بەرنامەی ئەو زاتە دەکەن ئەوانیش تەنها موسوڵمانن و بەس، هەر ئەوان ڕاست دەکەن کە دەڵێن: لەسەر ئایینی (ئیبراهیم)ین.

ئەمجار پەروەردگار ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿إن أولی الناس بإبراهیم للذین اتبعوه وهذا النبي والذین آمنوا﴾ بێگومان شیاوترین کەس بە ئیراهیم و نزیکترین گرۆهـ بۆی ئەوتاقم و کۆمەڵەن کە لەسەردەمی خۆیدا پەیڕەوی ڕێبازی ئەویان کردووە، ڕەفتارچاك و موسوڵمان بوون، خودایان بە تاك و تەنها ناسیوەو هاوەڵیان بۆ پەیدا نەکردووەو خاڵصانە خوداپەرستییان کردووە، هەروەها ئەم پێغەمبەرە کە

ناوی (محمد)ە ئەوانەی ئیمانیان پێ هێناوە، هەر ئەوان یەکتاپەرستن و بە خاڵصی خوداپەرستی دەکەن، کەس ناکەن بە هاوەڵی خودا، ئەوەش پوختەی ئایینی ئیسلامەو مەبەست لە ئیمانی ساخ ئەوەیە، ﴿وا لله ولي المؤمنين﴾ خودا یارمەتیدەری موسوڵمانانەو پاڵپشتیان دەکاو کاروباریان بۆ دەسازێنێو سەرپەرشتیان دەکاو پاداشتیان دەداتەوە.

هەواڵدانی بڕێ لە ئەهلی کیتاب بۆ گومڕاکردنی موسوڵمانان ...

وَدَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ لَوْ يُضِلُّونَكُمْ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٦٩﴾ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لِمَ تَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٧٠﴾ يَـٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَـٰبِ لِمَ تَلْبِسُونَ ٱلْحَقَّ بِٱلْبَـٰطِلِ وَتَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٧١﴾ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ءَامِنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُنزِلَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَجْهَ ٱلنَّهَارِ وَٱكْفُرُوٓا۟ ءَاخِرَهُۥ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٧٢﴾

وَلَا تُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمْ قُلْ إِنَّ ٱلْهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤْتَىٰٓ أَحَدٌ مِّثْلَ مَآ أُوتِيتُمْ أَوْ يُحَآجُّوكُمْ عِندَ رَبِّكُمْ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٤﴾

لە ئایەتی پێشوودا هەڵویستی جوولەکەو گاورەکانی دیاریی کرد کە

بریتی بوو لە پشت هەڵکردنیان لە حەق و راستی! لەم ئایەتەی دواییدا هەڵویستێکی تریان دەخاتە روو کە بریتییە لە هەوڵدانیان بۆ گومڕاییکردنی موسوڵمانان.

دەڵێن: کاتێک جوولەکە بانگەوازی حوزەیفەو عەممارو مەعازیان کرد بۆ(رەی) ئیسلام پەشیمان بینەوەو بچنە سەر ئایینی ئەوان ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿ودت طائفة من أهل الكتاب لو يضلونكم﴾ دەستەیەک لە گرۆی جوولەکەو مەسیحی ئارەزۆیانە کە گومڕاتان بکەن، دڵتان لە موسوڵمانێتی کرمێ بکەن و بتانگێڕنەوە بۆ ئەوگومڕاییو سەرلێشێواوییەی پێشووتان و هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە شوبهەو کۆسپ لەناو دڵ و دەروونتاندا بڕوێنن، بەڵام ئەوانە خەیاڵیان خاوەو هەوڵدانەکەیان بێهوودەیە. ﴿وما يضلون إلا أنفسهم﴾ ئەوان بەس سەر لە خۆیان دەشێوێنن؛ کە خۆهەڵەوگێڕی گومڕاکردنی ئێوە دەکەن، خۆیان تووشی سەرلێشێواوی دەکەن، چونکە خۆیان مەشغوولی کارێک دەکەن کە سوودی لێ نابینن، بەڵکو زیانیان پێ دەگەیەنێو دەیانخاتە زەلکاوی تاوان و گوناهەوە، بەڵام ئەوان بەخۆیان نازانن و ﴿وما يشعرون﴾ هەست بە ئاکامی خراپەکاریی خۆیان ناکەن، چاوی خۆیان لە عاست راستی دەنوقێنن، لەپەیامی پێغەمبەر ورد نابنەوە، ئەوان گاڵتە بەعەقڵ و هۆشی خۆیان دەکەن سروشتی خۆیان بەئارەزۆ تێک دەدەن. هەست بەبەدبەختی خۆیان ناکەن و ئەوە نازانن کە بەدەستی خۆیان عەقڵی خۆیان لەکار خستووە، لەو بەڵگانە ورد نەبوونەتەوە کە خودا داویەتی بە پێغەمبەری خۆی، سەیری نووری حەق و راستییان نەکردووە، ئاشکراشە کەسێک هەست بەبەدبەختیو چارەڕەشی خۆی نەکا ئەوپەڕی نەزانیو نەفامیەتی.

﴿يا أهل الكتاب﴾ ئەی گرۆهی جوولەکەو مەسیحی! ﴿لم تكفرون

بآیات الله وأنتم تشهدون﴾ بۆچیو بە چ بەڵگەیەک ئێوە کافرن بەو بەڵگە ئاشکرایانەی کە نیشانەی پێغەمبەریتی (محمد)ن؟ لەکاتێکا ئێوە بۆ خۆتان شایەتی راستی پێغەمبەرایەتی (محمد) دەدەن لەم رووەوە کە لەتەورات و ئینجیلدا نیشانەکانی دیاری کراون و مزگێنی بەهاتنی دراوە.

﴿یا أهل الکتاب﴾ ئەی گرۆهی جوولەکەو فەلە ﴿لِمَ تلبسون الحق بالباطل﴾ بۆچی شت هەڵەوگێڕ دەکەن؟ بۆچی ئەو پەیامە حەقەی پێغەمبەران هێناویانەو لەکتێبەکانیان دا باسکراوە -وەکو یەکتاپەرستیو مزگێنیدان بە هاتنی پێغەمبەرێک لە نەوەی ئیسماعیل کە یاساو شەریعەت و حیکمەت فێری ئادەمیزادان دەکا -ئا ئەم راستییە پاشگوێ دەخەن و بە پووچی حسێب دەکەن، کەچی ئەو وڕێنەو قسە پڕو پووچانەی کە مالمەکانتان هەڵی دەبەستن بە ئایینی لەقەڵەم دەدەن و پێتان وایە پەیڕەوکردنی پێویستەو دەڵێن: ئەمە لەخوداوە هاتووە. ﴿وتکتمون الحق﴾ پێغەمبەریتی (محمد) دەشارنەوە لەکاتێکا راستی پێغەمبەرایەتی ئەو لە تەورات و ئینجیلدا نووسراوە، دەی بۆچی ئێوە ئەم راستیە ژێر لێو دەخەن و دەیشارنەوە؟؟ ﴿وأنتم تعلمون﴾ ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کە هەڵوێستەکەتان هەڵەیەو بێبنەمایە هەر لەڕووی حەسوودیو سەررەقیو ملهوڕی ئەم کارە ئەنجام دەدەن. جا وەنەبێ هەر بەم هەڵوێستەیان کۆڵیان دابێ، بەڵکو جۆرەها پیلان و فرت و فێڵیان دەهێنایە کایەوە، بەڵکو بتوانن بەرگری لە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بکەن، ئەوەتا جۆرێکی تر لە فرت و فێڵەکانیان ئەوە بوو کە دەفەرموێ: ﴿وقالت طائفة من أهل الکتاب﴾ کۆمەڵێک لە جوولەکەکان لەناو خۆیاندا بەیەکتریان گوت: ﴿آمنوا بالذي انزل علی الذین آمنوا وجه النهار﴾ بەڕواڵەت ئیمان بەو قورئانە بهێنن کە نێردراوە بۆ موسوڵمانەکان لەسەرەتای رۆژدا، وەکو ئەوە واپیشان بدەن کە نوێژی بەیانی لەگەڵ

موسوڵمانەکان بکەن و ﴿واکفروا آخره﴾ ئەمجار لە دەمەو ئێوارێدا پاشگەز ببنەوە، وا پیشان بدەن کە بۆتان دەرکەوتووە کە ئەو ئایینە ئاینێکی بەتاڵە بۆیە لێی پەشیمان بوونەوە ﴿لعلهم یرجعون﴾ بەڵکو ئەوانەی موسوڵمان بوون چاو لە ئێوە بکەن و پاشگەز ببنەوە! بەم جۆرە هەوڵ بدەن سەر لە تازە موسوڵمانانی هەرزەو نەزان تێک بدەن و دڵەڕاوێکیان تێدا بخولقێنن و وایان لێ بکەن بڵێن: دیارە ئەمانە کە بەیانی موسوڵمان بوون و ئێوارە ژێوان بوونەوە کەموکووڕییان لە ئایینەکەدا بینیوە، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم ئایینە عەیب و نوقصانیەکی تێدایە، بۆیە سەرلەبەیانی موسوڵمان بوون و سەر لەئێوارێ لێی پەشیمان بوونەوە! چونکە وێ ناچێ مرۆڤ بیروباوەڕێک قبووڵ بکاو پێی وابێ حەق و راستەو کەچی لێی پاشگەز ببێتەوە.

ئیبنو ئیسحاق لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: عەبدوڵلای کوڕی صەیف و عەدی کوڕی زەیدو حاریثی کوڕی عەوف کە جولەکەبوون لەناو خۆیاندا بەیەکتریان دەگوت: وەرن با بەیانی زوو ئیمان بەو پەیامە بهێنین کە بۆ (محمد) هاتووەو موسوڵمان ببین و ئێوارە لێی پاشگەز ببنەوە بۆ ئەوەی دڵی ئەوانەی موسوڵمان بوون تێک بدەین و ئەوانیش شوێن ئێمە بکەون و واز لە ئیسلام بێنن!

ئیبنو جەریر لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: کۆمەڵێک جوولەکە لەگەڵ پێغەمبەردا نوێژی بەیانیان کرد -واتە بەڕواڵەت سەر لەبەیانی موسوڵمان بووبوون- ئێوارە لەئیسلام هەڵگەڕانەوە، موسوڵمان بوونەکەیان فرت و فێڵ بوو، بۆ ئەوەیان بوو، وا پیشان بدەن کە ئەمانە بۆیان دەرکەتووە کە ئایینی ئیسلام بێ بنەماو پڕو پووچە، بۆیە دوای ئەوەی موسوڵمان بوون پەشیمان بوونەتەوە!! ئەمەش شتێکی سەیر نیە لەوانەوە کە پەنا بۆ ئەم جۆرە فرت و فێڵە بەرن، چونکە ئەوان دەزانن کە نیشانەی

بیروباوەڕی حەق ئەوەیە کە مرۆڤ پابەندی بوو لیّی پاشگەز نەبێتەوە. بۆیە کە پێغەمبەر ﷺ ئەبو سوفیانی نارد بۆ لای هیرقەلی رۆم و بانگەوازی کرد بۆ موسوڵمان بوون، هیرقەل دەربارەی پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە ئەبوسوفیان کرد، وتی: ئایا ئەوانەی دەچنە سەر ئایینەکەی دوایی لیّی پاشگەز نابنەوە؟؟ ئەبو سوفیان وتی: نەخەیر.

بێگومان پەروەردگار پێغەمبەری لەم پیلانەی جووەکان ئاگادارکردو ئەم نهێنییەیانی پێ راگەیاند بۆ ئەوەی فێڵەکەیان کار لە دڵ و دەروونی هەندێ نوێ موسوڵمانی بڕوا زەعیف نەکا، هەروەها بۆ ئەوەی کەئەم پیلانەیان لێ ئاشکرا بوو، ئیتر کۆڵ بدەن و، بیر لە دارشتنی پیلانێکی تر نەکەنەوە!! هەروەها پێزانینی ئەم پیلانە ببێتە موعجیزە بۆ پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەوە هەواڵێکی غەیبی بوو، پێزانینی بوو بە نیشانەیەکی تری راستی پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ.

جا جولەکەکان کە ئەم پیلانەیان دانا بەیەکتریشیان گوت: ﴿ولا تؤمنوا إلا لمن تبع دينكم﴾ ئەم جۆرە ئیمانهێنانە رواڵەتییە مەهێنن مەگەر بۆ پەشیمان کردنەوەی ئەوانەی لەوەپێش لەسەر ئایینی ئێمە بوون و موسوڵمان بوون، واتە مەبەستەکەمان پەشیمان کردنەوەی ئەوان بێ، چونکە ئەو جولەکانەی لەوەپێش موسوڵمان بوبوون، زۆر بە موسوڵمان بوونەکەیان دڵخۆش بوون و سووربوون لەمانەوەیان بە موسوڵمانی، جولەکەکانی تریش زۆریان پێ ناخۆش بوو، موسوڵمان بوونەکەی ئەمانیان زۆر لەسەر شان گران بوو!

یان دەتوانین مانای ئەم رستەیە وا لێبدەینەوە ﴿ولاتؤمنوا إلا لمن تبع دينكم﴾ دڵنیا مەبن و بڕوا بەکەس مەکەن لەوە کە ئەم نهێنییەی لا بدرکێنن) مەگەر بەکەسێک کە لەسەر ئایینی ئێوەبێ.

چونکە جوولەکە پێیان وابوو: هەر خۆیان راستن و تەنها ثیقەیان بە

خۆیان بوو، بە بیرو بۆچوونی خۆیان دەبوو پێغەمبەرایەتی هەر لەناو ئەواندا بێ، زیادەڕەویان دەکرد لەوەدا کە خەڵکیان پێ هەتیومچەو کۆیلەو پایە نزم بوو، خۆیان بە خانەدان و پیاو ماقووڵ و نەژاد رەسەن دادەنا، وایان دەزانی هەرچی ئەوان دەیکەن چاک و باشەو چی خەڵکیتر دەیکا خراپ و ناشیرینە، ئیتر پەروەردگار بەرپەرچی دانەوەو فەرمووی: ﴿قل إن الهدى هدى الله﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: هیدایەت هیدایەتی خودایە، هەرکەسێکی بوێ شارەزای بکا بۆ ئیمان هێنان بەو پەیامەی بۆ موحەممەد نێردراوە ئەو بەهرەیەی پێ دەبەخشێ. فرت و فێڵی ئێوە، شاردنەوەی باس و خواسی پەیامی موحەممەد لە کتێبەکەی خۆتانداو چاوبەستکردن لە نەخوێندەوارانی خۆتان و دیکە، هیچ کاریگەریەکی نابێ، ئێوە ئەو حەق و راستییە ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە هیچ لە رۆڵی نیعمەتی هیدایەتی خودایی ناگۆڕێ.

جوولەکەکان لەناو خۆیاندا بەیەکتریان دەگوت: نەچن ئەوە بڵاوبکەنەوە کە ﴿أن يؤتى أحد مثل ما أتيتم﴾ دەگونجێ پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی بدرێ بەکەسانێ تر وەکو دراوە بە ئێمە، نەچن ئەم نهێنییە جگە لە هاوئایینانیخۆتان بەکەسی تری بڵێن: ﴿أو يحاجوكم عند ربكم﴾ بۆ ئەوەی بەڵگەتان لەسەر راست نەکەنەوەو لای پەروەردگارو بۆڕتان نەدەن! بەڵگەو دەلیلتان پووچ بکەنەوە. تەورات بهێنن بیخوێننەوە ئەوەی کە ئێوە شاردووتانەتەوە لە باس و خواسی موحەممەد مژدەدان بە هاتنی دەربکەوێ.

پوختەی مەبەست ئامۆژگاریی یەکتری دەکەن دەڵێن: لای عەرەبەکان ئەوە مەدرکێنن کە ئێوە بڕواتان وایە کە پێغەمبەرێک لەغەیری بەنی ئیسرائیل دێتە کایەوە!!!

بەڵکو ئەوە سرپۆش بکەن کە ئێمە بڕوامان هەیە موسوڵمانان وەکو

ئێمە نامەی ئاسمانییان بۆ هاتووە، ئەم نهێنییە جگە لە هاوئایینانی‌خۆمان بەکەسی تری مەڵێن! بە موسوڵمانانی مەڵێن بۆ ئەوەی بڕوایان بە ئایینەکەیان پتەو نەبێ! بە کافرەکانی تریشی مەڵێن نەبادا موسوڵمان ببن. ﴿قل إن الفضل بيد الله يؤتيه من يشاء﴾ ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی بەهرەو بەخششی خوداییەو بەدەست زاتی پەروەردگارە، دەیبەخشێ بەکەسێك شیاوی بێو مەیلی لێ بێ، ﴿والله واسع عليم﴾ خودای مەزن عەطاو بەخششی زۆرە، خەزێنەی رەحمەتی فراوانە، دەزانێ کێ شیاوی پێغەمبەرایەتییە، ئەم بەهرەی پێغەمبەرایەتییە دەداتە کەسێك شانی هەڵی‌بگرێو خودا بۆ خۆی دەستنیشانی کردبێ. ﴿يختص برحمته من يشاء﴾ بەخششی بەرفراوانیو رەحمەتی بێ‌پایانی دەداتە کەسێك مەیلی لێ‌بێو بەکاری ئەو ئەرکە گرنگە بێ، نەك وەکو ئەهلی کیتاب بۆی چوون و پێیان وایە: پێغەمبەرایەتی هەر دەبێ لەناو جوولەکەدابێو خۆیان بەلاوە گەلی هەڵبژاردەو هۆزی تایبەتیو بنەماڵەی رەسەنە بێ.

پەروەردگار کێی بوێ لەبەندەکانی خۆی دەیکاتە فرستادەو دەینێرێ بۆ راگەیاندنی پەیامی خۆی! کەسێکیش خودا ئەم بەهرەیەی دایێ، ئەوە لە رووی فەضل و گەورەیی خۆیەوەیەو بەس! نەك لە رووی نەژادو بنەماڵەو کردەوەبێ! چونکە خودا مەرایی و چاوبەستەکی لەبەر کەس ناکا، پەرورەدگار زۆر لەوە بەرزترە هەڵوێستی ئاوای پاڵ بدرێ! ﴿والله ذو الفضل العظيم﴾ پەروەردگار خاوەنی بەخششی گەورەو رەحمەتی بێ‌پایانە، رەحمەت و بەزەیی بەشی هەموو شتێك دەکا.

سپاردە دانەوەو وەفا بە عەهد لای هەندێ لە خاوەن نامەکان

﴿وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَائِمًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الْأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ (٧٥) بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ وَاتَّقَىٰ فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ (٧٦) إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَٰئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ

وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٧)﴾

جا ئەوە نەبێ کار بەوەندەوە وەستابێ بەڵکو سەرەڕای پیلانگێڕییان و هەوڵدانیان بۆ پێشگیریو لەمپەڕ دروستکردن لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، چەندین رەوشتی ناشیرینی تریان هەیە، کەسایەتیو دەستەو تاقمی وایان تێدایەو دەست پیس و خائینە، هەیانە ماڵ خواردنی خەڵکانی ناجولەکەیان بەلاوە رەوایە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿وإن من أهل الكتاب من إن تأمنه بقنطار يؤده إليك﴾، واتە: وەکولە ئایەتی پێشوودا باس کرا ئەهلی کیتاب کۆمەڵێکیان خەریکی پیلانگێڕان و پەشیمان کردنەوەی ئەوانە بوون کە تازە موسوڵمان بووبوون. کۆمەڵێکی تریان ماڵ خواردنی -جگە لە ماڵی هاودینانی خۆیان- بەلاوە رەوایە، چونکە پێیان

وایە تەورات تەنها نەهی لە ماڵ خواردنی هاودینانی خۆیانی لێکردوون.
بەکورتی دەفەرموێ بەنی ئیسرائیلی دوو تاقمن:
ا- تاقمێکیان هەرشتێکی پێ بسپێرری زۆر بێ یان کەم بێ، بە رێک و پێکی ئاگاداریی دەکاو دەیپارێزێو هەرکاتێ بتەوێ لێی وەربگریەوەو دەتداتەوە وەکوعەبدوڵڵای کوڕی سەلام، کابرایەکی قورەیشی هەزارو دوو سەد ئۆقیە ئاڵتوونی لا دانابوو، کە داوای لێکردەوە بە بێ پێچوپەنا بەڕێک و پێکی تەسلیمی کردەوە.
ب- دەستەیەکی تریان ناپاکی لە سپاردەدا دەکەن، ئەگەر شتێکی لا دابنێی تەنانەت کەمیش بێ دەستی بەسەردا دەگرێو نایداتەوە، مەگەر بەزۆر شایەتی لێبگرێو رایکێشی بۆ لای قازیو دادگا؛ وەکوو کەعبی کوڕی ئەشرەف، کابرایەکی قورەیشی دینارێکی لا دانابوو، دەستی بەسەردا گرت و ئینکاری کردو نەیدایەوە! ﴿ذلك﴾ ئەم کردارە ناشیرینە خیانەتکاریانەیان ﴿بأنهم قالوا ليس علينا في الأميين سبيل﴾ لەم رووەوە بوو کە پێیان وابوومال خواردنی عەرەبەکان بۆیان رەوایەو گوناهیان ناگاتێ ئەگەر بیخۆن!
بەکورتی وایان دەزانی: کە هەر کەسێک جولەکە (شعب الله المختار) نەبێ خودا چی بەسەرەوە نیەو، لای خودا قێزەونەو بەهیچی نازانێو هیچ ماف و رێزێکی نیە، ماڵ و سامانیشی بێرێزو ئیحتیرام و بێ پەرژینە، هەر کەسێک بۆی بکرێ دەتوانێ چەپاوی بکاو بۆخۆی بەرێ!! ئاشکراشە ئەمە ئەوپەڕی زیادەڕەویو ملهوڕیو بەخۆنازین و لەخۆبایی بوونی تێدایە! بەزەقی ماف پێشێل کردنی خەڵکەو دوورە لە هەڵویستی مرۆڤایەتی، ئیبنوجەریر دەڵێ: کۆمەڵێک موسوڵمان لە سەردەمی نەزانیاندا بڕێ کاڵایان بە کۆمەڵێک فرۆشتبوو هێشتا پارەکەیان وەرنەگرتبوو موسوڵمان بوون، کە داوای پارەکەیان لێکردن

ئینکاریان کردو وتیان: ناتاندەینەوە، چونکە ئێوە وازتان لە ئاینی خۆتـان هێناوەو چوونە سەر ئایینێکی ترو ئەمەش پەیڕەوکردنمانە بـۆ تـەورات و لەکتێبی ئێمەدا ئەم جۆرە حوکمە هەیە.

ئیتر پەروەردگار بەدرۆی خستنەوەو فـەرمووی: ﴿ویقولـون علـی ا لله الکذب وهم یعلمون﴾ ئەوانە درۆ هەڵدەبەستن و شتی دەمهەڵبەست پاڵ خـودا دەدەن و، بۆخۆشـیان دەزانـن کـە درۆ دەکـەن، چونکـە ئەگـەر ئـەم حوکمـە هەبوایـە دەبوایـە لەتـەوراتدا بوایـە! دەی ئـەو تەوراتـەی کـە لەبەردەستیاندایە شتی‌وای تێدا نیـەو ڕیگـەیان پـێ نـادا بەناحـەق مـاڵ و سـامانی عـەرەب بخـۆن! بـەڵام ئـەوان زیادەڕەوییـان کـردو پـەنایان بـۆ مالمـەکانیان بـردو لەوانـەوە فتوایـان وەرگـرت و بـیروبۆچوونی ئـەو مالمانـەیان کـرد بـە ئـایین، ئـەوانیش بـەنارەزۆی خۆیـان فتوایـان دەداو گۆڕانکارییان لە دەقەکانی تەوراتدا دەکرد، ئەم جۆرە قسەو قسەلۆکەیان بلاودەکردەوە.

﴿بلی من أوفـی بعهـده فإن ا لله یحب المتقین﴾ بـەڵێ بۆچوونەکـەتان هەڵەیە، هەڵویستەکەتان ناڕەوایە، هەرکەسێ وەفا بـە وادەی خـۆی بکـاو تەقوای خودا بکا، ئەوە خۆپارێزەرەو، خوداش تەقواکارانی خـۆش دەوێـن، کەوابوو نابێ ئێوە بەناڕەوا ماڵی ناجوولەکەو عەرەب و ناعـەرەب بخـۆن؛ پێویسـتە پابـەندی وادەو بـەڵێنی خۆتـان بـن؛ قـەرزتان لایـە بیدەنـەوە، سپاردەتان لەکنە بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکەی بـەبێ چـەندو چـوون و ئـەملاو ئەولاکردن.

ئەم ئایەتە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە جوولەکـە پابـەندبوونی خۆیـان بەبەڵێنەوە لەگەڵ هەموو کەس‌دا بەلاوە واجب نەبوو، بەڵکو ئەگـەر بـەڵێن پێدراوەکە جوولەکە بووبێ ئەوە پابەندی بەڵێنەکـەیان بـوون و، ئەگـەر نـا بەلایانەوە پێویست نەبووە!!

هەروەها ئەم ئایەتە ئەوەش دەستنیشان دەکا کە وەفا بە عەهدو خۆپاراستن لە بێبەڵێنی، نەک بنەچەو نەژاد، بەندە لە پەروەردگار نزیک دەکەنەوە، چونکە بنەچەو نەژاد لای خودا هیچ نرخ و بەهایەکیان نیە. ﴿إن الذین یشترون بعهد الله وأیمانهم ثمنا قلیلا﴾ ئەوانەی کە گۆڕانکاریی لە عەهدو پەیمانی خودادا دەکەن، لەشوێنی ئەوەی پابەندی راستگۆییو بەڵێن دروستی بن و سپاردە بگێڕنەوە بۆ خاوەنیو یەکتاپەرستی بکەن و کەس نەکەن بە هاوەڵی خوداو لەهەموو بارو دۆخێکا خۆیان لە نافەرمانی پەروەردگاریان بپارێزن، پابەندی ئەو سوێندو بەڵێنانەی خۆیانبن کە دەیانگوت: ئەگەر پێغەمبەری ئاخرزەمان هات ﴿لنؤمنن به ولننصرنه﴾ کەچی بە بەهانەیەکی کەم کە بەبەرتیل وەرگرتن و دەستبڕینی خەڵکی دەستیان دەکەوت لەو هەڵوێستانەیان ژێوان بوونەوە، پابەندی هیچ وادەو بەڵێنێکیان نەبوون. ﴿أولئك لا خلاق لهم في الآخرة﴾ ئەوانە رۆژی قیامەت هیچ بەش و بارێکیان نادرێتیو خۆسیو لەزەتی بەهەشتیان پێ نابڕێ، خودا لێیان نارازییەو، رقی لێیانەو، بەچاوی رەحمەت و بەزەیی سەیریان ناکا، رۆژی قیامەت خودا وەسپ و سەنایان نادا، کوشندەترین سزای دۆزەخی بۆ ئامادەکردوون.

بەکورتی خودا هەڕەشەی توندی لەوانە کردووە کە پەیمانشکێنن و وادە بەخیلافن، هەڕەشەی لێکردوون بەوە کە لەخۆشیو لەزەتی بەهەشت بێبەرییان بکا، سزای کوشندەیان بدا، لەناو غەزەبی خۆیدا بیانتلێنێتەوە، ناهومێدیو رەحمەتی خۆیان بکاو قسەو عوزریان لێ نەبیستێ! ئەو هەڕەشەیەی کە خودا لەمانەی کردووە هەرگیز لەداوێن پیس و عەرەقخۆری نەکردووە، چونکە ئاکامی کاریگەری ئەو تاوانانە زۆر لە ئاکامی کاریگەری ئەم تاوانانە گەورەترە! کەواتە وەفا بە عەهدو دەستپاکی لە سپاردەدا نیشانەی بڕوا ساغیە، ئەو تەوەرە سەرەکییەیە

کە بەرژەوەندی ئاوەدانی ولاتی پێوە بەندە، هەرکاتێکیش ئادەمیزاد بەڵێنی خۆیان نەبردە سەرو خیانەتکارییان لە سپاردەدا کرد بتمانەیان بەیەکتری نامێنێ! بەبێ هەبوونی بتمانەش مامەڵەو پەیوەندی کۆمەلایەتییان بۆ ئەنجام نادرێ! بۆیە پێغەمبەر لە فەرموودەیەکیدا دەفەرمویّ : (آية المنافق ثلاث، إذا حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا أؤتمن خان) نیشانەی دووڕوو سێ شتن کە قسەی کرد درۆ بکات کە بەڵێنی دا نەیباتە سەر، کە سپاردەی لا دانرا خیانەتی تێدا بکا.

هەندێ نموونەی درۆو هەڵبەستی جوولەکە

وَإِنَّ مِنْهُمْ لَفَرِيقًا يَلْوُونَ أَلْسِنَتَهُم بِالْكِتَابِ لِتَحْسَبُوهُ مِنَ الْكِتَابِ وَمَا هُوَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَقُولُونَ هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَمَا هُوَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَيَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٨﴾

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ:دەستەیەک جوولەکە چوونە لای کەعبی کوڕی ئەشرەف کە دوژمنێکی سەر رەقی پێغەمبەر بوو ﷺ ئەم کۆمەڵە دەستکاری تەوراتیان کردبوو، نامەیەکیان نووسیبوو تێیدا ئەو رەوشت و نیشانانەی پێغەمبەر ﷺ -کە لە تەوراتدا باس کرابوون- گۆڕیبوویانن ئەمجار هۆزی قورەیظە زمانی خۆیان پێوە بادەدا بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە کەلامی خودایە.

ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿وإن منهم لفريقا يلوون ألسنتهم لتحسبوه من الكتاب﴾ واتە: بێگومان کۆمەڵێکی تری ئەهلی کیتاب کە مالم و زاناو کاربەدەستەکانیانن وەکوو کەعبی کوڕی ئەشرەف و مالیکی کوڕی ئەلصەیف و هاوەڵانیان دەقەکانی

تەوراتیان گۆڕیوە، ئەمجار دێن ئەو دەقە گۆڕدراوە دەخوێننەوە لەکاتی خوێندنەوەکەیدا زمانی خۆیان بادەدەن و دەنگی لێ هەڵدەبڕن و، بە ئاواز دەیخوێننەوە بۆ ئەوەی وای پیشان بدەن: کە ئەو دەقە گۆڕدراوە بەشێکە لە کەلامی خوداو تەوراتە؛ بەڵام لەڕاستیدا ﴿وما هو من الكتاب﴾ ئەو دەقە گۆڕدراوە کەلامی خودا نیە، ئەوان درۆ دەکەن ﴿ويقولون هو من عند الله﴾ دەڵێن: ئەوە لەخوداوە هاتووەو فەرموودەی ئەوە؛ ﴿وما هو من عند الله﴾ ئەوانە راست ناکەن ئەو دەقە گۆڕدراوانە لەخوداوە نەهاتوون ﴿ويقولون على الله الكذب﴾ بێچاوو روویی ئەو تاقمە گەیشتۆتە ئەندازەیەک بێ پێچ و پەنا ئەم دەقە گۆڕدراوانە دەدەنە پاڵ خوداو هیچ ترس و خۆفێکیان نیەو پێیان وایە: هەر شتێک بکەن خودا لێیان خۆش دەبێ. ﴿وهم يعلمون﴾ ئەوەندە بێشەرم و ئابڕوون، دەزانن کە قسەکەیان درۆ هەڵبەستە، ئەو دەقە بۆ خۆیان گۆڕیویانە، کەچی نیسبەتی دەدەن بۆ لای خودا، ئەمەش تاوانێکی فرە گەورەیەو بوختانێکی بێ پاساوەو بە ئەنقەست ئەنجامی دەدەن.

بوختان هەڵبەستنی خاوەن نامەکان لەسەر پێغەمبەران

مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِن كُونُوا۟ رَبَّـٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَـٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار باسی بوختانی جوولەکەکانی کرد کەبەدەم

خوداوه شتیان هەڵدەبەست و کەلامی وایان پاڵ دەدا کە نەیفەرمووە، ئەمجار دێتە سەر باسکردنی بوختان و قسە هەڵبەستنی هەمان گرۆهـ بەدەم پێغەمبەرانەوە!

ئیبنو ئیسحاق و بەیهەقی لەئیبنو عەبباسەوە: دەڵێ: کاتێک مالمەکانی جولەکەو قەشەکانی نەجران لەلای پێغەمبەر کۆبوونەوەو پێغەمبەر بانگەوازیی کردن بۆ موسوڵمان بوون ئەبو رافیعی قورەظی هاتە قسەو وتی: ئەی موحەممەد! ئایا تۆ دەتەوێ ئێمە بتپەرستین و بەخودات بزانین؟ وەکوو چۆن نەصرانیەکان عیسا بەخودا دەزانن و دەیپەرستن؟؟ کابرایەکی نەصرانیش هەڵیدایە وتی: ئایا ئەوەت دەوێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پەنا دەگرم بە خودا کە جگە لە خودا کەسێکی تر بپەرستین، یان فەرمان بکەم کە جگە لە خودا کەسێکی تر بپەرسترێ!! نەخودا بۆ ئەوە منی ناردووە، نە بەوەش فەرمانی پێکردووم، ئیتر ئەم ئایەتە لەو بارەوە هاتە خوارێ کە دەفەرمووێ: ﴿ما كان لبشر أن يؤتيه الله الكتاب والحكم والنبوة﴾ ناشێ‌و هیچ ئادەمیزادێک رایەی ناکەوێ کەخودا نیگای بۆ بکاو بیکاتە پێغەمبەرو فێری ئایین و نهێنی شەریعەتی بکا ﴿ثم﴾ کەچی پاشان لەجیاتی سوپاس و ستایش کردن و بەندایەتیکردن بۆ خودا ﴿يقول للناس كونوا عبادا لي من دون الله﴾ بانگەوازی ئادەمیزادان بکا بۆ پەرستنی خۆی لەباتی پەرستنی خودا! دیارە شتی وا نابێ‌و ناگونجێ! چونکە کەسێک خودا پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی بداتێ، بانگەوازی خەڵکی دەکا بۆ ئەوەی زانیاریان بەو پێغەمبەرایەتییە ببێ‌و هەڵیان دەنێ بۆ تێگەیشتن لە یاسای ئایینەکەی‌و داوایان لێ دەکابنە پێشەنگ لەتاعەت و خوداپەرستیدا، دیارە هەرگیز پێیان ناڵێ: وەرن لە جیاتی خودا من بپەرستن ﴿ولكن كونوا ربانيين بما كنتم تعلمون الكتاب﴾ بەڵکو ئەو پێغەمبەرەی کە کتێبی بۆ نێردراوە

هەمیشە بە گەل و نەتەوەکەی دەڵێ: بەندەی خودا بن، خۆتان بە رەببانی (خوداویست) لەقەڵەم بدەن، راستەوخۆ بەبێ ناوەندو وەسیلە لە بارەگای زاتی بێچوونی بپارێنەوە، هەمیشە پەنا بۆ ئەو ئاستانە بەرن، بەهۆی تێفکرین و دیراسەکردنی قورئان و نامەی ئاسمانی، نامەی خودایی، واتە: لەڕێگەی زانست و زانیاریو فێربوونی نامەی خوداوە، مرۆڤ دەبێتە رەببانیو خوداویست! چونکە هەر زانیاری‌یەکێ ئادەمیزاد هەڵنەنێ بۆ گوفتارو کرداری چاک، بە زانیاری لەقەڵەم نادرێ. ﴿ولا یأمركم أن تتخذوا الملائكة والنبيين أربابا﴾ هەرگیز ناگونجێ بۆ کەسێک خودا بیکاتە پێغەمبەر داوا لە گەل و هۆزەکەی بکا کە بەخودای بزانن! هەرگیز فەرمانی واتان پێ ناکا، هەروەها فەرمانی ئەوەشتان پێ ناکا کە فریشتەو پێغەمبەران بکەن بە ئەرباب و پەرستراو، ئەم بیرو باوەڕە بێ بنەمایەو راستی تێدا نیە! بێگومان لەسەردەمی پێش ئیسلام هەندێ موشریکی عەرەب فریشتەیان دەپەرست! جولەکەکانیش دەیانگوت: عوزەیر کوڕی خودایە، نەصرانی‌یەکانیش دەیانگوت عیسا کوڕی خودایە، ئیتر پەروەردگار ئەوەی روون کردەوە: کە ئەو بیروباوەڕە پێچەوانەی ئەو ئایینانەیە کە پێغەمبەران هێناویانە کە بریتییە لە خوداپەرستی، یەکتاپەرستی، ئیخلاص بۆ خوداو قەدەغەکردنی پەرستش بۆ غەیری خودا، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أيأمركم بالكفر بعد إذ أنتم مسلمون﴾ ئایا ئەو پێغەمبەرە فەرمانتان پێ دەکا بە فریشتە پەرستی یان پێغەمبەر پەرستی؟؟ بێگومان پێغەمبەران هەڵوێستی وا نانوێنن، چۆن پێغەمبەر شتی وا دەکا؟ هەر پێغەمبەرێ شتی وا بکا یەکسەر پێغەمبەرایەتی لێ دەسەندرێتەوەو کافر دەبێو باوەڕی نامێنێ..!

کەسێک خودا نامەی ئاسمانی بۆ بنێرێو حیکمەت و پایەی پێغەمبەرایەتی پێ ببەخشێ، لەهەموو کەس زیاتر خودا دەناسێ؛ چونکە

پەروەردگار نیگای خۆی ئاراستەی دڵ و دەروونی خاوێن و گیانی پاك دەکا، هەرگیز لە دڵ و دەروونێکا تیشکی پێغەمبەرایەتیو بانگەوازیی بۆ پەرستنی غەیری خودا کۆنابنەوە.

ئیمامی عەلی دەفەرموێ: دوو جۆر ئادەمی پشتی منیان شکاند! زانایەکی بێ موبالات و سووکایەتیکەر بە ئایین، نەزانێکی خۆ بە موسوڵمان زان، چونکە زانا، کە دەربارەی ئایین بێ موبالات بێ، بەهۆی بێموبالاتیەکەیەوە، خەڵکی لە ئایین دوور دەخاتەوە، نەزانەکەش زۆرکەس دەخاتە سەرریبازێك پێی وایە ئایینەو بەڵام ئایین نییە.

وەرگرتنی پەیمان لە پێغەمبەران کە پاڵپشتی یەکتری بکەن

وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيْتُكُم مِّن كِتَٰبٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥ ۚ قَالَ ءَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَىٰ ذَٰلِكُمْ إِصْرِى ۖ قَالُوٓا۟ أَقْرَرْنَا ۚ قَالَ فَٱشْهَدُوا۟ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٨١﴾ فَمَن تَوَلَّىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٨٢﴾ أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾

ئایەتەکانی پێشوو ریزکران بۆ چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەویش بە ئەژماردنی ئەو شتانەی کەلای ئەهلی کیتاب ئاشکرایە بۆ ئەوەی بەهانەیان نەمێنێ، بیروبۆچوونیان هەموو پووچ بکرێتەوە ئەو شوبهەو دڵەڕاوکێیەیان نەمێنێ کە دەیانگوت: نابێ جگە لە

گەلی بەنی ئیسرائیل لەهیچ گەل و هۆزێکی تر پێغەمبەر ببێ. ئیتر ئەم ئایەتەی کەدێ یەکێکە لەو بەڵگە بەهێزانەی کە بیروبۆچوونی تورەهاتی ئەوان قەلا چۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿وإذ أخذ ا لله میثاق النبیین لما آتیتکم من کتاب وحکمة. ثم جاءکم رسول مصدق لما معکم لتؤمنن به ولتنصرنه﴾ ئەی موحەممەد! باسی ئەوەیان بۆ بکە، ئەوەیان بخەرەوە یاد: کە خودای تۆ پەیمانی لە پێغەمبەران وەرگرت و پێی فەرموون: هەرکاتێک پێغەمبەرێک دوای ئێوە هات و بڕوای بە ئاینەکانی پێش خۆی هەبوو، پاڵپشتی کتێبە ئاسمانییەکانی پێشووی دەکرد، ئێوە ئیمانی پێ بهێنن و یارمەتی بدەن و ئێوە لەسەر هەر ئایینو مەزهەبێک بن، هەر کتێبو حیکمەتێکتان بۆ نێردرابێ دەبێ بڕوا بەو پێغەمبەرە تازە بکەن! چونکە مەبەست لە ناردنی پێغەمبەران یەک مەبەستە، کارەکانیان تەواکەری یەکترین، هەموویان لە بنەماو ئوصولدا یەک هەڵویستن، جوداوازییان ئەگەر لە فروع دا هەبێ، ئەوە بۆ خۆشبەختی ئادەمیزادە، پێویستە پێغەمبەران هەموویان هاریکاری یەکتری بکەن و یارمەتیدەری یەکدی بن! ئەگەر پێغەمبەرێک لەسەردەمی پێغەمبەرێکی تردا هات پێویستە پێغەمبەرەکەی پێشوو ئیمانی پێ بهێنێو یارمەتی بداو بەگوێرەی توانا هاریکاری بێ.

ئەگەر لەبەرنامەی پێغەمبەرە تازە نێردراوەکەدا شتێک هەبوو حوکمێ یان چەند حوکمێکی لە هی ئایینە پێشووەکەدا نەسخ دەکردەوە، پێویستە پێغەمبەرە پێشووەکە بێ سێو دوو بڕوای پێ بکا، چونکە هەموو پێغەمبەران لە بنەماو ئوصول دا دەبێ یەک هەڵویست بن، لەبواری چۆنیەتی خوداپەرستی و فروع دا ئەگەر جوداوازییان هەبوو، ئەوە وەکوو گوترا بۆ خۆشبەختی ئادمیزادەو ژیانی ئادەمیزادو پێشکەوتنی ژیان داخوازیەتی.

ئەگەر دوو پێغەمبەر لە گەلێکداو لەسەردەمێک دا بوون وەکوو مووساو هاروون ﷺ ئەوە ئایینەکەیان لە ئوصول و فروع دا یەک شێوەیە. ئەگەر گەلەکانیان جوداوازبوون، ئەوە هەریەکەیان ئیمان بەیەکتری دەهێنن و دەبێ لە ئوصولدا یەک بن، بەلام لە فروع دا نا، وەکوو لوط و ئیبراهیم، وەکوو ئەوە لوط ئیمانی هێنا بەو پەیامەی ئیبراهیم هێنای.

ئەگەر دوو پێغەمبەر یەک بەدوای یەکتریدا هاتن وەکوو موساو عیسا ئەوە دەبێ هەریەکەیان پەیامیئەوی تریانی بەلاوە راست بێو ئیمانی پێی هەبێ! هەر بەو شێوەیش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئاخیر زەمان کە پێویستە لەسەر شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانی پێشوو ئیمانی پێ بێنن و پشتگیری لێ بکەن، بەهیچ جۆرێک ئایین نابێ ببێتە سەرچاوەی بەدبەختیو جوداوازیو دژایەتیو کێبەرکێ، وەکوو ئەهلی کیتاب کردیان، کە پێغەمبەری ئیسلام هات دژایەتیان کردو لێی یاخی بوون. بەڵکو ئایین هۆکارو سەبەبی یەکیەتیو کۆکیو خۆشەویستیو رێگای ئازادیو رزگاربوونە لە ناخۆشی!!

﴿قال أأقررتم وأخذتم على ذلك إصري﴾ پەروەردگار فەرمووی بەو پێغەمبەرانەی کە عەهدو پەیمانی لێ وەرگرتوون: ئایا دانتان بەوەدا نا کە ئیمان بهێنن بەو پێغەمبەرە لە ئاخر زەمان دا پەیدا دەبێ؟ بەڵێن دەدەن کە یارمەتی بدەن و هاریکاری بکەن؟ پەیمان دەدەن کە بڕوا بەو پێغەمبەرە بکەن کە لە ئاخر زەماندا دێو ئەو بڕوای بەپەیامی ئێوە هەیە؟ ئەم پەیمانەتان قبووڵە؟ ﴿قالوا أقررنا﴾ وتیان: بەڵێ: ددانی پیادادەنێین و ئیعتیراف بەوە دەکەین، ﴿قالوا فاشهدوا وأنا معكم من الشاهدين﴾ ئەمجار پەروەردگار فەرمووی: دە بڕێکتان شایەد بن لەسەر بڕێکتان، منیش شایەدم بەسەرتانەوەو ئاگاداری ئەم دان پیانان و

بەڵێنەتانم و هەموو شتێک دەربارەی ئێوە دەزانم و هیچم لێ هون نابێ!

ئیمامی موسلیم و بوخاری لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕنەوە کە دەفەرموێ: (یقال الرجل للرجل من أهل النار یوم القیامة ارأیت لو کان لك ما علی الأرض من شيء أكنت مقتديا به؟ قال فيقول: نعم، فيقول الله قد أردت منك أهون من ذلك، قد أخذت عليك في ظهر أبيك: آدم أن لا تشرك بي شيئا فأبيت إلا أن تشرك) ڕۆژی قیامەت دەگوترێ: بەو کەسەی دەخرێتە دۆزەخەوە ئایا ئەگەر هەرچی لەسەر زەوی هەیە هی تۆ بوایە دەتکردە بەدەڵ و فیدا بۆ ئەوەی لەم سزایە ڕزگارت بێ، فەرمووی: کابرا دەڵێ: بەڵێ، خودا پێی دەفەرموێ: زۆر لەوە کەمترت داوا لێکراوە نەتکردووە، پەیمانمان لێوەرگرتی لەپشتی ئادەمدا کە هاوەڵم بۆ ڕەوا نەبینیو کەس نەکەی بەشەریکم، کەچی گوێت بەو پەیمانە نەداو شەریکت بۆ قەرار دام.

ڕاڤەکەرانی قورئان دفەرموون: ئەم گفتوگۆیە بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنەوەو ترساندنە لە هەڵگەڕانەوە لە وەعدو بەڵێن و، تەمثیلە، ئەگینا قورئان ئەوە ناچەسپێنێ کە ئەم گفتوگۆیە ڕوویدابێو ئەم قسانە کرابن. ئەم جۆرە دەربڕینانە لە شێوازی ئاخاوتنی عەرەبیدا زۆرن.[1]

﴿فمن تولى بعد ذلك فأولئك هم الفاسقون﴾ کەسێک دوای ئەم ددان پێدانانەو بەڵێن وەرگرتنە پشت هەڵ بکاو ئایین بکاتە هۆکاری جوداوازیو دژایەتی خستنەوەو ئیمان بەپێغەمبەری ئاخیر زەمان نەهێنێ، کەئەو بڕوای بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرانی پێش خۆی هەیەو تەصدیقیان دەکاو، ئایینەکەی ئایینێکی گشتییەو سەرتاسەرییە، کەسێک دژایەتی

[1] لە جزمی نۆیەم لە سورەتی (الاعراف)دا لەکاتی ڕاڤەکردنی ئایەتی (١٧٢-١٧٤) ئەم باسەمان شیکردۆتەوە..

ئەم پێغەمبەرە بکاو بەدرۆی بخاتەوە وەکوو ئــەهلی کیتـابی هاوچـەرخی پێغەمبـەری ئیسـلام کردیـان، ئـەوە یـاخیبوو کـافرو بـــێوادەو بەڵێنــە، لەپەیمانی بەستراویان لەگەڵ خودادا دەرچوون و پابەندی عەهدو پــەیمانی خۆیان نەبوون.

دەی کە ئاینی خــودا یــەک ئـایینبێو، پێغەمبــەرەکان لـە ئوصـول و بنەمای ئایینەکاندا یەک بن، ئەدی ئەهلی کیتاب بە چ روویەک ئینکاری پێغەمبەرایەتی موحەممەد دەکەن؟! ﴿أفغير ديـن الله يبغون، ولـه أسـلم من في السـماوات والأرض طوعـا وكرهـا﴾ ئایـا جگــە لــە ئـایینی پەسەندکراوی خودا ئایینێکی ترتان دەوێ؟ پشت لــەئایینی پەسـەندکراوی خودا دەکەن؟؟ لەکاتێکا چی لە ئاسمانــەکان و زەویدا هەیـە، هـەموویان گەردنکەچ و پابەندو ئەڵقە لەگوێی خوداوەندن. جا یان بە ویسـتی خۆیـان لە رووی ئینصاف و تێفکریـن لەبەڵگـەو دەلیـل، یـان بـەزەبری شمشـێرو نیشاندانی رووداوی وەها کــە رێگایـان نـەمێنێو نـەتوانن ئیمـان نـەهێنن وەکوو هەڵستانی کێو بۆ سەر بەنوئیسرائیلی، یـان وێکهاتنـەوەی دەریـای نیل بەســەر فیرعــەون و لەشکرەکەی داو خنکانیـان، کـە لـەپێش ئـەوەی بخنکێـن کــە زانیـان مـردن یەخـەی پێگرتـوون و تـازە چاریـان نــەماوە، یەکسەر ئیمانیان هێنا! بەڵام تازە چ سوود؟!

بەڵێ ئەوانە کە بینیان پەروەردگار ئـاوا لـە بوونـەوەردا بەدەسـەڵاتەو دەتوانـێ بـە ئـارەزووی خـۆی چۆنـی بـوێ ئـاوا هەڵیسـوڕێنێ بـە ناچـاری ئیمانیان بە خودا هێنا.

پوختەی قسە ئەوەیە ئایینداری حـەق ئەوەیـە گـەردن بـۆ خـودا کـەچ بکەی، پەروەردگار بەتاک و تــەنیا بناسـی، بەسینەی سـافەوە پەرستشـی بکەی!! پێغەمبەران هەموویان ئەوە هەڵوێستیان بووە، پەیمان و وادەیــان لە گەلەکانیان وەرگرتووە کـە هـەرکاتێ پێغەمبـەری ئاخـیر زەمـان هـات

ئیمانی پێ بهێنن! بەڵام کە پێغەمبەری ئاخر زەمان هات گەلەکانیان ئەو پەیمانەیان هەڵوەشاندەوەو بەدرۆیان خستەوە، ﴿وإليه ترجعون﴾ هەر بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە هەرکەسێک لە جوولەکەو مەسیحیو گرۆهەکانی تر جگە لە ئیسلام ئایینی تر هەڵبژێرێ بەگوێرەی ئەو هەڵوێستەیان سزایان دەدرێتەوە.

بڕوانەکردن بە هەموو پێغەمبەران و وەرگرتنی ئایینی ئیسلام

قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ



دوای ئەوە پەروەردگار باسی وەرگرتنی بەڵێنی لە پێغەمبەران کردو وادەی لێوەرگرتن کە بڕوا بە پێغەمبەری ئاخرزەمان بکەن و یارمەتی بدەن.. دێتە سەر باسی ئەوە کە فەرمانی بە (محمد)یش کردووەکە ئیمان بە پێغەمبەرانی پێشوو بێنێ و تەصدقیان بکاو، کتێبەکانیان بەڕاست بزانێ، دەبێ ئۆمەتەکەشی لەو هەڵوێستەدا شوێنی بکەون و هەمان بڕوایان هەبێ... بەکورتی خودا بەڵێنی لە پێغەمبەرانی رابوردوو تا پێغەمبەری ئاخر زەمان- وەرگرتووە کە هەرهەموویان تەصدیقیان یەکتری بکەن و بڕوایان بە کتێبی ئەوی تریان ببێ! وەکوو دەفەرموێ: ﴿قل آمنا با لله﴾ ئەی محمد! بڵێ: من و ئەوانەی لەگەڵمدان لە

موسوڵمانان ئیمانی پتەویان هەیە بە هەبوونی خودای تاک و تەنیاو بێهاوەڵ و هاوتا، تاقە دەست رۆیشتوو لە بوونەوەردا ﴿وما أنزل علينا﴾ هەروەها بڕوامان بەو قورئانە هەیە کە بەنیگا لەخوداوە نێردراوە بۆ من و منیش بەئومەتەکەم راگەیاندووە. ﴿وما أنزل على ابراهيم واسماعيل واسحاق ويعقوب والأسباط﴾ هەروەها بڕوامان بەوە هەیە کە خودا نیگای کردووە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق؛ بۆ ئەوەی گەلەکانیان لە گومڕایی رزگار بکەن و، بیانخەنە سەر ریگای راست و خوداپەرستی! ئەو نیگایەی بۆ ئەوان کراوە لەگەڵ پەیامی ئێمەدا لە ناوەرۆک و ئوصولدا یەک ئامانج و یەک مەبەستن، بۆیەش ناوی ئەم پێغەمبەرانەی هێنا چونکە ئەهلی کیتاب بڕوایان بە پێغەمبەرایەتیو کتێبەکانیان هەیە.

﴿وما أوتي موسى وعيسى﴾ هەروەها بڕوامان بە پێغەمبەرایەتی مووساو عیسا هەیە، بڕوامان بە تەورات و ئینجیل و باقی موعجیزەکانیان هەیە، بۆیەش بەتایبەتی باسی ئەو دوو پێغەمبەرەی هێنا چونکە گوفت و گۆیەکەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ جوولەکەو فەلەکان بووە ﴿والنبيون من ربهم﴾ هەروەها بڕوامان بەو پێغەمبەرانەی تریش هەیە؛ کە لەخوداوە نێردراون وەکوو داوودو سولەیمان و ئەییوب و هی تریش کە پەروەردگار چیرۆک و بەسەرهاتەکانیانی بۆمان گێڕاوەتەوە، وەهی هەندێکیانی هەر نەگێڕاوەتەوە؟

هەرچی قورئانی پیرۆز باسیکردووە دەربارەی پێغەمبەران و کتێبەکانیان -بەکورتی یان بەدرێژی- چۆنی فەرمووە بڕوامان پێیەتی! ئەوەش دەزانین کە پوختەی ئایین لای هەموو پێغەمبەران بریتی بووە لە بڕوا بەخوداو بڕواهێنان و بەدڵ تەسلیم بوون و کردارچاکی و بڕوا بە رۆژی قیامەت.

﴿لا نفرق بين أحد من رسله﴾ ئێمە جوداوازیی ناخەینە ناو

پێغەمبەرانەوە ناچین بڕوامان بە هەندێکیان هەبێو هەندێکیان بە پێغەمبەر نەزانین! وەکوو جوولەکەو نەصرانی دەیکەن کە بڕوایان بەهەندێ پێغەمبەر هەیەو بڕوایان بە بڕەکەی تریان نیە! ﴿ونحن له مسلمون﴾ ئێمە گەردنکەچی پەروەردگارین، فەرمانبەرداری فەرمانەکانینی، مەبەستمان نزیک بوونەوەیە لەخودا، دەمانەوێ ئیصلاحی دڵ و دەروونمان بکەین و لە چڵکی گوناهـ پاکی بکەینەوە.. ئایەتەکە بە وشەی ئیمان: (امنا) دەستی پێکردو بە وشەی ئیسلام: (مسلمون) کۆتایی پێ هات تا ئاماژە بێ بۆ ئەوە کە بەروبوومی هەموو ئایین و نیگاو ناردنی پێغەمبەرێک ئیمان و ئیسلامە ئەمجار فەرمووی: ﴿ومن يبتغ غير الإسلام دينا فلن يقبل منه﴾ هەرکەسێک جگە لە ئایینی پاکی ئیسلام -کە پوختەی هەموو ئایینەکانەو بریتییە لە ئیمان و ئیسلام -هەوڵ بدا ئایینێکی تر بێنێتە کایەوە. ئەوە لێی وەرناگیرێ و چی بکا لای خودا بەتاڵ و بێهودەیە، چونکە ئایین ئەگەر وا لە ئادەمیزادەکان نەکا کە خضووع و گەردنکەچی بۆ خودا ئەنجام بدەن بە ئایین حسێب ناکرێو بریتی دەبێ لەچەند کردارو گونتارێکی بێمەبەست و لاساییکردنەوەیەکە کوێرانە دەبێو هیچ سوودیکیان لێ نابینرێ؛ بەڵکو زیاتر دڵ و دەروون رەش دەکاو، فیتنەیی و ئاشووب بەرپا دەکاو سەرچاوەی خەسارەتمەندیی دەبێ، لەقیامەت دا لەخۆشی بەهەشت بێبەری و تووشی سزای دۆزەخ دەبێ.

تاقم و کۆمەڵە کافرەکان لە روانگەی تۆبەکردنیانەوە

كَيْفَ يَهْدِي ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَـٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓا۟ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْدَ إِيمَـٰنِهِمْ ثُمَّ ٱزْدَادُوا۟ كُفْرًا لَّن تُقْبَلَ تَوْبَتُهُمْ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلضَّآلُّونَ ﴿٩٠﴾

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ ۗ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴿٩١﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا ناوەرۆکی ئیسلامی روون کردەوەو ئەوەی چەسپاند کە ئیسلام ئاینێکە پەیامی هەموو پێغەمبەران بووەو، جگە لەو ئایینە هیچ ئایینێکی تر لەکەس وەرناگیرێ:: ئەمجار دێتە سەر باسی روونکردنەوەی حاڵ و وەصفی کافران و چۆنیەتی سزایان لەلای خودا!

حەسەنی بەصریو قەتادە دەڵێن: ئەم ئایەتە ﴿کیف یهدي الله.......﴾ دەربارەی جوولەکەکان هاتۆتە خوارێ، چونکە ئەوان

لەوەپێش مزگێنی هاتنی پێغەمبەریان دەداو دەیانگوت: نیشانەو وەصفی ئەو پێغەمبەرە لەکتێبی ئێمەدا دیاری کراوە، هەرلەگەڵ هات پێش هەموو کەس ئێمە پێی دەزانین و دەیناسین و بڕوای پێدەکەین، کەچی کاتێک ئەو پێغەمبەرە رەوانەکراو قورئانی بۆ نێردرا لە سەرەتاوە بڕوایان پێکرد، بەڵام کە زانییان نەژادی عەرەبە سەرپێچییان کردو کافر بوون، چونکە حەسوودییان بە عەرەبەکان بردو پێیان ناخۆش بوو کە پێغەمبەرێک -جگە لە نژادو نەتەوەی خۆیان- بنێردرێ! هەمیشە وایان بڵاودەکردەوە کە پێغەمبەر هەر دەبێ لەبەنی ئیسرائیل بێ!! کەوابێ ئەوان لەراستیدا پێش هاتنی پێغەمبەر ئیمانیان پێ هەبوو، کە نێردراو بانگەوازی کردو زانییان عەرەبە ژێوان بوونەوەو کافربوونەوە، ئیترئەم ئایەتە هاتە خوارێ!

نەسائیو ئیبنوحەببان و حاکم لە ئیبنوعەباسەوە دەگێڕنەوە: دەفەرموێ: کابرایەکی ئەنصاری موسوڵمان بوو، دوایی هەڵگەڕایەوە ئەمجار پەشیمان بووەوەو ناردی بۆ لای خزمەکانیو داوای لێکردن کە بچن بۆ لای پێغەمبەر پرسیاری بۆ بکەن ئاخۆ رێگای تۆبەکردنی هەیە، ئیترئەم ئایەتانە (٨٦-٨٩) هاتنە خوارێ، ئیتر خزمەکانی راسپاردەکەیان گەیاندە پێغەمبەرو کەدڵنیابوو کە بۆی هەیە تۆبە بکا موسوڵمان بووەوە، هەندێ زانای دیکە هۆی تر بۆ نازڵبوونی ئەم ئایەتانە دیاری دەکەن و بەپێویستمان نەزانی بیاننوسین..! بەهەر حاڵ دەگونجێ هۆی نازڵبوونی ئایەتەکان زیاد لە هۆیەک بن، هەرچەندە قەرینە هەیە، کە ئایەتەکان دەربارەی جوولەکەو نەصرانییەکان هاتبنە خوارێ، هەروەها دەربارەی هەڵویستی موشریکەکانیش! چونکە ئایەتەکانی پێشوو ئاراستەی ئەوان کراون و نیقاشەکەیان لەگەڵ ئەوان دا ئەنجام دەدەن. ئیبنو جەریری طەبەری و خاوەنی تەفسیری مەناریش ئەو رایەیان بەلاوە

پەسەندە.. پوختەی مانای ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە بێبڕوایان دەکاتە سێ تاقم:

ا- ئەوانەی تۆبەیان کردووە تۆبەیەکی راستەقینە، ئایەتەکە ئاماژەیان بۆ دەکات و لە کۆمەڵی پێشوویان دەردەهاوێ و دەفەرموێ ﴿إلا الذين تابوا﴾.

ب- ئەوانەی تۆبەی نابەدڵیان کردووەو تۆبەکەیان بێبنەماو ساختەیی‌یە، ئایەتەکە ئاماژەیان بۆ دەکاو دەفەرموێ ﴿لن تقبل توبتهم﴾.

ج- ئەوانەی لە بنەڕەت دا تۆبەیان نەکردووەو بەکافری مردوون، ئایەتەکە ئاماژەیان بۆ دەکاو دەفەرموێ: ﴿إن الذين كفروا وماتوا وهم كفار﴾، ئەمەش دەقی ئەو ئایەتانەیە کە حاڵ و چۆنیەتی ئەو سێ دەستەیەیان لەخۆ گرتوون کە دەفەرموێ: ﴿كيف يهدي الله قوما بعد إيمانهم﴾ چۆن خودا گەل و هۆزێکی وەکوو جوولەکەو نەصارا دەخاتە سەر ڕێگای راست و وایان لێ دەکا شیاوی پاداش و خۆشبەختی‌و پیاهەڵدان بن؟! کە ئەوانە لە روانگەی تەورات و ئینجیلەوە بڕوایان بە پێغەمبەری ئاخر زەمان کردو ﴿وشهدوا أن الرسول حق﴾ شایەدییان دا کە ئەو پێغەمبەرە کە (محمد)ی ناوەو پێغەمبەری ئاخرزەمانە پێغەمبەرێکی راست و حەقەو پێویستە هەموو کەس شوێنی بکەوێ ﴿وجاءهم البينات﴾ بەڵگەی زۆرو بەهێزیان بۆ هات لە ئایاتی قورئان و دەقەکانی تەورات و ئینجیل و باقی ئەو موعجیزانە کە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەچەسپێنن.

شایەتیدانی جوولەکەو نەصرانی‌یەکان بۆ بەراستی پێغەمبەرایەتی (محمد) لەو رووەوە بوو: کە ئەوان ئاگاداری مزگێنی‌دانی پێغەمبەرانی پێشوو بوون و مزگێنی‌یان بە هاتنی ئەو پێغەمبەرە دەداو نیشانەکانی

حەزرەتی (محمد)یان دەزانی، سووربون لەسەر ئەوە کە هەرکاتێ ئەو پێغەمبەرە رەوانەکرا، خێرا پێش هەموو کەس ئیمانی پێ بهێنن! کەچی کە پێغەمبەر هات و بانگەوازی ئیسلامی هەڵدا، لەگەڵ هەبوونی هەموو نیشانەکانی تەورات و ئینجیل تێیدا، چونکە نەژادی جوولەکە نەبوو، پێی کافر بوون و بەدرۆیان خستەوەو دژایەتییان کرد:

ئایەتەکە بە وشەی پرسیارئامێز دەست پێ دەکاو ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە بەگوێرەی بایست و بایست دار (علة و معلول) ئیمان هێنانی ئەو دەستەو تاقمە دوورەو پێغەمبەر لە ئیمان هێنانیان پێی بێهیوا دەکا، چونکە سوننەتی خودا بۆ بڕواهێنانی ئادەمیزاد وایە کە لایەک بەڵگەی راستییان پێ نیشان بداو، لایەک کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئیمان هێنانەکەیاندا رابماڵێ! دەی پەروەردگار هەموو ئەم پێداویستیانەیانی بۆ دابین کردوون و لە سەرەتاوە ئیمانیان بە (محمد) هێناو کەچی دوایی لێی پاشگەز بوونەوە ﴿وا لله لایهدي القوم الظالمین﴾ پەروەردگار گەل و هۆزی وا ستەمکارو بێوادەو بەڵێن ناخاتە سەر رێگای راست و بەحەقیان ئاشنا ناکا! چونکە ئەوان بۆ خۆیان ستەمیان لەخودی خۆیان کرد، پاش ئەوەی بەگوێرەی تەورات و ئینجیل ئیمانیان پێ هێنابوو، بەڵام دوای هاتنی ئەو پێغەمبەرەو پەیدابوونی نووری پێغەمبەرایەتی هەڵگەڕانەوەو لەوادەو بەڵێنی پێشوویان پاشگەزبوونەوە!

﴿أولئك جزاؤهم أن علیهم لعنة ا لله والملائكة والناس أجمعین﴾ سزای ئەو گومڕاو سەر رەقانە ئەوەیە؛ کە خودا رقی لێیان بێو نەفرینیان لێ بکاو لە رەحمەتی خۆی بێبەشیان بکا، هەروەها فریشتەو ئادەمیزادیش نەفرینیان لێ بکەن و داوا بکەن لەدونیاو قیامەتدا خودا لە رەحمەتی خۆی دووریان بخاتەوە، چونکە هەرکاتێ ئادەمیزاد لەهەڵوێستی نارەوایان حاڵی ببن و ناوەرۆکیان بۆ دەربکەوێ یەکسەر نەفرینیان لێ

دەکەن! خۆ ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ سبەینێ، ئەگەر لە دونیاش دا نەبێ لە قیامەت دا لەعنەتی لێ دەکەین وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿.... **ثم يوم القيامة يكفر بعضكم ببعض ويلعن بعضكم بعضا**﴾العنكبوت/٢٥.

﴿**خالدين فيها**﴾ ئەوانە هەتاهەتایە بەنەفرین لێکراوی دەمێننەوە، یان هەتاهەتایە لە سزای دۆزەخ دا دەمێننەوە! چونکە ئەوان شیاوی لەعنەت و نەفرین و سزای ئاگرن و بەهیچ جۆرێ سزایان لەسەر سووک ناکرێ، ساتەوەختێکیش سوتمانی دۆزەخیان لەکۆڵ ناکەوێ، بەهیچ بەهانەو عوزرێکیش سزاکەیان بۆ دواناخرێ. ﴿**إلا الذين تابوا من بعد ذلك وأصلحوا فإن الله غفور رحيم**﴾ مەگەر ئەوانە نەبێ کە دوای کافربوون و خودانەناسی تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بەدڵ لێبڕین و دەروونی خۆیان لەچڵکی بێدینی پاک بکەنەوەو کردەوەیان باش بکەن و لەکردارو هەڵوێستی رابرودوویان پەشێمان ببنەوە، ئەوە بێگومان خودا دەرحەق ئەوانە لێخۆشبووەو، لەگوناهی رابوردوویان خۆش دەبێو، رەحمیان پێ دەکا، وەکوو لە ئایەتێکی تردا، دەفەرموێ: ﴿**وهو الذي يقبل التوبة عن عباده ويعفوا عن السيئات ويعلم ماتفعلون**﴾الشورى/٢٥.

ئەمانەگرۆهی یەکەمن لە بێبڕوایان کە تۆبە دەکەن و موسوڵمان دەبن!

دەستەو تاقمی دووەم بریتین لە کۆمەڵێکی تری ئەهلی کیتاب و ئەم ئایەتە دەستنیشانیان دەکا؛ کە دەفەرموێ: ﴿**إن الذين كفروا بعد إيمانهم ثم ازدادوا كفرا لن تقبل توبتهم**﴾ ئەوانەی لەپێش‌دا بەنەدیدەیی بڕوایان بە پێغەمبەر هێناوە، پێش ناردنی پێغەمبەر ﷺ شایەتییان داوە کە پێغەمبەرێکی حەقە، کەچی دوای رەوانەکردن و نیگا بۆ هاتن پێی کافر بوون و، دژایەتییان کرد، ئەمجار کوفرو بێدینییان زیادی کرد بەهۆی سووربوونیان لەسەر کافرێو دژایەتی‌کردن و بەرەنگاری‌کردنی پێغەمبەرو شەڕکردن لەگەڵ موسوڵمانان، ئەوانە تۆبەیان لێوەرناگیرێ! ﴿**وأولئك هم**

الضالون﴾ ئەوانە لە کوفرو بێدینی دا ڕۆچوون و لەگومڕاییدا قاڵ بـوون، سەرلێشێواوو سـەرگەردانن و، ڕێگـای ڕزگارییـان لێ گـوم بـووەو هیـوای ڕزگاربوونیان لێ ناکرێو تۆبەیان لێ وەرناگیرێ!!

تاقمی سێیەمیش بەم ئایەتـە دەستنیشـان دەکـا کەدەفـەرموێ: **﴿إن الذین کفروا وماتوا وهم کفار فلن یقبل من أحدهم مـلء الأرض ذهبـا﴾** ئەوانەی بەردەوامن لەسەر کوفرو بێدینی و هەمیشە کردارییـان کـردەوەی کافرانەو هەتا مردن یەخەیان پێ دەگرێ لەسەر حاڵەتی کوفر دەمێننــەوە، ئەوانە ئەگەر لەدونیادا پڕ بە زەوی زێڕی دابێ بە خـێرو چاکـە، بـری هیـچ ناکـەوێ بـۆی و، سزای ڕۆژی قیامـەتی بـۆ سـووک ناکـاو، هیـچ سـوودو قازانجێکی بۆی نابێ و، لـە دۆزەخ ڕزگـاری ناکـا! چونکـە کوفـر هـەموو کردەوەیەکی باشیان پووچەڵ دەکاتەوە، کەسێک لە دونیادا دڵ و دەروونـی خۆی لــەچڵکی کوفـر بـەنووری ئیمـان پـاک نەکاتـەوەو خـۆ لـە زەلکـاوی بێدینی ڕزگار نـەکا ئـەوە کـردەوەی چـاکی دونیـای لـە ڕۆژی قیامـەتدا سوودی نابێو قازانجی پێ ناگەیــەنێ!! چونکـە ئیمـان بـەخوداو بـە ڕۆژی قیامــەت و کـردەوەی چـاک بەیەکـەوە مـرۆڤ لـەخودا نزیـک دەکەنــەوە، گریمان ئەگەر ئیمانی بێکردەوەیش کەمە سوودێکی هەبێ بەڵام کردەوەی بێ ئیمان هیـچ کـاتێک سـوودبەخش نـابێ! **﴿ولو افتـدی بـه﴾** تەنانـەت ئەگـەر لەفـەرزی مـەحاڵدا بڵێـین: لـە ڕۆژی قیامـــەت دا ئــەو مڵــک و داراییەی هەبێ و بیدا بە فیدیەو قەرەبوو هەر لێی وەرناگـیرێ! چونکـە لەو ڕۆژەدا ڕزگاربوون بە ماڵبەخشـین و خانـەدانی نـابێ، بـەڵکو بـەپاکی نەفس و کردەوەی چاکی دونیایی دەبێ، کەسێک دڵ و دەروونـی خـۆی بـە بڕوای پتەوو کردەوەی چاک پاک کردبێتەوە ئـەوە ڕزگـاربووە، کەسـێکیش بە کوفرو بێدینی خۆی چڵکن کردبێو کردەوەی خراپی ئەنجام دابێ ئــەوە خەسارەتمەندە!!

پوختەی قسە ئەوەیە، لە رۆژی قیامـەتدا بـەهیچ جۆرێـک مـەجالی فیدیەو تۆڵەدان و خۆکڕینەوە نیە، وەکوو دەڵێن: ئەو رۆژی رۆژی چـاندن و بەرهەم هێنان نیە، رۆژی دروێنەو بەروبووم چنینەوەیە ﴿**أولئك هم عذاب أليم وما هم من ناصرين**﴾ ئەوانـە سزای بەئێشیان بـۆ ئامـادەکراوەو دەخرێنە ناو دۆزەخەوەو کەس یارمەتییان ناداو پاڵپشتیان ناکا!.

جۆری ماڵبەخشینی چاک و پاداشی بەخشین

لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٩٢﴾

ئەمجار دوای ئەوەی کە پەروەردگار دەمکوتی ئـەهلی کیتـابی کـردو هەمو بیرو بۆچوونەکانیانی پووچەڵ کردنەوەو تێی‌گەیاندن کە ئەوان گەلـە هـەڵبژاردە نـین و، پێغەمبەرایـەتی لـە نەتـەوەی ئیسـرائیلی‌دا کـورت هەڵنەهێنراوە، ئەوەشیان راست نیە کە دەڵێن تەنها چەند رۆژێک نەبی بە ئاگر ناسووتێن. پێیان دەفەرموێ: نیشانەی بیروباوەڕی راست ئەوەیە: کـە لەماڵی خۆشەویست و بـەنرخ ببەخشـیو مەبەسـت رەزامـەندی خودابـێ!! دەی ئێوە ئەی جوولەکەینە! ماڵ خۆشەویستی ئێوە گەیشتووەتە ئاستێک کە زۆر لە رەزامەندیی خودا بەلاتانەوە لەپێشـترە، ئەگـەر ویسـتتان مـاڵ ببەخشـن کـام مـاڵ و شـت و مـەک بێنـرخ بـێ لـەوە دەبەخشـن! چونکـە خۆشەویستی ماڵ و دارایی لاتان لە خۆشەویستی خودا زیاترە، دەی ئێـوە چـۆن بـەهیوان لـە گـرۆی موسـوڵمانان و راسـتاڵ بـن و مـاڵ و دارایـی خۆشەویسـت و بـەنرخ نابەخشـن؟؟؟ جـا بـۆ چەسـپاندنی ئـەم حەقیقەتـە فەرمووی: ﴿**لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون**﴾ ئێوە ناگەنە رەزامـەندی خوداو بەئەهلی طاعەت و گەردنکەچ بـۆ خـودا حسـێب نـاکرێن و شیاوی

پاداشی باش نابن، هەتا نەبەخشن لەو ماڵەی خۆشتان دەوێو کە لەماڵی چاکێ و باشی ئێوەیە، ئیتر لە روانگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە موسوڵمانانی راستاڵی پێشوو ئەگەر ماڵێکیان خۆش بویستایە لەرێگای خودادا سەرفیان دەکرد!

ئیمامی بوخاریو موسلیم لەئەنەسەوە دەگێڕنەوە دەفەرموون:

ئەبوطەلحە لەناو ئەنصارەکانی مەدینەدا لەهەموو کەس زیاتر دارخورمای هەبوو، خۆشەویستترین باغە خورمایشی باغی (بەیرەحا) بوو کەلەبەردەم مزگەوتی مەدینە لە رووی رۆگەوە بوو، پێغەمبەر ﷺ زۆرجار تەشریفی دەچووە ناو ئەم باخەوەو لە ئاوی شیرینی دەخواردەوە، کەئەم ئایەتە هاتە خواری ئەبو طەلحە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆشەویستترین ماڵ و سامان لای من باخی (بەیرەحا)یە ئەوا کردم بە وەقف و خێری بەردەوام،، هیوادارم خودا بۆم بکا بە تێشووی قیامەت، فەرمووی چی لێ دەکەی لێی بکە! ئەوە لەئێستاوە ئەو باخە لەماڵی من دەرچوو! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەخ بەخ، ئەوە ماڵێکی سوودبەخشەو سەودایەکی قازانج هێنەرە، ئەوی وتت تێگەیشتم و مەبەستت حاڵی بووم، من وای بۆ دەچم کە بەسەر خزمە هەژارەکانی خۆتدا دابەشی بکەی، ئەبو طەلحە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! چۆنت دەوێ دابەشی بکە، ئیتر بەفەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەبوطەلحە بەسەر کوڕە مام و خزمە هەژارەکانی خۆیدا دابەشی کرد.

لە ریوایەتێکی موسلیم دا دەڵێ: لەنێوان حەسسانی کوڕی ثابیت و ئوبەی کوڕی کەعب دا بەشی کرد.

ئیبنو ئەبی حاتەم لە موحەممەدی کوڕی مونکەدیرەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێک ئەم ئایەتە هاتە خوارێ، زەیدی کوڕی حاریثە ئەسپێکی زۆر چاکی هەبوو ناوی (سەبەل) بوو خۆشەویستترین ماڵ بوو لای، هێنایە

خزمەت پێغەمبەرو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەم ئەسپەم کرد بە خێرو صەدەقە، پێغەمبەر ﷺ لێی وەرگرت و کردی بە ولاغی سواری بۆ ئوسامەی کوڕی، زەید پێی ناخۆش بوو، وەک ئەوە بلێی وای زانی خێرەکەی لێوەرناگیرێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دڵنیابە خودا خێرەکەی لێوەرگرتووی.

ئەم دوو سەرگوزشتەو نموونەیە بەڵگەن لەسەر لێزانیو دەروونناسیو سیاسەتمەداریی پێغەمبەر ﷺ ئەوەتا کەبینی ئەبو طەلحە و زید لە روانگەی سۆزی ئایینیەوە خۆشەویستترین ماڵی خۆیان بەخشی! بۆیە ئەویش دای بەنزیکترین خزم و کەس و کاریان بۆ ئەوەی دڵ و دەروون دامەزراو بن... ﴿وما تنفقوا من شيء فإن الله به عليم﴾ هەر شتێک لەرێگەی خودادا ببەخشن، چاک یان خراپ بێ، کەم بێ یان زۆر بێ، دڵنیابن خودا پێی دەزانێو پاداشی گونجاوتان دەداتەوە لەسەریو بەگوێرەی نییەت و مەبەستتان حیسابتان بۆ دەکرێ.

بەیارمەتی خودا تەفسیری جزمی سێیەم تەواوبوو، ئەمجار دەست دەکەین بە راڤەکردنی جزمی چوارەم و بەئایەتی (٩٣)ی سورەتی (ال عمران) دەست پێ دەکا. خودایە! دڵمان وا لێ بکەی مەبەستمان رەزامەندیی زاتی پاکت بێ، ماندووبوون و شەونخوونیمان بۆ بکەیە عەمەلی صاڵح و لێمان وەربگری و لێی رازیبی!!

محمود احمد محمد

پێڕستی سەرەباسەکانی
جزمی سێیەمی تەفسیری رەوان